# ئەنفالی دۆڵی جافایەتی

**لە پلانی جینۆسایدی کورد دا**

**نووسینی: ئارام هەڵەدنی**

# ئەنفالی دۆڵی جافایەتی
## لە پلانی جینۆسایدی کورد دا

نووسینی: ئارام هەڵەدنی

چاپی دووەم
سلێمانی - ٢٠٢٣

| ناوی کتێب: ئەنفالی دۆڵی جافایەتی لە پلانی جینۆسایدی کورددا

| بابەت: مێژوو

| نووسینی: ئارام هەڵەدنی

| تایپ: نوسەر

| دیزاین و هەڵەچنین: سیروان خەلیل

| دیزانی بەرگ: هەرێم عوسمان

| چاپ: چاپخانەی کارۆ

| نۆرەی چاپ: چاپی دووەم - سلێمانی

| تیراژ: ٥٠٠ دانە

| نرخ: ٨،٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکانەوە ژمارە سپاردنی (٢٠٤٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ی پێسپێردراوە.

**مافی چاپکردنەوەی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ نووسەر**

# پێشکەشە

به ڕوحی پاکی هەموو قوربانیانی دەســـتی ڕژێمەکانی عێراق، بە تایبەت ڕژێمی بەعس، کە لە پێناو ئازادی و نەتەوەیی شەهید کران.

بە کەسوکاری ئەنفالکراوان، کەسوکاری شەهیدان، زیندانیانی سیاسی، خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی، ئەو پێشـــمەرگانەی کە بوونە قەڵغان لەبەردەم تاوانی ئەنفال.

بە دایکم و باوکم و هاوسەرەکەم و خانەوادەکەم.

بە مامۆستاکانم لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا قۆناغی زانکۆ.

هەموو ئەو کەس و ڕێکخراوانەی داکۆکی لە کەیســـی جینۆســـایدی گەلی کورد دەکەن.

هەموو ئازادی خوازانی جیهان.

# ناوەرۆك


| | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەكی چاپی یەكەم | ٥ |
| دەسپێك | ٩ |
| پێشەكی چاپی دووەم | ١٣ |
| جینۆ ساید | ١٧ |
| جینۆساید بە دوو قۆناغ ئەنجام دەدرێت | ٢١ |
| كوردستانی عێراق لە نێو ئاگردا | ٢٩ |
| بەعس و هەڵگیرسانی جەنگ | ٣٤ |
| تاوانكردن ڕابگرن | ٣٩ |
| پلانی دەسەڵاتدارانی عێراق بەرامبەر كورد | ٤١ |
| شوناسی نەتەوەی عەرەب | ٤٨ |
| بەعس و ناسیۆنیالیزمی نەتەوەیی | ٥١ |
| شوناسی بەعس | ٥٥ |
| ژیانی منداڵی سەدام لە عۆجە | ٧٢ |
| سەدام لە خەونی ڕێبەریدا | ٧٦ |
| زیندان لە فەرهەنگی بەعسدا | ٧٩ |
| زیندان وەك ناوەندی بەرگری و شانازی كورد بوون ! | ٨٠ |
| بیرم لەوە دەكردەوە ئەگەر كە سێك لە سەر شان بەركەوتنێك گوللە باران بكرێت ئەبێت چی لە من بكەن ! ! | ٨٦ |
| زۆر پاڕایەوە لە بەرزان تكریتی كە سزای لە سێدارەدانەكەی دوابخات بۆ دوای لە دایك بوونی منداڵە نۆ مانگەكەی ناو سكی ! | ٩٠ |

| | |
|---|---|
| شێوازەکانی ئەشکەنجە و لێدان | ٩٦ |
| کۆشکی کۆتایی (قصر النهایه) | ١٠٠ |
| هەشت هەزار بارزانی بێسەر و شوێن کران | ١٠٣ |
| ڕاگواستنی گوندەکان | ١٠٦ |
| ئابڵوقەی ئابووری سەر گوندەکان | ١١٤ |
| دوا پلانی بەعس بۆ وێرانکردنی کوردستان | ١١٩ |
| مامۆستایانی شۆڕش | ١٢٥ |
| تاوانێکی مرۆیی لەژێر ناوی دەستەواژەی (ئەنفال)دا | ١٢٨ |
| قۆناغەکانی ئەنفال | ١٣٣ |
| دیاری کردنی ڕۆژی ئەنفال | ١٣٧ |
| حەجاج تاوانبارە دڵڕەقەکەی بەعس | ١٤١ |
| لەدواوە دوو جەلاد لێیان دام و بەدەما خستیانم | ١٤٣ |
| مەرجەکانی ئەنفال | ١٤٥ |
| تاوانی ئەنفال مردنی مرۆڤە بێ تاوانەکان بوو دوور لە بەها ئاینییەکان | ١٥٠ |
| ئەو کەسەی ناوی لە پرۆسەی ئەنفال نا، کێ بوو؟! | ١٥٧ |
| ڕای عەرەبی و نێودەوڵەتی لەسەر تاوانی ئەنفال | ١٥٧ |
| یاد کردنەوەی تاوانی ئەنفال لە لایەن بەعسیەکانەوە | ١٦١ |
| هەوڵەکان بۆ ناساندنی تاوانی ئەنفال لە جیهاندا | ١٦٣ |
| ئەنفال لە ڕۆژنامەکانی بەعسدا | ١٦٨ |
| دەبێت لە بیرەوەری ماسییەکاندا گرنگی دەریا فەرامۆش نەکرێت! | ١٧٥ |
| لەبەردەم ئەشکەوتێکدا چەند سەربازێکمان بینی لە سەرمان ڕەق بووبوونەوە و بەسەر پەلی دارەکاندا شۆڕ بووبوونەوە | ١٧٨ |
| گرنگی دۆڵی جافایەتی لای بەعس | ١٨١ |
| هەشت ژن و منالّ لەناو کارێزی سەرگەڵو لەیەك کاتدا شەهید بوون | ١٨٤ |

| | |
|---|---|
| دیمەنی شـــەهید بوونی دارا و دلێری منالْ لای دانیشـــتوانی چـــالاَوا هەرگیز بیر ناچێتەوە ! | ١٨٩ |
| شوشە، پێش شەهید بوونی دەیوت ئای کە ترسناکن و ڕەزایان تالْە ئەم فڕۆکانە، بۆچی دەمانکوژن؟ | ١٩١ |
| ڕژانی خوێنی ڕەسولْی هەشت سالْ بۆ؟! | ١٩٥ |
| حاجی ئەحمەد لەسەر تاتە نوێژەکەی بنچناری هەلْەدن شەهید کرا | ١٩٧ |
| ســـەعید وەســـتا ڕەحمانی هەلْەدن لە کاتی نان خواردنی ئێوارەدا شەهید بوو! | ٢٠٠ |
| سرووەی منالْ و ئایندە نادیار بەچەند مەترێك لە نزیك باوکی لاشەی پیرۆزی بەرە و سارد بوونەوە دەچوو!! | ٢٠١ |
| برایەك و دوو ئامۆزام لە ماوەی سی خولەکدا بە تۆپ شەهید بوون | ٢٠٣ |
| سروشتی دۆلْی جافایەتی | ٢٠٦ |
| دۆلْی جافایەتی دۆلْی حیزبەکان | ٢١١ |
| ماتەم دایگرتم کاتێك پۆشاکی خوشك و براکانی هەلْەدنم بینی لە ژێر کەلاوە ڕوخاوەکاندا بە بەرچاوی ئاسمانەوە!! | ٢١٨ |
| باوکێك منداڵەکەی لەسەر شاخێك لەدەست بەربووە و بەجێی هێشت | ٢٢٠ |
| چەند ناخ هەژێن بوو منالْێکی ساوا مەمکی دایکە شەهیدەکەی دەمژی | ٢٢٣ |
| دایك و باوکەکە بە ناچاری منالْەکەیان فڕێدایە سەر بەفرەکە | ٢٢٥ |
| تازە بوکێك خزیبووە ناو دۆلْێکەوە زاوای ناموراد خۆی بۆ فڕێدابوو هەر دووکیان ڕوحی سپیان لە ناو بەفردا جێهێشتبوو!! | ٢٣١ |
| دەربازبوونی پێشمەرگەیەکی بریندار لە ئەنفالدا | ٢٣٤ |
| بڕیارماندابوو شەڕی مان و نەمان بکەین | ٢٣٦ |
| مانگایەکمان بینی قاچی بڕابووەوە فرمێسك بە چاوەکانیدا دەهاتە خوار! | ٢٣٩ |
| منداڵێك لە لە ڕێگا مرد باوکی تەرمەکەی بە کۆلْ برد بۆ ئێران تا | |

٢٤٢ دەست جاش و جەیش نەکەوێت!
٢٤٥ بە بینینی چــەند پیر و پەککەوتەیەکی جێماو لە مێرگەپان خەمێکی قوڵ دایگرتین!!!!
٢٤٩ هێڵی بەرگری هێزی پێشمەرگە نەبوایە قوربانیانی ئەنفالی یەك زۆر دەبوو
٢٥٠ شەڕی بەرگری نزیکە یەك مانگی خایاند
٢٥٣ ڕۆڵی پارتیزانەکان
٢٥٨ چیای پیرەمەگرون
٢٦٤ ئەنفال تاوانێکی لە بیر نەکراو
٢٦٦ کچان پاکیزەیەکی ئەنفالکراو
٢٦٩ دایکم بە دووگیانی ئەنفال کرا
٢٧٣ کچێك بە بەرچاوی باوکی و ئێمەوە لە برساندا مرد!
٢٧٤ لەبەر چــاوی خۆم لە برســاندا لەســەر پلیکانەی قادرمەکان کەوت و وەفاتی کرد
٢٧٧ بەعســیەکان وا وێنای خۆیان دەکرد کە قەدەری ژیانی مرۆڤی کورد لە دەستی ئەواندایە
٢٨٥ سکاڵانامەی سەربازێکی عێراقی بۆ سەدام حسێن
٢٨٨ ڕەوشی دەروونی کەسوکاری ئەنفالکراوان
٢٩١ باوکم لە چاوەڕوانی هەواڵی خانەوادەکەیدا سەری نایەوە
٢٩٢ بینیم تەرمی کوڕەکەمیان خستە بەردەم سەگە ڕەشەکە
٢٩٦ لەبەر چاوی دایکیان منداڵەکوردەکانمان دەکوشتن دەستیان دەگرت بە سەریانەوە!
٣٠١ ئەنفال زامێکی بەردەوام
٣٠٢ ئۆردوگا زۆرە ملیەکان لە بەرنامەی تاوانی ئەنفالدا
٣٠٥ دەرهاویشتەکانی جەنگی گەورەی عێراق–ئێران

سەرکەشیەکانی سەدام بەردەوام بوو ٣١٢
مەرگەساتی ئۆردوگای هەوارە خۆڵی بانە ٣١٤
ماوەی زیاتر لە ٣٤ ساڵە بە دەم ئازاری کیمیاییەوە کاتەکان بەڕێ دەکەین ٣١٦
ناخۆشترین کات کە هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە هەواڵی کوێر بوونم بوو! ٣١٨
ئێزیدیەکان لەبەردەم مەترسی جینۆسایددا ٣٢١
ژنە ڕزگاربوویەکی ئێزیدی: هەشت ساڵە لە ترسی داعش نەخەوتووم و خەوم زڕاوە !! ٣٢٣
مرۆڤ تووشی شۆك دەبێ کاتێ ئەو هەموو خەمساردیە دەبینێ بەرامبەر کەیسی جینۆساید بەگشتی و جینۆسایدی ئیزیدیەکان بەتایبەتی! ٣٢٨
بەیاننامەی یەکێتی نوسەرانی جینۆسایدی کوردستان لە ساڵیادی جینۆسایدی شەنگالدا ٣٢٩
سەرچاوەکان ٣٣٥

# وتەیەك بۆ چاپی دووەم

دوای ئەوەی چــاپی یەکەم کەوتە بەردەســت خوێنەران لە دوو ناچــەی گرنگ ناساندنمان بۆ کرد، لە ١٢ی کانونی دووەمی ٢٠٢٣ لە (هۆڵی خاك لە شــاری ســلێمانی کوانوی خەبات و تێکۆشــان، ڕۆژی ٢١ی هەمان مانگ لە هۆڵی ٥ی ئازار لە ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕین)، ســـــەدان کەســـــایەتی ســـیاســـی و ڕۆشـــنبیر و تێکۆشـــەری دێرین لە ژن و پیاو ئامادەی هەردوو ڕۆژی ناســـــاندنەکەبوون بەجۆرێك پێشـــــوازیەکی گەرمی لێکرا لە ماوەی کەمتر لە یەك مانگدا تەنها ١٠ نوسخە مایەوە.

کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە هەردوو مەراســـیمەکە ئامادەبوون و گرنگیەکی زۆریان پێدا.

ناونیشان و ناوەرۆکی کتێبەکە وایکرد لە شار و شارۆچکە و ناوچەکانی کوردســــتانەوە داوایەکی زۆرم ئاراســــتەکرا جارێکیتر چـــاپی بکەمەوە تا خوێنەر زیاتر بەرچـــــاو ڕوون بێت لە مێژوو و جوگرافیا دۆڵی جافایەتی و دەورەوبەری و قۆناغی یەکەمی ئەنفال و بەرگری هێزی پێشــــمەرگەی کوردستان و چیرۆکە تراژیدیەکانی.

بۆیە بڕیاری چـــــاپی دووەمم دا بەبێ دەســــتکاری تەنها هەڵەچــــنینم کردەوەتا بتوانین سودی زیاتر بەخوێنەر بگەیەنین.

**نوسەر**

٢٠٢٣/٣/٢٣

سوپاسی بەڕێز جوتیار نوری لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکوراتیەکان دەکەم تێچوی چاپی یەکەمی لەئەستۆ گرت.

سوپاسی ئەم بەڕێزانە دەکەم کە هاوکارییان کردم بۆ چاپی دووەم (حامید حاجی خالید سەرۆکی سەنتەری ڕوناکبیری ئێل بەگی جاف، د.بێستون سابوراوایی لێپرسراوی ئەکادیمیای پێگەیاندنی کادیران، چرا عمر لێپرسراوی بۆردی کاروباری شەهیدان و جینۆساید، لیوا عمر کەلەباشی).

# پێشەکی چاپی یەکەم

# هەوڵێکی خەمخۆرانە

خەڵکی کوردستان بەگشتی و لە کوردستانی عێراقدا بەتایبەتی ڕووبەڕووی چـــەندین جۆری کۆمەڵکوژی (جینۆســـاید) بوەتەوە. بەتایبەتی لەســـەردەمی فەرمانڕەوایی ڕژێمی بەعس بە سەرۆکایەتی سەدام حسێن.

بەپێی یاســـای نێودەوڵەتی قەدەغەکردنی جینۆســـاید و پێناســـەی تاوانی نێودەوڵەتی هەریەك لە شـــاڵاوەکانی لەناوبردنی گەلی کورد دەچـــنە خانەی تاوانی نێودەوڵەتیەوە.

(ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەو تاوانی دژ بە فەیلیەکان و کۆمەڵکوژی بارزانیەکان و ڕاگواستن و کۆڕەو و دۆسیەکانی تر).

پەلامار و شـــاڵاوی بەرنامە بۆ داڕێژراو بوون بۆ قڕکردنی گەلی کورد و خەڵکی کوردستان.

دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لێکۆڵینەوەی لە بەشێك لەو دۆسیانە کرد و بڕیاری لەبارەیانەوە دا. پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی کوردســـتانیش بە بڕیار و هەڵوێست تاوانەکانی پشتڕاستکردەوە.

بەڵام هێشتا بەشێکی زۆر لە ئەرکەکانی سەر شانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی و حکومەتی عیراقیش ڕانەپەڕێنراوە. دەتوانین بڵێین هێشـتا خەڵکی کوردسـتان مەترسـی کۆمەڵکوژیان لەســەرە. چـونکە نەتوانراوە ســەرچـاوەکانی تاوانی نێودەوڵەتی لە عێراقدا بنەبڕ بکرێت.

ئەم هەوڵەی برای نوســـەر ئارام هەڵەدنی خســـتنە ڕووی چـــەند دیوێکە لە لێکەوتەی تاوانەکان و دواندنی شـــایەتحاڵەکان و کاریگەریەکانی ئەنفال و جینۆساید لەسەر کۆمەڵی کوردەواری و خەڵکی کوردستان لە عێراقدا.

ئەم هەولە پانۆرامای ڕووداوەکان لەخۆ دەگرێت. بژاردەیەکە لە نوسینەوەی ڕووداوەکان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە.

هەڵەدنی، بەشـــێکی زۆری هەوڵەکانی لە گرنگیدان بە قۆناغی یەکەمی شـالاوەکانی ئەنفال لە سـنوری دۆڵی جافایەتی و دەوروبەری چـڕ کردۆتەوە. خۆی لەدایکبووی ئەو دەڤەرەیە و کاریگەری ئەو قۆناغە لەسەر بیر و ئەندێشەی داناوە. جوگرافیا و هەڵکەوتەی ئەو ناوچەیەی ئەنفالی یەکی تیا ڕوویداوە وێنا کردوە، بەشـــێکی گرنگی ئەم کتێبە لەم خاڵەدا دەردەکەوێت. کاتێك باســـی سروشتی دۆڵی جافایەتی دەکات وێنەی ناوچەکەمان بۆ دەخاتە بەرچاو.

هەڵکەوتەی جوگرافیای دۆڵی جافایەتی ســـروشـــتێکی جوانی هەیە، ناوچەیەکی شاخاوی و دارستانی چڕە بە لوتکە و شاخی بەرز دەورە دراوە، لە زستاندا بەفر تارای سپی بەسەر شاخ و دار و بەردی ناوچەکەدا دەدات، لە بەهاریشدا یەکپارچە پۆشاکی سەوز و زەرد و سوور و ڕەنگاڵەیی دەپۆشێت هەروەکو ڕەنگی پەلکە زێڕینە دەرخەری چەندین ڕەنگی جوان و بریقەدارە کە مرۆڤ بە بینینی دڵی دەکرێتەوە.

لە ڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیەوە زۆرینەی دانیشـتوانەکەی سـەر بە هۆزی جافن و ئەو نازناوەشـــی وەرگرتووە. هەرچـــەندە چـــەندین هۆز و تیرە و عەشیرەتی تر پێك دێنن.

ناوچـــەکە لەســـەردەمی شـــۆڕشـــی نوێدا بووبووە مەڵبەندی ســـیاســـی و پێشـــمەرگایەتی بارەگای ســـەرەکی یەکێتی و بەشـــێك لە حزبە کوردســـتان و عێراقیەکانی تر لەگەڵ حزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردســـتانیش. هەروەها ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان و بارەگای سەرکردەکان، لەوانە مام جەلال و نەوشیروان مســـتەفا و بەشـــێکی تر لە ســـەرکردەکانی شـــۆڕش لە یاخســـەمەر و هەڵەدن و بەرگەڵو و سەرگەڵو بووە.

لەبەر هەڵکەوتەی دیموگورافیاکەی کە ناوچـــەیەکی شــاخاوی و ســـەختە و زۆرترین چیای بەرز و عاسی و ئەشکەوتی لێیە، دڵسۆزی و نیشتمانپەروەری خەڵکەکەی کە بە درێژایی دەســـەڵاتەکانی عێراق بۆتە ناوچـــەیەکی پەناگا بۆ زۆرێك لە بەرهەڵستکارانی ڕژێمەکانی عێراق و شۆڕشگێرانی کورد.

بۆیە بە درێژایی مێژوو لەلایەن دەســەڵاتدارانی عێراقەوە وەکو ناوچــەیەکی یاســـاغ (محرمە) ســـەیر کراوە و هەموو جۆرە تاقیکردنەوەیەکی ســـەربازی و چەکی مرۆڤ کوژ لەم ناوچەیەدا تاقیکراوتەوە لە ڕاگوستن و کیمیاباران کردن و تۆپبارانی بەردەوام و هاژە و ناڵەی فڕۆکە جەنگیەکان.

تا دواجار وەکو دەسپێکی تاوانی ئەنفال بەعس پەلاماری دۆڵی جافایەتی دا و لە ســـەرما و ســـۆڵەی زســـتان و بە ناو بەفرێکی زۆرداو بە پیادەڕەوی ســـەدان کیلۆمەتر خەڵکە دڵســـۆزەکەی بە ســـەڵتی ئاوارەی وڵاتی ئێرانی دراوسێ کرد.

باس کردن لە ڕووداوەکانی ســەر ئەم ناوچـــەیە گرنگی مێژوویی خۆی هەیە بۆ زانیاری لەسەر تاوانەکانی ڕێژێمی بەعس.

ئەم هەوڵەی ئارام هەڵەدنی دەبێتە یەکێك لە سەرچاوەکان بۆ جینۆسایدی کورد. هیوادارم بەردەوام بێ لەم پێناوە. چـــونکە گەلی ئێمە بە ناســـاندن و گفتوگۆی بەردەوام لەســەر تراژیدیاکانی لە ئاســتی ناوخۆ و دەرەوە دەتوانێت خۆی بپارێزێت لە ئەگەری هەر پەلامارێکی تری هاوشــێوەی ئەو تاوانانەی لەم کتێبەدا باس کراوە و پشـــــتیوانی نێودەوڵەتی پەیدا بکات بۆ ڕێگەگرتن لە ئەگەری کۆمەڵکوژی تر لە ئایندەدا.

**سالار مەحمود**

کانونی یەکەمی ٢٠٢٢

# دەسپێك

لەم پەرتوکەی بەردەستاندا باسی جینۆسایدی گەلی کوردمان کردووە بە تایبەت باشووری کوردستان، تاوانی ئەنفال یەکێکە لەو تاوانە گەورانەی بەرامبەر کورد کراوە و دەچێتە چوارچێوەی جینۆسایدەوە بۆیە زیاتر ڕوداوەکانی قۆناغی یەکەمی تاوانی ئەنفالمان باس کردووە، شیکردنەوەیەکمان کردووە کە بۆچی قۆناغی یەکەم لە سنوری دۆڵی جافایەتی بووە دواتر هەموو کورستانی گرتەوە.

دەیان لاپەڕەمان تەرخان کردووە بۆ گێڕانەوەی شایەتحاڵەکانی کیمیاباران و بۆردومانی تۆپ و فڕۆکەکانی بەعس کە چەندین کەسیان کردۆتە قوربانی. چاوپێکەوتنمان کردووە لەگەڵ کەسوکاری ئەنفالکراوان و فەرماندە و پێشمەرگەکانی ئەوێ ڕۆژێ کە لە هێڵی بەرگریدا بوون لە کاتی تاوانی ئەنفالی دۆڵی جافایەتیدا، ئەمەی نوسیومانە چەند نمونەیەکە لە سەدان نمونە خوا یاربێت بۆ هەرتاوانێکی ڕژێمی بەعس لە (ڕاگواستن، ئەنفال، کیمیاباران، تۆپ باران و ڕەمی کردن لە ڕێگەی فڕۆکەوە، زیندانی و تاوانەکانیتر) لە چەندین پەرتوکی تردا دەنوسینەوە، داوای لێبوردن لە کەسوکاری قوربانیان دەکەین لەبەر زۆری ڕوداوەکانی قوربانی نەمانتوانی هەموو ڕوداوەکان بنوسین.

کورد بە درێژایی مێژووی خۆی چەندین جار ڕووبەڕووی جینۆساید و هەوڵی لەناوبردن بووەتەوە، کەم ناوچەی کوردستان هەیە بەر ڕاگواستن، تاوانی ئەنفال، بۆردومان، کیمیاباران و هەوڵی لەناوبردن نەبووبێتەوە. بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، بەشێکی زۆری ئەو ستەم و هێرش و پەلامارانەی کراوەتە سەر باشوری کوردستان دەچنە چوارچێوەی جینۆسایدەوە.

له جینۆسـایدیشـدا کەم و زۆریی ژمارەی قوربانییەکان مەرج نین، مەرجی تایبەتی بۆ ویسـتی تاوانکار ئەوەیە ئەو کۆمەڵە مرۆڤە بفەوتێنرێت کە تاوانەکەی بەرامبەر کراوە، ئەویش بە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ کوشـتن، فەوتاندنی لەسـەرخۆ، داگیرکردنی وڵات و پەرتەوازەکردنی خەڵکەکەی، دابڕینی خەڵکەکە لە یەکتر و دابڕینیان لە شـێوەژیانی ئاسـایی خۆیان لە ڕووی زمان، کولتوور، پێکهاتەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی. کە ئەمانە هەمووی تێك چـوو، دەبێتە هۆی فەوتاندن و شـێواندنی بایۆلۆجی، کولتووری، دیموگرافی و ئابووری.

له پرسـی جینۆسـایددا دانیشـتوان دابەش دەبن بەسـەر سـێ بەشـدا (تاوانکاران، قوربانیان، لێماوەکەیتر)

لێماوەکەیتر دابەش دەبێته سـەر سـێ بەش(ئەوانەی یارمەتی بکوژ دەدەن، ئەوانەی یارمەتی قوربانیەکان دەدەن، ئەوانەی لە دورەوە تەماشاکەرن).

ئەوەی زیاتر جێی پرسـیار و تێڕامانە بێ هەڵوێسـتی تەماشـاکارانە کە دەبێت چ بەرژەوەندیەکیان لەو بێدەنگییە هەبێت؟!

له ڕووی ئابوورییشـەوە ناوچـەکان وێران کران و سـەرچـاوە ئابوورییەکان تاڵان کران و کوێر کرانەوە، تاکو خەڵکەکە نەتوانێت بە شـێوەی جاران بەرهەمهێنان بکات، ئەمەش مردنێکی لەسەرخۆی تاکی نەتەوەی کوردە.

بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان سـەیری ڕووداوەکان بکەین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، کارەسات و ڕووداوی زۆر جەرگبڕ هەیە لە مێژووماندا، بەڵام با باسـی سـەردەمی ڕژێمی بەعس بکەین تاکو تاوانەکانی ئەم دواییەی داعش. کورد وەك گرووپێکی دەسـتنیشـانکراو و تایبەتمەند ئەم تاوانانەی بەرامبەر کراوە: ڕاگواسـتنی بەکۆمەڵ، لەسـێدارەدانی بەکۆمەڵ، وێرانکردنی ناوچەکانی کوردستان بە شێوەیەکی بەرفراوان و گشتی، تاوانی ئەنفالەکان

و بەکارهێنانی چـــەکی کیمیایی. ئەم ڕووداوانە هەموویان دەبنە هۆی کۆمەڵکوژییەکی فراوان، فەوتاندنی مرۆڤ و زیندەوەران، ئەمە جگە لە شێواندن و ژەهراویکردنی سروشت، گۆڕینی دیموگورافیای کوردستان ئەمانە هەموویان تاوانی نێودەوڵەتین.

کورد نەتەوەیەکە و وەك قوربانی جیاوازە لە داگیرکەرەکانی. هەموو ئەو تاوانانەی لە دژی کورد ڕوویان داوە، ئامانجی زۆرینەیان بریتی بووە لە لەناوبردنی هـەموو کورد یـان بـەشـــێکی، کـەواتـە دەتوانین پێیـان بڵێین جینۆسـاید. هەر لە ڕێککەوتننامەی لۆزان بۆ دامرکاندنەوەی شـۆڕشـی شـێخ مەحموود، شۆڕشی ئەیلول، سووتاندنی دێکان، بۆمبارانی قەڵادزێ و هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٧٤، ڕاگواستنی خەڵکی گوندەکان لە ساڵی ١٩٧٨ و ١٩٧٩، ئەنفالی بارزانییەکان لە ١٩٨٣، کیمیابارانی هەڵەبجە لە ١٩٨٨، پرۆسەکانی ئەنفال، جینۆسایدی کوردانی فەیلی، کۆڕەوەکەی ١٩٩١ و تاکو ئەوەی لە شنگال ئەنجام درا. دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی کە لە ســاڵی ٢٠٠٥دا دامەزراوە، بەگوێرەی مادەی ١١ کە پێناسەی جینۆساید دەکات، چوار کەیسی کوردی بە جینۆســاید ناســاندووە، کەیســەکانیش بریتین لە (قۆناغەکانی ئەنفال، ئەنفالی بارزانییەکان، ڕاگواستن و لەناوبردنی کوردانی فەیلی و کیمیابارانی هەڵەبجە).

دەبووایە کورد زۆر شــتی بکردایە، لە ئاســتی ناوخۆ ســەنتەرێکی فراوانی ناوخۆی تایبەت بە جینۆســـایدی کورد هەبووایە، بە زمانە زیندووەکانی جیهان، لەو ســـەنتەرەدا وێنە، دۆکیۆمێنت، بەڵگەنامە، بڕیارەکانی دادگا، بڕیارەکانی حکومەت و پەرلەمان، کارە حکومی و تاکەکەسییەکان لە بارەی پرســی جینۆســاید کۆبکرانایەتەوە. هەر لەم ســەنتەردا دەیان شــارەزا، پســپۆڕ، ئەکادیمی و ڕۆژنامەنووســی کورد و ناکورد بانگ بکرانایە و کاریان لەســـەر ئەم بەڵگەنامە و بڕیارانە بکردایە، دواتریش کارەکان بە کوردی و

زمانە زیندووەکان بڵاو بکرانایەتەوە، تەنانەت سەنتەرەکە لقی لە دەرەوەی کوردستانیش هەبێت.

زۆر گرنگە قۆناغەکانی جینۆسـایدی کورد لە ناوەندەکانی خوێندن بە شێوەی ئەکادیمی بخوێنرایە.

پێویستە کەیسی جینۆسایدی کورد ببرێتە وڵاتانی جیهان لە ڕێگەی نوسراو و فیلمی سـینەماییەوە بخرێتە بەرچـاوی وڵاتان تا لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە جینۆسیادی کورد بناسرێت.

پێویستە ئاوڕی زیاتر لە کەسوکاری ئەنفالکراوان بدرێتەوە، سەنتەری تایبەت هەبێت بۆ چاودێری کردنی کەسوکاری ئەنفالکراوان و ڕێنمایکردنی کۆمەڵگا تا هاوکاری کەسوکاری ئەنفالکراوان بن بە تایبەت لە ڕووی دەرونییەوە.

**نوسەر**

کانونی یەکەمی ٢٠٢٢

سلێمانی

## پێشەکی چاپی دووەم
## ئەنفالی دۆڵی جافایەتی

ئارام هەڵەدنی نوســـەری کتێبی " ئەنفالی دۆڵی جافایەتی لە پلانی جینۆسایدی کورددا"ی نووسیوە، ئەو سەرەڕای باسکردنی دەقی پرۆسەی ئەنفالکردنی دۆڵی جافایەتی، کە یەکەم قۆناغی ئەنفالی تیا بەڕێوە چوو، جگە لە پرسـکردن و گێڕانەوەی چـەندین گەواهیدەر، دەسـتی بردوە بۆ چـەندین بابەتی دیکەی پەیوەست بە سڕینەوەی کوردو ستەمکاری بەعسەوە.

ئەنفالی دۆڵی جافایەتی یەکەمین قۆناغی ئەنفال و لە بارو دۆخێکی زۆر سـەختی سـروشـتی و لە نێو سـەرماو سـۆڵەیەکی مەرگبەخشـا بەڕێوە چـوو ،بەعس بە مەبەسـت و بۆ هەڵوەشـانەوەی سـەرکردایەتی یەکێتی و بۆ چاوترساندنی هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستان لە ڕۆژی ٢١-٢-١٩٨٨ پەلاماری تەواوی گوندەکانی ئەو ناوچـەیەو سـەرکردایەتی یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتانی داو دواتریش تەواوی پرۆسـەکەو تەنانەت لێدوانی زۆر سـەرۆك جاش و موستەشـاری لە ڕۆژنامەکانی خۆیدا بڵاو کردەوەو وێنەی وێرانکردنی گوندەکانی لە ڕۆژنامەو تەلەفیزیۆندا نیشاندا.

لەو یەکەم قۆناغەی ئەنفالدا کە لە نێو زستاندا بەڕێوە چوو، خەڵکێکی زۆر بۆ دەرباز بوون لە دڕندەیی سـوپای بەعس ملی ڕێی هات و نەهاتیان گرتە بەرو بە نێو بەفروبە تولە ڕێی چـیا سـەختەکاندا ڕوویانکردە سـنورەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئەو خۆ دەربازکردنە ناچاریە چیرۆکی مەرگی زۆرکەسی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرت و ئێسـتاش هەندێك لەو کەسـانەی کە لە نێو ئەو سـتەمکاریە بە ئاسـتەم دەرباز بوون تراژیدیای کاریگەرو مەترسـیدار

دەگێڕنەوە، گلانی منالّ و مەرگی بە سالاّچووی بەفر بردەڵەو هەڵخزانی ولاّخە بەرزەکان و ڕێکردن بە ناو مین و بەفردا چیرۆکگەلی ئەو ڕۆژگارەن، کە ڕەنگە لە توانای هیچ دەرهێنەرێکی سینەمایدا نەبێت کاری لە سەر بکات و تەنانەت هیچ ڕۆمانێکیش ناتوانێت ئازارەکان وەك خۆی بگێڕێتەوە.

هەڵەدنی لەم کتێبەدا بە وشە وێنەی ئەو ڕۆژگارەی دۆڵی جافەتیمان بۆ دەکێشێت و چیرۆکی ئەو ڕۆژگارە و مەرگی ئازیزەکانی ئەو دەم لە زاری چەندین گەواهیدەرەوە دەگێڕێتەوە، بایەخی ئەم گێڕانەوەیە هەر ئارشیفکردن و نووسینەوە نیە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ ئەوەی کە ئەم تراژیدیانە دەکۆمێنت بکرێن و ببنە بەشێك لە مێژووی دوێنێ بۆ بوونیادنانی مێژوی ئایندەی بێجینۆسایدو سڕینەوە، مێژوو لە ئێستادا هەر گێڕانەوەو بیرخستنەوەی دوێنیّ و ڕابردوو نیە، مێژوو لە ئێستادا کارکردنە بۆ ئایندەیەکی جیاواز ترو دنیایەکی باشتر، ڕونتر مێژوو لە ئێستادا گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە و هەر نووسینەوەی جاران نیە، کارە بۆ ئەوەی دوێنیّ لە ئێستادا بەیانیەکی جیاواز تری لێبەرهەم بێت، بەیانیەکی بێ زەبرو زەنگ و سڕینەوە.

ئەم کتێبە پێماندەڵێت، هەنگاوەکانی بەعس لە ئەنفالی یەکداو پەلامارەکانی بۆ سەر دۆڵی جافایەتی و دەوروبەری سەرەتای پلانی سڕینەوەی یەکجاری بووە، هەر لە هەناوی ئەم ئەم قۆناغەشەوە قۆناغەکانی تری ئەنفال لە دایك بوون کە نزیکەی تەواوی باشوری کوردستانی گرتەوەو تێیدا هەزاران گوند دەیان قەزاو ناحێ تەفروتونا کران و سەدان هەزار کەس لە ناو دران و ڕاگوێزران و لە ئۆردوگا سەربازیە سایکۆنیەکان توند کران، من پێشتریش لە شوێنی تر نووسیومە ئەنفال هەر ئەو هەشت قۆناغە نیە کە لە مانگی دوی ١٩٨٨ دەست پێدەکات و تاسەرەتای مانگی نۆی هەمان ساڵ درێژە دەکێشێت، شێوازی دروستکردنی ئۆردوگاکان، لێسەندنەوەی زەوی لە

جوتیار، كه ئیدی ئەوه هەڵوه شانەوەی پەیوەندی سەدان ساڵەی نێوان مرۆڤ و خاك بوو،كپكردنی دەنگی ناڕەزایەتی نێو شـارەكان، به شـاره گەورەكانی وەك سـلێمانی و هەولێریشـەوه پلانی قڕكردنی یەكجارەكی كورد بوو له باشـوری كوردسـتان، بەڵام نەگەیشـته كۆتاو وەرچـەرخانی تر دروسـت بوو، لەوانەداگیر كردنی كوەیت، هێرشی چڕی هێزه نێو دەوڵەتیەكان به ئەمەریكاو ناتۆشەوه بۆ سەر سوپای عیراق، دەركردن و راونانی سوپای شكستخواردوی عیراق له كوەیت، هەروەها راپەڕینی شـیعه له باشـوری عیراق و كورد له كوردستان.

ناوچـەی ئەنفالی یەك، هەروەها بوونی سـەركردایەتی یەكێتی نیشـتمانی لەوێ ئەوه جگه له بوونی حزبەكانی تر وەك چـۆن هەڵەدنی ناوی ناوه "دۆڵی جافایەتی دۆڵی حزبەكان" جوگرافیای ئەو ناوچـەیه، كەش و هەواكەی، سـەختی شـاخ و داخەكانی، نزیكی له سـنوری رۆژهەڵاتەوه، ئەمانه هەموو بۆ حكومەتی عیراقی گرنگ بوو سـەركەوتنی لەوێ بكاته پاڵنەرێكی به هێز بۆ ئەوەی سـوپاو گەله جاشـی كورد ئاسـانترو خێرا تر پەلاماری ناوچـەكانی تر بدەن، من له رۆژنامەكانی بەعسا لەبارەی ئەم قۆناغەی ئەنفالەوه گازندەیەكی موسـتەشـارێكی كوردم بەرچـاو كەوتووتوه به شـانازیەوه باس لەوه دەكات یەكەم فەوج بوونه چـونەته ناو سـەركردایەتی یەكێتبەوەو ئەو ناوچـەیەیان به گوتەی خۆی " له خائینان پاككردوەتەوه " بەڵام گلەیی ئەوه دەكات كه نیشـانەی ئازایەتی " نەوتی شـوجاعەی " كەمیان پێداوه هەندێك له فەوجه جاشـەكانی بادینان بۆ ئەنفالی یەك هێنرابوون، ئەمەش سـیاسـەتی تێكدانی پەیوەندیه كه بەعس كاری له سـەر دەكرد " نازانم داخوا ئەو سـەرۆك جاشـه ماوه یان نا ئایه ئێسـتا دیوەخانانەی هەیه یان نا، تۆ بڵێی ئەو رابردوەی بۆ نەكرابێته خزمەتی پێشمەرگایەتی."

ئەم کارەی هەڵەدنی جێی ستایشەو دەکرێت بۆ هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی ئەنفال سەدان کتێب و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بنووسرێت.

ئەم کتێبە گرنگی تایبەتی هەیە و یەکێك دەبێت لە سەرچاوەگرنگەکانی ئەنفالی دۆڵی جافایەتی و دەورووبەری خوێنەر دەتوانێت

بەرچاوڕونێکی باشی هەبێت لەسەر یەکەم قۆناغی ئەنفال و سروشتی ناوچەکە زۆری خواستی کتێبەکە وای لە نوسەر کرد چاپی دووم بخاتە بەر دیدەی خوێنەران.

**لەتیف فاتح فەرەج**

٢٠٢٣/٣/١٣

# جینۆسايد

جینۆساید له دوو وشه پێك دێت :

یەکەم/ Genos وشەیەکی گریکی‌یه به مانای (ڕەگەز) یان (بنەچە)

دووەم/ Caeder وشەیەکی لاتینی‌یه به مانای (کوشتن) یان (فەوتاندن) دێت.

پێناسەی جینۆساید:

کۆمەڵکوژیی له هەموو جیهاندا و لای هەندێك له دیکتاتۆر و خۆسەپێنەکان بووەته کردەیەك بۆ لەناوبردنی ڕکابەرەکانیان، یان ئەو گروپانەی داوای چاکسازیی کارگێڕیی و سیاسیی دەکەن، یان گەلانی ژێردەستە کە داوای مافی نەتەوەیی دەکەن.

زۆر ڕستەی واتادار و پێناس بۆ جینۆساید دانراوە، بەڵام تەنها دوو پێناس وەردەگرین.

- جینۆساید بە واتای لەناوبردنی ڕەگەز یاخود بنەچە دێت.
- بە واتای لە ناوبردنی نەتەوەیەك یان ئەنتیکێك دێت.

جینۆساید بەشێوەی ڕێکخراو ئەنجام دەدرێت و کاریگەریی تەنها لەسەر ناوخۆی وڵات نابێت بەڵکو کاریگەریی لەسەر هەموو جیهان دەبێت، مەبەستی سەرەکی بۆ لەناو بردن و فەوتاندنی مرۆڤ و گیانلەبەرە و هیچ پاساوێکی سیاسی و یاسایی هەڵناگرێت.

**بە یاساییکردنی جینۆساید**

کۆمەڵی نێودەوڵەتی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم و لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە هەوڵی ئەوەیان دەدا کە یاسایەکی تایبەت هەبێت بۆ ڕێگری کردن لە تاوانی کوشتن و لەناوبردنی مرۆڤایەتی، چونکە دڵڕەقی مرۆڤی

دەسەڵاتدار گەیشتبووە ئاستێك كە تاوانی زۆر مەترسیدار بەرامبەر مرۆڤایەتی دەكرا و كوشتنی بە كۆمەڵ و وێرانكردنی شوێنە جەنگیەكان ڕۆژ بە ڕۆژ ڕووی لە زیاد بوون دەكرد، پێشـــكەوتنی چـــەكە مرۆڤ كوژەكان و كاولكاری ئەم مەترسیە زیاتر هەستی پێدەكرا.

قڕكردن و كوشــتن و پەلاماردانی خەڵكی سـڤیل و بێتاوان بەرەو زیاد بوون دەچـوو، بەڵام یاسـایەك نەبوو ببێتە بەربەسـت یان ڕێگری بكردایە لەو هەموو تاوانە نەشیاوانە كە ئامانج لێی پاكتاوی ڕەگەزی و نەتەوەیی بوو.

ســـاڵی ١٩٣٣ یاســـاناس و پارێزەری هۆڵەندی، بە ڕەگەز یەهودی، پرۆفیسـۆر (ڕافائیل لیمكن) (Raphael Lemkin) ڕاوێژكار بوو لە وەزارەتی جەنگی ئەمریكا لە كۆنگرەی نێودەوڵەتی لە مەدریدی پایتەختی ئیسـپانیا كە بۆ یەكخستنی یاساكانی تایبەت بە تاوانكاری گرێدرابوو پرۆژەیەكی پێشكەش كرد، لەو پرۆژەیەدا بانگەشـــەی بۆ ئەوە كردبوو هاوشـــێوەی پەیماننامە نێو دەوڵەتیەكان تایبەت بە نەهێشـتنی كۆیلایەتی، ڕێكەوتنامەیەكی تایبەتیش بە پەلاماردان و لەناوبردن هەبێت، كە گروپێك تاوان دژی گروپێكیتر یان ڕەگەز یان ئاینێك ئەنجام بدات، تا سـاتی پێشـكەشـكردنی ئەم پرۆژەیە هیچ پرۆژە یاسایەك نەبوو بەناوی جینۆسایدەوە.

كاتێك جەنگی شـــومی دووەمی جیهانی بە ســـەركردایەتی هیتلەر ڕابەری نازیەكان هەڵگیرسـا، كوشـتنی بە كۆمەڵی یەهودیەكان و قەرەجەكان و ڕەش پێستەكان لەلایەن سوپای نازی ئەڵمانی دەستی پێكرد و هەوڵی لەناوبردن و ســـڕینەویان درا. تاوانەكە هێندە گەورە و كاریگەر بوو ویژدانی مرۆڤی هێنایە دەنگ و سەركردەی وڵاتانی جیهانی لە بێدەنگی ڕاچڵەكاند، بەتایبەت سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا (تشر شل) بە دەنگێكی ئازایانە وتی (ئێمەی گەلانی جیهان لە بەردەم تاوانێكی گەورەداین).

ئەم وتانە بوونە هۆی ئەوەی نوســـەر و فەیلەســـوفەکانیش بێنە دەنگ، پرۆفیسۆر (لیمکن) لە ساڵی ١٩٤٤ لە کتێبێکی تایبەت بە سیاسەتی نازیی و فاشیستەکان نوسی و باسی سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزی کرد، دەڵێت (ئەم تاوانە بە تاوانێکی بەرنامە داڕێژراو قۆناغ بە قۆناغ ئەنجام دەدرێت و ڕاستەوخۆ نابێتە هۆی پاکتاوکردن، بەڵکو لەناوبردنی دامودەزگای سیاسی و یاسایی و ئابووریی و فەرهەنگییەکانە).

ئەم پرۆفیســۆرە خۆی یەکێك بوو لە ڕزگاربووانی ژێر دەســتی نازییەکان و هەموو ڕووداوە تراژیدیەکانی بە چـــاوی خۆی بینیبوو، کە زیاتر لە نیوەی بنەماڵەکەی لە پۆڵەندا ســـوتێندرابوون و لەناوچـــووبوون، هەم گەواهیدەری کوشتن و بڕینی جوولەکەکان بوو بە دەستی نازیەکان، هەم نوسەرێکی بەتوانا بوو، بۆیە نوسینەکانی کاریگەریی لەسەر ڕای گشتی و وڵاتان هەبوو.

ســـاڵی ١٩٤٦، هەریەك لە نوێنەرانی (کوبا و هیند) یاداشـــتێکیان دا بە کۆمەڵەی گشـــتی نەتەوە یەکگرتووەکان، تێیدا باس لەوەکرابوو تاوانی پاکتاوکردنی ڕەگەزی وەك تاوانی نێودەوڵەتی هەژمار بکرێت.

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کوشـــتنی بە کۆمەڵ و تاوانی نامرۆڤانە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە زۆر بووە، مرۆڤی دەسەڵاتدار هەمیشە بۆ بەئەنجام گەیاندنی دەسەڵاتی ڕەهای خۆی هەموو جۆرە کردارێکی خۆسەپێنی ئەنجام داوە، زۆر جار دەسەڵاتدار بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتەکەی هەر گروپ و کۆمەڵێك هاتبێتە بەردەمی و بووبێتە بەربەست لە ئاست بەرژەوەندیەکانی بەهەر شێوەیەك بێت هەوڵی داوە ئەو بەربەستە ببڕێت، ئەگەر بە کۆمەڵکوژی مرۆڤەکان و شێواندنی دیموگرافیای ئەو ناوچەیەش مەبەستەکەی هاتبێتە دی.

بەڵام لە ڕابوردودا و لە پێش جەنگی جیهانی دووەم وشەیەك یاخود ناوێکی دیاری کراو نەبوو، کە مانای تەواو بدات بە کردەی کۆمەڵکوژی. دوای جەنگەکە

پارێزەر (ڕا فائیـل لیمکین) بۆ یە کەمینجـار ئەو زاراوەی داهێنـا، لە کاتی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی نازییە ئەڵمانییەکان دژی جولەکەکانی ئەوروپا.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێشنیارانە جینۆساید بە تاوانی نێو دەوڵەتی دانرا، لە ڕێکەوتننامەی ١٩٤٨دا، دوای جینۆسـایدی جولەکەکان لە لایەن نازیەکانەوە دەرچوو، کە تایبەت بە بەرەنگار بوونەوەی پاکتاو کردنی ڕەگەزی، کە دەڵێت:

(پاکتاوکردنی ڕەگەزی بە تاوانی نێودەوڵەتی دادەنرێت).

لە پێشەکی ڕێکەوتنامەکەدا دەست نیشانی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی کردووە لە ڕێکەوتی ١٩٤٨/١٢/١١، کە تێیدا هاتووە:

"جینۆسـاید تاوانە لە ڕووی یاسـای نێودەولتییەوە و پێچـەوانەیە لەگەڵ ئامانج و مەبەستەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها جیهانی شارستانی حاشای لێکردووە".

لە ١٢ی کانونی دووەمی ١٩٥١دا ڕێککەوتنەکە جێبەجێ کرا و سەدو دە دەوڵەت ڕەزامەندیان دەربڕی.

لە بەندی دووەمی بەیاننامەکەدا هاتووە:

کرداری پلان بۆ داڕێژراوی لەناوبردنی بەشـــێك یان ســـەرجەمی گروپێکی نەتەوەیی، ئینتیکی، ڕەگەزی، یان ئاینی.

أ/ کوشتن و لەناوبردنی ئەندامانی کۆمەڵی نەتەوەیەك، ئاینێك، یان ڕەگەزێك.

ب/ ئازار گەیاندنی مەترسیداری جەستەیی و دەرونیی و فیکریی ئەندامانی کۆمەڵێك.

ج/ چەسپاندنی چەند ڕێوشوێنێك کە ببێتە هۆی منداڵ نەبوون (نەزۆکی) لەناو کۆمەڵێکدا.

د/ زیان گەیاندنی مەبەســـتدار و هێنانە پێشـــەوەی ڕەوشـــتێك ببێتە هۆی لەناوبردنی جەستەیی و قڕکردن.

هـ/ گواستنەوەی بەزۆری منداڵان لە گروپێکەوە بۆ گروپێکیتر.

**جینۆساید بە دوو قۆناغ ئەنجام دەدرێت:**

١/ کوشتن و فەوتاندنی ئەو کۆمەڵە، نەتەوە، ئاینییە یاخود ئینتیکیە.

٢/ دوای لەناوبردنی کۆمەڵەکە سەپاندنی ئەو بەرنامە و سیستەمەی کە ئەنجامدەری تاوانەکە مەبەستێتی.

ئەگەر لە ڕوانگەی ئەم دوو قۆناغەوە سەیری جینۆسایدی گەلی کوردی باشوری کوردستان بکەین، دەگەینە ئەو ئەنجامە کە ڕژێمە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق بە شێوەیەکی بەرنامە داڕێژراو و سیستەماتیك جینۆسایدی کوردیان کردووە.

بە درێژایی مێژوو بەدە ستی ڕژێمەکانی عێراق هەزاران مرۆڤی کورد زیندانی کران، قورسترین ئەشکەنجە دران و لە سێدارە دران، گوللە باران کران، کۆمەڵکوژ کران، تەعریب و تەهجیر لە کارە هەرە قێزەونەکانی ڕژێمەکانی عێراق بووە بە مەبەستی سڕینەوەی هەستی نەتەوەیی تاکی کورد.

لە قۆناغی دەسەڵاتی بەعسدا وشەی تبعیس چووە پاڵ تعریب و تهجیر، ڕاگواستنی بەشێکی زۆری هاوڵاتیانی کورد لە زێدی باب و باپیرانیان بۆ ناوچە ژێر دەستەکانی ڕژێم و بەند کردنیان لە ئۆردوگا زۆرەملییەکان، بە مەبەستی چاودێری کردنیان و ئاگادار بوون لە هەر کردە و ڕەفتارێك کە ئەنجامی بدەن بۆ ئەوەی زومی کامێرا سیخوڕەکانی ڕژێم لە سەریان بێت، بەعس بە پێی بەرنامە هەوڵی شکاندنی کەرامەتی تاکی کوردی داوە، زۆر کردەی توند و تیژی بەکارهێنا و فشاری خستە سەر گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بە تایبەتی، کە دەبێت هەر تاکێکی ناو عێراق ببێتە ئەندام لە ناو حیزبی بەعسدا، توانی بەشێکی زۆری هاوڵاتیانی عێراق بکاتە ئەندامی حیزبی بەعس، فشاری سەدام و بەعسیەکان بەشێوەیەك بوو مرۆڤی بە هەڵوێست و نیشتیمانپەروەر ویژدانی ڕێگای نادا ڕازی ببێت تا دەگەیشتە ئاستی یاخی بوون و کوژران لەو پێناوەدا.

مرۆڤ دەتوانێت لە ئاست هەندێك کردار بێدەنگ بێت کە نەبێتە هۆی

تێکشکاندنی کەسێتی، بەڵام کاتێك دەست دەبرێت بۆ پیرۆزیەکانی نەتەوە و نیشتیمان هەست دەکات کەرامەتی شکێنراوە بۆیە ڕازی نابێت و یاخی دەبێت، هەر ئەوەش بووبووە هۆکاری سەرهەڵدانی زۆر بزوتنەوەی شۆڕگێڕی لە هەموو عێراق بە تایبەت لە کوردستاندا.

دکتۆر مەریوان قانع لە کتێبی مرۆڤ و کەرامەت لە بارەی کەرامەتەوە دەڵێت "مەسەلەی کەرامەت مەسەلەی پاراستنی مرۆڤە هەم لە ژیانی تایبەتی خۆیدا و هەم لە ژیانی گشتیدا، مامەڵەکردنیەتی وەك بەهایەکی ئەخلاقی گرنگ".

لە لایەکی تریشەوە زیان گەیاندن بە ئابووریی کوردستان و شێواندنی دیموگورافیای ناوچەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی تاکی کورد لە بەرهەمهێنەرەوە ببێتە مشەخۆر و کارنەکەر تا هەمیشە چاوی لە قاپی حکومەت و دەسەڵاتداران بێت، واتە سەربەخۆیی ئابووری لە دەست بدات، کە ئەوەش هۆکاری سەرەکی بوو بۆ دەست بە سەرا گرتنی کەسێتی تاکی کورد لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی عێراقەوە.

ڕژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراق بە تایبەت بەعسیەکان بە چەندین شێواز هەوڵی جینۆسایدکردنی گەلی کوردیان داوە، هەرچەندە لە هزری تاکی کورد تەنها کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ناوچەکانیتری کوردستان و ئەنفال کردنی نزیکەی دوو سەد هەزار هاوڵاتی سڤیلی کوردستان و بێ سەروشوێن کردنی هەزاران هاوڵاتی بارزانی بێ تاوان بە جینۆساید ناوزەد کراوە.

گەلی کورد زۆر کارەساتی بەسەردا هاتووە دەچێتە چوارچێوەی جینۆسایدەوە، بۆیە جێی خۆیەتی ئەوەندەی بتوانین جۆرەکانی جینۆسایدی گەلی کورد لە باشوری کوردستان دەست نیشان بکەین بە پێی کات و شوێنی دیاری کراو، هەوڵ بدەین ڕوداوەکان بە شێوەی چیرۆك بنوسینەوە لە ڕێگای

چــاوپێکەوتنی هەندێك لەو کەســانەی شــایەتحاڵی ناو ڕووداوەکان بوون و بە چـــاوی خۆیان ڕەفتارە نامرۆڤانەکانی ڕژێمی بەعســـیان بینیووە، بۆ ئەوەی ڕاســتی ڕوداوەکان وەك خۆی ببیســتین و کاری لەســەر بکەین تا نەوەی دوای ڕووداوەکان و نەوەی داهاتوش ئا شنابن بە مێژووی دە سەڵاتی دیکتاتۆرەکانی عێراق دژی گەلی کورد.

لەســەردەمی کۆتا دەســەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا کوشــتن و بڕینی گەلانی ژێردەســت گەیشــتبووە ئاســتێك کە ویژدانی وڵاتانی هێنایە لەرزە، بە تایبەت کۆمەڵکوژی کردنی گەلی ئەرمەن لە ساڵی ١٩١٥، زۆر نوسەر بە هۆلۆکۆستی ئەرمەنەکان ناوی دەهێنن، یەکێکە لەو تراژیدیایانەی بە تێپەڕبوونی کات واتای گەورەتر دەبەخشێت.

ئێستا سەدەیەك زیاتر تێپەڕ دەبێت بەسەر ئەو کارەساتە، کە فەرمانڕەوای تورکیای عوسمانی تێیدا ملیۆن و نیوێك ئەرمەنی کریستیانیان لە باری فیزیکیەوە قڕ کرد، چ لە ڕێگای کوشــتنی ڕاســتەوخۆی پیاوەکانیان لە مەیدانی شــەڕدا، یان ڕەوانەکردنی ژن و منداڵەکانیان بۆ کاروانەکانی مەرگ، کە بە درێژایی ڕێگاکان دەســتدرێژی دەکرایە ســەریان، لە برســاندا دەمردن، بە پەلبەســتراوی بە کۆمەڵ فڕێ دەدرانە ڕووبارەوە، بە کۆمەڵ دەپەســتێنرانە ئەشــکەوتەکانەوە و لەوێدا لە ناو چڕەدوکەڵی ئەو ئاگرانەدا کە تورکەکان لە زاری ئە شکەوتەکاندا دەیانکردەوە دەخنکان، یان زۆر بێ باکانە چەقۆیەك بە قوڕگیاندا دەهێنرا.

تا ئێســـتا تارمایی ئەو قوربانیانەی ئەرمەن و هۆلۆکۆســـتی جولەکە کە بە دەســـتی نازی ئەڵمانی ملیۆنەها مرۆڤی بێتاوان دەســـوتنێنران و دەکوژران، ئـەنفـال و کۆمـەڵکوژی گـەلی زوڵملێکراوی کورد و چـــەنـدین ڕوداوی تری کۆمەڵکوژی بەســـەر ســـەری مرۆڤایەتیەوەیە و بەردەوام مرۆڤایەتی لە ژێر هەڕەشەی ئەنفال و هۆلۆکۆست و کۆمەڵکوژیدایە.

سەرانی دەوڵەتی عوسمانی و سەرانی بەعس هەمان بیروباوەڕی دیکتاتۆری دیار و مرۆڤ کوژی سـەدەی بیسـتەم هیتلەریان هەبووە، بەرامبەر گەلانی ژێردەسـت، لە میانی چـاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی کە لەگەڵ هیتلەر کە لە لایەن سـەرنوسـەری ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانییەوە لە سـاڵی ١٩٣١ سـازکرابوو، هیتلەر بە هەمان شـێواز ئاماژەی بۆ کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان کردووە و وتویەتی "خەڵك لە هەموو شوێنێکدا چاوەڕوانی سیستەمێکی نوێی جیهانین، ئەوە ئامانجی ئێمەیە کە سـیاسـەتێکی بەرفراوان بۆ ڕاگواسـتنی دانیشـتوان پێشکەش بکەین، تۆ سەرنج بدە قڕکردنی ئەرمەنەکان".

دوای جەنگی جیهانی دووەم کۆمەڵەی گشتی نەتەوەکان لە ساڵی ١٩٤٦ لە سەر پێشنیاری چەند وڵاتێك بڕیارێکی دەرکرد، دەڵێت جینۆساید تاوانێکە بە پێی یاسـای نێودەوڵەتی نکۆڵیکردنی بوون و ژیانی تەواوی کۆمەڵگە و مرۆڤایەتییە، لە سـاڵی ١٩٤٨ بڕیاری لە سـەر درا بۆ ئەوەی بە پێی بەندی سێزدەهەمین دوای واژۆکردن و بڕوا پێدانی دەوڵەتان لە ١٢ی کانونی دووەمی ١٩٥١ بچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە.

دوای هەڵوەشـانەوەی دەوڵەتی عوسمانی لە لایەن زلهێزانی ئەوکات پلانێك دانرا تا گەلە ماف زەوت کراو و چـەوسـێنراوەکان لە ژێرچـنگی بێڕەحمانەی داگیرکـەران ڕزگـاربکرێن، بـەڵام بۆ گـەلی کورد بوو بـە پلانی لـەنـاوبردنی چارەنوسی کورد، پلانەکەش بە ناوی ڕێکەوتننامەی سایکس بیکۆ-وە بوو.

ناوی ئەم ڕێکەوتننامەیە لە ناوی (مارك سـایکس) ڕاوێژکاری دیبلۆماتی بەریتانی و (فرانسوا جۆرج پیکۆت) سکرتێری یەکەمی باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە لەندەن وەرگیراوە.

لە سـەرەتای دەسـتپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە دەوڵەتە زلهێزەکان دەستیان بە گفتوگۆ کرد لە پێناو ئەوەی خاکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی

نـاوچــــەکـانی ژێر کۆنترۆڵی دەولـّەتی عوسمـانی داگیر بکـەن. بـەو هۆیـەوە ڕێکەوتننامەی سایکس – پیکۆ کە بە ڕێکەوتننامەی ناوەندی ئاسیا دەزانرێت لە ١٦ی ئایاری ١٩١٦ لە نێوان بەریتانیا و فەڕەنســا بە ڕازیبوونی ئیمپراتۆریەتی ڕوســی واژوو کرا، بەشـێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت بەســەر ڕوســیا و بەریتانیا و فەڕەنسادا دابەشکران.

لە ئەنجامی ڕێککەوتنەکەدا ناوچــــەکانی باکوری کوردســــتان لەگەڵ ئەستەنبوڵ درا بە ڕوسیا، ڕۆژئاوای کوردستان و سوریاش دران بە فەڕەنسا، باشوری کوردستانیش کە سەرەتا بۆ فەڕەنسا بوو بەڵام کەوتە ژێر دەستی بەریتانیا و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێران مایەوە.

چــــەند ســــاڵێك دوای ڕێکەوتننامەی ســــایکس بیکۆ، ڕێکەوتننامەیەکی تر بۆ ئاشتی گەلان هاتەدی بە ناوی ڕێکەوتننامەی سیڤەر.

ئەم ڕێکەوتننامەیە لە ڕۆژی ١٠ی ئابی ١٩٢٠ لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی ســەرکەوتوی جەنگ و بە نوێنەرایەتی هەندێك دەوڵەتی تر مۆرکرا، لە کاتی بەستنی ئەم پەیمانە کوردستان بە دوو پارچەیی مابووەوە، بەشێکیان لە لەسەر دەوڵەتی ئێران و بەشەکەیتر لە سەر دەوڵەتی عوسمانی.

ئەم پەیماننامەیە لە ١٣ بەش و ٤٣٣ بەند پێکهاتبوو، لە بەشــــی ٣ و بەندەکانی (٦٣،٦٢، ٦٤) دا ڕاستەوخۆ باسی کورد و ئایندەی کوردەکانی کوردســــتانی کردبوو، بە یەکەم پەیماننامەی نێودەوڵەتی دادەنرێت کە بەم شـێوە باسـی کورد بکات، هەرچـەندە لە بەندەکانیتریش ناڕاسـتەوخۆ باسـی کورد دەکات بێ ئەوەی ناوی کورد بێنێت.

دەقی ئەو بەندانەی کە تایبەت بوون بە کورد:

٦٢ – دەبێت کۆمیســیۆنی ئەســتەمبوڵ بە فەرمی دەســتنیشــانی ســێ نوێنەربکات، ئەوانیش نوێنەری بەریتانی و فەرەنسی و ئیتالی بن، هەتا شەش

مانگ دوای مۆرکردنی ئەو پەیماننامەیە ئەو کۆمیسیۆنە دەبێت نەخشەیەك بۆ خودموختاری هەرێمی ئەو مەڵبەندانە پێشکەش بکات کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن، لە ڕۆژهەڵاتی چەمی فورات و خوارروی ئەرمەنستان سنوریان بۆ دەستنیشان بکرێت.

ئەگەر کۆمیسیۆن نەیتوانی بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات ئەوا نوێنەرەکان دەتوانن لە گەڵ حکومەتەکانیان تاوتوێی ئەم بابەتە بکەن، وە باسیش لە پاراستنی مافی ئاشوریەکان و کەمەنەتەوەکانیتر کراوە.

٦٣ – حکومەتی تورکیا مل کەچ دەبێت بۆ هەر بڕیارێك کەوا کۆمیسیۆن دەری بکات کە لە بەندی ٦٢ باس کراوە، دەبێت لە ماوەی سێ مانگدا لە دوای دەرکردنی بڕیارەکە جێ بەجێیان بکات.

٦٤ - تا ساڵێك پاش واژوکردنی ئەو پەیماننامە ئەگەر کوردەکانی دانیشتوی چەمی فورات و خواروی ئەرمەنستان جیانەبنەوە لە تورکیا دە بێ ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان ڕابگەیەنن، ئەنجومەنیش دانی بەوەدانا کە ئەوان دەتوانن سەربەخۆ بژین ئەوا حکومەتی تورکیا دەبێت ڕازی ببێت و دەستبەرداری ئەو ناوچانە بێت، دەبێت تورکیا دەست لە مافی ئەو ناوچانە هەڵبگرێت، مافەکانیش بە گوێرەی ڕێکەوتنی هاوپەیمانان و تورکیا دەبێت، کوردەکانی ویلایەتی موسڵیش ئەگەر خوازیاری جیابوونەوەن بە ویستی خۆیان ئەوا هاوپەیمانان هیچ ڕێگریەك ناکەن بچنە پاڵ حکومەتە کوردیەکەوە.

ئەگەر دەسەڵاتداران بە چاوی یەکسان لە ماف و ئەرکدا کوردیان وەك عەرەب سەیر بکردایە و بە میوان و کەمە نەتەوە سەیری گەلێکی چەندین ملیۆنیان نەکردایە و مافە سەرەتایەکانیان بۆ دەستەبەر بکردایە، لە فیکری ناسیۆنالیزمی تورکی و فارسی و عەرببیەوە کوردیان نەچەوەساندایەوە و

گوێیان لە ویست و داوا ڕواکانیان بگرتایە، هەرگیز ئەو بەرخودان و شۆڕشانە نەدەکران کە بە درێژایی مێژوو ڕویان دا، بە تایبەتی لە دوای نیوەی ســەدەی ڕابوردووەوە، لەو پێناوەشدا سەدان هەزار ڕۆڵەی کورد بوونە قوربانی.

چـۆن دەکرێت نکۆڵی لە گەلێك بکرێت کە مێژویەکی دوور و درێژی هەیە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا و هەزاران ساڵە لە سەر زێدی خۆی ژیان بەڕێ دەکات. دروســت بوونی دەوڵەتی عێراق ســەرەتایەکی نوێ بوو بۆ پیشـێلکردنی مافی کورد، لەبەر ڕاگرتنی هاوســەنگی ڕێژەی دانیشــتوانی عێراق کوردیان لکاند بە دەوڵەتە نوێکەوە، لە عێراقدا چـــەندین نەتەوە و ئاین هەیە بەڵام گەورەترین پێکهاتە کورد و عەرەبی شیعە و سونەیە، گەرچی نزیکەی ٨٠٪ی دانیشتوانی عێراق لــە نــەتــەوەی عــەرەبن بــەڵام لــە ڕووی کلتور و نــەریــت و فیکری مەزهەبییەوە جیاوازیەکی زۆر دەبینرێت لە نێوان عەرەبی ســـونە و شـــیعە، مێژوو گەواهیدەری ئەو ڕاســـتیەیە بەردەوام بەیەکەوە نەگونجاو بوون و زۆرترین ڕکابەریان هەبووە و سەدان ساڵە دژایەتی یەکتر دەکەن.

هەرچـەندە لە ڕووی فیکری ناسـیۆنیالیســتی نەتەوەییەوە کورد و عەرەب جیاوازن بەڵام لە ڕووی مەزهەبەوە عەرەبی ســونە و کورد لێك نزیکن، ئەمەش بووە هۆکاری ســـەرەکی ئەوەی کە زلهێزەکان لە کاتی پێکهێنانی دەوڵەتی عێراقدا کورد بخەنە چوارچێوەی دەوڵەتە نوێکەوە و باڵانسی ڕێژەی مەزهەبی شیعە و سونە نزیك بکەنەوە لە یەکتر.

لە ســـەردەمی یەکەم کابینەی حکومەتی مەلیکیەوە تا ڕوخانی ســـەدام دەســـەڵات بە دەســـتی عەرەبی ســـونەوە بووە و بەردەوام کوردیان وەك نەتەوەی دووەم ســـەیر کردووە و مافە ســـەرەتاییەکانیان زەوت کردووە و چـــەوســـاندویانەتەوە، دەســـەڵاتدارانی عێراق لەگەڵ ســـەرەتای هاتنی هەر حکومێکی نوێ دنیایەك خەون و ڕوئیای جوان و ڕەنگا و ڕەنگیان بۆ کورد

هێناوه بەڵام لەگەڵ جێگیر بوونیان لە حکومڕانی لە هەموو بەڵێنەکان پەشیمان بوونەتەوه و گوێیان بە مافەکانی کورد نەداوه.

بە درێژایی مێژووی زیاتر لە سێ چارەکە سەدە کورد لە بەرخوداندا بووە دژی زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارانی عێراق کە بەسەریدا سەپێنراوە، شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید سەرەتایەکی باش بوو تا گەیشت بە بەشێك لە مافەکان و خۆ بەڕێوەبردن و حکومەتێکی خۆجێی لە سلێمانی و شێخیش بوو بە مەلیکی حکومڕانیەکە، بەڵام بەرژەوەندی زلهێزەکان لەگەڵ عێراق وای کرد بە دەستی بەریتانیا ئەو حکومەتە لە بار ببرێت، ئەوە چۆکی بە گەلێکی خاوەن دیرۆك نەدا بۆیە تێکۆشان بەردەوام بوو، ڕۆڵە قارەمانەکانی کورد نەسرەوتن بە خۆپیشاندان و ناڕازی دەربڕین بەردەوام لە جۆش و خرۆشدا بوون.

دوای یەك سەدە لەباربردنی حکومەتەکەی شێخ محود بەدەستی بەریتانیا لە مانگی ئابی ٢٠٢٢ نوێنەری بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان چاوی کەوت بە یەکێك لە نەوەکانی شێخ مەحمود بە ناوی شێخ مستەفا، لەو چاوپێکەوتنەدا وتی ئێمەی بەریتانیا غەدرمان لە شێخ مەحمود کرد بۆیە داوای لێبوردن لە ئێوە و گەلی کورد دەکەین.

لە دوا چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم بە دواوە جوڵانەوەکان ڕووی لە زیادی کرد و چەندین گرووپ و حیزب هاتە مەیدانی خەبات کردن، دواجار شۆڕشی چەکداری دەستی پێکرد و ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی لێکەوتەوە و کورد بە شێوەیەکی فەرمی بووە خاوەن حکومڕانیەکی خۆجێیی و هەرێمی کوردستان وەك قەوارە و جوگرافیا دیاری کرا.

لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ و دەسەڵاتی کاتیی و دواتر دامەزراندنی حکومەتی عێراقی نوێ، غەدرێکی گەورە لە کورد کرا،

دیموگورافیای کوردستان شێوێنرا و بەشێکی گەورەی خاکی کوردستان لە هەرێمی کوردستان دابڕا و نەخرایە سەر هەرێمەکە، لەبەر بەرژەوەندی ئابوری و سیاسی وڵاتانی زلهێز و ناوچەکە.

لەگەڵ هاتنی دەسەڵاتی داعش بۆ عێراق و داگیر کردنی بەشێك لە خاکی عێراق حکومەتی هەرێم بە ڕەزامەندی حکومەتی عێراق توانی هەموو ئەو ناوچانە بپارێزێت کە خاکی کوردستانن، ئەو ناوچانەی کوردستانیش کە داعش داگیری کردبوون بگرێتەوە لەو پێناوەشدا هەزاران پێشمەرگە شەهید و بریندار بوون، دەسەڵاتی ئێستای عێراق بە هەمان شێوەی دەسەڵاتەکانی پێشوو بە عەقڵی ناسیۆنیالیزمی عەرەبی کار دەکات، ئەوەبوو لە دوای ڕیفراندۆمەکەی مانگی ئەیلولی ٢٠١٧ حکومەتی عێراق بەهانەی بە کورد گرت کە هەوڵی جیابوونەوە دەدەن، هێرشێکی سەربازی بۆ سەر ئەو ناوچانەی کوردستان دەستپێکرد کە لە ژێر دەستی پێشمەرگەدا بوون و نیوەی خاکی کوردستانی داگیر کردەوە و خستیەوە ژێر فەرمانڕەوایی بەغداوە.

## کوردستانی عێڕاق لە نێو ئاگردا

کوردستانی عێراق لە نێو ئاگردا ناونیشانی پەرتوکێکە لە نوسینی پ.دێمچینکۆ لە ساڵی ١٩٦٣ لە سەر بارودۆخی کوردستانی عێراق نوسیوێتی سورە شاکەلی وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

دێمیچینکۆی نوسەری کۆمۆنیستی ڕۆژنامەنوسێکی بەتوانای ڕۆژنامەی (پراڤد) بووە لە نیوەی سەدەی ڕابووردو تا کۆچی دوایی لە ٩ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٩ لەو ڕۆژنامە بەردەوام بووە لە نوسین.

ناوی تەواوی (پاڤێل ئێپیفا نۆڤیچ دێمچینکۆ)یە، ساڵی ١٩٢٤ لە شاری میللێرۆڤۆی سەر بە پارێزگای رۆستۆڤ لە دایك بووە، بەشداری زۆربەی

جەنگەکانی کردووە وەك سـەرباز و بەشـی هەواڵگری، مەدالیای قارەمانێتی پێبەخشـراوە، خوێندنی لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی تەواو کردووە، پەیامنێری بەشی ڕۆژهەڵاتی زمانی عەرەبی ڕۆژنامەکە و جێگری هەڵەچنی سەرۆك بەشی ڕۆژئاوای ئاسیا و باکوری ئەفریقای ڕۆژنامەی پراڤدا بووە، خاوەنی دەیان وتار و توێژینەوەیە لە گۆڤار و بڵاوکراوەکاندا، چەندین جار سەردانی ئەو ناوچانەی ڕۆژهەڵاتی کردووە کە کێشـەی سـیاسـی و جەنگی تێدا بووە، بە تایبەت ئەفغانسـتان و جەنگی نێوان عێراق و ئێران و ئەمریکای لاتینی. دووجار سەردانی کوردستانی کردووە جاری یەکەم ساڵی ١٩٥٩، جاری دووەم ساڵی ١٩٦٣، باسـی گێڕانەوە و بەسـەرهاتی ئەو ڕۆژانە دەکات کە خۆی لە کوردسـتاندا بووە و زۆربەی شـوێنەکان و ناو سـنوری پێشـمەرگە چـووە، چـەندین ڕاسـتی باس دەکات لە ڕووی هەڵگیرسـانی جەنگی یەك لایەنە لەسـەردەمی عەبدولکەریم قاسم و بەعسیەکان، باسی نەوت و غازی زۆری کوردسـتان دەکات، ئەگەر گرنگی پێبدرێت سـودی بۆ کوردسـتان و عێراق هەیە، باس لە زەویە کشـتوکاڵیەکانی کوردسـتان و لە ئازایەتی و شـۆڕشـگێڕی هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتان دەکات، ئاماژە بە سـنوری کوردستان دەکات کە حەمرین سنوری کوردستانە و چوار شاری (کەرکوك، موسڵ، هەولێر، سلێمانی) دەکەوێتە ناو سنوری کوردستانەوە.

باس لە یەکێك لە خاڵە لاوازەکانی کورد دەکات کە ململانێ و ناکۆکیە بە دەسـتی بێگانە، گرنگی دان بە چـەند هۆزێك و پەراوێزخسـتنی ئەوانیتر کە بەردەوام کورد بەو شێوەیە بووە.

لەبەر ئەوەی ئەم نوسـەرە کۆمۆنیسـتە خەڵکی ڕوسـیا بووە و لەناو ڕووداوەکانیشـدا بووە، بێ لایەنانە ڕووداوەکانی تۆمار کردووە، هەندێك لە نوسینەکانی وەك خۆی دادەنێم بەهیوای خوێنەری بەڕێز سودی لێ ببینێت وەك

بەڵگەیەکی مێژوویی گرنگ بۆ ئەو ڕۆژگارە کە کورد چی بەسەر هاتووە، هەرگیز لەگەڵ جەنگدا نەبووە بەڵکو بەسەریدا سەپێنراوە، تەنها بەرگری کردووە.

ئەم نوسەرە باس لە سەردەمی پاشایەتی دەکات کە چۆن هێرشی کردۆتە سەر کوردستان و دەڵێت لە ساڵی ١٩٤٥ سوپای عێراق بە هاوکاری ئینگلیز سوپاکەی ڕەوانە کرد بۆ جەنگ دژی کورد، فەهد سکرتێری حیزبی شیویعی بەیاننامەیەکی ناڕازی بڵاو کردەوە ناوڕۆکی بەشێك لەو بەیاننامە بەم شێوەیە بوو، "کۆلۆنیالیزم ئەوە جاری یەکەم نییە کە هانی حکومەتی عێراق دەدات شەڕ هەڵبگیرسێنێت دژ بە نەتەوەی کورد، بەو ئامانجەی نەتەوەیی عێراق هەرەس بهێنێت، ئێمە هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان مەحکوم دەکەین".

بە پێی دیکۆمێنتەکانی حیزبی شیویعی چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد و هێشتنەوەی بەم شێوە دەگەڕێتەوە بۆ تاوانباری هێزە گەورە ئیمپریالیستەکان، ئەمریکا و بەریتانیا بەرپرسیارێتی چارەسەر نەکردنی کێشەی کورد و دابەشکردنی کوردستانیان دەکەوێتە ئەستۆ.

بەم شێوەیە باس لە پێشوازی کوردان دەکات دوای ڕوخانی دەسەڵاتی پاشایەتی لە عێراق و هاتنە سەر حکومی قاسم و دەسەڵاتی کۆماری و دەڵێت:

کوردان زۆر بە پەرۆشەوە بەشداریان لە خەباتی دژ بە حکومەتی پاشایەتی سەر بە ئیمپریالیزم کرد، هەر بۆیە بە ئومێدەوە چاویان لەوە بوو کە حکومەتی کۆماری دیموکراتی ئاراستەی بەدیهێنانی ئاواتەکانیان هەنگاو بنێت.

دەستوری کاتی لە وڵات پەسەند کرا لە مانگی حوزەیرانی ١٩٥٨ لە ماددەی سێیەم دەڵێت، "تەماشای کورد و عەرەب دەکرێت وەکو دوو هاوبەشی سەرەکی و مافە نەتەوەییەکانیان لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتودا دانی پێدادەنرێت بە پێی دەستور"، ئەمە یەکەمجار بوو لە مێژودا دان بە بوونی

نەتەوەی کوردا بنرێت وەك هاوبەش و پێکهاتەیەکی ڕاستەقینە لە وڵاتێکدا.

عەبدولکەریم قاســم بەڵێن دەدات هەموو داواکاریەکانیان جێ بە جێ بکات، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر بە کەمی هەنگاو بە ئاڕاستەی جێبەجێ کردنیان دەنێت، ئەو گۆڕانکاریانەی لە بەغدا و شارەکانیتر دەستی پێکردووە، هێشتا بە ناوچە کورد نشینەکان نەگەیشتووە.

خوێندن هێشـــتا لە قوتابخانە ناوەندیەکاندا بە زمانی عەرەبییە، تەنها لە قوتابخانە سەرەتاییەکان ڕێدراوە بە کوردی بخوێنن، هەموو بەرپرسە ئیداریەکانی ناوچە کورد نشینەکان بە ڕەگەز عەرەبن و لە بەغداوە دەستنیشان دەکرێن.

لە کۆتایی هاوینی ســـاڵی ١٩٦١ لە بەغداد دەنگوباس بڵاو بویەوە کە لە باکور جەنگ دە ستی پێکردووە دژی کورد، لە کۆتایی مانگی ئەیلولدا سەرۆك وەزیران پشـــتڕاســـتی کردەوە کە یاخیبوان لە ڕێگەی پاڵپشـــتی هێزی ئاسمانیەوە دامرکێندرانەوە، دواتر قاســم ناچـــار بووە دووجار پشـــتڕاســـتی کردەوە کە یاخیبوان دامرکێنرانەوە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی کات دەرکەوت شۆڕشگێڕانی کورد نەك دانەمرکێندراوەتەوە بەڵکو گەشەی کردووە، پرشنگی خەبات لە کوردستان تەشەنەی کردووە و ڕوو لە زیادبوونە.

هەرچەندە قاسم سوپای عێراقی ڕەوانەی کوردستان کرد، بەڵام جار دوای جار ڕووبەڕووی شـکسـت دەبووەوە، لە ماوەی سـاڵ و نیوێك جەنگدا نزیکەی سێ هەزار کورد کوژرا، نزیکەی سەد هەزار هاوڵاتی نا چار بوون ماڵ و حاڵیان بەجێبهێڵن و ڕوو بکەنە چـیاکان بە دوای پەناگەیەکدا بگەڕێن، ســـەد و پەنجا گوندی کورد نشین و دوو شارۆچکە خاپور کران.

بۆ حکومەتی قاسـم دەرکەوت ڕۆژبەڕۆژ سـوپای ڕزگاری کوردسـتان گەشـە دەکات و ژمارەیان زیاد دەکات، ســـاڵی ١٩٦٢ کورد بە هێزتر بوو لە ســـاڵی ڕابوردو، جەنگ بووە جێی ناڕازیبوونی گەلانی عێراق کە ســـەرکردایەتی ســـوپا

نەیتوانی هێزی زیاتر ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ بکات، پاش چــەند شــەڕێکی شکستخواردو سەربازانی سوپا بە کۆمەڵ هەڵدەهاتن.

لە هێرشی چڕ و پڕی نێوان ساڵەکانی (١٩٦١–١٩٦٢)ی سوپای عێراق بە سەرۆکایەتی قاسم و بەرپەرچدانەوەی سوپای ڕزگاری کوردستان هەرچەندە نابەرابەری هێز هەبوو لە ڕووی ژمارە و چەك و تەقەمەنی و پشتگیری نەکردنی وڵاتان لە کورد بەڵام شۆڕشگێڕانی کورد توانیان خۆڕاگر و سەرکەوتوبن.

کورد لە پێناو بە دەســتهێنانی مافەکانیاندا بەردەوام بوون لە خەباتکردن، زۆر قارەمانانە بەرهەڵســتی یەکەکانی ســوپایان دەکرد و ســەرســەختانە بەرگریان کرد، شەڕی زۆر توند بەڕێوە چوو لە نێوان هەردوو لادا، لە سەر هەر کیلۆمەترێکی باکوری عێراق (کوردســتان) وەك ڕۆژنامەنووســی ڕۆژنامەی (پڕاڤد) چەند ساڵێك لە عێراقدا کارمکرد.

بە هەموو ناوچەکانی عێراقدا گەڕاوم لە کەنداوی فارســەوە تا دەگاتە چیا بڵندەکانی کوردســتان، لە نزیکەوە کوردانم بەســەرکردۆتەوە، لە ســەروبەندی کار کردن و کاتە ســەختەکاندا بۆ نەتەوەی کورد گفتوگۆم کردووە لەگەڵ سەرکردەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردا.

لە پایزی ســاڵی ١٩٦٢ پارتە پێشــکەوتووخوازەکانی دەرەوەی وڵات و ژمارەیەکی زۆر کەســایەتی ســیاســی و کۆمەڵایەتی بە شــێوەیەکی ئەکتیڤ کەوتنە چــالاکی کردن دژ بە جەنگ و بەرگری کردن لە مافە نەتەوەیەکانی کورد، چەند سکاڵانامەیەك نێردران بۆ عەبدولکەریم قاسم کە ناوەڕۆکەکانیان داواکاری بوو بۆ چارەسەری کێشەی کورد بە شێوەی ئاشتی.

ناوەڕۆکی یەکێك لە ســکاڵانامەکان لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە، نوسەرەکانیان ناچار کران باجی ئەم بوێرییەیان بدەن، هەشت ڕۆژنامەنوسی وڵات مەحکوم کران بە پێنج ساڵ زیندانی کردن.

مانگی نیسانی ساڵی ١٩٦٢ له بەغداد ڕێپێوانی لاوانی کرێکار بەڕێوه چوو، بەشـــداربووانی ڕێپێوانەکه داوایان دەکرد جەنگ له باکوری وڵات ڕابگیرێت و مافی نەتەوەیی کورد دەســتەبەر بکرێت به پێی دەســتوری کاتی، هێزەکانی پۆلیس له ڕێی دارودەستەکانیانەوه بڵاوەیان به خۆپیشاندانەکه کرد.

## بەعس و هەڵگیرسانی جەنگ

پ.دێمچینکۆ بەم شێوه باسی هاتنه سەر دەسەڵاتی بەعس و هەڵگیرسانی جەنگ دەکات دژی گەلی کورد:

له شــوباتی ١٩٦٣ گەیشــتمه بەغدای پایتەخت، پارتی بەعس کودەتای کرد و دەســـەڵاتی گرته دەســـت، ئەو گەنجانەی ناویان لێنرابوو (ســـوپای نیشــتیمان) لەســـەر شـــەقامەکانی پایتەختدا کاری توندوتیژی، ترســـاندن و تۆقاندنیان ئەنجام دەدا هەر زوو کەوتنه ڕاوەدونانی شـــیوعیەکان و ئازادی خوازان، له ڕێگای ئۆتۆمۆبێلەکانی دەســتگای پۆلیســـەوه گواســتیاننەوه بۆ ســەر بازگه و بەندیخانەکان، لەوێ ئەشــکەنجەی زیندانی کراوەکانیان دەدا له ڕێگەی دادگای نهێنیەوه زۆرینەیان مەحکوم به مەرگ کرد.

ســـەرلەبەیانی ١٠ی حوزەیرانی ســـاڵی ١٩٦٣ ڕادیۆی بەغداد بەرنامه ئاسـاییەکانی خۆی ڕاگرت تاوەکو هەواڵێکی به پەله و گرنگ بڵاو بکاتەوه، که ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی باڵای شـۆڕشـی نیشـتیمانی بوو، دەربارەی بارودۆخی باکوری عێراق، داوای له کورد کرد بێ هیچ گفتوگۆیەك خۆیان به دەســـتەوه بدەن له ناوچەکانی موسڵ، کەرکوك، سلێمانی، هەولێر، له ڕاگەیاندنەکەدا به ناوچـــەی شـــەڕ دەســـتنیشـــان کرابوون، هەروەها دەیگوت بۆ هەموو گروپه خیانەتکارەکان و دوژمنانی وڵات تەنها ٢٤ کاتژمێر دانراوه بۆ ئەوەی خۆیان به دەســـتەوه بدەن، چـــەکەکانیان دابنێن و بێنه ڕیزی حکومەتی عێراقەوه،

ئەگەر خۆیان بە دەســـتەوە نەدەن خۆیان باجی ئەو بڕیارەیان دەدەن.

حکومەت دەستی کرد بە ترساندنی خەڵکی لە ڕێگەی ڕادیۆوە فرمانەکانی بڵاو دەکردەوە بۆ ژەنەراڵەکانی ســـوپا و داوای لێدەکردن هەر گوندێك بەرهەڵســـتی ســـوپا بکات یان هاوکاری یاخیبوان بکات، ئەوا ڕووبەڕووی بۆمباران کردن دەبێتەوە و لەڕێگەی هێزی ئاسمانییەوە وێران دەکرێت.

هەر هاوڵاتیەکی ســـڤیل هاوکاری یاخیبوان بکات گوللە باران دەکرێت، بەرپرسی یەکە سەربازیەکان ئەو دەسەڵاتەیان پێدرابوو لەو شوێنەدا کەسێك دەستگیر دەکرێت دادگایی کاتی پێکبهێنرێت لە سێ کەس و هەر لەو شوێنەدا بتوانن فەرمانی مردن بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە ڕۆژی ١١ی حوزەیرانی ١٩٦٣ لە ســـەر خاکی کوردســـتانی عێراق دیسانەوە جەنگ هەڵگیرسایەوە، چیا و دۆڵەکانی کوردستان بە گرپە و ناڵەی تۆپ هاوێژەکان ڕاچڵەکێنران، گوندەکان لە ڕێگەی تۆپ هاوێژە ئاگردارەکانەوە گڕیان تێبەردرا و سوتێنران. ئەو دەشتانەی بە گەنم و جۆی تازە پێگەیشتوو چـــێنرابوون گڕیان تێپەردرا، ناپاڵمیان بە هەموو لایەکدا دەباراند، هەزاران خەڵکی سڤیل لە پێناو پاراستنی گیانیاندا ناچار بوون ماڵەکانیان جێبهێڵن ڕوو لە چیاکان بکەن.

بە فەرمانی بەغداد سوپای عێراق هێرشی کردە سەر ئەو ناوچانەی لە لایەن کوردە پـارتیزانـەکـانـەوە کۆنترۆڵ کرابوون، کـە پـانتـایـەکی بـاکوری عێراقی دەگرتەوە لە زاخۆوە کە دەکاتە سنوری نێوان سوریا و عێراق تا دەگاتە خانەقین، بەشێکی زۆری تۆپ هاوێژ و فڕۆکەکانی سوپای عێراق گواسترانەوە بۆ ئەم ناوچانە.

وەك ڕۆژنامەی ئینگلیزی (بیرمینگهام پۆســـت) ئاماژەی پێکردووە هەموو ســـوپای عێراق لە جەنگدایە دژ بە نەتەوەی کورد، حکومەتی بەغدا بەو هیوایەیە بتوانێت بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد تێك بشـــکێنێت، لە کاتێکدا

کوردان دەیانەوێت لەگەڵ نەتەوەکانیتری ڕۆژهەڵات یەکسان بن و مافە نەتەوەکانی خۆیان بە دەست بهێنن، بەڵام حکومەتی بەغدا مەرگ و وێرانکاری دادەبارێنێت بەسەر دانیشتوانی گوند و شارەکانی کوردستاندا.

تەنها لە مانگی یەکەمی بەڕێوەچوونی جەنگدا بە پێی ناوەندی ڕاگەیاندنی کورد لە پاریس نزیکەی ٢٠٠ دووسەد گوند خاپور کراون، زیاتر لە دوو هەزار کەس کوژراون، کە لە نێویاندا ژن و مناڵ و بەساڵاچوش هەبوون.

لە نزیك شاری کەرکوك بە بلدۆزەر چەند گوندێکیان تەختی زەوی کرد و ئەو دانیشتوانەیش کە ویستیان بەرهەڵستی بکەن بەرامبەر ئەم کارانەی حکومەت، لە لایەن سوپای عێراقەوە لە شوێنی خۆیان گوللە باران کران.

ئەو کردەوانەی حکومەتی بەغداد نا ڕەزایەتی لێکەوتەوە بە گشتی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا مەحکوم کران، نوێنەرانی یەکێتی سۆڤیەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە دانیشتنێکی ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایتیدا، داوایان کرد نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم کارانەی حکومەت دژ بە کوردان مەحکوم بکرێت، داوا لە حکومەتی عێراق بکرێت لە زوترین کاتدا کۆتایی بەم کارە ئابڕووبەرانەی بهێنێت، ئەم پێشنیارە پەسەند نەکرا چونکە وڵاتانی ڕۆژئاوا لەگەڵ هەڵگیرسێنەرانی ئەوجەنگە وەحشی گەرایە کە لەکوردستاندا ڕویدابوو هاوڕا بوون.

کۆماری میللی مەنگۆلیا (مەنغۆلیا) داوای لە سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان کرد بۆ کۆبونەوەی داهاتوو بابەتی جینۆسایدی نەتەوەی کورد بخرێتە ڕۆژەڤی گفتوگۆ کردنەوە، ژمارەیەکی زۆر لە چالاکوان و نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سیاسیەکانی زۆرێك لە وڵاتان پشتگیریان لە کەیسەکە کرد.

هەرچی حکومەتی عێراقە لە بەرانبەر کۆمەڵگەی مەدەنی کەڕ و بێدەنگ مایەوە و بەردەوامە لە پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتەی کە لە هەموو بەهاکانی مرۆڤایەتی دوورە، پشت ئەستورە بە وڵاتانی دراوسێی عێراق بە تایبەت ئێران

و ســوریا. پەنای بۆ هەموو ڕێگایەك بردووە بۆ دامرکانەوەی خەباتی کوردان، ژەنەراڵ (ســالح مەهدی عەمماش) بە لوتبەرزی و خۆ بە زل زانینەوە گوتی "ئەمە بە جەنگ ناژمێرم، زیاتر لە پیاسـەکردن دەچـێت"، سـەرباری هەموو ئەمانە بەڵام نەیانتوانی کورد بشکێنن.

جەنگێکی قورس بەڕێوە دەچــوو خەڵکی ســڤیلی دانیشــتوانی گوندە کوردنشینەکان بە زمانی ئاگر و کوشتن و تۆقاندن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا.

حکومەت تاکتیکی ســوتاندنی زەو و زارە کشــتوکاڵیەکانی پەیڕەو دەکرد، جەنگێکی بێ ڕەحمانەی بەرانبەر نەتەوەی کورد دەســت دابویە، بەرپرســی هێزە ئاسمانیەکانی عێراق ڕایگەیاند بۆ ئەوەی کۆتایی بە یاخیبوان بهێنن ئامادەن هەرچی گوند هەیە تەختی زەوی بکەن و دانیشتوانەکەی بکوژن.

جلیکانی پڕ لە ســوتەمەنیان دادەباراند بەســەر خەڵك و زەوی‌وزاردا هەموو شتێکیان دەسوتاند بە بەروبومی کشتوکاڵیشەوە، هەرچی ئاژەڵ هەیە بە ڕەشاش دەیانکوشــتن. ڕۆژنامەنوســێکی فەڕەنســی، نووســی: "کوردســتان لەبەردەم هەڕەشەی مایەپوچ بوونی ئابووریدایە، دانیشتوانی ناوچەکانی باکور ماونەتەوە بەبێ خواردن و سوتەمەنی، بەغدا بڕیاری داوە هەموویان بکوژێت لە برساندا".

ڕۆژنامەی بۆرژوازی لەندەنی (دەیلی تێلیگراف) وتی: "ئەو هێرشانەی سوپای عێراق بەڕێوەی دەبات دژ بە کوردان، توند و تیژی زۆری پێوە دیارە وەك لە هەر جەنگێکی دیکە کە سەرکردایەتی دەکران لە لایەن عەبدولکەریم قاسمەوە".

سوپای سوریاش هاوکاری حکومەتی بەعسی کرد، سەرکردایەتی سوپای ســوریا لە ڕێگەی لێدوانێکەوە بۆ ڕۆژنامە بیاذیەکان ئەوەی ڕاگەیاند بەتالوێنێکی ســوپای پیادە و گروپێکی هێزی ئاسمانیان ناردووە بۆ هاوکاری سوپای عێراق دژی کوردەکان.

وڵاتی بەریتانیا بە دووســەد و پەنجا زرێپۆش (مودەڕەعە)ی مارکەی

ســاراتســین هەروەها تۆپهاوێژی مارکەکانی (هاوکەر و هانتەر) کە باشــترین هاوکارن بۆ سـوپا لە بارودۆخی کەشـوهەوای تەمومژاوی سـەر چـیاکان، وەك هەواڵنێری ڕۆژنامەی ئینگلیزی (دێیلی تێلیگراف) ئاماژەی پێداوە.

بۆ هاوکاری حکومەتی عێراق دژی کورد وڵاتانی بلۆکی (ســێنتۆ) واتە وڵاتانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەستپێشخەریان کرد، دەسەڵاتدارانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی تورکیا و ئێران گفتوگۆیان کرد تا هاوکاری عێراق بن، هەربۆیە پێکەوە هێزەکانیان یەك دەخســت دژ بە دیموکراتخوازەکان و نەتەوەی کورد کە خەباتیان دەکرد بۆ ئازادی، لە جەنگی دژ بە نەتەوەی کورد هەرچی هێزی ڕەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو یەکیان گرت.

مانگێك پاش ئەوەی جەنگ هەڵگیرســا لە نێوان حکومەتی ناوەند و کوردا، ڕۆژنامەنوسێکی ئەمریکی بە نهێنی خۆی گەیاندە کوردستان و چاوی کەوت بە ئیبراهیم ئەحمەد ســکرتێری پارتی دیموکراتی کوردســتان، ئیبراهیم ئەحمەد باسی لەوە کرد، سەرکەوتنی سوپای عێراق بەکارهێنانی توند و تیژی بەرانبەر هاوڵاتیانی سڤیل و وێرانکردنی گوندەکان و کوشتنیان بوو.

هەزاران کوردی نیشــتەجێی گوند و شــارۆچــکەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە لــە ئۆردوگــا زۆرەملیــەکــانــدا کۆکراونــەتــەوە و لــە گرتوخــانــە و پۆلیســــخانەکاندا بەند کراون، حکومەتی عێراق وەك دیل مامەڵەیان لەگەڵ دەکات و هەڕەشـــەیان لێدەکات، لەو ناوچـــانەی دیلەکانیان تێدا بەندکراوە ئەگەر هێرش بکرێتە سەریان ئەوا دیلەکان دەکوژن.

جەلال تاڵەبانی لە کاتێکدا بەهۆی جەنگەوە ڕێگای گەڕانەوەی لێگیرابوو بۆ نیشتیمان کاتێك گەیشتە پاریس ڕایگەیاند:

"ئەو توندوتیژیەی کە بەعســـیەکان دژ بە ئێمە دەســـتیان پێکرد، بە ئاراســـتەی جەنگ و پاکتاوی ڕەگەزی ڕۆیشـــتووە، تەقەیان کردووە بە ڕووی

هاوڵاتیانی سـѧـڤیلدا و بۆمبارانیان دەکەن، دژ بە هاوڵاتیان هەموو جۆرە چەکێکی سەردەمیانە بەکار دەهێنن.

زیاتر لە سەد و پەنجا هەزار هاوڵاتی دانیشتوانیان گواستۆتەوە، لە ئێستادا هەندێك گۆڕانکاری بەسـѧـەردا هاتووە و ئێمەی کورد لە ئێسـѧـتادا گەلێك بە هێزترین، چەندان هێزی دیموکراتخواز پشتگیریمان دەکەن، سەدان ئەفسەر و هەزاران سـѧـەربازی عەرەب پەیوەندیان بە ڕیزەکانی هێزی پێشـѧـمەرگەوە کردووە، ئێمە جەنگ دەکەین لە پێناو ئازادی و دادپەروەریدا، چـѧـارەنوسـѧـی کورد جیا ناکرێتەوە لە چارەنوسی دیموکراتخوازانی عێراق کە خەبات دەکەن دژ بە حکومەتی بەعس".

## تاوانکردن ڕابگرن

پ.دێمچـѧـینکۆ باس لە هەڵوێسـѧـتی وڵاتان و کەسـѧـایەتی سـѧـیاسـѧـی و ڕۆژنامەنوسان و ناوەندەکانی ڕاگەیانی عەرەب و وڵاتانی تر دەکات کە داواکار بوون جەنگی نابەرابەری دژ بە کورد ڕابگرن.

کەسایەتی ناسراوی لوبنان (ئەنتوان تابێت) ئەندامی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گشـѧـتی ئاشـѧـتی جیهان داوای کرد دەبێت هەموو عەرەب پێکەوە کارەکانی حکومەتی عێراق مەحکوم بکەن، کە هێزی بەکار هێناوە بۆ چـارە سـەرکردنی کێشەی کورد.

نوسەری ناوداری جەزایری (کاتیب یاسین) نامەیەکی بڵاو کردەوە وتی داوا لە براکانم دەکەم لە جەزائیر، گەلی عەرەب، هەموو جیهان! تکایە با هەموو ئەو مرۆڤانەی ڕێز لە ئازادی دەگرن لە جیهاندا پێکەوە دەنگتان هەڵبڕن دژ بە دەسـѧـەڵاتی فاشـѧـیسـѧـتی دیکتاتۆری عێراق، تاوەکو کۆتایی بهێنرێت بە کۆمەڵکوژی، با کوردستان ئۆتۆنۆمی وەربگرێت.

ڕۆژنامەی وڵاتانی مەغریب، غانا، کەمبۆژیا و فەڕەنسا دەنگیان هەڵبڕی لە پێناو پارێزگاری کردن لە گەلی کوردی خەباتگێڕ.

ڕۆژنامەی بولگاری بە ناوی (کاروباری کرێکاران) نوسیویەتی بەکارهێنانی تەکنیکی خوێناوی دژ بە کورد لە لایەن حیزبی بەعسەوە، ئەڵقە یەکی دوورودرێژی زنجیرەی تاوانە یەك بە دوا یەکەکانیان پێك دەهێنێت.

لە لایەن گەلانی یەکێتی سۆڤێتەوە هەزاران نامە نێردراوە بۆ ڕۆژنامە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بەوپەڕی توڕە بوونەوە ناڕەزایەتی خۆیان دەردەبڕن لەو بارودۆخەی لە عێراقدا دەگوزەرێت.

ناوەندی چاپەمەنی (تاسس) بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، کە باس لە بارودۆخی عێراق دەکات و دەڵێت پێویست ناکات هیچ کەسێك وابیر بکاتەوە ئەو توندوتیژیەی لە عێراقدا بەڕێوە دەبرێت بەرانبەر بە کورد و نیشتیمان پەروەرەکانی عێراق تەنها پەیوەستە بە کاروباری ناوخۆی عێراقەوە، بە پێچەوانەوە ئەم کارانە پەیوەستن بە وڵاتانی دیکەوە ئەمە سەرباری ئەوەی ئەم جۆرە کارانە مانای پێشێل کردنی بەندەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە.

یەکێتی سۆڤیەت لە ڕۆژی ٩ی تەموزی ١٩٦٣ لە ڕاگەیەندراوێکدا باسی لەوە کرد کە ئەم بارودۆخە چ پێشهاتێك بە دوای خۆیدا دەهێنێت و چ کاریگەریەکی دەبێت لەسەر تێکدانی پرۆسەی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

زۆر بە توندی ئیدانەی ئەو کارەساتە تراژیدیایە کرایەوە لە لایەن ژمارەیەکی زۆر پارتی کۆمۆنیستی و وڵاتە سۆسیالیستیەکانەوە.

لە سەروبەندی نوسینەوەی ئەم پەرەگرافانەدا، لە کوردستاندا هێشتا گرمەی تۆپهاوێژەکان دێت و جەنگ بەردەوامە، دوکەڵی ئاگر باڵی بەسەر زەویە بە پیت و دوکەڵەکاندا کێشاوە، دایکان فرمێسك هەڵدەڕێژن بۆ لەدەستدانی مناڵەکانیان.

چـــەندین ناوچـــەیان وێران و تەخت کرد و بوون بە خۆڵەمێش و وێرانە، حکومەتی عێراق شـــورایەکی ئابووری و ســـەربازی بە دەوری کوردســـتاندا کێشـــاوە، ئەوەی کە هیچ گومانێك هەڵناگرێت ئەوەیە کە ڕووداوەکان تراژیدیانین تەنها بۆ کورد بەڵکو ئەمە تراژیدیایەکە بۆ هەموو گەلانی عێراق.

ئەو ڕوداوانەی ســـەرەوە نوســـەرێکی کورد نەینوســـیوە تا تۆمەتی ناســیۆنیالیســتی کوردی بخرێتە پاڵ نوســینەکان و بە تۆمەت بەخشــینەوە ناوزەدی بکەن، بەڵکو ڕۆژنامەنوســـێکی ڕوســـی نوســـیوێتی کە خۆی لە ناو ڕوداوەکاندا بووە، ئەو نوسـینەی پ.دێمچـینکۆ پێمان دەڵێت کە کورد هەر لە سـەردەمی فەرمانڕەوایی مەلیکی تا کۆتا دەسـەڵاتی بەعس لەژێر سـیاسـەتی بێڕەحمانەی دەسەڵاتدارانی عێراقدا مافەکانی پێشێل کراوە.

گەلی کورد لە باشـــوری کوردســـتان ماوەی یەك ســـەدە دەبێت بە پلانی وڵاتانی زلهێز و دراوسـێکان بە زۆر و دوور لە ویسـتی خۆی بە عێراقی عەرەبی نوێوە لکێنراوە، مێژوویەکی خوێناویان بۆ کورد ئەفراند نازانین کەی کۆتایی دێت و ژمارەی قوربانیان بۆ چـــەند بەرز دەبێتەوە، بۆ ئەوەی باشـــتر دەسەڵاتدارانی عێراق بناسین و بزانین مەبەستیان لە چەوساندنەوە و پاکتاو کردن و جینۆسایدی گەلی چی بووە پێویستە ئاوڕێك لە میژووی ناسۆنیالیستی عەرەب بدەینەوە.

## پلانی دەسەڵاتدارانی عێراق بەرامبەر کورد

ڕژێمە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق بەبەردەوامی ترســـیان لە جوڵانەوە و شـۆڕشـەکانی کورد هەبووە چـونکە دەیانزانی گەلێکی غەدر لێکراو کە خاوەن کلتور و خاك و زمانی خۆیەتی، وا بە ئاســـانی ناتوانرێت لە ناو گەلێکی تردا بتوێتەوە، هەرگیز ئەو خەونەیان نایاتەدی، بۆیە ڕێگەی توند و تیژی و

سەرکوتکردن و لەناوبردنیان بەرامبەر بە گەلی ڕەسەنی کورد هەڵبژاردووە.

دیکتاتۆرەکانی عێراق هەرگیز باوەڕیان بەوە نەبووە کە کوردیش وەکو هەموو نەتەوەکانیتر مافی خۆیەتی چـــارەنوســـی خۆی دیاری بکات، هەر لەســـەرەتای دروســـت بونی دەوڵەتی عێراقەوە کورد ویســـتویەتی لە ڕێگای ئاشـتی و دیالۆگەوە داوای مافەکانی خۆی بکات، نەتەوەیەکی بەزۆر لکێنراوە بە عێراقەوە دەبێت وەکو نەتەوەی ســـەرەکی ســـەیر بکرێت و مافی خۆبـەڕێوەبردن و خۆش گوزەرانی هـەبێت، بـەڵام دەســـەڵاتـدارانی عێراق مماتەڵەیان بە داواکانی کوردەوە کردووە و ڕۆژ دوای ڕۆژ و بە پێی بەهێز بوونی دەسەڵاتیان دژایەتی گەلی کوردیان کردووە.

کاتێکیش کورد بیری لە سەرهەڵدانی جەماوەری و شۆڕش کردۆتەوە، جگە لە لێدان و ســـەرکوتکردن جۆرەها تۆمەتی ناڕەوایان داوەتە پاڵ کورد و بە دەســـتکەلای بێگانە و جێبەجێکاری ئەجندای ئێران و ئیمپرالیزم و زایۆنیزم و مارکسیزم و دوژمنانی عێراق ناوزەدیان کردووە.

کە لە ڕاستیدا پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ هەر وڵاتێك و هەر گەلێك و گروپێکیتر کارێکی ئاســـاییە هەموو گەل و شـــۆڕش و بزاڤتەکانی دنیا بەو قۆناغەدا ڕۆیشتون.

ســـەرکردایەتی کوردیش کە تەنها گەلی کورد و چـــیا ســـەخت و سەربڵندەکانی کوردستان پشت و پەنایان بووە هەوڵیانداوە وڵاتانی جیهان بە تایبەت دراوسێکان بکەنە پاڵپشت و پەناگای خۆیان بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە شۆڕش و بەرخودان.

هەموو ڕژێمەکانی عێراق لە ســـەرەتای دەســـتبەکاربونیانەوە نەرمیان نواندووە بەرامبەر گەلی کورد، بەڵام وورد وورد لە گەڵ جێگیر بوون و پتەو بوونی دەسەڵاتیان نەك مافی کوردیان داوە، بەڵکو ویستی ئەوەیان هەبوو کە

نەتەوەی کورد بە تەواوەتی لە سـەر خاکی کوردسـتان و عێراق بسـڕنەوە تا دواجار ڕژێمی بەعس خسـتیە تابوتی ئەنفالەوە و بەرە و بیابانەکانی عێراق ڕاپێچی کرد و زیندە بەچاڵی کرد، بەخەیاڵی پوچی خۆی جارێکیتر گەلی کورد ناتوانێت لە گۆڕەپانی عێراقدا سەر هەڵبداتەوە.

شـاعیری گەورەی کورد مامۆسـتا شـێرکۆ بێکەس بە تێکسـتێکی هەسـتی نەتەوەیی وەڵامی خەیاڵی پوچی ئەوان دەداتەوە

ئێوە ئەتوانن شعرمان دەربەدەرکەن
گوڵدانەکانی چیرۆکمان ووردوخاش کەن
ماڵەکانمان بدەن بە کۆڵی دوکەڵ و دەبابەدا و
بە کۆمەڵ بیانگوازنەوە
کێ نایزانێ...
ئێوە ئەتوانن ئازارمان لە پێکەنینی خۆتانا بتوێننەوە
ئەتوانن و ئەتوانن و ئەتوانن
بەڵام ئەوەی لە خەونی گورگە بۆرەکەی یەکەمەوە
نەهاتەدی و ناشهێتەدی
ئەوەی هەرگیز پێتان ناکرێ
سڕینەوەی ئازادییە...لە ڕۆحمانا
کوشتنی عەشقی ئەبەدی داروبەردە...لە ناخمانا
ڕامالینی خۆشەویستی دیاربەکر و کەرکوکە...لە دلمانا
کۆتایی ئێمە کاتێکە..کە کۆتایی هەناسە هات
ئەوەی"ئا"یە و نابێ بە"نا"
کوژانەوەی ئایندەیە لە چاوی یەك بە یەکمانا.

سـەرکردایەتی کورد کاتێك هەسـتی کرد کە بەعسـیەکان ڕۆژ بەڕۆژ لە گەڵ بتەوبوونی دەسـەڵاتیان گوێ بە مافەڕەواکانی کورد نادەن، بیری لە شـۆڕشـی چـــەکداری و بەرپەرچـــدانەوەی دەســـەڵاتی ڕژێمی عێراق کردەوە، دواتریش بەعســـیەکان شـــومترین ڕێکەوتنیان بەرامبەر کورد کرد و بەشـــێك لە خاکی عێراقیان دا بە دوژمنی سەرکییان کە ئێران بوو بۆ لە ناوبردنی شۆڕشی کورد.

ڕێکەوتننامەی جەزایر بۆ لە ناوبردنی گەلی کورد بوو، بەخەیاڵی ناتەواوی بەعس وای دەزانی گەلێکی ڕەســەن و کۆن کە هەزارەها ســاڵە لەســەر خاکی خۆی دەچەوسێنرێتەوە بە ڕێکەوتنێك لە ناو دەچێت.

ساڵی ١٩٧٤ حکومەتی عێراق هەڵمەتێکی شەرشەنگێزی دژ بە گەلی کورد بەرپا کرد بەرەوناوچـــە ســـنوریەکانی ئێران، داوای لە ئێرانی دراوســـی کرد خوا ستەکانی بەدی دێنێت ئەگەر هاوکاری بێت بۆ لە ناوبردنی شۆڕشی کورد چیتر هاوکاری کورد نەکات.

ڕێکەوتننامەی جەزایر لە نێوان سەدام حسێن جێگری سەرۆککۆماری عێراق و محەمەد ڕەزاشــا شــای ئێران بە نێوەندگیری هۆری بۆمدین ســەرۆککۆماری جەزایر لە پەراوێزی کۆبوونەوەی ئۆپك لە جەزایر واژۆ کرا لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٥ بە پێی ئەو ڕێکەوتننامەیە ڕژێمی بەعسی عێراق دەستبەرداری ئاوی شــەتولعەرەب بوو بۆ وڵاتی ئێران بەو مەرجە ئێران پشــت لە کوردەکان بکات و هاوکاریان نەکات.

هەر بە پێی ئەو ڕێکەوتنە نزیکەی ٢٠ کم لە خاکی عێراق بە درێژایی سـنورەکان درا بە ئێران تاوەکو سـوپا بهێنێتە ناوەوە و ببێتە بەشـێك لە خاکی خۆی، ڕژێمی عێراقیش سوپا بەرێتە سنورەکان و کۆتایی بە شۆڕشی کورد بهێنێت.

بەهۆی ئەو ڕێکەوتنەوە شۆڕشی سەد هەزار چەکداری کورد کۆتایی پێهات و هەرچـی چـەك و تفاقی ســەربازی بوو ڕادەســتی حکومەتی عێراق کرایەوە،

پێشمەرگەکان بە دڵێکی پڕ لە غەم و چاوی پڕ لە فرمێسك چەکەکانی شانیان داماڵی و دایان بە پیاوانی ڕژێم.

حکومەتی عێراق بووە خاوەن دەسـەڵاتێکی زۆر و بێ بەربەسـت بۆیە بیری لە تەعریبکردنێکی تری کورد کردەوە ئەویش بە هێنانی خەڵکی عەرەب بۆ ناوچـە نەوتیەکانی کوردسـتان، بە تایبەت بۆ ناوچـەکانی کەرکوك و دەوروبەری، دوای ڕێکەوتننامەکە ڕێوشـوێنی سـەرکوتکەرانە لە لایەن حکومەتەوە گیرایە بەر دژی کورد و بووە هۆی سـەر لەنوی شـەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عێراق، هەر دوای ڕێکەوتننامەکە بە پلانێکی حکومەت لە سـالآنی ١٩٧٧ تا ١٩٧٩ شەش سەد گوندی کورد ستان خاپور کران و نزیکەی دوو سەد هەزار هاوڵاتی کورد لە ناوچـەکانی خۆیان ڕاگوێزران. نابوو هەرگیز سـەرکردایەتی کورد دەسـتبەرداری ئەو هێزە گەورەی پێشـمەرگە بوایە، بەڵکو دەبوایە پاڵ بدەنە چیا سەختەکانی کوردستان و بەرگریان بکردایە.

گەلێك کە بە دەسەڵاتی عەجەم و ڕۆم و عەرەب و تورك و ئینگلیز نەتوێتەوە، ڕۆژ دوای ڕۆژ لە ڕووی فیکریەوە بەرەو پێش چـوبێت و لە ڕووی تەکتیکی جەنگەوە بە تواناتر بووبێت چۆن بە خەیاڵ پلاوی بەعس لەناودەچێت.

سـیاسـەتمەدار و نوسـەر و شـاعیری کورد مامۆسـتا ئیبراهیم ئەحمەد بە شیعرێك وەڵامی دوژمنانی کورد دەداتەوە:

داگیرکەری دڵ پڕ لە قین

دڕندەی بێ ویژدان و دین

گەر قەندیل و ئاگری و شیرین

یەکسان کەی لە گەڵ ڕووی زەمین

ناتوانی واکەی کورد نەبین

هەر کورد بووین و هەر کورد ئەبین

له پێش ئاگر پەرستیدا
له پێش موسوڵمانێتیدا
له دیلی و سەربەستیدا
هەر کور بووین و هەر کورد ئەبین
نه عەرەبم، نه ئێرانیم
نه تورکێکی شاخستانیم
نەك من هەر خۆم، مێژوش ئەڵێ
که کوردم و کوردستانیم
نه نەنگییه و نه پیاوەتی
جیاوازی نەتەوایەتی
بڕیاره مێژوو داویەتی
که کورد بین و هەر کورد ئەبین
گەلان هەموو برای منن
هەر زۆردارانم دوژمنن
خەبات و چالاکی ئەوان
بۆ من هیوایه و پشتیوان
وره و پەندیان لێ وەر ئەگرم
هاوخەباتیانم تا دەمرم
داوای وڵاتی کەس ناکەم
پەنجه بۆ مافی کەس نابەم
بۆ مافی گەل و خاکەکەم
هەتا ماوم خەبات ئەکەم
نیازی خەباتمان شەڕ نییه

دەست خستنەوەی ئازادیە
بەڵام کە نرخی ئازادی مردن بێ
ئەمرین لە پێناوی

لە دوای نیوەی حەفتاکانی سەدەی بیستەم گەلی کورد بە تەکتیکی نوێ و فیکری نوێوە لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتیەوە هاتەوە مەیدان، بەعس تەواو تینی بۆ دێت و بیر لە پلانی دۆزەخیانە دەکاتەوە بۆ بەرگری کردن لە گەشە و تەشەنەکردنی دەسەڵاتی کوردی بەتایبەت لەو ناوچانەی کە شۆڕش ئازادی کردبوون و پێیان دەوترا ناوچە ئازاد کراوەکان.

ڕژێمی بەعس ئەمجارەیان بەوە نەوەستا ڕێکەوتنێکی تر لەگەڵ دوژمنێکیتر واژوو بکات و بەشێك لە خاکی خۆی بفرۆشێت بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی کورد، بەڵکو بیری لە ناوبردن وسڕینەوەی گەلی کورد کردەوە.

هەرچەندە لە شەڕێکی درێژی هەشت ساڵەدا بوو لەگەڵ دوژمنە دێرینەکەی ئێرانی دراوسێ کە لەڕابووردوودا بەشێك لە خاکی عێراقی دۆڕاندبوو لە بەرامبەر گرەوی لە ناوبردنی جوڵانەوەی کورد، کە دەبوایە بەعسیەکان بە لۆژیکی مەنتیق و عەقڵ ڕەفتاریان لەگەڵ کورد بکردایە، هیچ پێویستی بە گرەو کردن و ڕێکەوتن لە سەر چارەنوسی کورد ناکرد، بەڵکو بە پێی بەڵێن و ڕێکەوتنەکان کە بە کورد درابوو مافی سەرەتایی کوردی بدایە و کوردی بکردایە بە بەرگریکاری سنورەکانی عێراق کە سێ وڵاتی سەرەکی سنوریان بە کوردستانی عێراقەوەیە (ئێران و تورکیا و سوریا).

## شوناسی نەتەوەی عەرەب

زۆر مێژوونوس و کۆمەڵناس لە کۆمەڵگای عەرەبی بە تایبەت عەرەبی عێراقیان کۆڵیوەتەوە، بەڵام کەمیان بە چەشنی دکتۆر عەلی وەردی بەوردی و بە ڕوانگەیەکی زانستی توانیویانە خەسڵەتەکانی شیتەڵ بکەن و پەی بە هەموو نەریت و کردار و دەرئەنجامەکانی بەرن.

ئێمە بۆ ئەوەی ڕژێمی مەلیکی و بەعس و سەرکردایەتیەکەی بە تایبەت خودی سەدام حسێن بناسین، دەبێت ئاوڕێك لە مێژووی عەرەب بە تایبەت عێراق بدەینەوە کە کاریگەریی کردۆتە سەر ئێمەی کوردیش چونکە ئاوێتەی ڕفتار و کلتوریان بووین.

دکتۆر عەلی وەردی دەڵێت "کاتێ کۆمەڵگەی عێراقیم تاوتوێ کرد، ئەو بابەتانەی کە ماوەیەکە زۆر خولیای بووم، بۆم دەرکەوت کە ناتوانم لە بارودۆخی ئێستای ئەم کۆمەڵگەیە تێبگەم ئەگەر بێتو ڕووداوەکانی سەردەمە ڕابردووەکانی تاوتوێ نەکەم، هەریەکێك لەو ڕووداوانە کەم تا زۆر کاریگەری لەسەر ڕەفتار و بیروبۆچوونی ئێستای عێراقیەکان هەیە".

نەتەوەی عەرەب زیاتر نەتەوەیەکی دەشتەکی و کۆمەڵگایەکە لەسەر فیکری ناسیۆنیالیستی عەرەبی ژیانیان بەڕێ کردووە، کاریگەری قەومی و دینی و مەزهەبیان لە سەر بووە، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی هەوڵی سڕینەوەی نەتەوەکانی دەوروبەریان بدەن خۆیان بە ڕاست و دروست بزانن. زۆر جار فیکری مەزهەبی زاڵتر بووە بەسەر هەستی نەتەوەییان، ئەگەر ئاوڕێك لە مێژوویان بدەینەوە دەبینین زیاتر لە سەدان ساڵە ململانێیەکی قورس لە نێوان شیعە و سونەدا هەیە و هەزارانیان لێك کوشتووە، هەرلایەکیان دەسەڵاتی هەبووبێت لایەکەی تری چەوساندووەتەوە تا کار گەیشتۆتە ئەوەی ماڵ و حاڵی یەکتر وێران بکەن.

زیندوترین نمونەش دەسەڵاتی سونی مەزهەب لە سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عێراقەوە دەسەڵاتی بەسەر عێراقدا هەبووە و تا سەرەتای ئەم سەدەیە، ئەوەی بۆیان کراوە کردویانە بۆ سڕینەوەی عەرەبی شیعە بە تایبەت لە سەردەمی دەسەڵاتی بەعس و سەدامدا، تا ئێستاش شیعەکان وێڵن بە شوێن لاشەی ڕۆڵەکانیانەوە کە لە سەردەمی بەعس و بە فەرمانی خودی سەدام کوژراون و لاشەکانیان فڕێدراونەتە ناو قامیش و زەلکاوەکانی جنوب.

ئەگەرچی ژیانی دەشتەکی ستایلێکی تایبەت نییە بە ژیانی عەرەب، مەغۆلەکانیش بە هەمان شێوە دەشتەکی بوون، بەڵام بە بڕوای زانای کۆمەڵناسی عەرەب (ئیبن خەلدون) عەرەب گەلێکی دەشتەکین، و یەکێکن لەو گەلانەی لە هەوڵی پێشکەوتندا نین.

دکتۆر عەلی وەردیش بەهەمان شێوەی خەلدون کۆکە لە سەر ئەوەی تالان و کوشتن لە ڕێی پەلاماردانەوە پایەیەکی گرنگی بنەماڵە و ئێلی عەرەبە خێوەت نشینەکانی بیابان بووە.

دکتۆر وەردی پێی وایە هیچ گەلێکی جیهان هێندەی عەرەبی دەشتەکی مەیلی بۆ شەڕ و کوشتن و دژایەتی کردن نەبووە، بە لێکۆڵینەوەی ئەو فیکری شەڕ و توندڕەویان پەیوەندی بە ژیانی قاتوقڕییەوە هەیە.

دکتۆر عەلی وەردی لە کتێبی (توێژینەوەیەك لە سروشتی کۆمەڵگای عێراق) نوسیویێتی "مەزنترین شتێك کە پیاوی دەشتەکی پێوەی دەنازێت زۆر و زەوەندی ئەو دەستکەوتانەیە کە لە ڕێگەی شەڕەوە دەستی دەکەون و بە حەڵاڵترین موڵکی خۆی دەزانێت".

بە قسەی نوسەری عەرەب محەمەد فەهمی عبدول لەتیف لە کتێبی (ابو زید الهیلالی) هۆزە عەرەبەکان لە فتوحاتی وڵاتانی مەغریبدا ئەو وڵاتانەیان بە شێوەیەکی قێزەون کاول کردووە.

پێش هاتنی ئاینی ئیســـلامیش هۆزە عەرەبەکان لەناو خۆیان و دژ بە هۆزەکانیتر لە شـەڕدا بوون بۆ سـەپاندنی دەسـەڵات و کاولکاری ناوچـەی جیێ نفوســـی یەکتر و بە غەزایان ناو دەبرد، بەڵام دوای ئیســـلام لە ژێر ناوی فەتح درێژەیان بە داگیرکاری و کاولکاری ناوچەکانی دژەکانیان دەدا.

لە فیکری عەرەبی دەشـــتەکیدا بووە خۆســـەپێن و فراوان کردنی پێگەی سـەرکردە و ئێل لە ڕێی زیاد کردنی پانتایی دەسـەڵات و بەهێزکردنی ئابووری و وەسـیلەکانی ژیان بۆ درێژەدان بە پێگەکەی ئەوەش بە حسـاب بۆ نەکردن بۆ یاســا، هەربۆیە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم و لە ســەرەتای دروســـت بوونی دەوڵەتی عێراق، وڵاتانی زلهێز بە تایبەت بەریتانیای مەزن ویســـتی هەبوو کە عێراق لەسەر بناغەی حکومەتێکی مەدەنی و یاسایی بنیات بنێت.

بەڵام لای عەرەبەکان لێدان بوو لە شان و شەوکەتی ئێلەکانیان بۆیە هەر زوو دژی وسـتانەوە، ئەوان بە شـکسـتیان دەزانی کێشـەیەکی کۆمەڵایەتی بەرنە دادگا، یان بە بێتواناییان دەزانی ئەگەر کەســـێك بکوژرێت لە ڕێی دادگاوە مافی بکوژ وەر بگیرێت، بەڵکو دەبێت بە دەســـتی کەســـوکاری کوژراو تۆڵەی بســـتێنرێتەوە، کە تا ئێســـتاش ئەو فیکر و دیاردەیە لە زۆر شوێن و ناوچەی عێراقدا ماوە.

## بەعس و ناسیۆنیالیزمی نەتەوەیی

فیکری دەشتەکی و عروبی بەتەواوەتی لەسەردەمی سەدام و بەعسیەکاندا ڕەنگی دابووەوە، جگە لەوەی تالآنکردنی نەیارەکانی بە کارێکی ڕەوا و حەلآڵ دەزانی، دەستکەوتی بەرەکانی جەنگی هەشت ساڵ شەڕی لەگەڵ ئێران و تالآن کردنی کوردســتان لە تاوانی ئەنفالدا، دواتر داگیرکردنی کوێت و تالآنکردنی ماڵ و دوکانی ئەو وڵاتە دەوڵەمەندە چێژێکی زۆری بە سەرانی بەعس بەخشی.

کارە توندوتیژیەکانی ســـەرانی بەعس بەرامبەر گەلی کورد دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە ڕەوشت و ئاکاری بەعسیەکان بەدەوی بووە و سیستەمی بەعس تۆتالیتاری بووە و کاری بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی و ناسیۆنیالیستی عەرەبی کردووە.

بێگومان بۆ تێگەیشتن لە جینۆ سایدی کورد و تاوانی ئەنفال، خوێندنەوە و شــوناســی بەعس ڕۆڵێکی ســێنترالی هەیە، زەحمەتە بێ ئەوەی لە بەرنامە و فیکری بەعس تێبگەین وەکو ســیســتەمێکی فاشــی تۆتالیتاری عەرەبی، لە کردە مرۆڤ کوژەکانی ئەو حیزبە تێبگەین و بتوانین پەیوەندی نێوان کورد و دەوڵەتی عێراق بە ئێستاشەوە کە نیزامی بەعس نەماوە تێبگەین.

هەرچەندە ئێستا شتێك نییە بە ناوی دەسەڵاتی بەعس و بنەماڵەی تکریتی لە حکومڕانی عێراقدا بەڵام جێکەوتەی ســیاســەتی شــۆڤێنی بەعس بە ڕوونی دەبینین لە زهنی هەندێك لە دەسەڵاتدارانی عێراقدا.

خوێندنەوە لە سـیسـتەم و ئایدیای بەعس سـانا نییە، خوێندنەوەی بەعس وەك حیزبێکی بێ ڕکابەر کە زیاتر لە یەك ملیۆن ئەندامی هەبوو لە هەموو عێراقدا بە کوردســتانیشــەوە یان وەك دەســەڵاتی کارگێڕی و ســەربازی، کە ماوەی چـــەندین دەیە حکومڕانی عێراقی کرد و ئەوەی لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی ڕەهای حیزب و سەرۆکەکەی بوایە بێ سڵەمینەوە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەیکرد.

بۆ ئەوەی لە بەرنامە و سیاسەتی بەعس وەك خۆی تێبگەین و دەردەشەی ئاكارەكانی بكەین دەبێت خوێندنەوەی بەعس لە هەردوو ڕەهەندی (نەتەوە و ئاین) بكەین، چونكە نەتەوە و ئاین دوو كۆڵەكەی بنەڕەتی بوون لە ئایدۆلۆژیا و دونیا بینی بەعسدا.

ئایدۆلۆژیای بەعس لەگەڵ دەسپێكی كاری سیاسی لەسەر فیكری دامەزرێنەری بەعس (مشیل عەفلەق) دوو ڕەهەندی سەرەكی كردە بنەمای كاری سیاسی:

یەكەم/ بەعس بۆ خزمەت و ئامانجی نەتەوەی عەرەب دروست بووە هەر كەسێك ببێتە ئەندامی حیزبی بەعس دەبێت لە پێناو نەتەوەی عەرەبدا تێبكۆشێت و خزمەت بە فیكری عروبە بكات و بۆ ئەو ئامانجە خۆی بكاتە قوربانی، لەو پێناوەشدا بەشی زۆری هاوڵاتیانی عێراق بە فەرمانبەرانیشەوە بە زۆر و لە ژێر فشاری پیاوانی بەعسدا دەبوو ببنە ئەندامی حیزبی بەعس.

دووەم/ لە ڕووی دینییەوە دەبێت ئاینی ئیسلام پەیڕەو بكات، هەرچەندە بەعس حیزبێكی ئیسلامی نەبوو بەڵام بۆ كارتێكردن لە تاكی عەرەب، كە زۆرینەی ئیسلامن، ئیسلامی بەكار هێنا لە خزمەت گەشەكردنی حیزب و ڕەوایی بە كارە نامرۆڤەكانی بۆ ئەوەی كەمترین ڕخنەی لێبگیرێت و گەشە بە ئایدۆلۆجیای حیزب بدات، سەرنجی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و دەوروبەر بەلای خۆیدا ڕابكێشێت و ڕەوایی شەرعی بە كارە نا مرۆڤانەكەی بدات لە ژێر پەردەی ئیسلامدا چی ویست بیكات.

دامەزرێنەری حیزب، عەفلەق لە وتارێكیدا لەسەر پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) بە ناونیشانی (نەتەوایەتی ئازادی خوازانەمان لەبەردەم جیاكاری ئاینی و نەژادیدا)، نووسیویەتی "ئیسلام بزوتنەوەیەكی عەرەبی بوو، كە بەمانای نوێ بوونەوە و كامڵ بوون دێت".

به بڕوای ئەو بۆیە خودا لەوکات و شـــوێنەدا نەوەیەکی عەرەبی کردە پێغەمبەر چـــونکە نەتەوەی عەرەب پاڵەوانە و شـــایەنی ئەوانە، خواوەند ئەو خەســـڵەتی پیرۆزیەی تەنها بە عەرەب ڕوا بینیوە بۆیە پێشـــتر لە ناو نەتەوەکانیتر دوا پێغەمبەر و ئاینی ئیســـلامی نەناردووە دیارە ئەوەش حیکمەتێکی ئیلاهییە.

عەفلەق بە شێوەیەکی وا وەسفی نەتەوەی عەرەب دەکات کە خوای گەورە لە بەر گەورەیی و پیرۆزی عەرەب بەو شـــێوەیە پێغەمبەرێکی عەرەبی بۆ ناردووە و دەڵێت "داسـتانی ئیسـلامی لە پێگە سـەرەکیەکەی جیا ناکرێتەوە کە خاکی عەرەبە و پاڵەوان و کاراکتەرەکانی هەموویان عەرەب بوون، کەواتە ئیســـلام باشـــترین گوزارەیە لە مەیلی نەتەوەی عەرەب بۆ نەمری و یەکانگیری، هەربۆیە دەبێت نەتەوەی عەرەب بە هێز و توانای خۆیان حکومڕانی خۆیان بن".

لای بەعســـیەکان نیشـــتیمانی عەرەب ئەو خاکەیە کە دەکەوێتە نێوان چـــیاکانی تۆرۆس و پشـــت کێو و ڕووباری شـــەتولعەرەب و دەریای عەرەبی و چیاکانی حەبەشە و ئۆقیانوسی ئەتڵەسی و دەریای ناوەڕاستەوە.

لە بەرنامەی بەعســـدا نەتەوەیەك نەبوو بە ناوی نەتەوەی کوردەوە کە نیشـــتیمانی خۆی هەبێت بە ناوی کوردســـتانەوە، بەڵکو وای دەبینی ئەو خاکەی کە هەموان لەســـەری دەژین هی عەرەبە، کورد و نەتەوەکانیتر بۆ خزمەتی عەرەب دروست کراون و نابێت داوای مافی نەتەوەیی خۆیان بکەن.

عەفلەق لە یەکێك لە وتارەکانیدا دەڵێت "بۆچـی کورد لە عروبە دەترسـن؟ کورد بەسـەدان سـاڵە لە سـەر خاکی عەرەب دەژین و شـان بەشـانی عەرەب بەرگری لەو خاکە دەکەن چـیتریان دەوێت جگە لە هیوا خواســتن بە ژیانێکی بەختەوەر، ئەوەیان هەبێت کە بۆ هەموان دەســتەبەر کراوە ئەو ئەرکەشـــیان

لەسەر بێت کە لە سەر هەموانە، کەواتە گروپی چەوساوە و کەمایەتی نییە".

ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەو عەقڵێتە شۆڤینیەی بەعس و سەرکردەکەیان بدەین بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هەر لە سەرەتاوە بەعس دژایەتی نەتەوەی کوردی کردووە بە هەموو شێوەیەك هەوڵی چەوساندنەوە و کاولکردنی خاکەکەی و شێواندنی کلتور و فەرهەنگی گەلێکی هەزاران ساڵەی داوە.

ئەگەر سەیری نوسین و فیکری دامەزرێنەری بەعس بکەین دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە بەلای ئەوەوە ئیسلامی ڕەسەن و باوەڕدار ئەوەیە شوێنکەوتەی عەرەب بێت، واتە عەرەب و ئیسلام دوانەیەکی لێك جیانەکراوەن.

لە فیکری بەعسیەکاندا کورد نەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ نەبووە، بەڵکو وەك نەتەوەیەك سەیری کوردیان دەکرد کە بۆ خزمەتی عەرەب بەدیهێنراوە و دەبێت سوپاس گوزاربن بە ژێردەستەیی لە وڵاتی عەرەبیدا بژین و شوێنکەوتەی عەرەب بن.

کەواتە ئەگەر ئەوە سەرەتای بەرنامە و فیکری عەرەبی بەعسی بووبێت دەبێت تەعریب و تەبعیس و تەهجیر و ئەنفال و ماڵ وێرانکردنی کورستان چاوەڕوانکراو بووبێت، لە ئایدۆلۆجیای بەعسدا تەنها یەك نیشتیمان هەیە، کە عەرەبستانە و یەك گەلی لەسەردەژی کە گەلی عەرەبە، هەر گەلێکیتری لەسەر دەژی میوانە لەسەر خاکی عەرەب، بۆ ئەوەی بتوانێت بژی دەبێت لەناو گەلی عەرەبدا بتوێتەوە.

هەر بۆیە بە بەرنامە بەعس هەوڵی دابوو کورد لە عێراق و سوریا، مارۆنی و ئۆرتۆدۆسکانی لە لوبنان، قیبتیەکان لە میسر، ئەمازیغی و بەربەرەکانی جەزائیر و تونس و مەغریب، فەلەکانی سوریا و سودان و ئوردون و عێراق تەعریب بکرێن، ئەگەر ئەو کردانەش ئەستەم بوو دەبێت ڕیشە کێش بکرێن و لەسەر خاکی عەرەب بسڕدرێنەوە.

## شوناسی بەعس

بۆ ئەوەی لە تاوانی نامرۆڤانەی ئەنفال تێبگەین دەبێت لە سیستەمی حکومڕانی بەعس تێبگەین. نوسەری گەورەی کورد بەختیار عەلی دەڵێت "بۆ تێگەیشتن لە ئەنفال، تەنها یەك ڕێگامان لە پێش دەمدایە، ئەویش ڕێگای تێگەیشتنە لە بەعس".

تا لە بەرنامە و ئایدۆلۆجیای بەعس تێنەگەین ناتوانین وەك خۆی لە ئەنفال تێبگەین، تاوانی ئەنفال حاڵەتێکە لەپڕ و بێبەرنامە نەبووە، ئەنفال هەر مێژوویەکی دێرینی هەبێت یان هەر سەرچاوەیەکی هەبێت، پێش ئەنفال بە ناو سیستەمی حکومڕانی بەعسدا تێپەڕی کردووە، واتە بۆ گەیشتن بە تاوانی ئەنفال چەندەها تاوانی تریان دەرهەق بە کورد کردووە کە جۆرێك بوون لە ئەنفال، بەڵام بە ناو و ناونیشانی جیاواز، ئەو کردە دڕندانەی سەددامیەکان مۆرك و ناونیشانی نوێی وەرگرتووە و بوونەتە بەشێك لە فیکر و کلتووری بەعس.

بەعس ناوێك بوو گوزارشتی دەکرد لە فیکری عروبی ئەوەش بە ناوی (پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی) بە مانای پارتێك بۆ بوژانەوەی نەتەوەی عەرەب بە ڕێبازی سۆشیالیستی، واتە حیزبی بەعس کە لە سوریا و عێراقدا سەری هەڵدا و گەیشت بە دەسەڵات بۆ بوژاندنەوەی گەلی عەرەب دروست بووە.

لە دوای دروست بوونی عێراق زۆر ڕژێم هاتنە سەر حکوم هەموویان بە پێی سەردەم و سیاسەت و ئایدۆلۆجیای خۆیان مافی کوردیان پێشێل کردووە، سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عێراق دەسەڵاتی مەلیکی بوو لە ژێر ئینتدابی بەریتانیای مەزن، دواتر سیستەمی حکومڕانی بوو بە کۆماری بە سەرۆکایەتی عەبدولکەریم قاسم، دوای قاسم هەریەك لە عەبدولڕەحمان عارف و عەبدولسەلامی برای هاتنە سەر تەختی سەرۆکایەتی، لە سەردەمی ئەواندا کورد چەوسێنراوەتەوە و مافەکانی پێشێل کراوە.

بەڵام هیچ یەك لەو دەســـــەڵاتانە هێندەی ســــەردەمی بەعس بە تایبەت قۆناغی حکومڕانی ســەدام کورد نەچــەوسـێنراوەتەوە، لە ســەردەمی بەعســی ســـەدامدا هەموو جۆرە کردارێکی نا مرۆڤانە دژ بە کورد ئەنجام دراوە، هەر لە گرتن و ڕاوەدونان و ڕوخاندن و سوتاندنی ماڵ و خاکی کوردستان و کوشتنی بە ناڕەوا و بێ دادگایی کردن، واتە بەعس هەموو مافێکی دابوو بە خۆی بۆ چەوساندنەوەی گەلی کورد.

بۆ ئەوەی بەعس وەك خۆی بناسین پێویستە بە شێوەیەکی زانست و ورد حکومڕانیە خوێناویەکەی بناســـین کە لە ماوەی دەیان ســـاڵ دەســــەڵاتی تاکڕوەیدا ڕەحمی بە کەس نەکردووە، هەر حیزب و گروپ و کەســـێك نەیار و ئەنتی بەعس بووبێت هەوڵی لەناوبردنی داوە لە کەسە نزیکەکان و هاوڕێکانیەوە تا دوژمنەکانی.

لە ســــەردەمی ئەحمەد حەســــەن بەکردا حیزبی بەعس کۆنترۆڵی هەموو جومگەکانی حکومڕانی و کۆمەڵایەتی و سیاسی کردبوو، سەدامیش کۆنترۆڵی حیزبی کردبوو، هەرئەوە مابووەوە بە فەرمی ســــەدام وەکو ســــەرۆك کۆمار بناسرێت، دواجار بەکر لە ساڵی ١٩٧٩ دەست بەرداری کورسی سەرۆکایەتی بوو سـەدامی لاو لە شـوێنی نیشـتەجێ بوو، بەکر لە وتاری وازهێنانیدا ڕوونی کردەوە کە نەخۆشــیەکەی چــیتر ڕێگای نادات بەرگەی پۆســتەکەی بگرێت، ناچـاری کرد دەسـەڵاتەکەی بۆ هەڤاڵ سـەدام حسـێنی تێکۆشـەر و دڵسـۆز و لێوەشاوەی شۆڕش جێبهێڵێت.

وازهێنانی بەکر لە سەرۆکایەتی کۆمار و هەموو پۆستەکانیتر لەژێر فشاری ســەدامدا بوو، ســەرەڕای بوونی بە ســەرۆکی عێراق، بوو بە ســەرۆك وەزیران، سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان، سکرتێری گشتی سەرکردایەتی هەرێمی حیزب و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش.

که باســـی بەعس دەکەین واتە باســـکردن لە کودەتا بەســـەر هاوەڵ و هاوڕێبازەکانی ســـەدامدا، یان کوشـــتن و بزر کردنی هەموو ئەو فەرماندە و سەرکردانەی کە بووبوونە قادرمە بۆ گەیشتنە دەسەڵاتی سەدام بە لوتکە.

لە هەناوی بەعسـدا بێجگە نەتەوەی عەرەب هیچ نەتەوەیەکی تر لە عێراقدا بوونی نەبوو، توانەوەی نەتەوەکانی تر لە ناو بۆتەی عەرەبدا بەرنامەی ســـەرەکی و کاری لە پێشـــینەی بەعس بوو، بەعســـیزم واتە تاکە حیزب و دەسەڵاتی ڕەها و بێ ڕکابەر، لادان لەو دەسەڵاتە لادانە لە عێراقی بوون، هەر کەسێکیش دژی عێراق بێت دەبێت لەناو بچێت بە هەر شێوازێك بێت.

پێش ئەوەی قۆناغی دەســـەڵاتی بەعس بێتە ســـەر حکوم پێویســـتمان بە لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناســـی هەمەلایەن و فراوان هەیە بۆ ئەوەی ســـیفەتی کۆمەڵایەتی و مێژویی پێش بەعس شـەن و کەو بکات تا لەگەڵ قۆناغی بەعس تێکەڵ و ئاوێتە نەبن، چونکە تێکەڵاو کردنی سەردەمی بەعس بە قۆناغەکانی پێشتر شێواندنی ڕاستی مێژوی خوێناوی دەسەڵاتی بەعس بە هەڵەدا دەبات.

نوسەری گەورەی کورد بەختیار عەلی دەڵێت: "بۆ دامەزراندنی بەعسناسی پێویسـتمان بە داڕشـتنی زانسـتێك هەیە کە بەعس و مێژووە خوێناویەکەی بە هەموو خسـوسـیاتیەکانیەوە دەسـتنیشـان بکات و مۆدێلی بەعسـیانە لە ناو مۆدێلە باوەکانی دیکەی دەوڵەتدا نەتوێنێتەوە".

لە دوای دروســـت بونی دەوڵەتی عێراق زۆر حیزب و گروپ و کەس بوونە دەســـەڵات و حکومڕان، هەریەکە و بە پێی بەرنامە و ئەجندای خۆی کاری لەسەر باڵادەستی خۆی وەك دەسەڵاتی ڕەها کردووە و ویستی سەرکوتکردن و ژێردەستەی هەموو ئەو کەسانەی هەبووە کە ناڕازی بوون بە دەسەڵاتەکەی و وەك مۆتەکە لەبەردەم تاك بە تاکی عێراق وەستاوەتەوە، بەڵام هیچ کام لەو دەسەڵاتانە وەك بەعس شوناسی شەڕەنگیزی وەرنەگرتووە.

ده سەڵاتێك هەر لە سەرەتای دە ست بەكاربوونیەوە ماڵ و خاكی بەشێك لە نیشتمانەكەی وێران و كاول بكات، خەڵكەكەی ئاوارە و دەربەدەر بكات لە سەر زێدی بابوباپیریان كە سەدان ساڵە شوێنگەی ژیانیان بووە، تەنها لە پێناو هەژمونی دەسەڵاتی خۆی، دەبێت ئەو دەسەڵاتە كام فۆرمی دەسەڵات وەربگرێت؟

ئەگەر بمانەوێت بەعس وەك خۆی بناسین دەبێت باس لە زیندان، هەڵواسین، ئازار و ئەشكەنجە، زۆری تاك، كوشتنی هاوڵاتی خۆی بێ دادگایی كردن، ڕاگواستن، تەعریب، ئاوارە و كیمیا بارانكردنی هاوڵاتیانی سڤیل، نزیكەی دووسەد هەزار مرۆڤی بێتاوان زیندەبەچاڵ كراو كە تەنها تاوانیان كوردبونیان و نەبوون بە بەعس بوو، شەهید كردنی پێنج هەزار مرۆڤی سڤیلی شارێك لە چەند چركەیەكدا بە چەكی كیمیایی یاساغكراو... هتد.

بەعس واتە مەنفا كردن و كوشتنی بە كۆمەڵی ڕۆڵەی نیشتمانەكەی، كوشتنی ئەو ڕوحانەی كە بە ئومێدەوە دەیانڕوانیەی ئایندە، ئەوان هەرگیز بیریان لەوە ناكردەوە دەسەڵات لە جیاتی ئەوەی شەقامەكانیان بۆ بگەیەنێتە شوێنی نیشتە جێبوون و لە تاریكی شەو ڕزگایان بكات، دەستی بچێتە ئەو هاونیشتیمانیانەی كە لە خزمەتی سەرەتایی بێبەشن و دابڕاون لە ژیانی شارستانیەت.

كاتێك باسی بەعس دەكەین دەبێت وەك ئەفراندنی ڕوداوە گەورە و خوێناویەكان باسی بكەین، بەعس هەموو شتێكی دەكرد لە پێناو دروست كردنی ڕوداوێك جا ئەو ڕوداوە كوشتنی بەناڕوا و بەكۆمەڵ بێت یان وێرانكردنی شار و گوندەكانی كوردستان بێت سوتاندنی ڕەز و باخ و دارستان و سەوزایی وڵات بێت، یان پەلاماری دۆڕاوی وڵاتانی دراوسێی بێت، ئەو دۆزەخی دەخولڨاند تەنها لە پێناو ڕوداو، بەعسیەكان بووبوونە سپۆنسەری هەموو ئەو كردانەی دەبنە هۆی وێران كردنی وڵات و كوشتنی هاونیشتیمانیەكانی و نا

جێگیری و دڵە ڕاوکێی تاکی عێراق، ئەوان چـێژیان لە ڕژانی خوێنی بە ناحەق ڕژاوی گەلانی عێراق دەبینی.

خورافاتێکی گەورە و بێ مانایە واتێبگەین کە بەعس کارتێکراوە بە ئاین و یاسا ئاینیەکان، بەعس لە سـەرەتادا وەك حیزبێکی نیشـتیمانی هاتە کایەی سـیاسـی عێراق کۆمەڵە گەنجێك بوون کە بە ناوی ئەفسـەرانی ئازادیخواز کودەتایان کرد، بانگەوازی بەرنامە و پەیڕەوێکی وا باشـیان دەکرد کە جێی ئومێدی خەڵکی عێراق بوون، بۆیە لە دە سپێکی فەرمانڕواییاندا سەرکردایەتی کوردیش وەکو هەموو ئازادیخوازانی عێراق چـاوەڕوانی ئایندەیەکی باشـیان دەکرد لەسەر دەستی ئەو کۆمەڵە گەنجە.

بەڵام بەعسـیەکان هەر لە سـەرەتاوە نیاز خراپی خۆیان پیشـاندا بە ڕاگواسـتنی و تەعریب کردنی کورد لە زێدی خۆیان، بەرنامە و ئایدیای بەعس بە جۆرێك بوو لە سیستەمی خۆیدا غەیری خۆی بێجگە ناوەند و سەرکردەکانی خۆی کەس نابێت بوونی هەبێت لە دروست کردنی ڕووداوەکاندا.

نوسەری کورد بەختیار عەلی لێکدانەوەیەکی باش بۆ سیستەمی حکومڕانی بەعس دەکات و دەڵێت: "ئەگەر لەو تەفسـیرانە بڕوانین دەتوانین بڵێین بەعس سیستەمێکە لەو ڕۆژەوەی کە دە سەڵات دەگرێتە دە ست خۆی بە تەنیا و تا ئەندازیەکی گەورە دەبێتە دروستکەر و خولقێنەری ڕوداو، بەعس سیستەمێکە هیچ ڕوداوێك لە دەرەوەی نەخشـە و پرۆگرامی ئەو ڕوونادات، مەبەسـتم لە ڕوداویش هەموو ئەو پێشهاتانەیە کە دەشێت کاریگەریەکی بەرچاویان لە سەر کۆی سـیسـتەمە سـیاسـی و کۆمەڵایەتیەکەی هەبێت، واتە بە باش یان خراپ شێوە و ئاراستەی کار کردنی سیستەمەکە دەگۆڕن و دەیچەسپێنن".

مێژوی عێراق ئەو ڕاستیمان بۆ ڕون دەکاتەوە لە سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عێراقەوە هیچ دەسـەڵاتێکیتر هێندەی بەعس دروسـتکەری ڕوداوی

کوشتن و لە ناوچونی نەیارانی بەرنامەکەی نەبووە، فەلسەفەی دەسەڵاتی بەعس ئەوە بووە کە توانا و کاری هەر گروپ و حیزب و کەسێك مەنفی بکات و بگەیەنێتە ئاستێك کە ئفلیجیان بکات، لە بەرامبەردا دەسەڵاتی خۆی بگەیەنێتە ئاستی دروستکەر یان مۆنۆپۆڵی هەر ڕوداوێك کە پێوستە هەبێت.

مێژوی دەسەڵاتی بەعس پێمان دەڵێت ئەو لە سروشتی ژیان دەرچووە نابێت کەسیتر هەبێت بەدەر لە ئەو، تەنها خۆی فەرمانڕوایە و فەرمانڕوایی هیچ حیزب و گروپ و کەسێکیتر لە بۆتەی سیستەمی بەعسدا جێی نابێتەوە، مەگەر ڕادەست بوون بە هەموو چەمکەکانی پرۆگرامی بەعس، بە دیوێکی تر، فەرمانڕەوای بەعس واتە لە ناوچوون و سڕینەوەی هەموو هێزەکانیتر لە گۆڕەپانی سیاسی و دەسەڵاتی عێراقدا.

دەسەڵاتی بەعس بە شێوەی دەسەڵاتی هەڕەمیانە کار و ئەجندای خۆی جێبەجێ دەکرد، بە واتایەکیتر هەر فرمان و بڕیارێك لە سەرۆکەوە دەربچوایە دەبوو لە ماوەیەکی کورتدا لە هەموو ئۆرگانەکاندا جێبەجێ بکرێت. دەرچوون لە فرمانەکان و بەجێ نەگەیاندنی واتە خۆ خستنە ناو تابوتی مەرگێکی نادیارەوە، دەرچون لە بازنەی دەسەڵاتی بەعس واتە دەرچون لە سنوری جوگرافی عێراقی بەعس، دەرچوون لە بازنەی پیرۆزی بەعسیزم. هەربۆیە زۆرێك لەو سیاسیانەی کە سەرەتا لەگەڵ دەسەڵاتی بەعسدا بوون بەڵام دواتر پێچەوانەی بەرنامەی سیاسی بەعس دەجولانەوە یان وڵاتیان بەجێ دەهێشت یان دەبوونە خۆراکی جەلادەکان.

هەموو وێنەکانی دەسەڵات لە سیستەمی حکومڕانی بەعسدا لە هەموو بوارە جیاوازەکانی بەڕێوەبردن و سەربازیدا درێژکراوەی زنجیری دەستی سەرۆك بوو، مۆدێلێکی سێنترالی دەسەڵات هەبوو کە هەموو مۆدێلەکانی دەسەڵات بە هەر شێوەیەك بێت نابێت لە فرمان و ڕێساکانی ئەو دەربچن، دەرچون یان

لادان له فرمانەکانی سـەرۆك واته شـكاندنی یاسـاکانی مۆدێلی بەڕێوەبردنی سیستەمی حکومڕانی بەعس.

هەموو کردەیەکی ناوچەیی یان لۆکاڵی خۆسەپاندنی خود یان گروپ بەسەر ئەو ناوچەیەدا تەعبیر له زاڵ بوون و ئیرادەی هێزی ئەو ناوچەیە ناکرد، ئەوان وەکو ڕۆبۆتێکی بەکاربەر تەنها بەجێگەیاندنی فرمانەکانی ناوەندیان لەسـەربوو، بەسـترابوونەتەوە بە ناوەندی دەسـەڵات واته کۆنترۆڵی کردار و گفتاریان له چەقی دەسەڵاتی بەعسەوە بوو.

ئامانج له بەمەرکەزی بوونی دەسـەڵاتی بەعس تەنها لەبەر ئەوە نەبوو کە هێز و کارگێڕی ناوچـە لۆکاڵیەکان ملکەچـی فرمانەکانی سـەرکردایەتی بەعس بن و جێبەجێ کاری بەرنامە و ئەجندای پلانەکانی بن، بەڵکو خواسـت و ئارەزووی بەعسیەکان ئەوەبوو کە ئەوان ببنە دروستکەری ڕوداو، ڕوداوگەلێك کە ببێتە شوناسی دەسەڵاتی بەعس و ناساندنی بەعس وەك خۆی.

ئارەزوو بۆ پاوان کردنی هەموو کردار و گفتار و ڕووداوەکان هەڵقوڵاوی ئەو ئارەزوویە بوو کە هەندێکمان باس کرد ئارەزوو بوون بە خولقێنەری ڕوداو، له عێراقدا کردار و نوسـین و گفتاری هەموو تاکەکانی وڵات دەبوو بە ئارەزوی بەعس بوایە، شـاعیرێك کە شـیعری دەنوسـی دەبوو ئیلهامی له بەعسـەوە بۆ هاتبایە ئەگەر شیعرەکانی جێی ڕزامەندی سەرانی بەعس نەبوایە ڕێگەی پێنادرا بڵاویان بکاتەوە، گۆرانی بێژێك دەبوو لەرەکانی دەنگی و ئیقاعی لەگەڵ ئیقاعی بەعسـدا یەك بێت، ئەگەر ئاوڕێك له گۆرانی بێژانی سـەردەمی بەعس بدەینەوە دەبینین کەمترین گۆرانی بۆ نەتەوە و نیشـتیمانی کوردسـتان وتراوە زۆر جار گۆرانی وتن بەسەر کوردستاندا چوێنراوە بە درەخت یان گوڵ یان هەرشتێکیتر، چونکە چارەنوسی ئەوانەی کە شیعر و گۆرانی بە سەر کوردستاندا وتبوو هەمان چارەنوسی شەهید مەلا عەلی و قادر کابان و چەندینی تریان هەبوو.

شەهید مەلا عەلی بێ ترس لە ناو زیندانەوە باسی خۆشەویستی کوردستان و چارەنوسی هەڵوێستی کوردایەتی دەکات:

کوردستانەکەم، کوردستانەکەم
بووکی یەك شەوە و دەزگیرانەکەم
ڕووت وەکو کەزی و پرچی ئاڵۆزە
بە چنگی خەبات با بۆت شانەکەم
وێردی زمان و قیبلەگای منی
جوانتر لە نیگای کیژی شەرمنی
ئەوەی جێی داخە لێت بێ بەش ئەبم
نابینم بڵێن شکا دوژمنی
ناشبینم کە کورد وەکو میللەتان
ئاڵای سەربەستی هەڵکا لە جیهان
ناکۆکی نێوان چینان نەمێنێ
وەك یەك لێبکرێ لادێ و شارستان
دەنا دڵنیام دوژمنی بەشەر
ڕۆژێك دێت ماکی لە بن دێتە دەر
خۆش گوزەرانی و زانست و جوانی
بەرگی بووکێنی وڵات بێ تاسەر
ئەی کوردستانی بێ داڵدە و پەنا
نەمامی ژینی منیش هەڵکەنا
چاو بە فرمێسکی ژێر دەستەیی تۆم
هێندە دەربەستی خۆم نایەم دەنا
ئەی کوردستانی مەڵبەندی کاوە

جێی داخە نەمدی ئاڵای شەکاوە
بەڵام ڕۆژێك دێ هێزی نەوەی نوێ
کۆشکی زۆرداری پێ هەڵتەکاوە

زیندانی موسڵ بەشی سێدارە
١٩٧٩/٦/٨

نوســەرێك کە دەینوســی دەبوو هەموو نوســینەکانی لە خزمەت بەرنامە و پیاهەڵدانی دەسەڵاتی بەعسدا بێت و هەموو کردارە نەرێنیەکانی دەسەڵات بە ئەرێنی وەسـف بکات، ڕەخنەگرتن لە دەسـەڵاتی بەعس بە هەموو شـێوەیەك یاســاغ بوو ئەگەر نوســەرێك بەو ئاڕاســتەیە بینوســیایە یان دەبوو زوو وڵات بەجێبهێلێت یان ژووری زیندان و پەتی ســێدارە چــاوەڕوانی بوو، یاریزانێکی وەرزش دەبوو ســــەرکەوتنەکانی ببێتە ســــەرکەوتنی بەعس، وتار بێژێکی مزگەوت دەبوو وتارەکانی لە خزمەت وتەکانی ســــەرۆك و بەرنامە حیزبی بەعســدا بێت، هەر چــۆن لە کاتی تاوانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەدا یەك مەلای مزگەوت نەیوێرا بپرســێت زیندە بەچــاڵکردنی نزیکەی دوو ســەد هەزار مرۆڤی بێ تاوان بە ناوی ئەنفالەوە، ڕوخاندنی هەزاران مزگەوت، ســــوتاندنی ســەدان هەزار قورئان، خنکاندن و شــەهید کردنی پێنج هەزار مرۆڤی ســڤیلی شاری هەڵەبجە لە چەند چرکەیەکدا بۆچی و لە پێناو چی؟

دەبوایە تەنها شۆڕشگێڕان بە لادەر و خائین وەسف بکات، بە واتایەکی تر هەموو کاراکتەرەکانی ناو شانۆی عێراق جوڵە و گفتاریان لە خزمەت دەسەڵات و بەرنامەی بەعسدا بوو.

بۆ ئەوەی لە میکانیزم و ئەدای کاری بەعس تێبگەین دەبێت لە دوو ڕەهەندەوە باسی دەسەڵاتی بەعس بکەین:

یەکەمیان، کاریگەری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بەعس لەسەر ناوچە لۆکاڵیەکان، وەك پێشتر باسمان کرد دەسەڵاتی ناوەند بەشێوەیەك دانراوە کە هەڕەمییە و خوارەوە تەنها ئەرکی جێبەجێ کردنی لە سەرە نەوەك هەڵوێستە و گفتوگۆ و لادان لێی.

دووەمیان، کاریگەری دەسەڵاتی بەعس لەسەر تاك و دیاریکردنی چارەنوسیان بە ژیانێکی باش یان مردن.

بەعس لە مێژووی دەیان ساڵی دە سەڵاتیدا بۆ چاو ترساندن و نەهێشتنی ڕکابەرەکان یان دەنگە نا شازەکان بەدە سەڵاتی خۆی زوو زوو پاکسازیی جیا و گەورەی ئە نجام دەدا، ئەو پاکسازیانە بۆ لە ناوبردن و ڕامالینی ئەو دەسەڵاتدار و کەسایەتیە بە توانایانە بوو کە کاریگەری نەرێنیان لە کایەی دەسەڵاتی بەعسدا دەبوو، بۆ ئەوەی تەواو سەرکەوتوو بێت لە هەڵمەتی پاکسازیەکە کەسانی نوێی لە شوێنی ئەوان دادەنا و دەبوونە جێگرەوەی دەسەڵاتی ملکەچ بوو بە فرمانەکانی بەعس.

لە سێدارەدانی کەسانی ناپاك بە دەسەڵاتەکەی یەکێك بوو لە ئەرکە نیشتیمانیەکەی بەعس، ئەو بانگە شەی ئەوەی دەکرد کە هەر کە سێك لە هەر ئاستێکی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی ڕژێمەکەیدا بێت، لابدات لە فرمانەکانی ئەوە دەبێت پەتی سێدارە بکرێتە ملی، هەر بۆ ئەو مەبەستەش سالانە چەندین کەسی لەناودەبرد، ئەو کارەشی لە پێناو دوو ئامانجی سەرەکیدابوو، یەکەمیان پاکسازی هەموو کە سە ناپاکەکانی ڕژێمەکەی بوو بۆ ئەوەی نەبنە مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتە ڕە ها کەی، دووەمیان بۆ چاوترساندنی پلەدارانی سیا سی و سەربازی ناو دە سەڵاتەکەی و نەیارەکانی کە هەر خورپە یەکی خراپ بە دڵیاندا بێت بەرامبەر بەعس کۆتاییان مەرگە، دەکرێت ئەو جۆرە مردنانە ناو بنێین مردن لە پێناو بەڕێوەبردن لە ڕێگای لە

ناوچـــون یان هەڵتەکاندنەوە، کاتێك تێگەیشـــتین لە یاســـاکانی مردن لە ناو سیستەمی بەعسدا ئەوکات لە کوشتنی بەکۆمەڵ و لەناوچونی ئەنفال تێدەگەین.

بەعســیەکان بوونە ئەو دەســەڵاتەی کە دەیانویســت ڕەگەزی پاکی کورد، توانـا و جولـەی تـاکی کورد کز و لاواز بکـەن، کلتور و نـەریتی کوردەواری هەڵبتەکێنن، هێز و تاقەتی زۆری کورد کەم بکەن.

دەر ئەنجامی کردەوەکانی بەعس ئەو ڕاســـتیەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە تەنها دڵســـۆزی بۆ بەعس تا ئاســـتی قوربانی دانی خود، هاوڵاتی عێراق لە مەرگێکی نادیار دوور دەخستەوە، لای بەعسیەکان بانگەشەی فیکری عروبە و موسـوڵمان بوون تەنها بۆ ڕاکێشـانی سـۆزی وڵاتانی ئیسـلامی و عەرەبی بوو، بەعس دەیویســت خۆی وانمایش بکات کە ئەو تاکە ئەکتەری بەتوانا و بەتەڵی ناو گۆڕەپانی وڵاتانی ئیســـلامی و عەرەبی بووو دەبێت هەمووان شـــوێن پێی ئەو بکەون، هەر بۆیە بۆ لێدان و ســـەر کوتکردنی نەیارانی بەناوی ئیســـلام و عەرەبەوە فتوحاتەکانی دەکرد.

بیرمەندی گەورەی کورد بەختیار عەلی لە وەســـفی دەســـەڵاتی تۆتالیتاری بەعس بەم شێوە دەنوسێت "کێشە لەگەڵ بەعسدا نە کێشەی نەتەوەیە، نە کێشـــەی عێراقێکی تایبەتی گلاوە، نە کێشـــەی کافر و موســـوڵمانە، بەڵکو کێشــەی دەســـەڵاتێکە کە نایەوێت بەهانەیەکی تایبەتی بۆ کوشـــتن دابڕێژێت چونکە نایەوێت خودی ئەو بەهانەیە ببێتە ڕێگر لەبەردەم کوشتن و هەڵبژاردنی قوربانیەکانی دیکەدا".

لە عێراقی سەردەمی بەعسدا هەموو ژیانی هاوڵاتیەکانی کۆنترۆڵ کردبوو بە دوو ئامانج:

یەکەم/ هاونیشتیمانیانی عێراق بە شێکی زۆری ژیانیان بخەنە خزمەت فرمان و ئەرکی بەعس و ڕێچکەی ژیانیان بە ئاڕاستەی فرمانەکانی بەعس بڕوات.

دووەم/ دەبوو هەمیشـە لە چـاوەڕوانی مردنێکدا بێت کە بەعس بۆی دیاری دەکات، جا ئەو مردنە لە جەنگدا بێت بۆ سـەرخسـتنی پلانەکانی بەعس دژی نەیاران، یان مردنێك بێت کە لە پای تاوانی سـسـتی لە ئاسـت ئەرك و فرمانەکانی بەعسدا، یان بە لادەر و خیانەتکردن لە نیشتیمان و بەکرێگیراوی بێگانە، کە گولله باران یان مل بە پەتا کردن یان بە زیندویی ژێر گڵ خسـتن یان لە ژێر ئەشکەنجە و لێدانی جەلادەکانی زینداندا بمرێت.

مرۆڤی ئاسـایی و نۆرماڵ ئەو کەسـە بوو هەموو فرمان و ئەرکەکان کە بەسەریدا دەسەپا جێبەجێی بکات و لە کاتی مردنیشدا نەپرسێت لەسەرچی و بۆچی دەبێت بمرێت.

سـەرکەشـی و لەخۆباییبوونی بەعس گەیشـتبووە ئاسـتێك دەیویسـت بە وڵاتانی عەرەبی بڵێت بەعس ڕێبەری هەموو وڵاتانی ئومەی عەرەبییە.

جەنگی هەشـت سـاڵەی لەگەڵ وڵاتێکی ئیسـلامی وەك جمهوری ئیسـلامی ئێران دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە دەیویست بە وڵاتانی عەرەبی ئیسلامی بڵێت لەبەر ئەوەی ئێران عەرەب نییە کەواتە کافرە، بۆیە جەنگەکەی ناونا قادسـیە و هەموو شـەرعیەتێکی بە خۆیدا تا چـی پێدەکرێت بیکات بۆ داگیر کردنی وڵاتێکی دراوسـێی هەرچـەندە ئەو جەنگە بۆ وەرگرتنەوەی کەنداوی عەرەب (خەلیجی فارس) بوو، کە ساڵی ١٩٧٥ بە واژوی سەدام کە جێگری سەرۆك کۆماری عێراق بوو بەخشیبووی بە ئێران بۆ ئەوەی محەمەد ڕەزا شای ئێران دەسـتبەرداری پشـتگیری شـۆڕشـی کوردسـتانی عێراق بێت تا گەیشـتە ئەو ئاستەی شۆڕشەکە بتوێننەوە.

حو مەتی بەعس لە کۆتایی سـەدەی ڕابووردو پەلاماری وڵاتی کوێتی دراوسێی دا بە بیانوی ئەوەی کوێت یەکێکە لە پارێزگاکانی عێراق، هەرچەندە کوێت وڵاتێکی سـەربەخۆ و دانیشـتوانەکەی عەرەب و ئیسـلامن، ئەگەر

ئەجندای بەعس تەنها ئەوە نەبێت سـەرکەشـی بکات بۆ بە ئەنجام گەیشـتنی پلانەکەی بۆیە پەلاماری وڵاتانی دراوسێی دەدا هەرجارەو بە بیانویەك.

بەعس دەیویسـت ئەو پەیامە بە گوێی یار و نەیاریدا بدات ئەو لە هەموو شـوێنێك هەیە و ئامادەیە بۆ هەر ئەگەرێك کە پێویسـتە ڕوبدات بۆ کۆنترۆڵی ژیان، هەربۆیە تاوانی ئەنفالیشـی کردە جەوهەری ئەو پرۆسـیسـەی بۆ سـڕینەوەی ئەو کەسـانەی کە لە دەرەوەی ڕووبەری دەسـەڵاتی ئەودا دەیانەوێت بژین، ژیانێك کە نەبێتە تەنی دەوڵەتی بەعس پێویسـتە نەمێنێت و لەناوبردن و لەتکردن و پارچـە پارچـە کردنی جەسـتەیەك کە جیابێت لە جەستەی بەعس.

بەعس دەیویسـت هەموو هاوڵاتیانی عێراق سـەرباز بن و لە ئاسـت فەرمانەکانی تەنها جێبەجێکاربن و هیچ هەڵوێسـتێکیان نەبێت و گفتوگۆی ئەرکەکانیان نەکەن کە بەسـەریدا دەسـەپێنرێت، سـەرباز لە سـیسـتەمی بەعسـدا هەم جەلاد و هەم قوربانی بوو، هەمیشـە ئامادەبوو بۆ کوشـتن و فەنابوون، چارەنوسی سەرباز هەمیشە نادیار بوو، بەعس کەسێکی نەگەرەك بوو کە لە فەرمانەکانی دەربچـێت و بیەوێت ژیانێکی ئازاد دوور لە پانتایی دەسەڵاتی ئەو بژیت.

بەعس واتە دروسـتکەری ڕوداوی هەمە جۆر، ڕوداو گەلێك کە کەس نایزانی بۆ چی ڕوو دەدات تەنها بەعس و سەرۆکەکەی بۆ خۆنمایش کردن بە پاڵەوانی نەتەوەی عەرەب، کێشە نەبوو هەزارەها هاوڵاتی سڤیل دەبنە قوربانی مەرامە گڵاوە کانی ئەوان، گرنگ خوڵقا ندنی ڕوداو بوو، بەعس فەزا یەکی گەورە و ئاڵۆزی دروسـت کردبوو کە لە هەر چـرکەیەکدا دەبێت چـاوەڕوانی ڕوداوی گەورە و لە ناکاو بین، چـاوەڕوانی پەلامارێك بین کە پێشـتر هیچ بەڵگە و نیشانەیەکی نەبووە بۆ ئەوەی بیکاتە بە هانە.

له سیستەمی بەعسدا دنیا تەنها دوو ئاڕاستەیە بۆ ژیان:

یەکەمیان/ ڕووبەرێکی ڕوناك ئەوەی کە لەبەر چـــاوی هاولاتیان دەبینرێت و دەبیســـترێت و بە ڕۆژی ڕوناك بەرنامە و کاری خۆی جێبەجێ دەکات، گرفت نییە خەڵکی چۆن بیر لەو کارانەی دەکەنەوە، گرنگ خۆ سەپێن و نمایشێکی سەربازییە کە هەموو پانتایەکانی ژیان ببێتە سەربازگەیەك بۆ جێ بەجێکردنی فرمانەکانی سەرۆك.

کوچە و کۆلانی شار و شارۆچکەکان پڕ بوو لەسیخوڕ و پیاوانی ڕژێم کە لە ڕێی تە سجیلە بچوکەکانی گیرفانیانەوە هەموو قسە و باسێك و هەنا سەیەکی هاولاتیان تۆمار دەکرد و دەدرایە دەســتی بنکەکانی بەعس بۆ ئەوەی بەدوادا چوون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکەن، هەرچی ماڵ و کۆلان و گەڕەك و کونج و کەلەبەرێکی ولات هەبوو پڕ کرابوو لە کەسانی سیخوڕ تا ئاستێك مرۆڤ گومانی سیخوڕی لە خانەوادەکەی خۆیشی دەکرد، بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو مەرامە بەعس دەیویســت هەرچــی بەربەســت و حەشــارگە هەیە لایبەرێت بۆ ئەوەی بەرچـــاوی ڕونتر بێت هەربۆیە گوندەکانی ڕادەگوازت و درەختی باخچـــە و شــەقامەکانی دەبڕی و شــەقامی بۆ ســەر شــاخ و شــوێنە عاســیەکان دەبرد و درەختی دارســـتانە چـــڕەکانی دەبڕی یان دەســـوتاند، هۆڕ و زەلکاوەکانی باشوری وشك دەکرد، باخە خورماکانی لە بنەوە دەردەهێنا یان وشکی دەکردن.

بەوەش ناوە ستا بەعس دەیویســت هەموو جوڵەکان ببینێت ئەو دەیویســت شەویش وەك ڕۆژی ڕوناك وابێت بۆ ئەوەی بەردەرگا و حەوشەی ماڵەکانی شار و شــارۆچــکەکان ڕوناك بن بۆ چــاوی جاســوســەکانی، هەربۆیە دەبوو هەموو ماڵێك گڵۆپی سەر دیوار و دەرگای هەبووایە و شەوان ڕۆشن بوایە.

ئاڕاستەی دووەم/ ڕووبەرێکی تاریك و نادیار، ئەو جیهانە نەبینراوەی بەعسە کە دەکەوتە ناوچە بیابانە چۆڵ و دوورە شارەکان یان ژێر زەمین و ناو دیوارە

ئە ستور و تەلبەندەکان کە مرۆڤ هەرگیز بە خەیاڵیدا نەهاتووە تا ئەوکاتەی بە چـاوبەسـتی کەوتۆتە ناوی، ئەو شـوێنانە بە شـێوەیەك دروسـت کرابوون کە دزەکردنی نهێنی چیرۆکەکانی ناویان ئەستەم بوو مەگەر تەنها ئەو کەسانە توانیبێتیان بەشـێك لە ڕوداوی ناو زیندان بگێڕنەوە کە ڕزگاریان بووبێت لە ژێر ئەشـــکەنجە و لێدانی جەلادە ڕاهاتووەکانی بەعس بە نوێترین فیکر و کەرەسـتەی ئەشـکەنجە، لەو شـوێنانەدا تەنها دوو کەس ڕووبەڕووی یەکتر دەبوونەوە ئەوانیش جەلاد و قوربانی، جەلادێك کە چەندین ساڵە دەست و پەنجە و قاچـــی ڕاهاتووە بە لێدانی قوربانیان و هەموو کەرەســـەیەکی ئەشـکەنجە لێدانی بۆ دابین کراوە و چـاوی سـوربووە بە خوێنی لاشـە و مۆخی پرژاوی سەری قوربانیانی بێتاوان.

قوربانی ئەوانە بوون کە بەلای بەعســـەوە نەبووبوونە بەشـــێك لە جێبەجێکەری پلانی بەعس ئەوانە بەر نەفرەتی ڕق و کینەی بەعســـیەکان کەوتبوون، بۆیە دەبێت ببنە نێچـیری جەلادەکان و هیچ خانەیەکی لەشـــیان بەسـەلامەتی دەربازی نەبێت لە قامچـی دەسـتی جەلادەکان، تەنها شـتێك کە ئەوان دەرباز بکات مەرگە بۆیە ئاوات بە مەرگ خواســـتن فریاد ڕەســـەکەی قوربانیان بووە.

بەعس نا یەکســـانی لە هەموو بوارەکاندا ڕەخســـاندبوو، ژیانی تاکێکی عەرەبی ســـونە جیاواز بوو لە ژیانی تاکی عەرەبی شـــیعە، جیاوازی گەورە دەبینرا لە ژیانی هاوڵاتیەکی کوردســـتان لەگەڵ هاوڵاتیەکی عەرەب، ئەو بەوەش نەوەستا جیاوازی خستبووە ناو دانیشتوانی شارنشین و گوند نشین.

نوسەری گەورەی کورد مەریوان قانع بەم شێوەیە پێناسەیەك بۆ یەکسانی دەکات: "باوەڕ بوون بەوەی کە پێویســـتە خەڵك یەکســـان بن لەبەردەم و لە پەیوەندیاندا بە دامودەزگا سەرەکیەکانەوە، یەکسان بن لە بەردەم ئەو هەل و

مەرجە گشـــتیەدا کە هەموویان بە یەکەوە کۆ دەکاتەوە ئەو شـــتە دروســـت دەکات کە ناوی ڕووبەری گشتی یان ناوی گشتییە".

هەر ئەو نایەکسانییە بوو لە زۆر شوێن و کاتدا یاخی بوونی تاك و گروپی بە دوای خۆیدا هێنا.

هەر لە ســـەرەتاوە بەعس توشـــی گرفتێکی گەورە بوو لەوەی کە کورد نایەوێت ببێتە بەشێك لە دەوڵەتی سەدام و ببێتە سێبەری سیستەمی بەعس، بۆیە باشترین چارەسەر لە فیکری سەرانی بەعسدا فەنابوونی ئەو کۆمەڵگایەیە کە فێری ژیانی ئازاد و ســـەربەخۆ بوون، بە تایبەت هاوڵاتیانی گوندنشـــین کە ئەستەمە ئەوان بە ئاسانی بچنە ژێر فرمانی دەوڵەت بۆ بوون بە سەرباز.

هەربۆیە لەگەڵ هاتنە سەر حوکمی دەسەڵات دژایەتی کۆمەڵگای کشتوکاڵی دەکرد، جیاوازی گەورە دەبینرا لە ڕووی خزمەتگوزاری و هەڵســـوکەوتی گوندنشـــینان بەراورد بە دانیشـــتوانی شـــار، چـــونکە دەیزانی خەڵکی شـــار کۆکراوەیەکی زۆری دانیشـــتوانن لە جوگرافیایەکی دیاری کراو و ســـنوردار، هەموو پێداویســـتەکانی ژیانیان لە ڕێگای دەوڵەت و لە ژێر چـــاودێری یەکە کارگێڕیەکانی حکومەتەوە بەدەستیان دەگەیشت، هەرکات مەبەستی بوایە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی فرمانەکانی بە ئاســـانی دەیتوانی و کەمتر توشـــی گرفت دەبوو.

بەعس بە خەیاڵی خۆیان بە وێرانکردنی گوندەکانی کوردســـتان و ئاوارە بوونی هاوڵاتیانی لە ناوچە شاخاویەکانەوە بۆ شار و نزیك شارەکان هەستی نەتەوەییان ناهێڵێت، بەڵام بە هەڵەدا چـــووبوو ڕۆڵەکانی کورد گۆشـــکراوی هەســـتی نیشـــتیمانی و نەتەوەیی هەرگیز چـــۆك دانادەن بۆ ســـیســـتەمی دیکتاتۆری و فاشـــی، دروشمی کەم ژیان و کەڵ ژیان لە کاتی ســـێدارەدا بووبووە هەوێنی هەســـتی کوردایەتی و بە کوچـــە و کۆڵانی شـــار و گوندا

دەســــوڕایەوە، گرتن و ڕاوەدوونان و کوشـــتن نایتوانی دەنگی ئازادی و داوا ڕەواکانی لاوانی کورد کپ بکەن.

شــاعیری گەورەی کورد مامۆسـتا هەژار لە تێکسـتێکدا بەم شـێوە پەیامی هەستی کوردایەتی بە گوێی داگیرکەراندا دەدات.

بە دەربەدەری یان لە ماڵی خۆم
لە خاکی عەرەب لە ئێران و ڕۆم
کۆك و پۆشتە بم، ڕووت و ڕەجاڵ بم
کۆشکم دەقات بێ، وێرانە ماڵ بم
ئازا و ڕزگار بم شادان و خەندان
یان زنجیر لە مل لە سوچی زیندان
ساغ بم، جحێڵ بم، بگرم گوێسانان
یان زار و نزار لە نەخۆشخانان
دانیشم لە سەر تەختی خوونکاری
یان لە کۆڵانان بکەم هەژاری
کوردم و لە ڕێی کورد و کوردستان
سەر لە پێناوم گیان لەسەر دەستان
بە کوردی دەژیم، بە کوردی دەمرم
بە کوردی دەیدەم وەرامی قەبرم
بە کوردی دیسان زیندوو دەبمەوە
لەو دنیاش بۆ کورد تێهەڵ دەچمەوە

## ژیانی منداڵی سەدام لە عۆجە

ســـەدام لە گوندێکی هەژار و ناوچـــەیەکی دواکەوتوی عێراق و لە خێزانێکی هەژار لە دایك دەبێت، لە تەمەنی مناڵیدا وەك مناڵێکی ئاسایی نەژیا، ژیانی بە زۆر کارەســـــاتی ناخۆش و هەژاریدا گوزەری کرد، هەر لەتەمەنی مناڵیدا پێش ئەوەی بچــــێتە قوتابخانە بێ باوك دەبێت و هەتیو دەکەوێت، بۆ ژیان دەنێردرێتە لای ئەو خزمانەی کە سەرپەرشتی پەروەردەی ئەویان دەکرد.

ژیانی ناڕەحەت و نا ئاسایی سەدام کە تەمەنی منداڵی و مێردمنداڵی بە زۆر کۆســـــپ و تەنگەژەدا گوزەری کردووە هەروەکو بەشـــێك لە ســــــەرکردە دیکتاتۆرەکانی سەدەی بیستەم بوو، بۆیە کاریگەری نەرێنی لە سەر دەرون و کرداریان جێهێشتووە دواجار بونەتە سەرکردەیەکی شەڕانگێز و بێویژدان.

سەدام لە گوندی (عۆجە) لە دایك بووە ناوی گوندەکە مانای پێچاوپێچ یان لاربوونەوە دەگەیەنێت، بە لەهجەی تکریت و موســـــڵ بە مانای کۆڵان، لە بەشێکی زۆری عێراق ناوی گوند یان شوێن ناوەکەی لە هەڵکەوتە و سیفەتی ئەو شوێنەوە هاتووە، گوندەکەی سەدامیش بۆیە بەو ناوەوە ناونراوە چونکە دەکەوێتە سەر پێچکردنەوەیەکی تیژی ڕوباری دیجلە بە هەشت کیلۆ مەتر لە خوارووی شاری تکریت لە باکوری ناوەڕاستی عێراق.

گوندەکەش پێکهاتبوو لە کۆمەڵێك کوخت و خانوی لە قوڕودار دروســـــت کراو، خەڵکەکەی لە بارودۆخێکی زۆر هەژار و نەداردا دەژیان یەکێك بوو لە دواکەوتوترین گوندەکانی عێراق، هیچ خزمەتگوزاریەکی وەك ئاو و کارەبا و شەقامی قیرتاوی نەبوو هەرچەندە لەوکاتەدا بەشێکی زۆری گوندەکانی عێراق بێبەش بوون لەو خزمەتگوزاریە سەرەتایانە.

تەمەنی سەدام جێی گومانە کە لە چ ساڵ و مانگ و ڕۆژێکدا لە دایك بووە، بەڵام بە فەرمی لە (٢٨ی نیسانی ١٩٣٧) لە یەکێك لەو کوخانە لەدایك بووە

کـە هی خێروڵڵا توفتـاحی خـاڵی بووە. بۆ ئـەوەی لای هـاوڵاتیـانی عێراق گومانەکانی ڕۆژی لە دایك بوونی بڕەوێنرێتەوە، ســـاڵی ١٩٨٠ مێژووی لەدایکبونی خۆی کردە جەژنی نیشتیمانی، بۆیە ناوی ناوە جەژنی نیشتیمانی، ڕۆژی لە دایك بوونی خۆی وا وێنا کردووە کە ڕەمز و شـــکۆی نیشـــتیمان پەیوەســـتە بە ســـەدام، ئەوکاتەی ئەو لە دایك بووە نیشـــتیمانیش خۆری پرشنگی لێ هەڵاتووە، دیارە لە هزری ئەودا عێراق بەبێ سەدام هیچ مانایەکی نەبووە، هەر ئەوە فریادڕەس و پێشـــەنگی نەتەوەی عەرەب بە گشـــتی و بە تایبەت گەلی عێراق بووە.

خێروڵڵای خاڵی سەدام کەسێکی هەڵکەوتەی ئەو سەردەمەی ناوچەکە بوو، یەکێك بوو لە ســـیاســـیە دیارەکانی ئەوکاتە، هاوبەندی نازیەکان بوو، لەبەر پاڵپشتی کردنی شۆڕشی عێراق دژ بە بەریتانیا لە کاتی جەنگی جیهانی دووەم پێنج ساڵ بەندکرا.

ئەو مامۆستابوو لە شەڕی فەلەستین بۆ خزمەتی ئەفسەری یەدەگ بانگکرا و دواتر وەك ئەفســـەرێکی ســـوپا لە تکریت لە کارەکەی بەردەوام بوو، نەتەوە پەرستێکی عەرەبی شێلگیر بوو کاریگەری گەورەی لە سەر دروستکرنی سەدامی منداڵ و لاو هەبوو، پەیوەندیەکی توند و تۆڵ لە نێوان خاڵ و خوارزادا هەبوو بەڵگەی ئەو پەیوەندیەش ئەوەبوو خوشـــکەزا خەڵاتی خاڵ و خەزوری بە پێدانی پلەو پۆســـت دایەوە، بە هاندانی خەیروڵای خاڵ ســـەدام هەمیشـــە پێشـــەنگی خۆپیشاندانەکان بوو دژی حکومەت ئاژاوەی دەنایەوە.

زۆری ڕایەکان کۆکن لەســـەر ئەوەی کە خێروڵڵا کەســـێك بووە ئارەزووی ململانێی هەبووە سروشتێکی خراپی هەبووە، لە سەردەمی هیتلەر و نازیەکان پشتیوانی ئەوان بووە، و ساڵی ١٩٤١ کە هیتلەر بەشی هەرە زۆری ڕۆژئاوای ئەورووپای داگیر کرد دەســتەیەك لە عێراقیەکان بە ســەرۆکایەتی ڕەشــید عالی

ســـەرۆك وەزیران پشـــتگیری هیتلەریان کرد و بڕیاری ڕکابەری بەریتانیاندا، ویستیان هێرش بکەنە سەر بنکەکانی هێزی ئاسمانی پاشایەتی لە دەوروبەری بەغداد، بۆ ئەو مەبەســـتە داوایان لە ئەڵمانیا کرد هاوکاریان بکات، بەڵام ئەڵمانەکان بە هێوا شی بە دەنگ داواکەیانەوە هاتن و کاردانەوەکانیان لەسـەر خۆبوو، بۆیە ئینگلیزەکان توانیان بە ئاسانی شۆڕشەکە کپ بکەنەوە و ڕەشید عالی و هەندێك لە لایەنگرانی بۆ دەرەوەی وڵات ڕایان کرد، بەڵام بەشـداربوانی تر لە یەك شـوێن کۆکرانەوە و سـزا دران لەوانەش خیروڵای خاڵی سـەدام لە ڕیزی ســوپای عێراق دەرکرا و بۆ ماوەی پێنج ســاڵ بەند کرا، هەرچــوار ئەفســەرەکەی کە پشــتیوانی ســەرۆك وەزیران بوون لەســێدارە دران و لاشەکانیان لە دەرەوەی تەلاری وەزارەتی بەرگری فڕێ دران، بە هەمان شێوە بەشێکیتری سەرکردەی شۆڕشەکە لە سێدارە دران.

خاڵی ســەدام ڕقێکی زۆری بەرامبەر خانەوادەی پاشــایەتی عێراق هەبوو، دەبێت بە لامانەوە ئاســایی بێت جێ پەنجەی ئەو پیاوە کە شــوێنی باوکی گرتبووەوە بەسەر سەدامەوە دیاربووە و ڕەنگی داوەتەوە لە کردار و گفتاریدا، لە ناخی ســـەدامی لاویشـــدا هەمان ڕق هەبوو بەرامبەر بنەماڵەی مەلیك و پشتیوانەکەی کە دەوڵەتی بەریتانیا بوو.

خەیروڵا سـەر بە عەشـیرەتی بێجاتی سـونی مسـوڵمان بوو کە بەشـێکە لە عەشیرەتی ئەبوناسر عەشیرەتێکی دیاری ناوچەی تکریتە.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەت لە وڵاتە دواکەوتووەکان عەشیرەت ڕۆڵ و کاریگەری هەیە لە دەسەڵات و سیاسەت تائێستاش بەهەمان شێوەی پێشوو هەمان ڕۆڵ دەبینێت.

لە سییەکانی سەدەی ڕابووردوو بە عەشیرەتێکی هەژار و توڕە ناسرابوون، سەرۆکەکانی عەشیرەت زۆر جار شانازیان بەوەوە دەکرد لە سەر شتێکی بێ

نرخ ناحەزان و دوژمنەکانی خۆیان لەناو بردووە، کاریگەری فیکری دواکەوتویی عەشیرەت و ژیانی ناهەمواری سەدام و پەرەوەردە کردنی لە لایەن خەیروڵای خاڵی، دەرئەنجامی هەموو ئەوانە سەدامێکی شەڕانگیز و خۆسەپێنی لێ بەرهەم هات، سەدامێك کە هەر لەتەمەنی منداڵیەوە هەست بە سەر کەشیەکانی کراوە.

عەشیرەتەکەی سەدامیش پاڵ پشت و پارێزەری سەدام بوون لە زۆر قۆناغدا بە تایبەت لە کاتی فەرمانڕوایی سەدامدا هەموویان لە دەوری کۆبووبوونەوە و بەشێکی زۆریان لە جومگەکانی حکومڕانی عێراقدا بوون.

هەردوای هاتنە سەر کورسی دەسەڵات و حکومڕانی وڵات سەدام وتی: "پێویستە ڕۆڵەکانمان هەمیشە بەرامبەر هەموو شتێکی بێگانە وریابن و هیچ نهێنیەکی دەوڵەت یان حیزب بۆ بێگانە ئاشکرا نەکەن چونکە بێگانەکان سیخوڕی وڵاتەکانیانن".

لە کۆتایی پەنجاکان لە بەغدا سەدام بە گروپی نەوجەوانان (فتوە) پەیوەست بوو کە ڕێکخراوێکی لاوانی نیمچە سەربازی بوو وەك نمونەی ئەو گەنجانەی کە سەر بە هیتلەر بوون.

لە سالآنی سییەکاندا لە سەردەمی مەلیك غازی دا، نەوجەوانان ئامانجی سەرەکیان یەکخستنی عەرەب بوو بە هەمان شێوەی کە پروسیەکان ئەڵمانیایان یەك خست، فیکری ئەوان ئاوێزانی فیکری بەعسیەکان بوو.

سەدام دەڵێت، ساڵی ١٩٥٧ کاتێ قوتابی بووم لە ئامادەیی کەرخ چومەتە ناو حیزبی بەعسەوە، بە بۆچوونی سەدام چونە ناو بەعس لەبەرئەوە بووە کە فیکری نەتەوەیی عەرەبی تێدا بەدی دەکرا.

لەوکاتەدا خیروڵای خاڵی ئەندامی بەعس نەبوو بەڵام برادەرایەتی لەگەڵ ئەحمەد حەسەن بەکر تکریتی کە پلەی عقید بوو لە سوپای عێراقدا هەبوو

دواتر دەبێتە کەســـێکی دیاری ناو حیزبی بەعس و ســـەرۆك کۆماری عێراق، هەرچـــەندە بەکر خۆی وەك کەسـێکی ســادە و خاکی پیشــان دەدا بەڵام لە ناخیدا کەســـێکی دڵڕەق و بێ بەزەیی بوو، دوای دەســـەڵات کردەوەکانی دەرخەری ڕاســتی ناخی ڕەگەز پەرســتی و نامرۆڤی ئەوبوون، بۆ ســـەدامی خۆپەرســـت و نەتەوە پەرســـت و دڵڕەق ئەزمونێکی باش بوو، کە وەك خوێندکاری سـەرۆك بەکر وابوو، بووبووە جێی متمانەی چـونکە هەم برادەری خاڵی بوو هەم هەردووکیان خەڵکی یەك ناوچە بوون.

تێڕوانینی بەکر بۆ ســـەددامی لاو کە حەزی لە کاری شـــەڕەنگیزی و ســـەرکەشـــی هەیە و کەســـێکی نەتەوەییە ســـودی دەبێت بۆ ســـەرکەوتنی کارەکانی و بە هێزی دەسـەڵاتەکەی، کە دواتر شـان بەشـانی یەکتر بۆ ماوەی دەیەیەك وڵاتیان بەڕێوەبرد و دواجار دەسەڵاتی بەعس و سەرۆکایەتی کۆماری دایە دەسـتی خوێندکارەکەی، کە عێراقی توشـی چـەندین قەیران و شـەڕکرد گەورەترین و درێژترین جەنگی لەگەڵ وڵاتی ئێرا بەرپا کرد.

## سەدام لە خەونی ڕێبەریدا

ســـەدام هەمیشـــە خۆی وەکو ڕێبەرێکی ئیســـلام پیشـــان دەدا زۆرجار لە ســەرەتای وتەکانیدا بە وشـەی ناوی خوا دەسـتی پێدەکرد، تەنانەت لە کاتی قەفەســـی زینداندا هەندێك جار پەرتوکی قورئانی بەدەســـتەوە دەگرت وەکو ئاماژەیەك بۆ موســـوڵمان بوون و پابەند بوونە بەقورئانەوە، هەرچـــەندە لە ســـەردەمی دەســـەڵاتیدا دەیان ڕێکخراو و حیزبی ئیســـلامی لە عێراق یاســـاغ کردبوو، ڕێگەی کار کردنی پێ نادان و ئاوارەی وڵاتانی دراوســـێی کردبوون، یان هاتبوونە ناوچەی ئازادکراوی سنوری پێشمەرگە لەوێوە درێژەیان بە کاری سیاسی و سەربازی خۆیان دەدا.

هەزاران کادیری حیزبە ئیسـلامیەکان لە زیندانە چـارەنوس نادیارەکانی بەعسدا لەژێر ئەشکەنجەدا دەیاننالاند و دەبوونە قوربانی حەزی خودپەرستی و تاکڕەوی سـەدام و دەسـەڵاتی بەعس، ئەو دەیویسـت پەیامی بوژانەوەی نەتەوەی عەرەب بە گوێی وڵاتانی عەرەبدا بدات و بڵێ لەسـەر دەسـتی من عەرەب گەشە دەکات.

دیارە عەقڵیەتی دۆگمای فیکری بەعسـی عەرەبی بەشـێوەیەك بوو لە بەرنامەی سـیاسـی ئەواندا هەرکەسـێك لەگەڵ ئەوان نەبێت وەك دوژمن سـەیر دەکرێت، لە هەمان کاتیشـدا بەرنامەی حیزبی بەعس و عەفلەق مامۆسـتاکەی سـەدام هەموویان ڕاسـتەوخۆ یان ناڕاسـتەوخۆ کاریگەرییان لە سـەر کەسـێتی سەدام دانابوو.

هەڵکەوتەی ژیانی سەدام، کە بەهەتیوی و بێ باوك لە بەردەستی خێروڵڵای خاڵی دا گەورە بووبوو لە ناوچـەیەکی دواکەوتوو، هەر دەبێت چـاوەڕوانی کەسایەتیەکی لێ بکرێت کە بیر لە جینۆساید و سڕینەوەی نەتەوەیەکی گەورەی وەك کورد و پەلاماردانی وڵاتانی دراوسێ و وڵات بەرەو کاولکاری بەرێت.

نمونەی دەسـەڵاتی سـەدام کە هەموو جومگەکانی دەسـەڵاتی قۆرخ کردبوو لە دەستی خۆیدا مەگەر تەنها لای سەرۆکە تۆتالیتارەکانی تر بووبێت کە گەل و وڵاتیان بە ڕێیەکی تاریك و نادیاردا برد. ئەگەر بەراوردێك بکەین لە نێوان هیتلەر و سـەدامدا بۆمان دەردەکەوێت کە هاوشـێوەی یەکتر بوون، هیتلەر لە سیتەمی نازیدا ئەو سەرۆکە بوو کە باڵاترین یاسا دانەر و بەرزترین فەرماندەی سـیاسـی و سـەربازی حاکم بوو، ئەو سـەرۆکی حیزب و سـوپا و داد و گەل و نیشـتیمان بوو هیچ کەسـێك بۆی نەبوو بێ پرسـی ئەو هیچ کردەیەك بکات بەشێوەیەکی هەرەمی فرمان لە هیتلەرەوە دادەبەزی بۆ خوارەوە و لادان لێی و جێبەجێ نەکردنی مل خستن بوو لە تیغی بێ ڕەحمانەی هیتلەریەکان.

سەدامیش بە هەمان شێوەی هیتلەر خۆی سەرۆك و یاسادانەر و فەرماندەی سەربازی و حاکم بوو، سەرۆکی هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی عێراق بوو، کە پێویست بوو ئەو سەرۆکی بێت بۆ بەئەنجام گەیاندنە مەرامەکانی.

سەدامی دیکتاتۆر بووبووە تارماییەك لە هەموو شوێنێکدا ئامادەگی هەبوو، وێنەکەی هەمیشە لە بەرچاوی تاك بە تاکی گەلی عێراقدا بوو.

تارمایی وێنەی سەرۆکی بەعس تەنها لە سەر دیواری شەقام و ماڵەکاندا نابینرا، بەڵکو دەبێت وێنەی سەرۆك لە یادگەی تاك بە تاکی مرۆڤی عێراقدا هەبێ، ناوی بەعس و سەرۆکەکەی دەبێت بچێتە ناو دێڕی شاعیرەکانەوە و لە ئیقاعی گۆرانیەکاندا ئاوێتە ببێت، دەبێت وێنەی سەرۆك لە ئەندێشەی نوسەر و خاوەن قەڵەمە کۆیلەکاندا بێت و کام وشە بریقەدارە لەسەر سەرۆك بینوسن و بە شانوباڵ و مێژوو و ئایندەی سەرۆکدا هەڵبدەن، دەبێت نیگار کێشەکان وێنەی جوان و کەشخەی سەرۆك بکێشن و وەك تاکە فریادڕەس و پاڵەوان بیخەنە سەر لەوحەی بینین، دەبێت لەگەڵ زەنگی بەیانیانی خوێندنگاکان وێنە و ناوی سەرۆك بخرێتە دڵ و مێشکی خوێنکارەکان و وەك ناوی خۆیان ئەو شیعرانە لەبەر بکەن کە بەسەر بەعس و سەرۆکەکەیدا نوسراوە، دەبێت لە مینبەری مزگەوتەوە ناوی سەرۆك ئاوێتەی ناو پیاوە ناسراوەکان و ڕێبەرانی دین ببێت، دەبێت خەونی جوان تەنها بە ڕوخساری سەرۆکەوە ببینرێت.

لادان لە فەرمانەکانی سەرۆك خۆخستنە ناو کونجی زیندان و کوشتن و ڕاوەدونان بوو، دەرچوون بوو لە وڵات بەرەو تاراوگە و دور کەوتنەوە لە ژیانی سیاسی بە ئەندازەیەك کە تەنها لە ڕێگای کەناڵەکانی بیستراو و بینراوەوە جوڵەی کردەکانی بەعس دەیبیست و دەیبینی.

# زیندان لە فەرهەنگی بەعسدا

بەعس زیندانە نهێنیەکانی پڕ کردبوو لە پیاوانی خۆی بۆ سـیخوڕی بەسـەر زیندانیەکانەوە، هەموو تاکتیکێکی کۆن و نوێی بەکار دەهێنا لە ڕێی پیاوەکانی خۆی بۆ ئەوەی سـەرەداوێکی نوێی دەسـت بکەوێت تا بیکاتە بەڵگە بۆ کارە تەواو نەکراوەکەی، بەعس خۆی داڕێژەری گوناه و تاوانەکان بوو بۆ زیندانیان، زیندان و ئەشـکەنجە لە فەرهەنگی بەعسـدا بۆ بینینی ناوەوەی مرۆڤ بوو درێژکراوەی ئەو ڕووبەرە ڕۆشناییە بوو بۆ فراوانکردنی ئا سۆکانی بینین، ئامانج لە فراوانکردنی ڕوبەری بینین بۆ زیاتر کردنی توانای فەرمانڕوایی بوو، لێدان و ئەشکەنجەدانی ناو زیندانە تاریکەکان بۆ باشتر کردنی هەستی بینین بوو.

جیاکەرەوەی پەیکەر و فیکری بەعس لە پەیکەر و فیکری دەسـەڵاتەکانی جیهان بریتیبوو لە دیوارە ئەسـتور و تەلبەندەکانی ئەو دیو ڕوناکی و سەربازگەکان و ژێر زەمینی دوور و درێژی بە زیندانی کراو.

لە سیستەمی بەعسدا هەر کەسێك نزیك دیوار و تەلبەندەکان بکەوێت یان ناوچـەی قەدەغەکراو ببەزێنێت دەبێتە کەسـێکی گومان لێکراو و سـیخوڕی وڵاتان، بۆیە دەبێت بەرەو شوێنی نادیار ئاراستە بکرێت و بکەوێتە بەردەستی جەلادەکان و مەرگ چاوەڕوانی بێت.

ناوچـەی قەدەغەکراو یان (محرمە) ئەو زەویانە بوون کە ڕووبەری هەزارەها هێکتەر دەبوون، مرۆڤ بە هیچ شێوەیەك و لە ژێر هیچ بیانویەك بۆی نەبوو ڕوو لەو شوێنانە بکات ئەگەر تاپۆکراوی خۆشی بێت.

لە ناو زیندانەکانیش شـوێنی تاریك و نهێنی پارێزراو هەبوو کە بەدەر لە بـەڕێوەبـەر و پلان داڕێـژەرانی زینـدان کـەس بۆی نـەبوو بیبینێـت بـە جەلادەکانیشـەوە، ئەوان تەنها جێبەجێکەری فەرمانەکانی بەڕێوەبەرەکانی ناو ئەو شوێنە پارێزراوە بوون.

ئەشـــکەنجەدان و لێکۆڵینەوە دوو زاراوەی ئاوێتەبووی یەکتری ســەردەمی ڕژێمی بەعســن، لە ســیســتەمی حوکمی دیکتاتۆریدا دادگاکان بە شــێوەی ســـەربازی کاری بەڕێوەچـــونی داگایی تاوانبار دەکەن هەر تاوانبارێك دژی بەرنامە و کاری دەسەڵات بوو سزای تاوانکاری بەسەردا دەسەپێت، کە بریتی بوو لەسێدارەدان یان گوللەباران کردن یان مانەوەی هەتاهەتایی.

ڕژێمی بەعس حوکمی دیکتاتۆریشـــی تێپەڕاند زۆر جار تاوانبار کە دەگیرا ئـەگـەر دانیشـــی بـە هیچ تـاوانێکدا نـەنـایـە دەیـانخســـتـە بـەر لیدان و ئەشکەنجەدانەوە بە مەبەستی گەڕان و پشکنین و کۆکردنەوەی زانیاری و دان پێدانان بە تاواندا کە دژی دەســـەڵات کردویەتی، ئەگەر هەر دانی پێدا نەنایە ئەوە خۆیان تاوانیان بۆ دروست دەکرد.

جۆرکانی ئەشـــکەنجەدان زۆر بوون هەندێکیان تا ئێســتاش بە شـــاراوەیی ماونەتەوە چــونکە ئەو کەســانەی تاقیگەی ئەو جۆرە ئەشــکەنجەدانە بوون، بوون بە قوربانی دەستی بەسور خوێنی جەلادەکان و چاویان بە ڕوناکی زەوی نەکەوتەوە تا بە شــێك لە چــیرۆکی ئەشـــکەنجەدان و لێدانمان بۆ بگێڕنەوە، بەشـــێك لەو زیندانیە ڕزگاربووانە چـــەندین جۆر لێدان و ئەشـــکەنجەی ناو زیندانەکانی بەعسیان بۆ تۆمار کردوین.

## زیندان وەك ناوەندی بەرگری و شانازی کورد بوون!

ڕەنگە ئاســـــان نەبێت مرۆڤ مێژوو و بەســــەرهات و بیرەوەری خۆی بنوســـێتەوە، جا ئەو مێژووەش مێژووی تراژیدیای شــۆڕشــێك و مێژووی چرکەساتەکانی گرتن و زیندان و پەت و سێدارە، ئازار و ئەشکەنجەی ڕۆحی و جەستەیی بێت.

ئەو شــۆڕشــگێڕانەی لە بری ڕادەســت بوون و چــۆکدادان، شــاخی ورە و

نەبەزینیان بردە زیندانەکانی بەعس و وانەی خۆڕاگری و شـۆڕش و جوامێریان دژی جەلادەکان بە خوێن و ئازار نوسییەوە.

دوای دامەزراندنی یەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتان لە سـاڵی ١٩٧٦ گروپێك کادیری باڵا و شانەی نهێنی و ڕێکخستنی ئەو حیزبە گیران و ڕاپێچی زیندانەکانی بەعس کران، بوونە سـەرەتای مێژویەکی نوێ لە خۆڕاگری و نەبەزین و دروشمی کەم ژیان و کەڵ ژیان، دلڕەقی نەتەوەییەکان و بەعسـیەکانی بە چـۆکدا هێنا و سەلماندیان کە زیندانیش بەشێکە لە خەباتی نهێنی شار و شاخی پێشمەرگە.

مامۆستا هێمنی شاعیر بە تێکستێك باسی خۆڕاگری لاوی کورد دەکات

دەمگرێ، ئەمما لە گرتوخانە ڕق ئەستوورترم

لێم دەدا، ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سوورترم

دەمکوژێ، ئەمما بە گژ جەللادەکەم دا دێمەوە

کوردم و ناتوێمەوە، ناتوێمەوە، ناتوێمەوە، ناتوێمەوە

سەردار ڕشید یەکێك بوو لەو گروپەی زیندان ساڵی ١٩٥٧ لە دایك بووە، سـاڵی ١٩٧٦ پەیوەندی کردووە بە کۆمەڵەی مارکس لینینی کوردسـتان کە دواتر گۆڕا بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

دوای ئەنفال چـوو ەتە وڵاتی ئێران، لە ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ گەڕاوەتەوە کوردسـتان، وەکو لێپرسـراوی کۆمیتە دەسـت بەکار بووە، دواتر بووەتە سەرۆکی لیژنەی باڵای سەندیکای کریکارانی کوردستان، لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ خولی سێیەم بووە بە ئەندام پەرلەمانی کوردستان.

ئێسـتا ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژکارانی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان و سەرۆکی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستانە.

پیاوێکی بە فیکر و لەسـەرخۆیە، لە کارکردندا هەمان ڕوحیەتی سـاڵەکانی پێش ڕاپەڕینی هەیە، چـەند جارێك لە ژووری ڕاویژکاران بەیەکەوە گفتوگۆمان

کردووه، باســـی زیندانی ســـاڵی ١٩٧٦ و هاوڕێکانی بۆ کردوم، منیش به دەرفەتم زانی به نوســـینی خۆی کورتەیەك لەســـەر ژیانی خۆی و دەســـتگیر کردنی و ناڕەحەتیەکانی زیندانی لەم پەرتوکەدا بنوسمەوە.

بەم شێوەیە باسی گرتن و زیندانی کردنیانی کرد

ساڵی ١٩٧٦ له گەڵ چەند هەڤاڵێك که ئەودەم گەنج و خوێن گەرم بووین ئەو ئەرکانەی پێمان سپێرابوو زۆر به با شی ئەنجاممان دەدا، دەزگا سیخوڕە ســـەرکوتکەرەکانی بەعســـی فاشـــی به وردی چـــاودێریان دەکردین، چـــەند هەڤاڵێکمان دەستگیر کران، ساڵی دواتر ئێمەش گیراین، دوایی ئازاد کراین.

له زۆرێك له شار و شارۆچکەکانی کوردستان به تایبەتی شاری سلێمانی و هه ڵه بجه له مانگی پێنجی ســـاڵی ١٩٧٧ دوای دەســـت پێکرد نەوەی چـــەخماخەی شـــۆڕشـــی نوێ به ڕابەرایەتی یەکێتی نیشـــتیمانی کوردســـتان، ئێمەش وەکو پۆلێك کادیر و ئەندامانی شانەکان و لاوانی شۆڕشگێڕ له شاری هەڵەبجه و بەری شـــارەزوور و هەورامان کەوتینه بەردەم لێشـــاوی گرتن و ڕاوەدونان و دەستگیر کراین.

گرتنی ئێمه بۆ ئەو ساتەوەختە هەستیارەی شۆڕش، زیانێکی گەورەبوو بۆ بزافی ڕزگار خوازی گەلی کورد که بەعس و دارودەســـتەکەی کوردســـتانیان کردبووه گۆڕستان و زیندان و تاریکستان بۆ کوردانی هۆشیار و کادیرانی کۆمەڵە.

ئەو هەڤالانەی لەگەڵ من دەستگیرکران

ئەدهەم مەلا عەلی

ئاسۆ ڕەحیم نوری

عوسمان عەبدوڵا

بەختیار ئەنوەر میرزا

شەهید کاوە شەریف

بەشـــێك لە بەر ئەوەی تەمەنیان کەم بوو هەر زوو گواســـترانەوە و برانە زیندانی منداڵان، ئێمەش لە لایەن ئیسـتیخباراتی ناوچـەی باکورەوە دەسـت بەســـەر کراین و پاش ئازار و ئەشـــکەنجە قەهر و دڵڕەقیەکی فاشـیسـتانە و عەفلەقیانە، ماوەی دوو هەفتە لە هەڵەبجە ماینەوە، دواتر براین بۆ ناوەندی فیرقەی سـلێمانی و لەوێ شـــەهید وەســـتا ئەنوەری قارەمان و هەڤاڵەکانی ترمانی لێبوو، نامەردانە قورســترین ئەشـکەنجە و ئازاری ڕۆحی و جەسـتەیی درابوون، بەعســـ یە کان دە یانزانی وەســـتا ئەنوەری قارە مان و جوامێر بەرپرسیاریەتی هەبووەلە شۆڕشدا.

هەرچـــی جۆری ئەشـــکەنجە هەبوو تاقیان کردەوە بەســـەریدا، ئەویش خۆڕاگرانە وەك کێوێك لە ورە و پیاوەتی و جوامێری ڕاوە ستاو چویەوە بە گژ جەلادەکاندا و وانەی مێژوویی تۆمار کرد.

پاش ماوەیەکی زۆر لە ئازار و ئەشـــکەنجە و خۆ ڕادەســـت نەکردن و بێ ئومێدبوونی فاشـیسـتەکان براین بۆ هەیئەی کەرکوك بۆ ماوەی دوو مانگ بە هەمان شـێوە ئازار و ئەشـکەنجەدراین کە سـاتەوەخت و تابلۆیانەی زیندان تارمایی و پەڵە و ئازارێکن نوسین و قەڵەم و زهنیەتی مرۆڤ بە ئاسانی ناتوانێت باسی بکات.

هەیئەی ئەمنی کەرکوك فەرمانگە یەکی ســـامناك، بینا یەکی بەردینی ترسـناکی وشـك و ئازاردەر، ژووری ئەشـکەنجەدان و شـەلاق، ساڵەی مەرگ و بۆنی خوێن و خراپترین جۆری تاقینەکراوەی ئەشـــکەنجەدان، چـــاو نابینا و زمان لاڵە لە باســکردنی تراژیدیاکانی ڕۆڵەکانی کورد، ژووری بچـوك بچـوکی شـــێدار و تاریك و ســـامناك، تەنها کڵاوڕۆژنە و کونێك هەبوو بۆ هەوا گۆڕکێ، بەسـەرە لوتمان پێوە دەنا بۆ ئەوەی لە هەناسـەدان نەکەوین، یەك سـەمونی ڕەش و جامولکەیەك ئاوی گەرم بۆ خواردن.

له سـەرو هەموو ئەوانەوە زۆرێك له هاوڕێیانی زیندان گیانیان بەخت دەکرد و دەچـونه کاروانی شـەهیدانەوە، جەلادەکان دەیانوت ئەگەر نەمردبێت کەسێکیتر له جیاتی دەکوژین، حاڵەتی واش ڕوویدا بەسەرماندا.

پاش دوو مانگ له دادگایی شـانۆگەریانه و سـینارۆ ئامێزی پۆلیسـی و هەڕەمەکیدا به میزاجی خۆیان هەرکەسـە و جۆره حوکمێکیان بەسـەردا دەسەپاند، سێداره، زیندانی هەتاهەتای، کاری سەخت و بەند کردنی بیست ساڵ و ده ساڵ و پێنج ساڵ، دوای ئەو هەموو مانگه له چاوەڕوانی سێداره و مەرگ و ئازاردان گواسترایینەوه بۆ ئەبوغرێب.

دوو سـاڵ و شـەش مانگ لەو زیندانه مەترسـیدارەی بەعسـیەکان ماینەوه، پاش ئەوەی حوکم دراین له زیندانی ئەبوغرێب لەوێ ئیتر هەسـتمان به مەترسـیه گەورەکه کرد و زانیمان ڕەمز و سـونبولێکی شـۆڕش و کۆمەڵه هاوزیندانن له گەڵمان، هەڤاڵان:

عومەری سەید عەلی

فەرەیدون عەبولقادر

ئەرسەلان بایز

لەتیف شێخ عومەر


ئاسۆی شێخ نوری

عەزیز ڕەشید عەزیز

ئەم گروپه له سـەرکردایەتی و ڕەعیلەکانی شـۆڕش و کۆمەڵه بوون، جگه لەمانەش کاك ئازاد مسـتەفای سـکرتێری پارتی سـۆسـیالیسـتی کوردسـتان (پاسۆك) و مامۆستا فەرهاد ئەندامی سەرکردایەتی پاسۆك و چەند کادیرێك له سـەرکردایەتی کاتی (قیادەموەقەتە)، زۆرێك له ئەندامانی حیزبی دەعوه و قیادەی مەرکەزی حیزبی شیوعی له زینداندا بوون.

ئەبوغرێب زیندانێکی زۆر گەورە بوو جێگای هەزاران شۆڕشگێڕ و خەباتکاری ماندو بوو، لە هۆڵی سامناکی گەورە پێکهاتبوو، هەر هۆڵەی دابەشی چەندین ژوور بووبوو، هەر ژوورەی سێ زیندانی کراوی تێدابوو، کە ڕۆژانی حوکمی بەسەر دەبرد و جار جاریش لەلایەن بەڕێوەبەری ئاسایشی زیندانەوە بانگ دەکراین و ڕووبەڕووی ئازاری دەرونی دەبووینەوەن بەو شێوەیە دوو ساڵ و شەش مانگ ماینەوە، پاشان بە لێبوردنی گشتی ئازاد کراین، هەندێکمان لە زیندان مردن هەندێکیشمان بە نیوە گیان هاتینەوە و جارێکیتر درێژەمان بە خەباتی نهێنی شار و چەکداری شاخ دایەو، مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٦ جارێکیتر گیرامەوە، دوای سێ مانگ لە ئازار و ئەشکەنجەدانی وەحشی گەرانەی بەعس ئازاد کرامەوە.

ئێستا دوای نزیکەی نیو سەدە کە بیرەوەری زیندان دەنوسمەوە تنۆک تنۆک فرمێسکی حەزین دەڕێژم بۆ هاوڕێیانی شەهیدم، ئازار دەچێژم بۆ ئەو تاریکستانەی سەردەمی بەعس، من کە هێشتا ئاسەواری تەعزیب و زەبری بەندیخانە و جێدەستی جەلادەکان



سەردار رەشید لەگەڵ شەهید مەحمودی حاجی فەرەج و چەند پێشمەرگەیەك.
شارباژێڕ، ساڵی ١٩٨٢

به جەســـتەمەوە دیارە و مێشـــکم دەزرنگێتەوە بە چـــیرۆکەکانی زیندان، بە دەنگی گڕی عروبە و بەعس، هێشتا کە بۆنی یەکیتییە شۆڕشگێڕەکەی جارانم لێدێ، کاتێك دەدوێم هەست دەکەم برینەکەی ناومە دەدوێ، وا هەست دەکەم شۆڕشگێڕەکەی جارانە دەدوێ.

من یەکێك بووم لە دانەی ناو خانەی ئەو شـانە نهێنیانەی شـۆڕشـی نوی و یەکێتی بە زوویی دەستگیر کراین، تا حوکمی سێدارە بەڵام خۆشبەختانە ئازاد کراین، شەو و ڕۆژ بیرەوەری ڕۆژانی زیندان وەکو کابوس لە یەخەم نابێتەوە.

## بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر کەسـێك لەسـەر شـان بەرکەوتنێك گوللە باران بکرێت ئەبێت چی لە من بکەن!!

بایز هەڵەدنی پێشـمەرگەی دێرین و تاقانەی ئەنفال ماوەی شـەش سـاڵ لە زیندانەکانی بەعسدا بووە بەم شێوەیە باسی گرتن و ئەشکەنجەدانی زیندانی بۆ کردین.

دوای تاوانی ئەنفال من لە گەڵ هەڤاڵانی پێشمەرگە و خزمان چوومە ئێران پاش ماوەیەکی کورت بڕیاری گەڕانەوەم دا بۆ کوردســـتان بۆ چـــالاکی پێشـمەرگانە و بە مەفرەزە گەڕامەوە ناوچـەی ڕانیە لە ڕێگا خەڵکانێکی زۆرم دەبینی وەکو من کەسو کاریان گیراون و بەشوێنیاندا دەگەڕان.

ڕۆژی ٢٨ی کانونی یەکەمی ١٩٨٩ بۆ پشـــودان و نان خواردن لامدایە ماڵێك لەو ســـنورە زۆر بە گەرمی پێشـــوازیان لێکردم و ڕێزیان دەگرتم زۆر ئاســودە بووم کە بەو شـێوەیە پێشـوازی لە پێشـمەرگە دەکەن وتم دیارە ئەمانە خۆشحاڵن بە دیداری پێشمەرگە، هیچ هەستم بەوە ناکرد کە ڕێزگرتن و پێشوازی کردنیان بۆ ئەوەبوو من متمانەیان پێبکەم.

دیارە ئەو ماڵەش یەکێك بوون لە کەسـانی خۆفرۆش لە مێژە چـاوەڕوانی

نێچـیرێك بوون بۆ ئەوەی بیکەنە دەسـتکەوتی ناخی پیسـی خۆیان و بیکەنە دیاری دەسـتی جەلادەکان بۆ چـەورکردنی پاروی دەمیان منیان فرۆشـت، دەرمانی بێهۆشـیان بۆ کردمە ناو خواردن و بێهۆشـیان کردم، بەبێهۆشـی بە تاقم و تفەنگەوە ڕادەسـتی بەعسـیەکانیان کردم ماوەی سـێ شـەو و ڕۆژ بێهۆش بووم، کاتێك هۆشم هاتەوە کوڕێك وتی کاکە ئێمە گیراوین ئێرە ئەمنی کەرکوکە، وتی من تۆم بە هەڵواسـراوی بینیووە لە ناو فیرقەی ڕانیە بەڵام من لە بەرئەوەی بێهۆش بووم ئاگام لە هیچ نەبوو، ئەو برادەرە وتی لە فیرقە سەرە و خوار هەڵیان واسیبویت.

هەڤاڵ نامیق ئیسـماعیلیش لەو زیندانەدا بوو پێش ئێمە دەسـتگیر کرابوو بەڵام کادیری سـیاسـی یەکێتی بوو پیاوێکی لەسـەر خۆ و زیرەك بوو، کاتێك ئێمەیان بردە زیندان ئەوەندەیان لێدابووین تەنانەت دوخێنی شەرواڵەکانیشمان پچڕابوو، ئەو هاوکاری کردین بە برغوی پلاك دوخێنەکەی بۆ تێهەڵکێشاینەوە و دواتر ئامۆژگاری کرین کە لە کاتی لێپرسـینەوە (تحقیق) بڵێین ئێمە لە پێشمەرگایەتی بێزار بووین و ڕامان کرد بۆ ئەوەی تەسلیم ببینەوە بەڵام ئەو ماڵە ئێمە یان کردە دەسـتکەوتی خۆیان و بەو شـێوەیە بەگرتیان داین، بەڕاسـتی ئەگەر ئامۆژگاری ئەو نەبوایە ئێمە ئەو فیکرەمان نەبوو ڕاسـتیمان دەوت، بۆیە دەسـتبەجێ دەیان کوشـتین یان زیاتر ئەشـکەنجەیان دەدایین بۆ ئەوەی زانیاریمان لێوەربگرن لەسەر پێشمەرگە و شۆڕش.

ماوەی یانزە مانگ لە کەرکوك هێشـتیانەوە دوای ئەوەی حوکم درام بردیانم بۆ موسڵ و ساڵێك لەوێ مامەوە دواتر بردیانم بۆ زیندانی ئەبوغرێب.

پێش حوکم دان بە هەموو شـێوەیەك ئەشـکەنجە دەدراین لەکاتی تەحقیق بە زنجیر و کێبڵ و شەق و زللە لێیان دەدایین بۆ ئەوەی بەویستی ئەوان وەڵام بدەینەوە تەنانەت زۆر جار لە هۆش خۆمان دەچـوین لە ئەمنی کەرکوك


جارێکیان ئەوەندەیان لێدام تا لە هۆش خۆم چـــوم کەبەهۆش هاتمەوە گوێم لە دەنگی منالّ بوو منیش وامزانی منالّەکانی پورە گەوهەرمە کە پێش ئەنفال و لە ئێرانیش هەربەیەکەوە بووین و دراوســـێمان بوون بانگم دەکردن کارێز، کاوە وەرن بچـــن جگەرەم بۆ بکڕن، برادەرە زیندانی کراوەکانم بە تایبەت کاك نامیق وتی کاکە تۆ بانگی کێ دەکەیت ئێرە زیندانە تکایە هاوار مەکە ئێسـتا جەلادەکان دێن و قۆڵی نامەردیان هەڵدەماڵن و بەر دەبنە گیانمان و لە ئێمەش دەدەن، دوایی بۆم دەرکەوت کە هەرکەســـێك هاوار بکات جەلادەکانی بەعس دێنە ژورەوە و شـــەلم کوێرم کەس ناپارێزم لە هەموو زیندانەکان دەدەن.

با شـتێکت بۆ بگێڕمەوە کە هەرگیز بیرم ناچـێتەوە یەکێك لە زیندانەکان ناوی مامۆســـتا ڕەحیم بوو وتی گرتنی من لەســـەر ئەوە بوو ڕۆژێك لە ناو بازاڕی سـلێمانی لە کاتی ڕۆیشـتنمدا بە شـێوەی سـوتفە شـانم بەر شـانی کەســـێك کەوت نەمزانی ئەمنی بەعســـیەکانە لەســـەر ئەوە بەگرتی دام و گەیشـتم بەم ڕۆژە، بەردەوام بیر دەکەمەوە خوایە تاوانی من چـیبوو ئەوە ڕویدا؟! بەداخەوە لەیەکەم دانیشـــتنی مەحکەمە حوکی لەســـێدارەدانی بەسەردا درا و دواتر گوللە باران کرا.

لەو کاتانەی ئەشکەنجەدەدرام بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر کەسێك لەسەر شـــان بەرکەوتنێك گوللە باران بکرێت ئەبێت چـــی لە من بکەن کە بە تاقم و تفەنگ و پۆشـــاکی پێشـــمەرگایەتیەوە گیرام بۆیە چـاوەڕوانی لەوە خراپترم دەکرد بەڵام بەلامەوە ئاســـایی بوو دەموت دوای لەدەســـتدانی هەموو خێزانەکەم کە بیسـت کەس لە خوشـك وبرا و دایك و ژن و منداڵ و برازا تەنها من وباوکم بەر تاوانی ئەنفال نەکەوتین، زیندەبەچـاڵکردنی بەشـێك لە خزم و کەسوکار، وێران کردنی کوردستان با منیش نەمێنم، چونکە بەردەوام هەست

و بیرم لای ئەوان بوو تەنها ئومێدێك بۆ مانەوەم ئەوەبوو بەڵكو لە یەكێك لەو زیندانانەی منی بۆ دەبەن سوتفەی خێزانەكەم بكەم.

دوای حوكم سزای نەفسی دەدرام و لە ژووری معەلەق بووم زیاتر لە سێ ساڵ لەو ژوورە بووم پێشتر كاك جەبار فەرمان لەوێ زیندانی كرابوو نوسراوی ئەوم بەسەر دیوارەكانەوە دەبینی كە چۆن بە دەست و خەتی خۆی وتە و شیعری لەسەر هەستی نیشتیمانی نوسیبوو كاتێك ئەو نوسراوانەم دەخوێندەوە زیاتر هورەم بەرز دەبووەوە هەستی خۆڕاگریم پتەوتر دەبوو.



نوسەر و بایز ڕەزا هەڵەدنی، مۆنۆمێنتی دۆڵی جافایەتی لە قەزای دوكان، ساڵی ٢٠٢٠

ژیانی زیندانی ئەبوغرێب تا بڵێی دژوار و نارەحەت بوو دەیانخستینە ژورێكی سێ كەسی بەڵام زیاتر لە بیست زیندانی حكوم كراوی تێدابوو پەنجەرەی بچوك بچوك بە بلۆك هێڵرابووەوە و دەرگا دادەخرا لەسەرمان، تەوالێت و دەست شۆر لە ژورەكەدابوو زۆر نارەحەت بووبووین بە پیسی و بۆنی ژورەكە.

بۆ كاتی نان خواردن دەچووینە گۆڕە پانێكی بچوك كە لە بەردەم ژورەكەماندابوو دوای نان خواردن دەخراینە ژورە تەنگ و نارەحەتەكەمانەوە.

نزیكەی شەش ساڵ لە زینداندا مامەوە نارحەتی و ناسۆری ژیانی زیندان و

بیرکردەوە لە مان و نەمانی خێزانەکەم ماوەکەی لێکردبووم بە شـــەســـت ساڵ، دیارە چارەنوسی من بەو جۆرە بوو دەبوو بۆ بیرکردنەو و خەفەتی ژیان بمێنمەوە تا دواجار لە لە مانگی ئابی ١٩٩٥ ئازاد کرام و چـــومەوە زێدی باب و باپیری خۆم لە گوندی هەڵەدن، دوو شـــەو و ڕۆژ دانیشـــتوانی گوندی هەڵەدن و هەندێك خزم و دۆستی تر لە شوێنەکانی ترەوە ئاهەنگی خۆشیان گێڕا بۆ هاتنەوەی من.

## زۆر پاڕایەوە لە بەرزان تکریتی کە سزای لە سێدارەدانەکەی دوا بخات بۆ دوای لە دایك بوونی منداڵە نۆ مانگەکەی ناو سکی!

نمونەیەکی تری دڕندەیی و بێ ویژدانی و نامرۆڤی ســـــەرانی بەعس کە لە ویژدانی هیچ مرۆڤێکی بە ویژداندا جێی نابێتەوە، ئەمەی باس دەکرێت خەو نیە، هەرچـــــەندە خەویش بێت ویژدان ناتوانێت بەرامبەر گێڕانەوەکەی خۆڕاگربێت!

خەیاڵ نییە چـــونکە هەرگیز بە خەیاڵی هیچ مرۆڤێکدا نایاتەوە کارێك بکات کە لەوانەیە ئاژەڵە دڕندەکانیش نەیکەن، ئەم چـــیرۆکەی خوارەوە گێڕانەوە یەکێك لەو هەزاران کارە قێزەونەی بەعســـیەکانە کە دەســـت و پەنجەیان ڕاهاتبوو لەگەڵیدا، چاویان بە ڕووداوگەلێکی ئەوا ئەبلەق دەبوو، ئەوان چێژیان لە کردەیەك وەردەگرت کە خۆیان خولقێنەری بن.

لە کاتی نوســـین و پێداچـــونەوەی ئەم پەرتوکە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فیســـبوکی دوو ســـێ هاوڕێمەوە چـــیرۆکێکی تراژیدی هاتە بەر چـــاوم، دوای خوێندنەوەی تەواوی چـــیرۆکەکە فرمێســـــکی ویژدانم بۆ ئەو دایکە بێ تاوانە هەڵڕشـــت کە تا دوا هەناســـەی دەپاڕایەوە پەت نەکرێت بە ملیدا تا منداڵە نۆ مانگەکەی ناوسکی چاوی بە دنیای تاریکی بەعس هەڵدێنێت، دایك باوەڕی

وابوو دوای مردنی ئەو لەوانەیە دەســـــەڵاتی خۆســــەپێن و دیکتاتۆر و نامرۆڤانەی بەعس هەرەس بهێنێت، دەیویســــت ڕۆڵەکەی لە جیاتی دایکی شـەهید کراو لاشـەی سـەرانی بەعس بە کوژراوی ببینێت کە چۆن گوللە بە دەسـتی لاوانی وڵات دەنرێت بە سـنگیانەوە، یان پەتی سـێدارە ببینێت لە ملی سەرانی ڕژێمە داپڵۆسێنەرەکە.

لە ساڵی ١٩٨١ لە یەکێ لە بازگە سەربازیەکان لە ناوچەی خالس ڕژێمی بەعســـی عێراق ژنێکی دووگیان و مێردەکەیان دەســـتگیر کرد، بە تۆمەتی بەشــداریکردن لە هێزی پشــتیوانی حیزبی شــیویعی کە دژایەتی ســەدامیان دەکرد. ژن و مێردەکە دانیان بەوەدانا کە ســـەر بە حیزبی شـــیویعی بوون، بەڵام ئێســـتا وازیان هێناوە و دەگەڕێنەوە بۆ بەغدا بۆ ســـەر کاری ئاســـایی خۆیان، بەڵام دەزگا ئاســـایشـــەکان باوەڕیان پێنەکردن و تۆمەتباریان کردن بەوەی کە زانیاری زارەکی دەگوازنەوە بۆ ڕێکخسـتنەکانی شـیویعی لە بەغدا، بەم هۆیەوە ڕەوانەی دادگای شۆڕش کران.

لەو دادگایەدا ســزای لە ســێدارەدانیان بۆ دەرکرا و ســەدامیش ڕەزامەندی لەسەر جێ بەجێ کردنی سزاکە دەربڕی.

ژنەکە ناوی مەیادە بوو کە ســزای لە ســێدارەدانی بۆ دەرچــوو دووگیان بوو، لە کۆتا مانگی خۆیدا بوو کە مناڵەکەی ببێت، زۆر پاڕایەوە لە بەرزان تکریتی کە ســـزای لە ســـێدارەدانەکەی دوابخات بۆ دوای لە دایك بوونی مناڵەکە! بەڵام داواکاریەکەی لە لایەن بەرزانەوە بەرپەرچ درایەوە و پێی وت، وڵات پێویســـتی بە لە دایك بوونی کەســـێکی خائین نییە، دوای ئەوە مەیادە داواکاریەکیتری پێشکەشکرد کە ڕێگەی بدەن منداڵەکەی بە شێوەی نەشـتەرگەری ناچـاری دەربێنن، بەڵام بەرزانی دیکتاتۆری دڵڕەق بۆ ئەمەش ڕەزامەندی نەنواند.

دکتۆر عوبێدی کە ئەم ڕوداوە دەگێڕێتەوە دەڵێت دوای ئەوە مێردی ژنەکە ملی کرا بە پەتی سێدارە، بە دوای ئەودا ژنە بیست ساڵانە دووگیانەکەشی بە هەمان شێوە برایە سەرتەختی سێدارە!

جەلاد (جاسب سەماوی) ئەرکی لە سێدارەدانی پیاوەکەی جێ بەجێ کرد، سەرەی ژنەکە (مەیادە) هات و لەسەر تەختی سێدارەکە زۆر پاڕایەوە و دەگریا کە چەند ڕۆژێك مۆڵەتی بدەن تا منداڵە بێ تاوانەکەی لە دایك ببێت بەڵام بە هیچ شێوەیەك گوێی ستەمکاران ئەم ناڵە و هاوارەی نەدەبیست!

ناچار زۆری لە خۆی دەکرد بەڵکو هەرچۆنێکی کردووە بە زۆر مناڵەکەی بێتە دەرەوە و هێزی دەکرد و هاواری لە خوای گەورە دەکرد و ناوی پێغەمبەر (د.خ) دەهێنا بەڵکو بەزۆر ژان بۆ خۆی دروست بکات و منداڵەکەی ببێت پێش لە سێدارەدانی!

لێوەکانی دەلەرزین و دەگریا و بە پەلە دوعای دەکرد لە دواساتەکانی بەڵکو منداڵەکەی ڕزگار بکات بەڵام بێ سود بوو، لەم ساتەدا ستەمکار (جاسب سەماوی) پەلەی کرد لە تاوانەکە و (مەیادە)ی دووگیانی لە سێدارەدا!

بەڵام بە ویستی خوای گەورە لە کاتێکدا (میادە) ملی بەپەتی سێدارەوە بوو منداڵەکە لە دامێنی کەوتە خوارەوە و بەزیندویی کەوتە سەر زەوی لەم کاتەشدا ستەمکار جاسب سەماوی وتی واز لەو منداڵە بێنن با بمرێت! بەڵام ئەو پزیشکەی کە ئامادەی ساتی لە سێدارەدانی میادە بوو، ڕێگەی بە مردنی منداڵەکە نەدا و وتی ئەگەر دایکی تاوانبار بێت ئەوە مرد، ئەی منداڵەکە تاوانی چییە؟!

ئامادەبووان ڕەزامەندیان دەربڕی لەسەر ئەوەی منداڵەکە بمێنێت، بەو مەرجە بدرێتە کەسی سێیەم تاوەکو بەرپرسی هەواڵگری بەرزان تکریتی چارەنوسی دیاری دەکات، هەموویان ڕەزامەند بوون کە ئەو منداڵە بدرێتە ژنە

کارمەندێکی ئەو شـــوێنە بە ناوی (ڕەزیە) کە پاککەرەوەی ژووری لە ســـێدارەدان بوو، ڕەزیە خۆی مندالّی نەدەبوو ئاواتە خوازی مندالّ بوو مندالّەکەی لە ئەستۆ گرت، هەر لەوێ ستەمکار و بێ ویژدان جاسب سەماوی مندالّەکەی ناونا (زەغیر)، رەزیەی پاککەرەوە دوای ئەوەی ژووری سێدارەکەی شـــۆرد هەر لەوێش مندالّەکەی شـــۆرد و بە هەندێ لە پۆشـــاکەکانی دایکی پێچـــایەوە و بە پەلە مندالّەکەی بردەوە بۆ مالّی خۆیان کە لە ناوچـــەی (حەسوە) بوو لە نزیك بەندیخانەی ئەبوغرێب.

کاتێك مێردەکەی هاتەوە بۆ مالّەوە مندالّە چـــارەنوس نادیارەکەی لە باوەش گرت، یەکەم شـــت کە ئەنجامیاندا گۆڕینی ناوەکەی بوو لە (زەغیر) بۆ (وەلید) بردیانە فەرمانگەی نفوس بە ناوی رزیە و مێردەکەیەوە کردیانە مندالّی خۆیان.

دوای سالّی ٢٠٠٣ و ڕوخانی ڕژێمی سەدام برای مەیادە کە دەکاتە خالّی مندالّەکە لە ئەلّمانیا نیشـــتەجێ بوو، کاتێك هەوالّی خوشـــکەزاکەی زانی گەڕایەوە عێراق چـــوو بۆ ناوچـــەی حەســـوە توانی رەزیە بدۆزێتەوە، داوای لە ڕەزیە و مێردەکەی کرد کە وەلیدی خوشـــکەزای بدەنەوە دەیباتە ئەلّمانیا لەوێ سەرپەرشتی دەکات.

لەم کاتەدا وەلید لە تەمەنی ٢٢ ســـالّیدا بوو، لە بازاڕی حەســـوە بە عەرەبانە کاری حەمالّی دەکرد! هەرچەندە ڕەزیە ناڕازی بوو وەلید بگەڕێتەوە لای خالّی، بەلاّم ویستی دایە دەست وەلید کە چی هەلّدەبژێرێت.

وەلید بە خالّی وت کە لەگەلّ دایکە ڕەزیە دەمێنێتەوە، بە خالّی وت من چیم دەوێت و تۆ چیت دەوێت! بەلاّم با ئەوەبێت کە ویستی خوایە.

لە سالّی ٢٠٠٤ دایکی بە خێوەکەر ڕەزیە هەرچی زێڕی هەبوو فرۆشتی و دای بە یەکێك لە بەرپرســـان بۆ ئەوەی وەلیدی بۆ دابمەزرێنێت، ئەوەبوو

وەلید لە فەرمانگەی چـــاکســـازی دامەزرا بە موچـــەی ١٥٠٠ دۆلاری ئەمریکی، دوای ماوەیەك وەلید کرایە ســـەجان ئەوەی کە خەڵکی ڕەوانەی ســـجن دەکات لە مەحکەمەی ئیتحادی، دواتر کرایە بەرپرســـی جێ بەجێ کردنی فەرمانی لە سـێدارەدان بۆ ئەوانەی کە لە دادگای ئیتحادی فەرمانی لە سێدارەدانیان بۆ دەردەچێت.

دوای ئەوەی سەدام و بە شێك لە هاوڕێیانی دە ستگیر کران، یەکێك لەوانە بەرزان تکریتی بوو، کە دادگای ئیتحادی فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرکرد و ناوبراو برایە ژووری لە سێدارەدان!

وەلید فەرمانی لە سێدارەدانی بەرزان تکریتی جێ بەجێ کرد لە هەمان ئەو ژوور و شوێنەی کە وەلید لە دامێنی دایکی بە ناحەق کوژراو کەوتە خوارەوە، بەرزانی تێدا لە ســێدارە درا بە دەســـتی منداڵی چـــارەنوس نادیار ئەمەش یەکێکە لە داد پەروەریەکانی خوای گەورە.

ڕۆڵەی کورد هەمیشە خۆی بۆ قوربانی دانابوو لە پێناو گەل و نیشتیمان بۆ ئەوەی هاوڕێکانیان نەگیرێن و بە دەردی ئەوان نەبرێن هەموو جۆرە ئەشکەنجە و لێدانێك نەیتوانی هیچ شتێك لەسەر هاوڕێکانیان بدرکێنن، بەوپەڕی شانازیانەوە دەچوونە بەردەم پەتی سێدارە، خاڵە شیهاب و هاوڕێکانی نمونەی دیاربوون کە بوونە ســـەر مەشـــقی گیانفیدایی و دروشمی کەم ژیان و کەڵ ژیانیان کردە وێردی سەر زوبانی نەوە دوای نەوەی ڕۆڵەی کوردستان.

تێکستەکانی شـەهیدی فەرماندە مەلا عەلی کە لە ژووری سـێدارە لە سـاڵی ١٩٧٩ نوســـیوێتی گەواهی دەری ئەوەیە کە کورد ســـڵ ناکاتەوە لە ژووری زیندان و پەتی سێدارە.

بەشـێك لە شـیعری (سـێدارە)ی مەلا عەلی دەکەین بە نموونەی هەڵوێســتی لاوانی کورد لە کاتی لە سێدارەداندا.

## سێداره

برا دوور و خزم دوور و کەسم دوور
بە نابەڵەد تەمەن ئەمبا بەرەو ژوور
بەڵام ڕوونە بەرەو سێدارە چوونە
خەنەی خوێنم لەپێ ئەگرێ ئاڵای سور
بەرەو ژووری بەرەو ژووری سێدارە
ماندوی کردووم و شوێنەکەم شێدارە
کە نیشانەی پەشێوی پێوە شێوەم
ئەوە برینی ئەشکەنجەیە و جێ دارە
نەڵێن ئەمرێ و لە ترسی مەرگ پەشێوە
پێشمەرگەبم هەر ئەکەومە پێش ئێوە
بە مەرگی پێش مەرگی ئێوە ئاسودەم
ڕوشم زەردی پێکەنینی هەرپێوە
گەرچی بەرەو دوامالی ژین بەڕێوەم
یەکەم مالی نەمردنم دیارە لێوەم
بەشم چونکە مردنی ناو جێ نییە
شادم کە تا دوا هەناسەش بە پێوەم
مەرگی ئاوا ناگۆڕمەوە بەسەد ژین
ژینێ سەرم بۆ دوژمن ببێ بە پەرژین
سەربەرزیە کە پێڵاوم ئەبینم
بەسەر سەری دوژمنەوە لە بەرزیم
پێ لە سەریان دائەنێم و ئەڕوانم
بەرەو شاری جێ هەواری کاروانم

## شێوازەکانی ئەشکە نجە و لێدان

١/ فەلاقەکردنی ژێر پێکان و هەموو جەســـتەی زیندانیکراو بە ســـۆندە و کێبڵ لێدان تا دەبورایەوە زۆر جاریش ئاوی ســـارد یان گەرم بە جەســـتەیدا دەکرا و دواتر کارەبایان لێدەدا.

٢/ هەڵواســینی زیندانی بە هەردوو دەســت یان هەردوو قۆڵی بۆ ماوەیەکی زۆر و لە هەمان کاتدا ئاویان دەکرد بە جەستەیدا و کارەبایان لێدەدا.

٣/ ڕووت کردنەوەی زیندانی و فەلاقە کردنی هەموو جەستەی و کارەبا لێدان.

٤/ هەڵواســـینی ســـەرەوخواری زیندانی بە هەر دوو قاچ و فەلاقە کردن و کارەبا لێدان و ئاو بەسەرا کردنی تا دەبورایەوە.

٥/ بەکارهێنانی ئامێری تەلەفۆنی ئەشـکەنجەدان کە بریتیبوو لە ئامێرێکی کارەبایی کەم تەوژم و دوو وایەری ســارد و گەرمی پێوەبوو ڕاســت و چـەپ دەیانبەسـت لە پەنجەی قاچ و دەسـت و ئەندامی نێرینە و گوێچـکە و لە پڕ و جارجار تەزویان لێدەدا.

٦/ بەســتنی شـوشـەی ساردی و بوتڵی گەورەتر بە ئەندامی نێرینەوە لە کاتی هەڵواسین و بەستنەوەدا.

٧/ بەســتنی بوتڵی غاز بە هەردوو شــان یان هەردوو قاچــی زیندانیەوە لە کاتی هەڵواسیندا.

٨/ هەڵپەســـاردنی زیندان بە دیواردا، دەســـت و قاچ پێ بەرز کردنەوە بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن.

٩/ خولانەوەی زیندانی بە دەوری پەنجەی دەســتێکدا بە چـەماوەیی تا گێژ بوون.

١٠/ خســـتنە ناو ژووری گەرم و بە زۆر دەرخواردنی پیاز و ســـەمون لە گەرمای هاوینی جنوب کە لە سەرو پەنجا پلەی سیلیزیدا بوو، ئاو پێنەدانی

بۆ ئـەوەی هـەردوو حـالـّەتی گـەرما و تینوێتی پـەکی زینـدانی بخـات.

١١/ فریودانی زیندانی ساویلکە و دەروون نزم کردنیان بە سیخوڕ بە سەر زیندانیەکانیترەوە.

١٢/ بەند کردنی زیندانی لە ژووری تەنیایی بە تەنها بۆ ماوەی مانگ یان چەند مانگ یان ساڵ زیاتر.

١٣/ ئەشـــکەنجە و ئازارێك کە لە هەموویان ناڕەحەتتر بوو بریتی بوو لە هەڵواسـین و بە ستنەوە بە هەردوو دە ست و کەلەپچـە کردنی لە دوای ملیەوە بە پایەی بەردەم بیناکە، لێدانێکی زۆری هەموو جەستە بە قایش و پشتێن لە ســـەرەوە بۆ خوارەوە تا ئاســـتی جوڵە لێبڕین، دواتر ئاو بەســـەردا کردن و کارەبا لێدان ماوەیەکی زۆر کە هەندێك جار لە چـــەند کاژێرێکەوە بۆ (٣٨) کاژێر بێ نان و ئاو خواردنەوە.

١٤/ بتڵ بڕینە کۆمی زیندان.

١٥/ سەرتاشینی زیندانی بە موس و پڕکردنی ژێر کڵاوەکەی لە مێروله.

١٦/ کڵاوی ئاسن کردنە سەری زیندان و لێدان بە چەکوش لە کڵاوەکە.

١٧/ زیندان خستنە ناو ژووری تاریك و لێدانی دەنگ و هاواری ئەشـکەنجە دراوان بە شێوەی تۆمار کراو.

١٨/ چوار مێخەکێشانی زیندانی و دڵۆپاندنی ئاو بۆ سەر تەوقی سەری.

١٩/ جەســـتەی زیندانی ســـوتاندن بە جگەرەی داگیرســـاو و کوژاندنەوەی جگەرەکە لەسەر جەستەی.

٢٠/ هێنانی خێزان و خوشك و دایك بۆ شوێنی ئەشکەنجەدان و ترساندنی زیندانە بەوەی لەبەر چاویان سوکایەتیان پێدەکەن ئەگەر ئیعتراف نەکەن.

٢١/ ترســـاندنی زیندان بەوەی ســـوکایەتی ئەخلاقی پێدەکەن ئەگەر ئیعتراف نەکات.

٢٢/ سمێڵ تاشین لایەکی یان هەمووی بە مەبەستی سوکایەتی بۆ ئەوەی ورەی زیندانی بڕوخێت.

٢٣/ زنجیر کردن و چاو بەستنەوە بۆ چەند شەو و ڕۆژێك.

٢٤/ بردنی زیندانی بە شەو بۆ شوێنی چۆڵ و ترساندنی بە کوشتن و تەقە کردن بەسەریدا بە شێوەی سازدانی سیناریۆیەکی تۆقاندن.

٢٥/ لە کاتی جێبەجێ کردنی بڕیاری مردن بەسەر ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لە ناویان بەرن و بە شەو گوللە بارانیان دەکەن، زیندانی تر دەبەنە ئەو شوێنە و دوای ئەنجامدانی مەرگەساتەکە چاویان دەکەنەوە و هەڕەشەیان لێدەکەن کە ئێستا ئەوانیش بە هەمان شێوە دەکوژن بۆ ئەوەی لە ترسا ئیعتراف بکەن.

٢٦/ هەڵواسینی زیندانی بە هەردوو دەستی کەلەپچەکراو کە بە ئاستەمی نوکی پەنجەی پێیەکانی دەگەیشتە زەوی بۆ ئەوەی هەموو قورسایی لەشی بکەوێتە سەر شوێنی کەلەپچەکەی مەچەکی و ئازارێکی زۆری بدات.

٢٧/ لێکۆڵینەوەی درێژ خایەن و جەنگی دەرونی بە هەموو شێوەکانیەوە.

٢٨/ تەرەکاندنەوەی پێستی لەشی و خوێ تێکردنی.

٢٩/ بردنی زیندان بۆ ژووری ئەشکەنجەدان و لێکۆڵینەوە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك بێ ئەوەی ئازاری بدەن تەنها بۆ ئەوەی گوێی لە ناڵە و هاواری زیندانیتر بێت لە کاتی ئەشکەنجە و ئازاردا تا ترس و لەرزی بچێتە دڵیەوە و بە ئاسانی ئیعتراف بکات.

٣٠/ هەڵواسینی زیندان بە پانکەی خولاوە.

٣١/ ئوتو کردنی لەشی زیندان.

٣٢/ فەرماندان بە زیندانی بەزیو بۆ ئەوەی لە هاوڕێ و هاوبیری پێشووی خۆی بدات پێی بسەلمێنێت کە ئەو بەزیوە ئیعترافیشی لە سەر هاوڕێکەی کردووە، بۆ ڕوخاندنی هورە و خۆبەدەستەوەدان.

٣٣/ نینۆك دەرهێنانی دەست و قاچی زیندانی.

٣٤/ سوتاندنی هەندێك شوێنی لەش بە تێزاب و هەرِە شە کردن لە زیندان بەوەی دەیخەنە حەوزی تێزابەوە.

٣٥/ ئاگر تێبەردانی پەرِەی کاغەز لە ژێر گون و ناو پەنجەکانی قاچدا.

٣٦/ گون گوشین و ئازاردانی تا بوواراندنەوەی زیندانی.

٣٧/ لێدانی مۆسیقای وێنەی ترسناك و هارِە هارِی بەرمیلی رِوخاو و لە پرِ وەستاندنی ئۆتۆمۆبێل و هۆرِینی هەوایی لەناو ژووری تاریکدا بەشێوەی تۆمارکراو.

٣٩/ رِوتکردنەوەی منالّی بچوك و هەلّواسین و ئازاردانی بە بەرچاوی دایکە زیندانیەکەیەوە بۆ ئەوەی لە تاو ئازار و هاتوهاواری منالّەکەیدا ئیعتراف بکات.

٤٠/ لە سەر پشت رِاکیشاندنی زیندانی بەسەر تەختەی بزمار رِێژکراو.

٤١/ بە زســـتان دانانی زیندانی لە ژووری قەپات و شـــێداردا کە بە هۆی کەمبونەوەی ئۆکسـجینەوە توشـی بورانەوە دەبوو، شـێداریەکەشـی توشـی نەخۆشی سکچون و حالّتی تری دەکرد.

٤٢/ مێشك (غسل الدماغ). ئەم جۆرەیان بە کەمی بەکار دەهێنا.

٤٣/ رِوتکردنەوە و هەلّواسـین ئازاردانێکی جەسـتەیی قورس بوو لە هەمان کاتدا ئازاردانێکی دەرونی دژوار بوو چـــونکە زیندانی وا هەبوو بەرگەی ئازار و ئەشـکەنجەی جەسـتەیی دەگرت بەلاّم بە رِوتکردنەوەی جەسـتە شـەرمەزار دەبوو خۆیان دەدا بەستەوە.

تەلەفون: ئێمە کە گوێ بیسـتی تەلەفون دەبین وا دەزانین ئەم ئامێرە تەنها بۆ کاری پەیوەندی بەکار دێت بەلاّم لای زیندانیان ئامێرێکی پرِ ئازار و نارِەحەت بوو.

ئەو تەزووە کارەباییە بێ بە زەییە بوو کە لەشـــی زیندانی وەك ژیژك گرمۆلّە دەکرد و بە شێوە ئاسنێکی ئاگرین بە ناو دلّ و هەناو و دەمارەکانی لەشدا دەرِۆیشت.

# کۆشکی کۆتایی (قصر النهایة)

بەشێکی زۆری سەرکردە و کەسە دیارەکانیان دەبرد بۆ شوێنی ئەشکەنجەدان، بە ناوبانگترین شوێنی ئەشکەنجەدان بە ناوی (قصر النهایة) واتە کۆشکی کۆتایی، هەر بە ناوەکەیدا دیار بوو کە هەر زیندانیەك بچێتە ئەو شوێنە زەحمەتە جارێکیتر دنیای ڕوناك بە چاو ببینێتەوە دەبوو لە ژێر ئەشکەنجەدا کۆتایی بە ژیانی بێت.

بەناوبانگترین جەلاد لە بواری ئەشکەنجەدان کە کەم کەسی عێراق هەبوو ئەو ناوەی نەبیستبێ (نازم گزار) بوو، سەرپەرشتی جۆرەکانی هونەری ئەشکەنجەدانی دەکرد، دواتر بووە بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی، ناوبانگی نازم لای هەمووان ڕون و دیار بوو، ئەو خوێندکار بوو لە پەنجاکاندا چووە ڕیزی بەعسیەکانەوە، لەبەر بێویژدانی خێرا بە پلەکانی بەعسدا سەرکەوت، یەکێك بوو لەو شیعە کەمانەی ناو حیزبی بەعس کە گەیشتبووە بەڕێوەبەری پۆستێکی گەورەی بەعس و دەسەڵاتێکی زۆر باشی هەبوو، ئەو کاتێك بەها و توانای خۆی دەرخست کە دەسەڵاتی قاسم ڕوخا خۆی وەك ستەمکار و تۆقێنەری شیوعیەکان نیشاندا.

ناوبانگی نزار لە توند و تیژی و ستەمکاری لەو جۆرە بوو کە تەنانەت لە ترس خستنە دڵ و دەرونی ئەندامانی حیزبەکەی خۆشی سەرکەوتوبوو، بە شێوەیەك خۆی نمایش دەکرد کە ئارەزوی لێپرسینەوەشی هەبوو تا سام و هەیبەتی خۆی وەك تۆقێنەرێك پیشانی بەندکراوان بدات، لەکاتی لێپرسینەوەدا هونەری نوێی ئەشکەنجەدانی بەکار دەهێنا و هیچ بەزەییەکی بە بەندکراواندا نەدەهات تەنانەت جاری واهەبوو جگەرەکەی لە چاویاندا دەکوژاندەوە.

زۆربەی کارە توند و تیژیە وەحشیە گەراکەی گزار لە قەسری نیهائی بوو، کە بەعسیەکان لەوەدا سەرکەوتو بوون بیکەنە تاقیگەیەك بۆ پەرەپێدانی

ئالیەتی لێپرســینەوە، دەیانتوانی وەك كەرەســتەیەكی فشــار كارەكانی ئەو پیادە بكەن، كاتێك سەدام چووە دەسەڵات بوونە پێوەری ئەشكەنجەدان.

نمونەیەكی دیار (حەننا بەتاتۆ) مێژونوســـی بەتوانا و تایبەت لە مێژوی عێراقی سەردەمی بەعس لە زنجیرەیەك ڕووداو لە فایلە ڕەسمیەكانی حكومەت توانی ڕاپۆرتێكی تۆقێنەر لە زنجیرەیەك ڕووداو هەڵێنجێنێ كە وەســـفی ئەو شـتانە دەكات لەسـەردەمی بەعسـیەكان و لەسـەر دەسـتی گزاردا لە سـاڵی ١٩٦٣ لە قەسری نیهائی ڕویانداوە.

نوسـینگەی لێكۆڵێنەوەكانی پاسـەوانی نەتەوەیی (حرس القومی) بە تەنیا ١٠٤ كەسـیان لە زیندانەكانی قەسـری نیهائی كوشـتووە، كە نوسـینگە وەك بنكەی سـەركردایەتی بەكاری دەهێنا، هەموو جۆرە ئامرازێكی ئەشـكەنجەدان هەبوو وەك كارەبایی، گازگیر، دە ستەندوی ئا سنی سەرتیژ كە بە زەبری هێز بەندكراوەكانیان لەســەر دادەنیشــان، لەگەڵ ئامێرێك كە هێشــتا پاشماوەی پەنجەی جنراوی هەڵگرتبوو، پیشـــاندانی هەندێك پۆشـــاك كە لێرە و لەوێ خوێنیان پێوەبوو، هەندێ گۆمە خوێن كە شـــوێنیان لەســـەر زەوی دیاربوو، خوێنی سەر دیوارەكان.

بەعس بە خەیاڵی ســەرابی خۆی دەیویســـت بە ئازار و ئەشـــكەنجەدان و لەســـێدارەدانی نەیارەكانی دەســـەلاتە فاشـــیزمەكەی جێگیر بكات، هەموو هـاونیشـــتیمـانیـانی عێراق بـە كورد و عـەرەب و شـــیعـە و ســـونـە و كەمەنەتەوەكانیترەوە بخاتە ژێر چـــەپۆكی بێ بەزەیی خۆی و دەســـەڵاتێكی مەركەزی عێراق بەڕێوەببات، هەر ئەو خود پەرستیە بوو گەیاندیە ئەو ڕۆژەی وەكو شێرە بەفرینە لە ماوەیكی كورتدا بتوێتەوە.

بەعس هەر لەســـەرەتاوە بە توند و تیژی دژی نەیارەكانی وەســـتایەوە بۆ دەمكوت كردنیان، كاتێك دوای ڕوخانی دەســەڵاتی عەبدولكەریم قاســم هاتنە

سـەر تەختی شـانۆی سـیاسـی عێراق بۆ سـەر کوتکردنی هەوادارانی قاسـم و حیزبی شـیویعی کە پاڵپشـتی قاسـم بوون دوای ئەوەی کە لە ڕەشـبگیریدا خەڵکێکی بێتاوانیشـیان دەگرت و ئازارێکی زۆریان دەدان و هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکیان بەرامبەر دەکردن.

دکتۆر عەلی کریم سـەعید، دیبلۆماسـی پێشـوی عێراق کەسـایەتیەکی سـەرکردایەتی عێراق بوو لە حیزبی بەعسـی ئەو سـەردەمە، دەڵێت لە هەڵمەتەکانی پاکتاوکردنی شـیوعیەکان زۆرێك لە عێراقیە بێ گوناهەکان کوژران، وتی ئێستاش بیرم دێ براکەم کە ئەو کات جێگری سەرۆکی هەواڵگری سەربازی بوو یەکێك بوو لە لێکۆڵەرەوە سەرەکیەکان، هاتەماڵەکەم و چەکە ئۆتۆماتیکەکەی فڕێدایە سـەر زەوی و بە دەنگێکی ئازاریەوە وتی ناتوانم بەردەوام بم چـونکە ئەوان خەڵکی سـادە دەگرن و دەینێرنە گۆڕەپانی لە سێدارەدان، ئەمە کارێکە نە قبوڵ دەکرێ و نە بەرگەی دەگیرێ، ئەو زیندانیە بێتاوانانە هەموویان هاوار دەکەن تکایە ئەی محەمەد لە پێناوی عەلی دا، دواتر سێ جار هاوار دەکەن (الله اکبر) بەر لەوەی بمرن.

## هەشت هەزار بارزانی بێسەر و شوێن کران

تاوانی ئەنفال دەگەڕێتەوە بۆ ســـاڵانی پێشـــتر بەڵام ناوزەد نەکرابوو بە ئەنفال، لە بەرنامەی ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستاندا ناوچەی بارزانیشی گرتەوە سەرەتا بەعس خەڵکی سڤیلی بارزانیەکانی ڕاگواست بەرەو ئۆردوگا زۆرە ملییەکان، بۆ هەردوو ئۆردگای (بەحرکە و قوشتەپە) یان بردن و کۆیان کردنەوە و هەموو جوڵەیەکیان لێ یاساغ کردن بۆ دەرەوەی ئۆردوگا.

دواتر لە تاریك و ڕونی بەیانی گەرمای تەموزی ســـاڵی ١٩٨٣ هێزێکی تایبەتی زۆر کە ســـەر بە گاردی کۆماری بوون، لە بەغداوە هێنرابوون، دەوری ئۆردوگاکەیان داو لە ماوەی چـــەند کاژێرێکی کەمدا بێجگە لە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە هەرچی نێرینەی سەرو هەرزەکار بوو، زیاتر لە هەشت هەزار کەس دەبوون، گرتیان و بەرەو شوێنێکی نادیار ڕاپێچیان کردن و بە کۆمەڵ ئەنفالیان کردن.

کەواتە ڕاگواســـتنی گوندەکان ســـەرەتایەك بوو بۆ کوشـــتنی بە کۆمەڵی هەموو ئەو مرۆڤە بێ چەك و سڤیلانە کە بەلای ڕژێمەوە ئەوان جێگای ترسن بۆ ئایندەی دەسەڵاتی بەعس، بۆیە لەو ئۆپراسیۆنەدا تەنها نێرینەکانی لەناو برد، بە مەبەستی چاوترساندنی گەلی کورد کە هەر کاتێك بیەوێت ئەوانەی توانای چـــەك هەڵگرتنیان هەبێت کۆمەڵ کوژیان دەکات، کوشـــتنی ئەو مرۆڤانەی ناو ئۆردوگاکان دەرخەری ئەو ڕاســـتیە بوو کە ڕاگواســـتنی خەڵکی دێهاتەکان زیاتر بە ئامانجی بارمتە گرتنیان بوو بۆ ئەوەی لە هەر حاڵەتێکدا ویستی لە ناوبردنیانی هەبوو بە ئاسانی دەستیان بە سەردا بگات.

ئەو تاوانەی دەرهەق بەو مرۆڤانە کرا تەنها بە هۆی کورد بوونیانەوە بوو، تا ئەو کاتە بە درێژایی مێژوی ڕژێمەکانی عێراق هیچ کام لە دەســـەڵاتدارانی بەغدا تاوانی لەو جۆرەیان ئەنجام نەدابوو، تاوانێکی مرۆیی گەورەبوو بە

هەموو پێوەرەکان لە ئاســـت هەر تاوانێکی مرۆیی گەورەی جیهاندا بوو کە بەســەر نەتەوەیەکدا هاتبێ، هەرچــەندە تاوانەکە زۆر گەورە و ناڕەوا بوو دژی هەموو یاسـاکانی مافی مرۆڤ بوو، کە دەیان وڵاتی جیهان کۆمەڵکوژی ڕەگەزی و نەتەوەییان یاســاغ کردبوو، دینی ئیســلامیش دژی کوشــتنی مرۆڤە بە هەر پاساوێك، بەڵام هیچ کام لە وڵاتانی جیهان بە چەپ و ڕاست، بە دیموکوراسی و سۆسیالیستی و ئیسلامیی و ئایینەکانی ترەوە دەنگی ناڕەزاییان دەرنەبڕی دژی دەوڵـەتی بـەعس و ئیـدانـەی ئـەو کـارە ســـتـەمکـارەیـان نـەکرد، بۆ چــرکەیەکیش پێڵوی داخراوی چــاویان نەکردەوە تا نیگایەك لە هاوار وناڵەی هەزاران مرۆڤی بێتاوان بکەن و پەردەی گوێیان داخســـت و خۆیان کەڕ و لاڵ کرد و یەك وشەیان لەسەر ئەنفال کردنی مرۆڤە بێتاوانەکان نەوت.

تەواوی جیهان لە ئاست ئەو تاوانە گەورەیەی گەلی کورد خەوت و بە خەبەر نەهات، ئەوان لە خەوی دەسەڵات و پتەوکردنی ئابووری خۆیان بوون، خەویان بە ئابووریەکی بە هێزەوە دەبینی کە پایەکانی لەسەر خوێنی مەیوی ڕۆڵەکانی کورد وەستابوو.

ئەنفال کردنی هە شت هەزار بارزانی سەرەتایەکی ترسناکی سیا سەتی بە کۆمەڵکوژی بەعسـیەکان بوو، ســەرەتایەك بوو بۆ کۆمەڵکوژی مرۆڤی عێراق، مەســـجێك بوو بۆ هاوڵاتیانی وڵاتەکەی کە هەر گروپ و تاکێك بیەوێت لاملی بکات و گوێ بۆ هەموو فرمان و داواکانی ڕژێم نەگرێت، جوڵەی وەك جوڵەی ڕۆبۆت بە کونترۆڵی دە ستی پیاوانی بەعسەوە نەبێت چارەنو سێکی نا دیار و جەهەننەمی چاوەڕوانی دەکات.

دوای ســـی و نۆ ســـاڵ تێپەڕ بوون بەســـەر تاوانی ئەنفالی بارزانیەکان لە ســـاڵوەگەڕی ئەو تاوانە گەورەدا کۆتا مانگی تەموزی ســـاڵی ٢٠٢٢ ڕوفاتی سەد هاوڵاتی بارزانی هاتنەوە کوردستان و لە ڕێوڕسمێکدا کە سەرۆکی هەرێم

و جێگری سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و سـەرۆکی پەرلەمانی کوردسـتان و زۆرێك لە بەرپرسـانی حیزبی و حکومی و هاوڵاتیان و کەسـوکاریان لە زێدی خۆیان بە خاك سپێردران.

یەکێتی نوسـەرانی جینۆسـایدی کوردسـتان لەسـەر هەموو ئەو ڕوداوانەی دە چنە چوارچێوەی جینۆسایدی کورد ستان هەڵوێستی هەبووە، بۆ هێنانەوەی ڕوفاتی سەد هاوڵاتی ئەنفالکراوی بارزانی ڕاگەیەنراوێکی بڵاو کردەوە.

راگەیەنراوی یەکێتی نوسـەرانی جینۆسـایدی کوردسـتان، بەبۆنەی هێنانەوەی ١٠٠ روفاتی قوربانیانی جینۆسایدی بارزانی.

هێنانەوەی پۆلێکی تر لە روفاتی قوربانیانی جینۆسـایدی بارزانیان دەکەینە بۆنەیەك بۆ بانگەوازی کارکردن لەسەر پرسی جینۆسایدی کوردستان و کردنی بە ئەجندای هاوبەش و لەپێشـینەی هەموو لایەکی کوردسـتانی و ناوەندە ئەکادیمی و مەدەنیەکان و دامەزراوە گشتیەکان.

لە ڕێکەوتی ١٩٨٣/٧/٣١ لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا گاردی کۆماری بەعس لە پەلامارێکدا لە ئۆردوگاکانی (قوشـتەپە، بەحرکە، دیانا و هەریر) ٨٠٠٠ هەشت هەزار مرۆڤی بێتاوانی جینۆسایدکرد. هاوشێوەی شاڵاوەکانی تاوانی ئەنفال و کیمیا بارانی هەڵەبجەو کۆمەڵکوژی فەیلیەکان. تاوانەکانی تری جینۆسـایدو دژی مرۆڤایەتی. لەم رۆژەدا ٢٠٢٢\٧\٣٠، (١٠٠) ڕوفاتی جینۆسـایدکراوانی بارزانی هێنرایەوەو لە زێدی خۆیان بەخاك دەسـپێردرێن. ئەم ڕوفاتانە لەبادیەی سەماوە لە باشوری عیراق دۆزراونەتەوەو هەڵدرانەوەو هێنرانەوە. بەپێی ئامارەکان لە سـاڵی ٢٠٠٣ بەدواوە ڕوفاتی (٥٩٧) لە جینۆسایدکراوی بارزانیەکان هێنراوەتەوە کوردستان. وەك یەکێتی نوسەرانی جینۆسایدی کوردستان جەخت دەکەینەوە لەسەر بەردەوامی و پەلە کردن لە هێنانەوەی ئێسـك و پروسـکی قوربانیانی ترو بەدیکۆمێنتکردنی بەڵگەکانی

جینۆسـاید. داواکارین پەرلەمانی کوردسـتان و حکومەتی کوردسـتان کەیسـی جینۆسایدی کوردستان بکەنە لەپێشینەی بایەخی کارکردنیان و ببێتە بنەمای گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عیراقی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان سـەبارەت بە قەرەبوی قوربانیان و دۆزینەوەو پشـکنین بۆ گۆڕە بەکۆمەڵەکان و پشـکنینی دی ئێن ئەی بۆ ڕوفاتەکان بۆ نا سینەوەیان پێش هێنانەوەیان. یەکێتیەکەمان خۆبەخشانە هاوکار و هەماهەنگ دەبێت لەگەڵ دامەزراوە گشتی و مەدەنیەکان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی پەیوەسـت بە جینۆسـایدی کوردسـتان. هێنانەوەی ئێسك و پروسکی بەشێك لە قوربانیانی گەلەکەمان دەکەینە بۆنەی بەردەوامی لە کارکردن بەنوسـین و لێکۆڵینەوەو بەدیکۆمێنت کردن و سـاغکردنەوەو بەدواداچـوون لەم پرسـە نیشـتمانی و ئینسـانیە باڵایەدا. درود بۆ گیانی پاکی شەهیدانی جینۆساید.

یەکێتی نوسەرانی جینۆسایدی کوردستان

## ڕاگواستنی گوندەکان

ڕاگواستن ئەو پرۆسە بەرنامە بۆداڕێژراوەیە کە چەندین ئامانجی شاراوە و ترسناکی لە هەگبەکەیدا حەشاردابوو، سەرەکیترینیان سڕینەوەی شوناسی تاك، نەتەوە، گۆڕینی جوگرافیای خاك، تێکدانی بە های مرۆیی، کلتوری و فەرهەنگیەکان بوو.

یان بریتی بوو لە ڕاگوێزانی زۆرە ملێی دانیشـتوان لە ناوچـەکەی خۆیانەوە بۆ ناوچـەیەکیتر بە بێ ویسـتی خۆیان، ئەمە لە لایەن دەسـەڵاتەوە دژ بە بەشێك لە دانیشتوانەکەی ئەنجام دەدرا.

بەربڵاوی هاوڵاتیانی گوندنشین لە ناوچەیەکی فراوان و سەخت کە خواردن و خواردنەوە خۆیان بەرهەمی بهێنن و پێویسـتییە سـەرەکیەکانیان لەڕێی

خۆیانەوەیە دابین بکرێت، چاویان لە دەستی پیاوانی دەوڵەتەوە نەبێت، هەر ئەوەشە وایکردووە ژێر دەستەییان و کۆنترۆڵ کردنیان ئەستەم بێت، هەرکاتێك ڕژێم بیەوێت ناچار بە جێبەجێ کردنی فەرمانەکانیان بکات ئەوان یاخی دەبن دژی دەوڵەت و دەبنە پەناگای هێزی پێشمەرگە، پێشمەرگەش ئەو هێزە شۆڕشگێڕەیە کە لە لاوانی کورد ستان پێکهاتووە بەمەبەستی ڕێگری و سنور دانان بۆ دە سەلاتی ڕژێم و بەگژداچوونەوەی دە سەلاتی مەرکەزی، کە خاکی کوردستان هی گەلی کوردە و نابێت داگیری بکات و خەڵکەکەی بچەوسێنێتەوە.

هەرچەندە ئەو سیاسەتە توندە دوژمنانەی دژی هاوڵاتیانی گوندەکان پیادەی دەکرد مانای ئەوە نییە کە بەرامبەر هاوڵاتیانی شارەکان سیاسەتێکی نەرم و شەریفانەی پیادە کردووە، لە فیکری ڕژێمدا بوو سیاسەتی خۆی لە ناو شارەکاندا ڕۆشنتر دەبینی.

جگە لە سەختی ناوچەکانیان خەڵکی گوندەکان ڕاهاتوی جۆرە سیاسەتێکی نیمچە سەربەخۆ بوون، ئەوان حکومڕانی لۆکاڵی خۆیان بوون، لە زۆر ناوچە خێڵێك یان عەشرەتێك حکومەتێکی لۆکاڵی خۆیان هەبوو بە پێی کلتور و نەریتی خۆیان گەورەیەك یان چەند کەسێکیان کردبووە ڕێبەر و فەرمانڕەوای خۆیان و لەوانەوە بە پێی دەستوری خێڵ فەرمانیان پێدەکرا و کاری خۆیان ڕایی دەکرد، هەرکێشە و گرفتێکیش هەبووایە بە ڕای هەموویان چارەسەریان دەکرد، ئەوان بە ئاسانی دەستەمۆی دەسەڵاتێك نابوون کە بێ پرسی ئەو جوڵە نەکەن و لە هەموو ماڵەکاندا وێنەی سەرۆك هەڵبواسن، لای ڕۆڵەکانی گوند ئەوە تاوان بوو ئەوان بە وشەی پاراوی ڕەسەنی کوردی وا تێگەینرابوون بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان شەرەفە هەر مرۆڤێکیش لە پێناو خاك و گەلدا گیانی ببەخشێت شەهیدە، لای ئەوان پیرۆزترین وێنە وێنەی شەهیدەکانیان بوو، کە دژی زوڵم وزۆرداری ڕژێم خۆیان کردبووە قوربانی کوردستان.

ئامانجی سەرەکی بەعس ئەوەبوو کە خەڵکی ئەو ناوچانە چیتر دوور و پەراویزی ناو بازنەی حکومڕانی بەعس نەبن، بەڵکو کۆبکرێنەو و لە ژێر چاودێری زومی کامێراکانی پیاوانی بەعسدا بن و ئاگاداری هەموو جوڵە و کارەکانیان بن، بۆیە هەموویانی هێنایە ناوشار و ئۆردوگا زۆرە ملیەکانەوە، نیەتی بەعس بۆ ئەوە نەبوو کە ئەو خەڵکانەی دابڕاو لە ژیانی شارەستانیەت سودمەند ببن لە پێشکەوتنەکانی ئەوسەردەمەی جیهان و گۆڕانکاریەکان لە ڕێگای کەناڵەکانی بیستن و بینراوەوە.

بەعس دەیویست ئەوان بەردەوام بینەری کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئەو بن، بە تایبەت تیڤی بەعس کە بەردەوام لە شاشەکانەوە پاڵەوانی جەنگ و دروستکەری ڕوداوەکان سەدام حسێنی دەخستە بەردیدەی بینەرانێك کە تەنها لە دوورەوە ناوی سەدامیان بیستبوو، ئەوان فێر نەکرابوون لە ژورەکانیان وێنەی سەرۆکێکی دیکتاتۆر هەڵبواسن، ئەوان دوور بوون لە وتن و لەبەرکردنی ئەو سرودانەی کەبەسەر عێراق و شان و باڵی سەدامیان هەڵدەدا، ئەوان بە شێك بوون لە شۆڕشگێڕان لە ژورەکانیان وینەی چەندین شەهید و سەرکردەی و قارەمانی گەلەکەیان هەڵواسیبوو، سرودی نیشتیمانی و نەتەوەیی بووبووە وێردی سەر زوبانیان.

ئەوان بە ئاسانی نابوونە بە شێك لە لاشەی بێزراوی بەعس، نابوونە سێبەر و تارمایی سیستەمی ڕژێم.

دڵسۆزی و خۆشەویستی دانیشتوانی گوندەکان دوای خێڵەکەیان بۆ ئەو هێز و حیزبانەیە کە لە هەناوی خۆیاندا هەڵقوڵاون لە پێناو بەرگری خاکی پیرۆزی کورد ستان، ئەوان ئامادەبوون بە شێك لە داهاتی ساڵانەیان ببەخشن بە هێزی پێشمەرگە و زۆرێك لە پیاوان و ژنان خۆیان وەکو هێزی پشتیوانی ئامادە بوون لە هەر حاڵەتێکی پێویستدا داوایان لێبکرایە ئامادەبوون و

هەرکاتێکیش پێویستی بە خۆیان بوو بێ دوودڵی چەکی کوردایەتی بکەنە شانیان و بچنە ڕیزی پێشمەرگەوە یان ببنە هێزی پشتیوانی.

کۆمەڵگای کوردی مێژویەکی دوور و درێژی هەیە لە بەرخودان و ڕادەست نەبوون بە دەسەڵاتی دوژمنان، کاراکتەری خۆڕاگر و دیاری کراویان هەیە و ئەزمونی دەستەمۆیی و ژێردەستەیی دەسەڵاتی تۆتالیتاریان نییە و بە ئاسانی دەستەمۆی سیستەمی دیسپلینی دەسەڵاتی بەعس نابوون، ئەوان ناتوانن سەرباز و پیاوی ڕژێم و جەلادبن، هەرچەندە بەعس دەیزانی کە ئەو پرۆژەی بەدەستیەوەیەتی بۆ دەست بەسەراگرتنی هەموو ناوچەکان سەختە بەڵام لەسەر فیکری خۆی بەردەوام بوو، ئەگەر لێدان بە چەکی کیمیایی لە ڕێگای فڕۆکەی شەڕکەر و تاوانی ئەنفال نەبوایە زۆر زەحمەت بوو ڕژێم بتوانێت دەست بەسەر ناوچەی ڕزگار کراودا بگرێت، بەعس دەیزانی چەندە بەهێز بێت لە ئاست ورە و توانای شۆڕشگێڕان و خەڵکی ئازا و چاونەترسی گوندەکان بە چۆکدا دێت و ناتوانێت ناوچەکانیان بگرێت، هەرکاتێکیش بیەوێت سنوری ناوچەکانیان ببەزێنێت چەندین بەربەست ڕێگر دەبن لە ئاست جوڵە دوژمنکاریەکەی بۆیە هەمیشە بە ترسەوە هەنگاوی داگیرکاری دەنا بۆ ناوچە گوند نشینەکان.

لە سیستەمی بەعسدا مرۆڤ وەك ڕۆبۆتێك سەیر دەکرا ڕۆبۆتێك کە کۆنترۆڵەکەی بەدەست پیاوانی باوەڕپێکراوی بەعسەوە بێت چۆن و بە چ ئاراستەیەك مەبەستی بێت بیجولێنێت، بۆیە هەموو ڕێگاگانی دەستەمۆ کردنی مرۆڤی ناوچەی دورەدەست و گوند نشینی تاقیکردەوە لە لێدان و ئەشکەنجەدان و چاوترساندن و زیندانیکردن و ڕاگواستنی چەند ناوچەیەکی سەر سنور و ناوچە کورد نشینیەکانی دەور و پشتی کەرکوك، کە لەو ناوچانە دوای ڕاگواستن لە شوێنی ئەوان عەرەبی هاوردەی نیشتەجێ کرد و دیموگورافیای ئەو ناوچانەی گۆڕی، کە تا ئێستاش بۆتە کێشەی گەورە بۆ باشوری کوردستان.

حکومەتی بەعس لە چارەکی کۆتایی سەدەی ڕابووردو بڕیاری ڕاگوا ستنی گوندەکانی سەر سنور و هەندێك ناوچەیتریدا کە بەلای ئەوانەوە جێی مەترسی بوو بۆ پەناگای شـۆڕشـی کورد، دەیویسـت دانیشـتوانی ئەو گوندانە بە هەر شێوازێك بێت دەست بەرداری زێدی باب و باپیرانیان بن.

سـەرکردایەتی کورد زوو هەسـتی بە مەترسـی ڕاگواسـتنی گوندەکان کرد هەوڵیدا بە هەرشـێوەیەك بێت ڕێگری بکات لە پلانی خراپی ڕژێم بۆیە لە کۆتایی حەفتاکاندا سـەرکردایەتی ئەو کاتی کوردسـتان یەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتان بە نێوەند گیری شـێخ محەمەدی کوڕی شـێخ ڕەشـیدی لۆلان کە حکومەتی عێراق ناردبووی تا لەگەڵ یەکێتی گفتوگۆ بکەن، یەکێتیش ڕازی بوو، دانیشتنێکیان لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێکخست بە ئامانجی ڕێگری کردن لە ڕاگواستنی گوند و شارۆچکەکانی کوردستان بەتایبەت ناوچە سنوریەکان، ڕەوانشاد مام جلال لە دیداری تەمەندا بەم شێوەیە باسی دانیشتنەکە دەکات:

"بڕیارماندا عەلی عەسـکەری بنێرین لەگەڵ شـێخ محەمەدی لۆلانی ڕۆیشـتن وەکو پاشـان خۆی گێڕایەوە لە بەغدا عەدنان خەیروڵا دەبینێت وپاشـان دەچێتە لای سەدام حسێن داخوازیەکانی ئێمە کە بە سەدامی وتبوو (ڕاگرتنی سیاسەتی کاولکردنی دێهاتی کوردستان و ڕاگواستنیان بۆ خوارووی عێراق بوو، چـونکە حکومەت تازە بڕیاری دابوو کە بە درێژایی هەموو سـنورەکان لە سنوری سوریاوە لە لای شەنگارەوە بگرە بە درێژایی سنوری تورکیا و هەموو سـنوری ئێران واتا هەموو ئەو شـوێنانەی کوردنشـینن هەتا لای مەندەلی بە قوڵایی ٣٠ تا ٤٠ کیلۆمەتر هەرچـی دێهاتی کورد هەیە ڕایگوێزن و لە جێی ئەواندا عەشائیری عەرەب دانێن یاخود چۆلی بکەن و کەسی لێ دانەنێن.

بڕیاریان دابوو ئەو ناوچـانە هەر گیانلەبەرێکی تێدابێت ئینسـان بێت یان ئاژەڵ پێویسـتە بکوژرێت، دیارە ئەو بڕیارە بە لای ئێمەوە زۆر شـۆڤێنی و

ڕەگەزپەرســت و زیان بەخش بوو، چــونکە نەتەوەی کورد لە یەك دادەبڕێت، بەشی کوردستانی عێراق لە کوردستانی تورکیا و ئێران و سوریا دادەبڕێت، ئێمەی والێدەکرد پەیوەندی ئابووری و بازرگانی و هاتوچۆمان لە نێواندا نەمێنێت.

نیشانەیەکی تری خراپی ئەم پیلانە ئەوەبوو کە حکومەت لەسەر سیاسەتی کاولکردنی کوردستان و ڕاگواستنی کوردستان و تەعریب کردن بەردەوام بوو، بۆیە ئێمەش یەکەم داوامان ئەوەبوو ئەم سیاسەتە هەڵبوەشێتەوە.

ســەدام گوتبوی ئێمە ســیاســەتی ڕاگواســتن جێبەجێدەکەین ئەگەر هەموو لەشکری عێراقمان لەسەر دۆڕاندبێت، هەروەها گوتبوی ئێمە ئەو سیاسەتەمان داناوە و لە هیچی پەشیمان نین و لێشی نایەینە خوارێ".

بەعسیەکان کۆتا جار بڕیاری وێران کردنی بەشێك لە ناوچە دورە دەست و ســەختەکانی کوردســتانیان دا، بڕیاری ڕاگواســتنی دانیشــتوانی گوندەکان بووە پێشینەی کاری بەعس بۆ بەرنامەی سڕینەوەی کورد.

چەند گوندێکی دۆڵی جافایەتی کە دەکەوتنە سەر سنوری نێوان عێراق و ئێران بەر ئەو ڕاگواستنە کەوتن.

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ســلێمانی لە ســاڵی ١٩٧٧ ژمارەی گوندەکانی هەرێمی کوردســتان ٥٤٣٠ گوند بوون، بەڵام دواتر بە هۆی سیاسەتە وێرانکەرەکانی ڕژێمی بەعسی عێراقەوە ٤٧٥٢ گوند ڕووبەڕووی وێران کردن بوونەتەوە و تەنها ٦٧٨ گوند لە هەرێمدا مایەوە، هەرچــەندە دوای ڕاپەڕینەکەی ئازاری ١٩٩١ توانرا ٣٧٣٠ گوند ئاوەدان بکرێتەوە.

ڕژێمی بەعس گوندەکانی لەگەڵ خاك تەخت کرد، ســەرەتا دەســتی کرد بە ڕاگواســتنی ناوچــە نەوتیەکان، بۆیە شــاڵاوی بە عەرەب کردن و ڕاگواســتن بە زۆری دانیشــتوانی ئەم ناوچــانەی گرتەوە کە بە نەوت دەوڵەمەندن، ناوچــەکانیش ئەمانە بوون (ناوەندی قەزای کەرکوك، دوبز لە پارێزگای

کەرکوك، قەزای کۆیە لە پارێزگای هەولێر) پا شان دە ستی کرد بە ڕاگوا ستنی ناوچە سنوریەکان بە پێی ڕێکەوتنی جەزایری ساڵی ١٩٧٥، کە دەرفەتێکی باش بوو بۆ دە سەڵاتدارانی بەعس، تا نەخ شە و پلانەکانی لە کورد ستان جێ بە جێ بکەن، هەربۆیە بە پەلە کەوتنە ڕاگواستنی دانیشتوانی ناوچە سنوریەکانی کوردستان بۆ ئۆردوگا زۆرە ملیەکان، لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥ – ١٩٧٨ دەیان هەزار خێزانی کورد لە ئۆردوگاکان کۆکرانەوە، هەموو گوند و لادێکانی سـەر سنور لەگەڵ خاك تەخت کران، ناو چەکانیش ئەمانەبوون (قەزاکانی چۆمان و ڕواندز و مێرگە سـور لە پارێزگای هەولێر، هەردوو قەزای ئامێدی و زاخۆ لە پارێزگای دهۆك، قەزاکانی قەڵادزێ و ڕانیە و شارباژێڕ و شارەزوور و سەرجەم گوندە سنوریەکانی نێوان عێراق و ئێران لە پارێزگای سلێمانی).

لـە بـەرواری ١٤ی ئـەیلولی ١٩٧٨ ڕژێمی بـەعس نزیکـەی ٢٨ گونـدی ناوچەی هەورامانی ڕاگواست بۆ ئۆردوگا زۆرە ملیەکانی خورماڵ و زەمەقی و سـیروان و شـانەدەری و هەڵەبجەی تازە، لادێکان تێك دەدران و دەکران بە ناوچەی قەدەغە کراو (محرمە) و بە تەواوەتی چۆڵ دەکران وەك گوندی یالانپێ.

جێی ئا ماژە یە بە بڕیارێکی ڕژێمی بەعس لە ٢٠ی تەموزی ١٩٨٣ دانیشـتوانی گوندەکانی چـۆمان ڕاگوێزران بۆ کۆمەڵگە زۆرەملیەکانی هەریر و سـۆران و پیرزین و شـاوەیس لە پارێزگای هەولێر، چـوارقوڕنە و ڕانیە لە سنوری پارێزگای سلێمانی.

هەروەها لە ١٩٨٩/٦/٢٦ شـاری قەڵادزی و دەڤەری پشـدەر ڕووبەڕووی ڕاگواسـتن بووەوە و خەڵکەکەی بۆ ئۆردوگا زۆرەملیەکانی بازیان و باینجان لە سلێمانی، خەبات و کەرگۆسك و دارەتوو لە هەولێر گوێزرانەوە.

هەروەها لە ١٩٨٩/٩/٦ خەڵکی سەنگەسەر و گوندەکانی بناری قەندیل و دەوروبەری ڕاگوێزران.

ڕژێمی بەعس و دەســەڵاتە دیکتاتۆرەکەی جگە لە ســیاســەتی ڕاگواســتن دەســتی کرد بە ســیاســەتی بە عەرەب کردنی ناوچــەکان و گۆڕینی ناوی ناوەندەکانی خوێندن و شوێنە گشتیەکان لە کوردیەوە بۆ عەرەبی، لە ساڵی ١٩٧٦ ناوی کەرکوکی بە بڕیاری ڕەسمی گۆڕی بۆ تامیم، هەر لەو ســاڵەدا ناوە کوردیەکانی گەڕەك و شــەقام و قوتابخانە و بازاڕ و دوکانەکانی شــاری کەرکوکیان گۆڕی بۆ ناوی عەرەبی، ئەمانە هەمووی بوونە هۆی وێرانکردن و تەعریبی ناوچەکان.

هەروەها لە ساڵی ١٩٧٧ هەزاران عەرەبیان هێنایە شارەکە، بۆ سیاسەتی بە عەرەب کردن و ڕاگواســتنی گوندەکان، ڕژێمی بەعس دەســتی کرد بە وێرانکردنی گوندەکانی نزیك شــاری کەرکوك بە تایبەت گوندەکانی نزیك بیرە نەوتیەکان، کە ژمارەیان ١٣ گوند بوو وەك (ســۆنەگولی، یاروەلی، پەنجاعەلی، وەلی پاشا، قزڵ قایە، چیمەنی گەورە، چیمەنی بچوك، جەوەڵ بۆر، هەنجیرە، قوتان، قوشــقانە، شــۆراو و یاجوان)، هەروەها دانیشــتوانی کوردی گوندەکانی ناحیەی دوبزی ڕاگواســت و عەرەبی عەشــیرەتی کۆچــەری تێدا نیشتەجێ کردن وەك گوندەکانی (قەرەدەرە، عەمشە، مەرعی، قەڵاعەربەت).

دەڤەری شەنگالیش لەم تاوانە بێبەش نەبوو، لە ساڵی ١٩٦٤ ڕووبەڕووی شــاڵاوێکی دڕندانەی توندی بە عەرەب کردن و ڕاگواســتن بوونەوە، بۆ نمونە ١٣٣ گوندی دەڤەرەکە بەر ئەم شاڵاوی ڕاگوێزانە کەوتن و دانیشتوانەکەی لە ١١ ئۆردوگا کۆکرانەوە، بەناوی زەقی عەرەبی ناونران لەوانەش (الاندلس، القحتانية، العروبة، القادسية، الحتين، الوليد، العدنانية،....... هتد).

لە ســـەدەی تەکنەلۆجیا و ئەتۆم و جیهانگیریدا جارێکیتر لە ژێر پەردەی ئیسلام و بەناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لە ساڵی ٢٠١٤ شەنگال شاری کوردە یەزیدەیەکان بەر شاڵاو و پەلاماری ئەو دڕندانە کەوت و

شارەکەیان بە تەواوی وێران کرد و هەرچی کلتور و شوێنەواری ئەو شارە هەیە کە مێژویان بۆ سەدان و هەزاران ساڵ دەگەڕایەوە وێرانی کرد، سەدان کچی بێ تاوانیان کرد بە سەبایە و مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان پێوەکردن و بازرگانیان پێوە دەکرد لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی، سەدان ژن و پیاویان بەبێ تاوان کوشت.

لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ کورد ئەزمونی مێژووی خۆبەڕێوەبەری خۆی دەست پێکرد، هەرچەندە گوندەکان بە هۆی سیاسەتەکانی ڕژێمی عێراقەوە تەواو وێران کرابوون، بەڵام گوندنشینان بەشێکیان گەڕانەوە سەر واری خۆیان و لە سەرەتاوە دەستیان بە ژیان کردن لە گوندەکاندا کردەوە و بەشێکیشیان جارێکیتر نەگەڕانەوە ناو گوندەکانیان.

## ئابلۆقەی ئابووری سەر گوندەکان

حکومەتی بەعس بە وردی بەرنامەی لەناوچوون و قڕکردنی گەلی کوردی داڕشت بە پێی قۆناغ و کات.

یەکەم هەنگاو بە ئابلۆقە خستنە سەر دێهاتەکانی ناوچە ڕزگار بووەکانی ژێر دەسەسەڵاتی شۆڕش بوو، ڕێگری دەکرد لە بەدەست گەیشتنی کەرەستەی بینا سازی و پێداویستیە خواردەمەنیەکان و پۆشاك، بۆ ئەوەی هیچ بە دانیشتوانی گوندنشینەکان نەگات و هاوڵاتیانیش وەڕز و بێتاقەت بن و پشت بکەنە شۆڕش وەکو پێویست خزمەتی پێشمەرگە نەکەن و هەڵگەڕانەوەی جەماوەری دروست ببێت، ئەوە خەیاڵی پوچی ڕژێم بوو چونکە گەلی کورد بەتایبەت دانیشتوانی گوندەکان بەرگەی زۆر لەوە ناخۆشتریان گرتووە و دەگرن.

بەڕێگای قاچاغ خواردنیان پێدەگەیشت، نرخی خواردەمەنیەکان بە

چـــەندین قات لە نرخی خۆی بەرزتر تا دەگەیشــتە ناوچـــەی ئازاد، بە نموونە فەردەیەك شـــەكری پەنجا كیلۆیی لە ناو شـــارەكان بە نزیكی پێنج دینار بوو، بەڵام بە سەرو پەنجا دینار دەگەیشتە دەست دانیشتوانی ناوچە ئازاد كراوەكان و ئەوانیش ئەو خواردەمەنیانەیان بۆ خۆیان و پێشمەرگەكان بەكار دەهێنا.

ئابڵۆقەی ئابووری سەر ناوچە ئازاد كراوەكان لە هەردوو شۆڕشی ئەیلول و نوێدا لەلایەن ڕژێمەوە خرایە سەر كورد.

دوای هەرەســـهێنانی گفتوگۆی ســـاڵی ١٩٨٤ شـــۆڕش و ڕژێمی عێراق، بەعسیەكان بە مەبەستی زاڵ بوون و كێشە دروست كردن بۆ شۆڕش بە بڕیار و بەرنامە ئابڵۆقەی ئابووری توندی خستە سەر ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، بۆ ئەم مەبەســتە لیژنەی ناوەندی تەنسـیقی ئەمنی دامەزرێنرا بە لێپرسـراوێتی (محەمەد حمزە ئەلزوبێدی)، كە لە بروسكەیەكی نهێنی و بە پەلەدا بۆ سەرۆكی لیژنە ئەمنیەكانی پارێزگاكان لە ڕۆژی ١٩٨٦/٨/٢ ناردویەتی و تێیدا هاتووە:

(بە پێی ئەوەی لە نوســـراوی دیوانی ســـەرۆكایەتی ژمارە ٢٨١٨٩ ڕۆژی ١٩٨٦/٨/٢ هاتووە بڕیار درا ئابڵۆقە بەردەوام بێت و گوشـــار بخرێتە ســـەر دێهاتەكان و ناوچـــە قەدەغەكراوەكان لە ڕووی ئەمنییەوە و بەپێی ئەو ڕێنوێنیانەی لەمبارەیەوە دەرچـــووە كە بە تەواوەتی خواردن و شـــتیتر بۆیان قەدەغەیە).

پاشـــان ڕاپۆرتە لێكۆڵینەوەیەك بەبڕیاری عەلی حەســـەن مەجید ئامادە كرا بۆ ئابڵۆقە بەسەر ناوچەكانی ژێر دەستی پێشمەرگە كە تێیدا هاتووە:

لە پێناو ســـەرخســـتنی ئابڵۆقەی ئابوری و توندكردنی دەروازەكان تا كاریگەرێتی لەسەر تێكدەران هەبێ لیژنەكە ڕادەسپێرین كە:

١/ قایمكردنی دەسەڵات بەسەر شارۆچكە و ئۆردوگاكاندا.

٢/ كەمكردنەوەی ژمارەی وەكیلەكان لە قەزا و ناحیەكاندا و كەمكردنەوەی

بەشەکانیان بەو ڕادەیەی ڕێگەی پێ دەدرێ بە پەیڕەوی کردنی سیستەمی بیتاقە.

٣/ قەدەغەکردنی دزەکردنی خۆراك و سوتەمەنی و داو و دەرمان لە ڕێگەی زاڵگەکانەوە بە هەموو شـــێوەیەك جگە لەوەی تەرخانکراوە بۆ وەکیلەکانی قەزا و ناحیەکان، چـاودێریکردنی گەیشـتنی ئەو خۆراکانە بۆ قەزا و ناحیەکان کە دەدرێتە کارمەندانی گومرگ بە هەمان ڕێژەی دیاریکراو.

بەعسیەکان بە شێوەیەك ڕەفتاریان لەگەڵ هاوڵاتیانی گوند نشینان دەکرد وەك دوژمن یان داگیرکەر، لە کاتێکدا ئەو هاوڵاتیانەی ئابلۆقەی ئابوری دەخرایە ســـەریان هاوڵاتی عێراقی بوون، وڵاتی خۆیان خۆش ویســـتووە و بە درێژایی مێژوو لە کاتی هەر هێرشـــێکی دەرەکی بەرگریان لە نیشـــتیمانەکەی خۆیان کردووە.

دەبوایە حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق مافی هاوڵاتی بوون بۆ هەر تاکێکی کوردســتان دابین بکردایە بێ جیاوازی نەتەوەیی و ڕامیاری، پێویســت بوو لە سەر حکومەت خواردن و خزمەتگوزاری بۆ گوندنشینان دابین بکردایە و هاوکاریان بووایە بە تایبەت لە کەرتی کشـــتوکاڵ بۆ ئەوەی گوندەکان ببنە سەرچاوەی سەرەکی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ شارەکان.

لەسەر حکومەت پێویست بوو پێداویستی تەندروستی بگەیەنێتە گوندەکان بۆ ئەوەی لە نەخۆشـی و کێشـە تەندروسـتیەکان دوور بن، بەڵام نە بنکە و نە پێداویســـتی تەندروســـتی، نە پزیشـــك بۆ گوندەکان دەســـتەبەر نەکرابوو، هەرچەندە لە ناو شار و ژێر دەستی حکومەت گرنگی دەدرا بە خوێندن بەڵام ناوچە گوندنشینەکان لەمەشدا پەراوێز خرابوون و هیچیان بۆ نەکرابوو.

دەبوایە حکومەتی عێراق خواردن و جل و بەرگی بۆ هەموو دانیشـــتوانی وڵاتەکەی بێ جیاوازی نەتەوەیی و فیکری دابین بکردایە، لە جیاتی ئەوە ڕێگریشــی دەکرد لە گەیشــتنی ئەو پێداویســتیانە، کە بە قاچـاغ دەگەیشــتە

ناوچە ئازاد کراوەکان.

لەگەڵ ئەو گوشارە زۆرەی ڕژێم بۆ ڕێگری کردن لە پێداویستییە مرۆیەکانی دەیکرد، بەڵام ئازایەتی و چاوکراوەیی گوندنشینان لەوە بەتواناتر بوو کە ڕژێم بتوانێت دەست و پێوەندیان بکات، لەڕێگەی قاچاغەوە بە نرخێکی زۆر گران پێداویستیەکانیان بە دەست دەگەیشت.

هەر هاوڵاتیەك یان شۆفێرێك پێداویستیەکانی خواردەمەنی و پزیشکی پێبگیرایە توشی توندترین لێپێچینەوە و سزا دەبوو لەلایەن ڕژێمەوە.

باوکم حەمەڕەشید سوارە، وتی لەگەڵ ڕەحمەتی عەبدوڵڵا ڕەسوڵ هەڵەدنی کە بەداخەوە جاری دووەم لەلایەن بەعسەوە گیرا و شەهید کرا لە سلێمانی هەندێك خواردەمەنیمان کڕیبوو هاتینەوە بۆ هەڵەدن لە یەکێك لە زاڵگەکان گرتیانین و ماوەی چەند سەعاتێك چاویان بەستینەوە بردیانین بۆ شوێنێکی بەرز لە ئەزمڕ دەچوو هەرچەندە چاومان هیچی نابینی چەند جارێك هەڕەشەی کوشتنیان لێدەکردین و فیشەکیان بە ژێر پێمانەوە دەنا، دەیانوت ئێوە دەبێت دان بەوەدا بنێن کە خواردەمەنی بۆ پێشمەرگە دەبەن، ئێمەش دانمان بەوەدا نەنا دواجار پەنجە مۆریان پێکردین و بەسەڵتی لە شوێنێکی دەرەوەی سلێمانی لە ئۆتۆمۆبێلە سەربازیەکە فڕێیان داینە خوارەوە وتیان یەك جاریتر بێنە ناو سلێمانی دەتانکوژین.

ڕۆژی ١٩٨٧/٥/٩ کۆمەڵێك شۆفێر و هاوڵاتی سنوری دۆڵی جافایەتی و دەوروبەری بە تۆمەتی بردنی خواردەمەنی بۆ هێزی پێشمەرگە گیران و هەندێکیان گوللە باران کران منالێشیان لە ناودا هەبوو، ئەوکەسانە لە لایەن عەبە کەرکوکی ڕادەستی حکومەت کران، دوای چوار ڕۆژ لە گرتنیان لە ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٣ لە حامیەی سلێمانی (پارکی ئازادی ئێستا) دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر گوللە باران کران. بەشێکیان پێش شەهید کردنیان بە

زیندویی زۆربەی ئەندامانی جەستەیان بڕیبوون.

شەهیدەکان: (١/ جەمال محەمەد ناسر مالومەیی ٢/ هۆشیار عەبدولحەمید گووروون گوێزیلەیی ٣/ ڕە شید محەمەد عزیز یاخسەمەری ٤/ عوزێر ئەحمەد حمەئەمین یاخسەمەری تەمەنی تەنها ١٢ ساڵ بوو ٥/ جەمال مستەفا حەمە سەرگەڵویی ٦/ ڕەسوڵ عەبدوڵا ئەحمەد سەرگەڵویی ٧/ شەریف حەسەن شەریف شاقوڵی ٨/ عەتار حەمەئەمین تیماری).

چەندین کەسیتر دوای ئەوان گیران بە ڕێکەوت ئازاد کرابوون.

ئەو بڕیار و کردەوانەی حکومەتی عێراق تەواو پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤ بوو، ئەوەتا لە خاڵی ٢٥ ی جاڕنامەی مافی گەردوونی مرۆڤدا هاتوو (هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە کە ژیانێکی گونجاوی بۆ دابین کردنی سەلامەتی و خۆشگوزەرانی خۆیی و بنەماڵەکەی هەبێت، بە تایبەت لە ڕووی خواردەمەنی، جل و بەرگ، چاودێری پزیشکی و خزمەتگوزاریەکانی تایبەتی کۆمەڵگاوە).

بەعسیەکان بەو هەموو گوشارە نەیانتوانی ڕێگری بکەن لە پاڵ پشتی گوندنشینانی ناوچە ئازاد کراوەکان بۆ هێزی پێشمەرگە، بە پێچەوانەوە ڕۆژ دوای ڕۆژ هێزی پێشمەرگە لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتیەوە بەرەوپێش دەچوو، بۆیە دوا بڕیاری دەرکرد بە پەلاماردانی ناوچەی ئازاد کراو تاوانی ئەنفال و لە ناوبردنی هاوڵاتیانی کوردستان و کاول کردن و تەخت کردنی گوند و شارۆچکەکان، هەرچی خانو و خوێندنگا و نەخۆشخانە و مزگەوت و شەقام و پرد و کانی و شوێنە خزمەت گوزاریەکان بوو تەختی زەوی کران.

# دوا پلانی بەعس بۆ وێرانکردنی کوردستان

ڕۆژی ١٩٨٧/٣/١٨ بە پلانێکی پێش وەختە بۆ وێرانکردنی کوردستان و سەرکوتکردنی شۆڕشی کورد، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس و سەرکردا یەتی هەرێما یەتی لە کۆبونەویەکی هاوبەشدا بە تۆمەتی دەستەوەستان لە سەرکوتکردندا (سەعدی مەهدی سالّح و محەمەد حمزە ئەلزوبێدی) یان لابرد، بێویژدانترین مرۆڤی سەرزەوی (عەلی حەسەن مەجید) نا سراو بە عەلی کیمیایی، ئامۆزای گەورە دیکتاتۆری سەدەی بیستەم سەدام حسێنیان کرد بە ڕازگری نوسینگەی باکوری حیزبی بەعس.

ئەم ئالّوگۆڕە زەنگێکی پڕ مەترسی بوو چونکە سەدام هەموو دەسەڵاتەکانی خستە ژێر دەستی خێزانەکەی خۆیەوە، کە بە پەوپەڕی دڵسۆزی بۆ بڕیارەکانی سەرۆك ئەرکەکانی بە زیادەوە جێبەجێ دەکات و شەلم کوێرم هیچ ناپارێزم هەرچی بەرشالاّوی پەلاماری ئەو بکەوێت لەناو دەچێت.

بۆ ئەم مەبەستە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە واژووی فەرمی سەدام حسێنی دیکتاتۆر، بە پێی بڕیاری ژمارە ١٦٠ی ڕۆژی ١٩٨٧/٣/٢٩ دەسەڵاتی ڕەهای بەخشیە عەلی حەسەن مەجید، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بەناوی خوای بەخشندەومیهرەبان

بەناوی گەل

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ژمارە بڕیار / ١٦٠

ڕۆژی بڕیار / ١٩٨٧/٣/٢٩

بە پشت بەستن بە ئەحکامی بڕگەی (أ) لە ماددەی چل و دوو بڕگەی (أ) لە ماددەی چل و سێی دەستوور بە جێبەجێکردنی ئەوەی لە کۆبونەوەی هاوبەشی

ئەنجومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش و سـەرۆکایەتی هەرێمایەتی پارتی بەعسـی عەرەبی سۆسیالیستی، لە ڕۆژی ١٩٨٧/٣/١٨ بڕیاری ئەمەی خوارەوە درا:

یەکەم/ هەڤاڵ عەلی حەسـەن مەجید نوێنەرایەتی سـەرۆکایەتی هەرێمایەتی حیزب و ئەنجومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش دەکات بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانیان لە گشت ناوچەکانی باکوردا، لە ناویشیاندا ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردسـتان بەمەبەسـتی پاراسـتنی ئاسـایش و دەسـتەبەرکردنی ئارامی و جێبەجێکردنی قانونی ئۆتۆنۆمی لە ناوچەکەدا.

دووەم/ هەڤاڵ ئەندامی سـەرکردایەتی هەرێمایەتی بۆ بە دیهێنانی ئەم بڕیارە سەرپەرشتی دەسەڵاتی بڕیاردانی پەیوەست هەموو دەزگا مەدەنی و سەربازی و ئاسایشیەکانی دەوڵەت دەکات، بە تایبەتی ئەو دەسەڵاتانەی پەیوەندیان بە ئەنجومەنی ئاسـایشـی نەتەوەیی و لیژنەی کاروباری باکورەوە هەیە.

سـێیەم/ هەموو ئەو لایەنانەی خوارەوە لە گشـت ناوچـەی باکور بە هەڤاڵ ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتییەوە دەبەسترێتەوە و بە هەموو ئەو بڕیار و ڕێنوێنیانەوە پەیوەست دەبن کە دەبێ جێبەجێ بکرێن بە پێی ئەم بڕیارە:

١/ ئەنجومەنی جێبەجێکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان.

٢/ پارێزگاکان و سـەرۆکی یەکە کارگێڕیەکانی سـەر بەوەزارەتی حوکمی ناوچەیی.

٣/ دەزگاکانی هەواڵگری و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و هەواڵگری سەربازی.

٤/ سەرکردایەتی سوپای محەللی.

چوارەم/ سەرکردایەتی سەربازی ناوچەکە پەیوەست دەبن بە فرمانەکانی هەڤاڵ ئەندامی سـەرکردایەتی هەرێمایەتی بەهەموو ئەو مەسـەلانەی پەیوەندیان بە خاڵی (یەکەم)ی ئەم بڕیارەوە هەیە.

پێنجەم/ کار بەم بڕیارە دەکرێت لە ڕۆژی دەرچـــوونیەوە تا ئاگادار کردنەوەیەکیتر، ئەو ئەحکامە نا قانونیانەی ناکۆك دەبێت لەگەڵ ئەحکامی ئەم بڕیارەدا کاری پێناکرێت.

سەدام حسێن

سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

دانانی عەلی حەســـەن مەجیدی ئامۆزا و کۆپی ســـەدام واتە کەس ناتوانێت ورتەی لێبێت لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی سەرۆك.

عەلی کیمیایی هەر لە ســـەرەتای لێدوانەکانیەوە دڵســـۆزی خۆی بۆ ئامۆزا دیکتاتۆرەکەی دەربڕی و بەڵێنیدا هەر زوو شۆڕشـی کورد سەرکوت دەکات و کوردستان وێران دەکات و لەسەر زەوی عێراق دەیسرێتەوە.

وەکو کەسـێکی دڵسـۆزی خێزان و فەرماندەیەکی قارەمانی بەعس هەر زوو کەوتە کار بۆ جێبەجێکردنی ئەجندای بەعس و ســـەدام حســـێن، ســـەرەتا دەســـتی کرد بە کۆکردنەوەی گوند نشـینان لە شـوێنێکی گشـتی کە پێیان دەوت ئۆردوگا (مجمع) بۆ ئەوەی لە ژێر دەستی شۆڕش و پێشمەرگە دەریان بهێنێت و دەستی بەعسیان بەسەردا بگات، بەڵام ئەوەی کە ئەو مەبەستی بوو وەك پێویست بۆی نەهاتە دی بۆیە بەوە نەوەستا و بڕیارێکیتری دەرکرد، کە بە سەرەتای تاوانی ئەنفال دادەنرێت، ئەمەش دەقی ئەو بڕیارەیە:

سەرکردایەتی نوسینگەی باکور ژمارە:٢٨/ ٤٠٠٨

لە/ سەرکردایەتی نوسینگەی ڕێکخستنی باکورەوە بەرواری: ١٩٨٧/٦/٢٠

بۆ/ قیادەی فەیلەقی یەك، قیادەی فەیلەقی دوو، قیادەی فەیلەقی پێنج

بابەت/ مامەڵەکردن لەگەڵ گوندی قەدەغەکراو لە بارەی ئەمنییەوە

لەبەر ئەوەی ماوەی ڕەسمی بۆ ئەو گوندانە لە بەرواری ٢١ ی حوزەیرانی ١٩٨٧ کۆتایی هاتووە بڕیارمان دا لە ڕۆژی ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٧ دەست بەکاربین بەم شێوەی خوارەوە:

١/ هەموو گوندەکان لەمەودوا بە ناوچــەی قەدەغەکراو دادەنرێن، لە ڕووی ئەمنیەوە کە هەتا ئێستا شوێنی بەکرێگیراوانی ئێران و تێکدەرانی خائینزادە و نمونەکانیانن کە خیانەتکارانی عێراقن.

٢/ بەتەواوی قەدەغەیە خەڵك و ئاژەڵی تێدا بمێنێت، ئەم ناوچـــانە بە ناوچەی قەدەغەکراو دادەنرێن و تەقە کردن تیایاندا ئازادە بێ مەرج (غیر قید) و بێ تەعلیمات مەگەر تەعلیماتیتر دەر بچێت لەو بارەیەوە لە لایەن بارەگاکەمانەوە.

٣/ هاتو چۆ لەوێوە بۆ ئێرە یان لێرەوە بۆ ئەوێ یان کشتوکاڵ و تۆوکردن و پیشەسازی و ئاژەڵداری قەدەغەن و لەسەر دەزگا پەیوەندیدارەکان پێویستە بە دوادا چونی جدیان لە بارەیەوە هەبێت و هەریەکە و بەپێی تایبەتمەندێتی خۆی.

٤/ ســـەرۆکایەتی فەیلەقەکان لێدانی تایبەت ئامادە بکەن، ناو بە ناو بە تۆپ و فرۆکە و ســەمتی و کۆپتەر لە هەموو کاتێکدا بە شــەو و بە ڕۆژ بیخەنە کار بۆ کوشـــتنی گەورەترین ژمارە لەو کەســـانەی کە لە شـــوێنە قەدەغە کراوەکاندان و ئاگادارمان بکەنەوە.

٥/ حیجز کردنی هەموو ئەو کە سانەی کە دە ستگیر دەکرێن لە گوندەکانی ئەو ناوچـــانە، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت لە لایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە و حوکمی ئیعدامیان بەسەردا جێبەجی دەکرێت، ئەوانەی کە تەمەنیان لە ١٥ ساڵ زیاترە هەتا ٧٠ ســـاڵ دوای ســـود وەرگرتن لەو زانیاریانەی پێیانە ئاگادارمان بکەنەوە.

٦/ دەزگا پەیوەندی دارەکان هەڵدەســـتن بە لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەوانەی خۆیان بە دەســـتەوە دەدەن لە دەزگا حکومی و حیزبیەکاندا بۆ ماوەیەك

ئەوپەڕی ٣ ڕۆژ هەتا ١٠ ڕۆژ بێت، دەبێت لەو حاڵەتانە ئاگادار بکرێینەوە، ئەگەر ماوەکە پێویستی کرد زیاد بکرێت ئەوا دەبێت بە تەلەفۆن یان بروسکە ڕزەامەندی ئێمە وەربگرن، لە ڕێی هەڤاڵ (تاهیر العانی)یەوە.

٧/ هەموو ئەو شتومەکانەی کەوا فەوجەکانی دیفاع وەتەنی و جەنگاوەرەکانیان دەستیان دەکەوێت بۆ خۆیان دەبێت، تەنها چەکە قورسەکان و چەکی ئەسناد و چەکی مامناوەندی نەبێت چەکە سوکەکان بۆ خۆیان دەبێت، ئێمەی لێ ئاگادار بکەنەوە و تەنها ژمارەکانیان تۆمار بکەن، پێویستە لە سەر فەرماندەی جەحافیلەکان چالاك بن بۆ ئاگادار کردنەوەی هەموو موستەشارەکان و فەرماندەی سریەکانیان و مەفرەزەکانیان، بە وردی ئێمە ئاگادار بکرێینەوە لە چالاکیەکانی فەوجەکانی دیفاع وەتەنی، سەرۆکایەتی مەجلیسی تەشریعی، سەرۆکایەتی مجلیسی تنفیزی (جێبەجێکردن)، دەزگای زانیاری، سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا، پارێزگارەکان، سەرۆکەکانی لیژنەئەمنیەکانی (نەینەوا، تەئمیم، دیالا، سەلاحەدین، سلێمانی، أربیل، دهۆك)، ڕازگری لقەکانی ئەو پارێزگایانەی کە لە سەرەوە ناویان هاتووە، بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری گشتی سەربازی، بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی گشتی، بەرەڕێوەبەری ئەمنی ناوچەی حوکمی زاتی، بەڕێوەبەری ئەمنی پارێزگاکانی (نەینەوا، تەئمیم، دیالا، سەلاحەدین، سلێمانی، أربیل، دهۆك).

تکایە بۆ تێڕوانین و جێبەجێکردن هەرکەسە و بە پێی تایبەتمەندی خۆی ئاگادارمان بکەنەوە.

ئیمزا

عەلی حەسەن مەجید

ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی

سەرکردایەتی نوسینگەی ڕێکخستنی باکور

دروســـــت کردنی ناوچـــەی قەدەغەکراو و ڕێگری لە بەردەوامی ژیانی هاوڵاتیانێك کە ســـەدان ســـاڵە لە زێدی باوك و باپیرانیان دەژین، تەنها لە بەرنامە و دەســـەڵاتی دیکتاتۆرەکاندایە ئەو جۆرە بڕیارانە بدرێت، بە پێی فرمانی پەروەدگار و یاســـاکانی مافی مرۆڤ نابێت ڕێگری بکرێت لە ئازادی و سەربەستیەکانی مرۆڤ، تەنانەت دەبێت دەوڵەت و دەسەڵات ئازادی بۆ سەرجەم مرۆڤەکان فەراهەم بکات بێ جیاوازی ڕەگەزی و نەتەوەیی و ئاینی و ڕامیاری.

لە خاڵی ٣ی جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە (هەموو کەس مافی هەیە ژیان و ئازادی و ئاسایشی شەخسی هەبێ).

بەعسیەکان باوەڕیان بە ئازادی تاك نەبووە و هەرکەسێك بە فرمانی ئەوانی نەکردبێت تۆمەتی خائین و بەکرێ گیراویان خستووەتە پاڵ، ڕەواییان داوە بە خۆیان بۆ هەموو جۆرە لێپرســـینەوە و ســـزایەك تا ئاســـتی بەند کردن و ئەشکەنجەدان و لە سێدارەدان و گوللە باران کردن.

بەعسیەکان لە کاتی لێکۆڵینەوە و سزاداندا ڕەچاوی تەمەنیان نەکردووە، ئەوەتا بە پێی ئەو فرمانەی ســـەرەوە دەڵێت لە پازدە ســـاڵ تا حەفتا ســـاڵ دەبێت چـــاودێری بکرێت و لێپرســـینەوەی لەگەڵ بکرێت، مێردمناڵی پازدە ساڵ لە هیچ وڵاتێکی جیهان بە تاوانبار دانانرێت چونکە تەمەنی منالە، سێ ســاڵی ماوە بگاتە تەمەنی یاســایی خۆیی، بەعس لەمەشــدا تاکتیکی بە کار هێناوە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لە گەڵ تەمەنی خوار ئەو تەمەنە بکرێت، زۆر جار تەمەنی کەســی گیراو نەگەیشــتبووە پازدە ســاڵ بەڵام گیراوە و لە نفوس تەمەنیان گەورە کردووە بۆ ئەوەی بتوانن ســـزای مەرگی بەســـەردا جێبەجێ بکەن.

هەر بە پێی فرمانەکەی نوسینگەی باکور ژیان کردن لە شوێنی حەوانەوەی خۆیان قەدەغەیە و تاوانێکی گەورەیە و نابێت هاوڵاتیانی گوندەکانی

کوردستان لە زێدی خۆیان دابنیشن، تەنانەت هاتوچۆ کردنیشیان بۆ کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری تاوانە، هەرکەسێك ئەو تاوانە بکات دەبێت بکوژرێت.

حکومەتی عێراق دژی هەموو یاساکانی مرۆڤ بووە و پێشێلی کردووە، ئەوەتا بە پێی جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ و لە خاڵی ١٣ باسی ئازادی شوێنی ژیان و هاتوچۆ کردن دەکات (هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە لە هەموو وڵاتێکدا بە ئازادانە هاتوچۆ بکات و شوێنی ژیانی خۆی هەڵبژێرێت).

## مامۆستایانی شۆڕش

لە ناوەڕاستی ساڵی هەشتاکاندا بەبڕیارێك حکومەتی بەعس مامۆستایانی خوێندنگاکانی ناوچە ئازاد کراوەکانی لە پرۆسەی خوێندن دور خستەوە بۆ ئەوەی پرۆسەی خوێندن بە تەواوەتی پەکی بکەوێت لەو ناوچانە بەڵام سەرکردایەتی شۆڕش (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) لە ڕێگەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانەوە بەرنامەیەکی دانا بۆ ئەوەی خوێندنگاکان کە زۆرینەیان سەرەتایی بوون دانەخرێن، پەیوەندی کرد بە پێشمەرگە و هاوڵاتیانی ئەو سنورە هەر کەسێك بڕوانامەی ئامادەیی یان پەیمانگای هەبێت دەتوانێت وانە بڵێتەوە.

مامۆستا عوسمان ئەحمەد هەڵەدنی ئامۆزام ئێستا فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی بڕوانامەی ئامادەیی کشتوکاڵی هەبووە، یەکێك بووە لە مامۆستایانی شۆڕش بەکورتی باسی پلانی شۆڕشی بۆ کردین کە نەیانهێشتووە خوێندکاران لە خوێندن دا ببڕێن، وتی ئێمە کە چەند کەسێکی هاوڵاتی گوندی هەڵەدن بووین من و محەمەدی حاجی کەریم و جەمال محەمەد ساڵح و عەبدولڕەحمان مەحمود ڕەشید و واحید عەبدولڕەحمان

عەبدوڵا بە بڕیاری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بووین بە مامۆستا بێ ڕەچاوکردنی لایەنی سیاسی مامۆستامان هەبووە یەکێتیش نەبووە، من و چەند مامۆستایاکی تر لە گوندی چاڵاوا وانەمان دەوتەوە، تەنها یەك ژوورمان هەبوو لەگەڵ مامۆستا



نوسەر و مامۆستا عوسمان هەڵەدنی

عەبدولڕەحمان بە نۆرە وانەمان دەوتەوە لە ڕێگەی سەرکردایەتی یەکێتییەوە پێداویستی بۆ خوێندکاران و مامۆستایان دابین دەکرا، سەرکردایەتی زۆر ڕێزی دەگرتین، شەهید ئازاد هەورامی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و لێپرسراوی دەزگای ڕۆشنبیری یەکیێتی بارەگای خۆیی و دەزگاکە لە گوندی چاڵاوا بوو زۆر لەگەڵمان باش بوو، هاوکاری باشی دەکردین، بەگشتی لەگەڵ مامۆستا و خوێندکار و دانیشتوانی ئەو گوندە باش بوو.

لە زۆر شوێنی ژێر دەستی شۆڕش خوێندن بۆ گەورە ساڵان کرایەوە، کەسانی بەتەمەن کە سەردەمی خوێندنیان لەبەر نەبوونی خوێندنگا و مامۆستا یان بارگرانی ژیان نەیانتوانیبوو بخوێنن لێی سود مەند بوون، یەکێتی مووچەی مانگانەی دەدا بە مامۆستایان بۆ نمونە من کە خێزاندار بووم بڕی ٥٨,٥ پەنجا و هەشت دینار و نیوم وەر دەگرت، مامۆستای سەڵت

نزیکی ٢٥ بیست و پێنج دیناری وەر دەگرت، هەرچی پێداویستی خوێندنگا لە خانو و تەختەڕەش و کتێب و تەباشیر و پێداویستیەکانیتر بوو لە لایەن شۆڕشەوە دابین دەکرا.

ئەم بەرنامەیە بۆ ئەوە بوو کە منالآنی گوندەکانی ناوچەی ئازاد دانەبڕێن لە خوێندن و نەوە یەکی نەخوێندەوار بەرهەم نەیات، بەلآم جێی داخە هێرشی بەربلآوی ڕژێم لە ڕێگەی فڕۆکە جەنگیەکان و تۆپبارانی گوندەکان و دواتریش تاوانی ئەنفال بووە هۆی دابڕانی بەشێکی زۆری خوێندکاران لە خوێندن و نەیانتوانی خوێندن تەواو بکەن ئەمە قسەی یەکێك بوو لە مامۆستایانی شۆڕش.

## تاوانێکی مرۆیی لەژێر ناوی دەستەواژەی ( ئەنفال )دا

بۆ ئەوەی لە وشـــەی ئەنفال تێبگەین و بزانین ئامانج لەم وشـــەیە چـــییە و بۆچـــی ســـەرانی بەعس گەورەترین تاوان و دڕندەترین و نەشـــیاوترین کردەی نامرۆڤانەیان بەرامبەر گەلێکی زۆرینە موسـولّمان و چـەوسـاوە و بێ پشـت و پەنا ئەنجامدا و ناونرا ئەنفال.

ئەنفال وشـــــەیەکی عەرەبییە و بەکۆی وشـــــەی (نفل) هاتووە و بە واتای (غنیمە) دەستکەوت دێت، بە شێوەیەکی گشتی لە دوو ڕووەوە سەیر دەکرێت:

١/ لە ڕووی زمانەوانیەوە: دەســـــتکەوت و غەنیمەتە، بەر لە ئیســـــلام عەرەبەکان وشەی ئەنفالیان بە واتای تالآنی جەنگ بەکارهێناوە، مەبەستیش لە جەنگ شـەڕ کردن و شـکاندنی دوژمن و بەند کردنی دیل و بە دەسـتهێنانی سەروەت و سامان بووە لە دوژمنێك کە بەرامبەریان جەنگاوە.

٢/ لە ڕووی زاراوەییەوە: ئەنفال بە مانای زیادەی دەســـــتکەوت، واتە ئەو دە ستکەوت و سامان و ماڵەی کە بە جەنگ لە هاوبەش پەیداکەرانەوە دەسەنرێت.

پێش ئیسلام ئەنفال بێجگە لە ماڵ و سەروەت و سامان و چەك و دارایی ئافرەتیشـــــی دەگرتەوە واتە ئافرەتیش وەکو کالآکانیتر ســـــەیر دەکرا و مامەڵەی پێوە دەکرا.

لەپێش ئیســـــلامدا عەرەبەکان ئەنفالیان بەکار هێناوە بە مەبەســـــتی تالآنکردنی ماڵ و سامان و پارە و ئافرەت.

لە ســـــەردەمی ئیســـــلامیشـــــدا جارێکیتر ئەم وشـــــەیە بەکار هاتەوە و سورەتێکی قورئانی بەناوەوە کرا، ئەنفال لە قۆناغی فتوحاتدا تەنها ماڵ و سامانی کافرەکانی دەگرتەوە کە لە کاتی جەنگدا لە لایەن موسولّمانانەوە دەستی بەسەردا دەگیرا.

سـورەتی هەشـتـەمی قورئان بەناوی ئەنفال هاتووە دەگەڕێتەوە بۆ سـاڵی دووەمی کۆچـــی و جەنگی بەدری گەورە کە لە نێوان موســـوڵمانان و بێ باوەڕاندا ڕوویدا موســـوڵمانەکان بە ســـەریاندا ســـەرکەوتن، بەشـــێکی زۆری ڕاڤەکارانی قورئان هۆکاری هاتنە خوارەوەی ســـورەتی ئەنفال دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی کە پێغەمبەر (د.خ) بینی هاوەڵانی ناکۆکی کەوتۆتە نێوانیان لەســـەر ئەو کەلوپەل و شمەکانەی کە لە سوپای بێ باوەڕان جێماوە، بۆ چارە سەری ئەم کێشـــەیە و ناکۆکی دروســـت نەبوون لە نێوان باوەڕداران خوای گەورە سورەتی ئەنفالی بۆ ناردن، سەرەتای سورەتەکەش بەم شێوە دەستی پێکرد (یسْلونك عن الانفال قل الانفال لله والرسول فالتقوا الله واصلحوا ذات بینکم).

بە پێی ڕوانینی زانایان و ئەو خوێندنەوە و شـــیکاریانەی کە بۆ وشـــەی ئەنفال کراوە مرۆڤ ناگرێتەوە، تەنها شـــتومەك و کەلوپەلی جەنگ دەگرێتەوە، بەو پێیەی لە قورئاندا مرۆڤ بە ئەنفال ناو نابرێت، لە قورئاندا مرۆڤ بە ئەســـیر ناوی هاتووە.

ئەنفال هەموو ئەو هە ستە پۆلاین و نێت پاکانەی تاکی کوردی تێکشکاند و بووە هۆی دەستەمۆکردنی بەکۆمەڵی مرۆڤە ئازاو جەربەزەکان.

نوســـەری مەزنی کورد بەختیار عەلی دەڵێت "لەڕاســـتیدا ئەنفال بە دیوێکدا درێژکراوەی سیاسەتی سڕینەوە و شکاندنی ئەو پەراوێزانەیە کە دەسەڵاتەکان و پێکهاتەکانی نابنە سێبەر، شکاندنی ئەو دنیایەیە کە هەر لە دووی کاراکتەر و ئیرادەی خۆیـەتی، بـەعس دەیـەوێت ژینگـەیـەك لابـدات و ژینگـەیـەکی کۆمەڵایەتی نوێ ساز بکات".

ئەنفال تەنها زیندە بە چاڵ کردن و کوشتنی نزیکەی دووسەد هەزار مرۆڤی بێتاوانی کورد نەبوو، ئەنفال تەنها تاڵان کردنی ســـەروەت و ماڵی کوردانی دەســـتەمۆ نەبووی ســـیســـتەمی حکومڕانی بەعس نەبوو، ئەنفال لێدان بوو لە

کەرامەتی تاك بە تاکی کورد، لە ئەنفالدا مامەڵەی کەنیزەك بە ڕۆڵەکانی کوردەوە دەکرا، لە ئەنفالدا بەشـێك لە وڵاتانی عەرەبی بەشـدار بوون لەو مامەڵەدا، ڕاگواسـتنی تەواوی کوردسـتان بوو چـونکە بەشـێك لەو ناوچـانەی ئەنفال کران بەشێك نەبوون لە بازنەی دەسەڵاتی بەعس.

ئەنفال درێژکراوەی بەرنامە و ئەجندای بەعس بوو بۆ ڕاگویزانی کوردسـتان کە دەیان سـاڵە پلانی بۆ دانابوو، پەیامێك بوو بۆ کورد کە بەعس تەنها مافی ڕاگواسـتنی نییە بەڵکو مافی دیاری کردنی کۆتا ژیانی مرۆڤی کوردی هەیە، سـەدام ویسـتی ئەوە بە کورد و کۆمەڵگای نێو دوڵەتی بڵێت کە ئەوەی دەکەوێتە نێو چوارچێوەی جوگرافیای عێراقەوە بە گیاندار و بێگیانەوە نابێت لە فرمانی من دەربچـن ئەگەر ویسـتی سـەرکەشـیان هەبوو بۆ مل نەدان بە دەسەڵاتی من ئەوا لە ناو وڵاتی خۆیان جەهەنەمیان بۆ دروست دەکەم.

ئەنفال کردەیەکی لە پڕ و بێ بەرنامە نەبوو بەڵکو یەکێك بوو لە پرۆسەکان درێژکراوەی بەرنامەی داڕێژراوی بەعس لە ڕاگواستن و وێرانکردنی کوردستان.

تاوانی ئەنفال لە کاتێکدا جێبەجێ کرا بەعس لەو پەڕی کامڵی دەسـەلاتدا بوو، زیاتر لە دوو دەیەبوو مومارەسەی دەسەڵاتەکانی خۆیان دەکرد قۆناغ بە قۆناغ پاکسـازی هەموو ئەو کەس و گروپانەی دەکرد کە بەلادەر و دەسـتەمۆ نەبووی دەسەڵاتەکەی خۆی دەزانی.

ئەنفال پێش ئەوەی ڕووبدات وردە وردە گوێبیسـتی لێدانی زەنگی پێش وەختی بووین، پەیامی ئەنفال لە ناوئاخنی باروتی تۆپ و بۆمباکانەوە بە دەنگ و بۆن پێمان دەگەیشـت، لە ژوورە ئینفرادیەکانەوە پەیامی ئەنفال و لەناو بردنی کورد پێمان دەگەیشـت، ئەنفال چـاوەڕوانکراو بوو جاخۆ کەی تیغی بێڕەحمی بەعس بێت و جەستەمان هەپرون بە هەپرون بکات و جارێکیتر یەك نەگرێتەوە.

ئەنفال دوا مەسجی بەعس بوو کە تارمایی وێنەی سەرۆکی بەعس تەنها لە سەر دیواری شەقام و ماڵەکاندا نابینرێت، بەڵکو دەبێت وێنەی سەرۆك لە یادگەی تاك بە تاکی مرۆڤی عێراقدا هەبێ، ناوی بەعس و سەرۆکەکەی دەبێت بچێتە ناو دێڕی شاعیرەکانەوە و لە ئیقاعی گۆرانیەکاندا ئاوێتە ببێت، دەبێت وێنەی سەرۆك لە ئەندێشەی نوسەر و خاوەن قەڵەمە کۆیلەکاندا بێت و کام وشە بریقەدارە لەسەر سەرۆك بینوسن و بە شانوباڵ و مێژوو و ئایندەی سەرۆکدا هەڵبدەن، دەبێت نیگار کێشەکان وێنەی جوان و کە شخەی سەرۆك بکێشن و وەك تاکە فریادڕەس و پاڵەوان بیخەنە سەر لەوحەی بینین، دەبێت لەگەڵ زەنگی بەیانیانی خوێندنگاکان وێنە و ناوی سەرۆك بخرێتە دڵ و مێشکی خوێنکارەکان و وەك ناوی خۆیان ئەو شیعرانە لەبەر بکەن کە بەسەر بەعس و سەرۆکەکەیدا نوسراوە، دەبێت لە مینبەری مزگەوتەوە ناوی سەرۆك ئاوێتەی ناو پیاوە ناسراوەکان و ڕێبەرانی دین بێ، دەبێت خەونی جوان تەنها بە ڕوخساری سەرۆکەوە ببینرێت.

لە ئەنجامی پەرەسەندنی دەسەڵاتی شۆڕش و فراوانبوونی پانتایی چالاکیەکانی هێزی پێشمەرگە کە بەشێکی زۆری ناوچەکانی دەرەوەی شارەکانیان بە دەستەوەبوو بە ناوچەی (ئازاد) ناوزەد دەکرا، ئەوەش بووە هۆکاری ئەوەی کە ڕژێم بیر لە هەر پلانێك بکاتەوە بۆ کۆتایی هێنان بە مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتەکەی.

بەعسیەکان پلانی تاوانێکی گەورە دژ بە گەلی کوردیان داڕشت بە ناوی ئەنفال، سەرکردایەتی شۆڤێنی بەعس نەخشە داڕێژەر و جێبەجێکەری بەرنامەکانی ئەو تاوانە گەورەیە بوو کە چەند ئاستێکی بە خۆوە بینی وەك پەلاماری سەربازی، چۆڵکردنی دێهاتەکان، بێسەروشوێنکردنی دانیشتوانەکانی، کوێرکردنەوە و وێرانکردنی سەرچاوە ئاویەکان، سوتاندن و

وشك كردنی دار و درەخت و ڕەز و باخ، لەناوبردنی بەشێكی زۆری گیانلەبەری ماڵی و كێوی، بەكارهێنانی چەكی كۆمەڵ كوژ بە تایبەت كیمیایی...... هتد.

پاڵەوانی داستانەكە سەدام حسێنی دیكتاتۆر بوو، ڕاستەوخۆ خۆی سەرپەرشتی دەكرد كە لە ڕووی سەربازیەوە ئامادەگی تەواوی بۆ كرابوو، زۆرداریی و دلڕەقی سەدام لەسەر سوپاكەی كاردانەوەی نێگەتیڤی هەبوو، سوپا یەكی دلڕەق و بێبەزەیی لە پێناو مانەوەی خۆیان و دڵ ڕازیكردنی سەرۆك و حیزبی بەعس هەرچی پێیان بسپێردرایە جێ بەجێیان دەكرد.

بە فرمانی سەركردایەتی بەعس خوێنی پێشمەرگە و گوند نشینەكانی ناوچە ئازاد كراوەكان حەڵاڵ كرابوو كە بە ناوچەی محرمە (قەدەغەكراو) دانرابوو، فرمان بە سوپاكەی كرابوو لە ناوچەی قەدەغەكراو هەرچی بینیان بیكوژن.

هەر بە پێی فەرمانی سەرانی بەعس دەبوایە كوردستان وێران بكرایە و هەرچی خانووی نیشتەجێبوون، مزگەوت، نەخۆشخانە، خوێندنگە، سەرچاوەی ئاو و كانیاوەكانی گوندەكانە بڕوخێنرێن و كاول بكرێن تەنانەت ئاسەواریشیان نەمێنێت، بۆ ئەوەی جارێكیتر گوند نشینەكان نەبنەوە هۆی حەوانەوەی هێزی پێشمەرگە و هەرجوڵانەوەیەكیتری ئازادیخواز.

لە ناو سوپاكەی عێراقدا فەرماندە و ئەفسەری كوردیش هەبوو كە خزمەتی سیاسەتی بەعسیەكانیان دەكرد، لە هەمووی خراپتر هەزاران جاش و مستەشار بەشداری ئەو تاوانە نامرۆڤانەی حكومەتی عێراقیان دەكرد بۆ تێكدانی دیموگورافیای كوردستان و كوشتنی خوشك و براكانی خۆیان لە پێناو چەند دەستكەوتێكی ماددی و پلە و پایە كە بووە بە لەكە و پەڵەیەكی ڕەش لە لاپەڕە ڕەشەكانی خیانەتی مێژوی كوردا دەنوسرێتەوە.

## قۆناغەكانی ئەنفال

بەعسیەكان بەشێوەیەكی بەرنامە داڕێژراو و سیستەماتیك دەستیان كرد بە تاوانی ئەنفال، ئامانجی بەعسـیەكان بوو بەو كردەیان دیمۆگرافیا و مێژوو و كلتوری كوردستان بشێوێنن و هەستی ناسیۆنیالیزم لای تاكی كورد بسڕنەوە و جارێكیتر قەزیەیەك نەبێت بە ناوی كوردەوە.

سـەرانی بەعس گەیشـتبوونە دوا بڕیاری قڕكردنی گەلێكی چـەند ملیۆنی كە خاوەن كلتور و نەریت و مێژووی دێرینی هەزاران سـاڵە و جوگرافیای تایبەتی خۆی بوو، بە هەڵەدا چووبوون گەلێك بەرگەی شاڵاوەكانی مەنگۆل و عەرەب و تورك و فارس و ئینگلیز و ڕوسـی گرتووە، و ڕۆژ دوای ڕۆژ هەسـتی نیشـتیمان پەروەری لای ڕۆڵەكانی تۆختر بۆتەوە چـۆن بە لە ناوچونی سەدان هەزار كەس دەسڕێتەوە.

حكومەتی بەعس بە هەشـت قۆناغ هەموو كوردسـتانی ئەنفال كرد بەم شێوەیە:

ئەنفالی یەك/ دۆڵی جافایەتی و دەوروبەری ١٩٨٨/٢/٢٢ ــ ١٩٨٨/٣/١٩

هەرچەندە لە زۆر سەرچاوە و لە دەمی چەندین شایەتحاڵەوە باس لە ڕۆژی ١٨ی شـوبات دەكەن، بەڵام حكومەتی هەرێمی كوردسـتان یەكەم شـاڵاوی ئەنفال لە ڕۆژی ٢٢ی شوباتی ١٩٨٨ دیاری كردووە.

ئەم شـاڵاوە تاوانكاریە هەموو دۆڵی جافایەتی و مەرگەی گرتەوە پرۆسـەكە بە شێوەیەك بوو سەرەتا بە تاڵانكردنی كەلوپەلی ناوماڵ و پارە و زێڕ و ماڵات و دار و درەخت و سـوتاندنی ڕەز و باخ و درەختی ناوچـەكە و وێرانكردنی گوندەكان دەسـتی پێكرد، دواتر هەر هاونیشـتیمانیەكی كەوتە بەردەسـت كردیە ئۆتۆمۆبێلی سـەربازیەوە و بەرەو بیابانەكانی باشـوری عێراقی بردن و زیندەبەچاڵی كردن.

له شەش قۆڵەوە هێرش کرایە سەر دۆڵی جافایەتی و دەوروبەری:

١/ لە کۆتەڵەوە بۆ سوسێ و قەرەچەتان

٢/ لە سوسێوە بۆ کلکەی شاخی پیرەمەگروون و گوندەکانی هۆمەرقەوم، شەدەڵە، شاخی دابان– هەلاج، گوندەکانی سەرگەڵو، سێکانیان، هەڵەدن، یاخسەمەر، چاڵاوا، گوێزیلە، قۆمرغان و قەرانگوێ.

٣/ لە گوندی باڵخەوە بۆ گوندەکانی گاپیلۆن، وڵاغلو، چـــیای گۆجار، گوندەکانی گەورەدێ، مالومە، گەڕەدێ.

٤/ لە چیای خەجەلەرزۆکەوە بۆ گوندەکانی سنگر، مێولاکە، چوخماخ.

٥/ لە کانی ســاردەوە بۆ گوندەکانی کانی گۆران، پیرکە، قزلەر، چــاڵگە، چیای کونەکۆتر.

٦/ لە ناحیەی بنگردەوە بۆ گوندەکانی مەرگە، ئاوەژێ، ســیروان، کانیتو، چنارنە، هەنجیرە، شارەستێن، کویرەکانی، سێدەر، دۆڵەبی.

وەکو ڕەمزی شکۆی مرۆڤە بێ تاوانە ئەنفالەکراوەکانی دۆڵی جافایەتی دوو مۆنومێنت لە قزای دوکان و ناحیەی گاپیلۆن دروست کراون. ساڵانە لە ٢٢ی شوباتدا لەو دوو شوێنە یادەکە بەرز ڕادەگیرێت.



مۆنۆمێنتی ئەنفالی دۆڵی جافایەتی و دەوروبەری لە قەزای دوکان




مۆنۆمێنتی ئەنفالی دۆڵی جافایەتی و دەوروبەری لە ناحیەی گاپیلۆن

ئەنفالی دوو/ ناوچەی قەرەداغ لە ١٩٨٨/٣/٢٢ – ١٩٨٨/٤/١

ئەنفالی سێ/ هەموو گەرمیان لە ١٩٨٨/٤/٧ – ١٩٨٨/٤/٢٠

ئەنفالی چوار/ لە ١٩٨٨/٤/٢٠ – ١٩٨٨/٥/٥

سنوری عەسکەر و گۆپتەپە و ناوچەکانی ئاغجەلەر، چەمی ڕێزان، دەشتی کۆیە، تەقتەق، قەرەهەنجیر.

ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت/ ١٩٨٨/٥/٢٤ – ١٩٨٨/٨/٣١

هەموو ناوچەکانی ڕەواندوز و شەقڵاوەی گرتەوە.

ئەنفالی هەشت/ لە ١٩٨٨/٨/٢٥ – ١٩٨٨/٩/٦

هەموو ناوچەکانی دهۆك و زاخۆ و ئامێدی و ئاکرێ و شێخانی گرتەوە.

تاوانی ئەنفال بە هەشــت قۆناغ بەڕێوە چــوو ماوەی شــەش مانگ و ١٣ ڕۆژی خایاند لە ٢٢ شــوباتی ١٩٨٨ دەســتی پێکرد و ٦ی ئەیلولی هەمان ساڵ کۆتایی هات، لەو ڕۆژەدا بەعسیەکان سەرکەوتنی پرۆسەکەیان ڕاگەیاند.

تاوانی ئەنفال تەنها لە ناو چوونی نزیکەی ٢٠٠ هەزار مرۆڤی سڤیلی کورد و ڕوخاندنی ٤٥٠٠ گوند و هەزاران مزگەوت و خوێندنگە و نەخۆشــخانە و لەناوچــوونی ســەدان هەزار مەڕ و ماڵات و پەلەوەر و گیاندارانی چــیاکانی کوردســتان و ســوتاندن و فەوتاندنی دەرەخت و ڕەز و باخ نەبوو، بەڵکو گەورەترین پێشــێلکاری بوو بەرامبەر مافی مرۆڤ و جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی لەسەر جینۆساید.

ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە ســەر ژمارەی ئەنفالکراوان بکرایە زۆر زیاتر بووە لەو ژمارەیەی کە گوایە ١٨٢ هەزار کەس بوون، بەشــێکی زۆر ئەو ژنانەی ئەنفال کراون دووگیان بوون کە بە پێی یا سا و شەرع ئەوانیش مرۆڤی زیندوون، چــەند هەزار منداڵ لە گەڵ دایکیان خرانە ژێر گڵ، بەشــێك لە ئەنفالکراوان پێناسیان نەبووە یان زانیاری تەواو نەدراوە بەلایەنی پەیوەندیدار.

خەمساردیەکی زۆر دەبینرێت لە کەیسی تاوانی ئەنفال لە لایەن حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە، وەکو پێویست کار نەکراوە بۆ هێنانەوەی ڕوفاتی ئەنفالکراوان.

تا ئێستا ١٦٦٩ لە ئێسك و پروسکی ئەنفالەکان هێنراوەتەوە کوردستان.

لە ١٨٢٠٠٠ تەنیا ١٦٦٩، ئەم ژمارەیە ١٪ی قوربانیەکان ناکات!

ئەمەیە ئەوپەڕی بێباکی و بێ دەربەستیە بەرامبەر بە دۆزێکی هەرە گەورەی نیشتمانی. بێباکیە بەرامبەر قوربانیان و کەسوکاری قوربانیان.

٣٥٨ قوربانی هێنراوەتە گۆڕستانی دوکان

٨٣٨ قوربانی هێنراوەتەوە مۆنۆمێنتی چەمچەماڵ

٨١ گۆڕستانی تۆپزاوا.

٣٩٢ گۆڕستانی دێبنە لە رزگاری.

## دیاری کردنی ڕۆژی ئەنفال

تاوانی بەدناوی ئەنفال بە هە شت قۆناغ هەموو کورد ستانی گرتەوە، ڕوحی مرۆڤە بێتاوانەکانی کورد وەکوگیای سەوزی بەهار لە سەرتای سەوزبوونەوە تا زەردبوون و وشك بوون هەڵدەوەری، سێ وەرزی ساڵ لە کوردستان خەزانی ڕوحە بێ تاوانەکان بوو، ئەنفال سێ وەرزی لە کورد کردە پایزی ڕوحەکان لە کۆتایی مانگی شوباتەوە تا سەرەتای مانگی ئەیلول هەڵوەرینی گوڵە سور و ئەرخەوانیەکان بوو.

هەرچەندە ئەنفالی یەك لە ڕۆژی ٢٢ی شوباتی١٩٨٨ دەستی پێکرد و لە رۆژی ٩ی ئەیلولی هەمان ساڵ بە کۆتا گەیشت، هەموو ساڵێکیش بۆ یەکەم ڕۆژی ئەنفال لە قەزای دوکان و ناحیەی گاپیلۆن یادی ئەو کارە ساتە دڵتەزێنە لە هەمان ڕۆژدا دەکرێتەوە، بەڵام لەبەر زۆری ژمارەی گیراوان لە ڕۆژی ١٤ی نیسانی ١٩٨٨ ڕۆژی ٤/١٤ کرایە ڕۆژی ئەنفال.

خەڵکێکی زۆری دێهاتەکانی باشـــوری گەرمیان کە زۆرترین ژمارەیان لە گوندەکانی ملەســـورە و کوڵەجۆی حاجی حەمەجان کۆکرابوونەوە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٤ لە لایەن جاشـــەکانەوە دەســـتگیر کران لەوێشـــەوە بە ئیڤای سـەربازی ڕوانەی قەڵای قۆرەتو کران، کە سـەربازگەیەکی گەورە و سـامناك و بارەگای فیرقەی ٢١ ی پیادەی ســـوپای عێراقی لێبوو. بۆیە ئەم ڕۆژە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کراوەتە ڕۆژی یاد کردنەوەی ئەنفال.

ئەو جۆرە قەڵایانە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردو لە سەر نەخشەی ئەندازیاری ســەربازی قەڵاکانی یەکێتی ســۆڤێتی جاران دروســت کرابوون، لە زۆربەی ناوچـەکانی کوردسـتان حکومەتی سـەدام بەهەمان نەخشـە و شـێوە قەڵای دروســـت کرد بوو، ئەو قەڵایانە بوونە شـــوێنگەی کۆکەرەوەی ڕوحە بێتاوان و سپیەکانی کورد، قەڵا لە زهنی مرۆڤی کوردا ئەو شوێنە سامناکەیە لە ناویدا ڕوحی مرۆڤی سڤیل دەکێشرا لە گیانە بە ئاوات نەگەیشتووەکان.

کاتێك بە چاوی پڕ ئەحساسەوە سەیری ئەو قەڵایانە دەکەیت دەگەڕێیتەوە بۆ پێش زیاتر لە ســـێ دەیە کە بە کۆمەڵ ڕوحە پاك و بێ نازەکان بەرەو ئاراستەیەکی نادیار دەردەهێنران.



قەڵای نوگرەسەلمان

تـا دوای ڕاپـەڕینیش عـارەبـانـەی تراکتۆر و جـل و بـەرگ و پێڵاوی ئـەو کەســـانەی ئەنفالکرابوون لەو قەڵایەدا مابووەوە، بەشـــێکی زۆری خەڵکی ناوچەی داودەش لە بینایەکی چۆلی لاوانی دوزخورماتو کۆکرابوونەوە.

حکومەتی عێراق بە پێی بەرنامەی پێش وەختە کە داینابوو دەستی کرد بە جیا کردنەوەیان بە پێی تەمەن و ڕەگەز لیکی دابڕین، هەموو ئەو کەلوپەلەی کە پێیان بوو لە پارە و سەعات و زێڕ و ناسنامە لێیانی سەندن وەکو فەرهود تالانی کردن و بە شێوەی دەستکەوت بەسەر جاش و بەعسیەکاندا دابەشیان کرد و نەیانگەڕاندەوە بۆ خەڵکەکە، دواتر بە ئۆتۆمۆبێلی ســـەربازی داخراو و پارێزراو بە هێزی ســـەربازی دامودەزگاکانی ئەمن ڕەوانەی بەندیخانەکانی نوگرەسـەلمان و بیابانی عەرعەری نزیك سـنوری عەرەبسـتانی سـعودیە کران، لەوێ دوور لە هەموو دابونەریت و ڕەفتارێکی مرۆڤانە هەرچـــی شـــێوازی مرۆڤ کوژی هەیە بەرامبەر ئەو خەڵکە سڤیل و ئاوارە و بێدەرەتانە جێبەجێ کرا.

بە وتەی تاك و تەرای ئەو کەســـانەی دەرباز بوون و بە چـــاوی خۆیان بینیوانە چـــۆن برســـی کردن و تینوکردن و لێدانی بێڕەحمانە و زەبر و زەنگ نواندن، بە تاك و کۆ گوللە باران کراون پاشان دەرخواردی سەگە ڕەشەکان دراون.

نوسەر و شاعیری پایتەختی ئەنفال لەتیف فاتیح فەرەج بە تێکستێك باس لە ڕۆژی ئەنفال دەکات

تێکەڵ بوونەوە

مێژوو شەرمەزاریەکی گەورەیە

ئەنفال ئەینوسێتەوە

لە بیابان کورد هەزاران چاو هەزاران دڵ

هەزاران خەونی شکاوە

لە پێکهاتنەوەدا هەزاران چاو هەزاران دڵ

هەزاران خەونی هەیە
ڕۆژێك دێت لەوێوە دێتەوە
بەسەر هەرشارێکا تێپەڕێت
ووردوو خاشی دەکات
بەدوای ناسنامە و بوونەوەیە
هەزارانساڵی دەوێت تا ئاشت بێتەوە
هەزاران ساڵی دەوێت
تا گەردی بیابانی پێوە نەمێنێت
ئەو دێتەوە کەس دەرگاکە ناکاتەوە
هەموو چواردەی چوارێ
بیابان خۆی ڕادەستی کورد دەکات دێتەوە
هەموو دەرگاکان داخراون
دڵی دەیبات بۆ هەزار شوێن
خەیاڵێکی لە کوڵەجۆیە
ئەویتر لە نەجول
چاوێکی لە خەلەکانە ئەویتری لە بالیسان
دەستێکی لە ناو قژی بارزاندایە
هەزاری تری لە هەڵەبجە
مێژوو شەرمەزارێکی گەورەیە
کەس لە گۆپتەپە نایخوێنێ
لای مام مەحمودی جەلەمۆرد
مێژوو بوونی نییە
ئەو ئێستا بەشێکە لە گەرد و گوڵی بیابان
ئەوی بەجەستە لێرەبێت خەیاڵی لە بیابان

## حەجاج تاوانبارە دڵڕەقەکەی بەعس

بەرنامەی دڕندەیی بەعســـیەکان لە لایەن زیندەوانێکی یەکجار دڵڕەق و نامرۆڤی تاوانبارەوە بە ناوی (حەجاج) ملازمێکی ئەمن و کەسـێکی ترسـناکی دڵڕەق و قێزەون بووە جێبەجێ کراوە، وەك هەندێك لە شـایەتحاڵەکان باسـی دەکەن، کە ئەویان بینیوە گەنجێکی کەچـــەڵی کەتەی زل بووە ســـەر بە بارەگای ئەمنی بەغدا بووە، ئۆتۆمۆبێلێکی جۆری بەرازیلی پێبووە کە بۆ ئەو کات یەکێك بووە لە ئۆتۆمۆبێلە باشـــەکان و دیاری ســـەدام بووە بۆ کەسانی بە توانا، جێگرەکەشی پیاوێکی ئەمن بوو بە ناوی شەمخی، مامێکی حەجاجیش کەناوی خەڵەف بووە یەکێك بووە لە پاسـەوانەکانی بەندیخانەی نوگرە سەلمان).

دەبێت حەجاجەکانی سەدام و بەعس چ ویژدانێك لە مێشکە گەورەکانیاندا هەبووبێت؟ چـــۆن هەســـتی نامرۆڤانەیان نەجوڵا بەرامبەر ئەو پیرە دایك و باوکەی دارەداریان بوو بەرەو مەرگێکی ئاســـایی، هەمیشـــە پێویســـتیان بە گرتنی دەســـتی بەزەیی و هاریکاری چـواردەوربوو، تۆ بڵێی حەجاجەکان لەو جۆرە دایك و باوکەیان نەبووبێت؟! یان گۆچان و پۆشاکەکانی ئەوانیان کردە دیاری دەستیان بۆ دایك و باوکە بەتەمەنەکانی خۆیان!

لەو ساتانەی کە منداڵێکی شیرخۆرەی تازە لە دایك بوو داوای قومێك شیر دەکات و دایکی برسی و تینوش ناتوانێت مەمە وشکەکەی بخاتە ناو دەمی و تێر شـیری بکات، منداڵ لە چـاوەڕوانی شـیر و دایك بە فرمێسـکی چـاو ســـەرگۆنا و لێوی تەڕ دەکات ڕۆڵەکەی بە زمان ســـوێری ئاوی فرمێســـك دەلێسێتەوە، دەبێت چ ویژان و هەستێك لای حەجاجەکان هەبووبێت؟ چۆن دڵی بەبەرد بوویان لە ئاست ئەو فرمێسك و ناڵانەی دایك و منداڵ نەرم نەبوو و نەتوایەوە!

لەو ساتانەی منالە هەشت نۆ سالانەکان هاواریان دەگەیشتە سەر مەریخ بۆ بینینی باوکیان و دەگریان و داوای پێخۆری بەیانیان دەکرد و دەیان وت کوا باوکمان بۆچـــی نایات بۆلامان برســـیمانە، لە ئاســـت ئەو نەهامەتیانە دایکی زیندانی کراو لە ژووره ترسناکەکاندا تەنها وەلامێکی هەبوو ئەویش گریانی بێ دەسەلاتی بوو.

ئاخر ئەگەر ئەنفال نەبوایە کەی دایکی کورد لە ئاســـت گریانی منالەکانیدا دەســـتەوئەژنۆ بەبێ دەســـەلاتی نازی منالەکانی هەلنەگرت! ئەی دەبێت لەو کاتانەی منالەکان داوای یاری و گەپیان دەکرد لە ژووره تاریك و تەســـکەکاندا کە بە ســـەریەکدا کەوتبوون و توانای ســـەر لە ســـەر ئەژنۆی دایکیشـــیان نەبوو چـــجا یاری و گەمە کردن، دەبێت لەو کاتانەدا حەجاجەکان چ ویژدانێکی دڕندانەیان هەبووبێت تۆ بلێی هیچ هەســـتیان نەجولابێت ئاخر چ جیاوازیەك لە نێوان منالی برســـی ناو قەلا بە دیوار ئەســـتور و تەلبەندەکاندا هەبووە لە گەل منالی حەجاجەکان؟! دلڕەقی ســـەرانی بەعس گەیشـــتبووە ئاســـتێك هیتلەر ئاســـا لە جیاتی پێدانی شـــیر و پارویەك نان بۆ تێر بوونیان، گوللە و باروتیان دەکردە ناو دەمیان یان بۆ ئاسودەبوونی زیاتری حەز و چێژ وەرگرتنی خۆیان دەرخواردی سەگە ڕەشەکانیان دەدان.

مرۆڤ توشی شۆك دەبێت کاتێك گوێ بیستی هەموو ئەو ڕوداوە نەخوازراوانەی ناو زیندانیەکان دەبێت بە دەستی حەجاجەکان تۆ بلێی حەجاجەکانیش وەکو ئێمە مرۆڤ بووبن؟ یان چونە قالبی کام گیانەوەری دڕندەوە؟!

## لەدواوە دوو جەلاد لێیان دام و بەدەما خستیانم

پورە ئەسمەر هەڵەدنی، ماوەی چەندین مانگ هاوسەفەری کوڕ و نەوەکانی بوو لە قەڵا زیندانیەکاندا وتی:

ڕۆژێکیان زۆرم تینوبوو تەواو شەکەت بووبووم ناچاربووم پەنا بۆ هەرشتێك بەرم کە تینوێتیم بشـــکێنێت، چـــووم بۆ لای ئاوەکە پێڵاوە لاســـیکەکانی پێم دانان و ئاوم پێخواردەوە، لە کونی پەنجەرەکەوە جەلالی کوڕم هاواری کرد تو خوا دایە هەندێك ئاوم بۆ بهێنە وا خنکام منیش هەردوو پێڵاوەکەم پڕ کردن لە ئاو و هاتم بەرەو لای جەلال کە کەمێك دەمی تەڕ بکات، دڕندەکانی بەعس زۆر بێویژدانانە لە دواوە دوو جەلاد بە قامچـــی لێیاندام و بە دەما خســـتیانم، ئاوی ناو پێڵاوەکە ڕژا و جەلال بە تینوێتی و بۆ دواجار ماڵئاوایی لێکردم و کۆتا جاری یەکتر بینینمان بوو!

سەلاح و قادر سەرمۆردی ماوەی نۆمانگ لە گەڵ ئەنفالکراواندا بوون لەبەر ئەوەی تەمەنیان دەســـــاڵان بوون ئازادیان کردن بەڵام ناڕەحەتیەکانی ناو قەڵایان هەرگیز بیر ناچێتەوە وتیان:

ناڕەحەتی زۆرمان بینی نامانتوانی هەوایەکی پاك هەڵمژین تەواوی ئەو ماوەی لەوێ بووین برسی و تینویان کردین دەگەڕاین لە ناو سەبەتەی خۆل بۆ پارچەیەك سەمون یان نان هەمیشە لە چاوەڕوانی مەرگی یەکتردا کاتمان بەڕێ دەکرد بە شێوەیەك زەلیل کرابووین ئەوەی ویژدانی بەقەدەر مسقاڵە زەڕەیەك هەبوایە بەزەیی پێماندا دەهاتەوە.

دەگەڕاین بەناو زبڵ و پیسایی بۆ توێکڵێك شوتی یان پارچەیەك تەماتە یان پیاز نەبوو بیخۆین یان ئاوی شـــیرین بۆ خواردنەوە نەبوو! ژیان بۆ ئێمە هیچ مانایەکی نەبوو!

تەذنها ئاوی ســــوێریان دەرخوارد دەداین بەو گەرمایە کاتێك بە ڕۆژ بمانویســــتایە لە قاعەکە بێینە دەرەوە بۆ ناو قەڵا گەرما لەشــــی دەبردین هێندە گەرم بوو هەر لە بەر گەرما و سوێری ئاوەکەش بوو نامانتوانی وەکو پێویست خۆمان بشۆین.

قادر وتی تا ئێســتاش ڕقم لە ســەمونی حەجەریە بە بینینی خەریکە شـێت دەبم بە تەواوەتی بەر چاوم کەوتووە چونکە سەمونێکیان بۆ دەهێناین ڕەق و باریك و بێ خوێ دەبوایە بە بەرد یان شـتێك بیشـکێنیت و بیخوسـێنین ئینجا بیخۆین ئیسێتاش کە بیرم دەکەوێتەوە ناتوانم نانیش بخۆم.

شاعیری نیشتیمان پەروەری کورد، ساڵح بێچار بەم شێوەیە تێکستێك بۆ ئەنفال دەنوسێت:

**ئەنفال**

ئەنفال.. زامێکە لە جەستەی کورددا
نەزیفی خوێنی هەرگیز ناوەستێ
وڵاتێك وەکو گۆڕێك هەڵبەسترا
بەئاگا نەهات ویژدانێ، هەستێ
ئەنفال... یاداشتی نەتەوەیەکە
لاپەڕەی ڕەشە و پڕ بیرەوەریی
دەڵێ: بەهاری هەشتا و هەشت لای کورد
چەندە گوڵ پشکوت هێندە گیان وەریی
ئەنفال پێناسەی دەسەڵاتێکە
میللەتێکی برد بە بێسەروشوێن
نە دادگای (لاهای)، نەکەس لێی پرسی
ئەو هەموو کوردە بێگۆڕە لە کوێن

ئەنفال دەقێکی بە خوێن نووسراو بوو
بیری شۆڤێنی عەرەب دەرهێنەر
کورد، کارەکتەر و کوردستان شانۆ
جیهانیش بینەر، بەڵام کوێر و کەڕ

**مەرجەکانی ئەنفال بریتییە لە:**

١/ ئەنفال بەو دەســـتکەوتانە دەوترێت کە لە مەیدانی جەنگدا دەگیرێت و ماڵ و سامان و چەك و زەخیرە دەگرێتەوە، بە کاڵا و شمەکی دەستکەوتو دەوترێت.

٢/ دەبێت ئەو دەستکەوتانە لە ئەنجامی جەنگدا بە دەست هاتبن.

٣/ دەبێت ئەو دەســـتکەوتانە لە کۆمەڵێکی بێ باوەڕ و دوور لە دین بە زاراوەی شەرعی کە ئەو کۆمەڵە خۆیان بە بێ دین بزانن یان لە ڕێی شەرعەوە سەلمێنرابێت کە کافرن.

ئەگەر لێکدانەوەیەك بۆ تاوانی ئەنفال بکەین کە بەرامبەر کورد کرا هیچ یەکێك لەو مەرجانەی تێدا نییە، هاوڵاتی ســـڤیل و بێ تاوان ئەنفال کران کە چـــەك بەدەســـت نەبوون، ئەوانەی ئەنفال کران هەموویان مســـوڵمان بوون و هەندێکیان لە کاتی گرتن و زیندانی کردندا نوێژیان کردووە و بەڕۆژوو بوون.

وشـــەی ئەنفالی بەکارهێنا بۆ گەورەترین کۆمەڵکوژی لە مێژووی عێراق و ناوچەکە بە دوو مەبەستی سەرەکی:

یەکەم/ بە وڵاتانی ئیســـلامی بڵێت من جێنشـــینی پێغەمبەرانم و لەســـەر ســـونەتی ئەوان دەڕۆم و جێبەجێ کاری فرمانەکانی خوای گەورەم، لە هەمان کاتدا پێیان بڵێت گەلی کورد گەلێکی کافرە و ســـەر و ماڵیان بۆ ئێمە حەڵاڵە، هەر دەوڵەت و کەسێکیش پشتگیریان بکات دژی بەرنامەی خودا و پێغەمبەرە.

هەر بۆ نمایش کردنی خۆی وەکو ڕابەرێکی مســـوڵمان لە ســـەرەتای

نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردو سی و نۆ موشەکی بە دەوڵەتی ئیسرائیلەوەنا، داوای لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسـلامی کرد ئەگەر ئێوەش تواناتان هەیە بیکەن بە چـــل، ئەو تەحەدایەی ســـەدام دەیکرد بووە هۆی ئەوەی وردە وردە دەوڵەتانی ئیسلامی و عەرەبی پشتی تێبکەن.

ئامانج لە ئەنفال بە مەبەســـتی ئەوەی مێژوو دووبارە بکاتەوە، چـــۆن لە جەنگی بەدردا موسـولمانان سـەروەت و سـامانی کافرەکانیان بۆ خۆیان برد و پێیان وتن ئەو سەروەت و سامانەی هەتانە هی خوا و پێغەمبەرە.

سەدام لەوەدا هەڵەی کرد نە کورد کافرە و نەخۆشی جێنشینی پێغەمبەرە و نە کات و شـــوێنیش گونجاو بووە بۆ ڕەوایی کارەکەی، ئەو تەنها بە بردنی سـەروەت و سـامانی هاوڵاتیانی کوردسـتان نەوەسـتا بەڵکو مرۆڤی بێ تاوانی کردە دەســـتکەوتی ئەنفال، کاتیش گونجاو نەبوو چـــونکە جیهان بە ڕووی هەزارەی ســـێیەمدا دەکرایەوە و ســـەردەمی تەکنەلۆجیا و ڕاگەیاندن بوو، نایتوانی کارە نامرۆڤانەکەی پەردەپۆش بکات، ئەگەر توانیبێتی وڵاتانی بەناو ئیســـلام بخەڵەتێنێت لە ژێر وشـــەیەکی قورئاندا، چـــۆن دەتوانێت وڵاتانی ئەوروپی کە دەسەڵاتی غەیرە ئیسلام بەڕێوەی دەبات بخەڵەتێنێت.

بەعس ناسنامەی گەلێکی شێواند کە بەشی هەرەزۆری موسولمانە، هەزاران مزگەوت لە کوردســـتاندا هەبوو، بووبووە نزرگەی خواپەرســـتی و پێگەیاندنی مامۆستایانی ئاینی.

دووەم/ ڕاکێشـانی هەسـت و سـۆزی وڵاتانی ئیسـلامی و عەرەبی بۆ ئەوەی پشتی بگرن و دژایەتی گەلی کورد بکەن، چونکە ئەو بە ئەرکێکی دینی هەستاوە، لە مەیاندا تا ئاستێك سەرکەوتوو بوو چونکە وڵاتانی بەناو ئیسلام گوێیان کەڕ بوو لە بیســـتنی ڕووداوەکە و چـــاویان کوێر بوو لە بینینی ئەو تاوانە گەورە و زمانیان لاڵ بوو لە وتنی شایەتی حەق لە سەر ئەو تاوانە گەورەیە.

له کاردانەوە ئەو ڕوداوە گەورەدا کە دەبوو دنیا بهێنێتە لەرزە، مەرجەعی دینی و سەدان هەزار مەلا و دەیان وڵاتی ئیسلامی بێدەنگیان هەڵبژارد، تەنها وڵاتی ئێران هاتە دەنگ بە تایبەت لە ڕاگەیاندنەکانیەوە کاری لەسەر تاوانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە کرد، چونکە ئەوکات لە جەنگێکی درێژ خایەندابوو لەگەڵ عێراق، دەیویست عێراق و سەدام لە بەر چاوی جیهان ناشیرین بکات، لەبەرژەوەندی ئێراندابوو کە سەدام کاری نامرۆڤانە و سەرکەشی بکات.

ئەمەش تا ئاستێك بۆ گەلی کورد باش بوو لەڕێی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئێرانەوە دەنگی زوڵملێکراوی کورد دەگەیەنرایە وڵاتان، هەندێك ڕووداوی وەك کیمیا بارانکردنی هەڵەبجە و کۆڕەوی ملیۆنی هاوڵاتی کوردستان دیکۆمێنت کران، لەو کاتانەدا کورد لە ڕووی ڕاگەیاندن و دبلۆماسیەوە لە ئاستێکی باشدا نەبوو، هەرچەندە تا ئاستێك ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و خودی خاتو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بەشێك لە ژیانی سەخت و ناڕەحەتی پێش ئەنفال و کاتی ئەنفالی دیکۆمێنت کردووە.

وڵاتانی بەناو مرۆڤ دۆست و پارێزەری مافەکانی مرۆڤ کەڕ و لاڵ بوون، بەرژەوەندی ئابووری و سیاسیان لە گەڵ سەدام هەموویانی بێدەنگ کردبوو لە ئاست کۆمەڵکوژی سەدان هەزار مرۆڤی سڤیل لە پیاو ژن و مناڵ و پیر و گەنج، کە لە زێدی خۆیان هەڵکەندران و بەرەو مەرگێکی نادیار بەڕێکران، بە کۆمەڵ بەزیندویی ژێر گڵ خران مەگەر تەنها بە ڕێکەوت پیرێك یان پەککەوتەیەك یان منالێك دەربازی بووبێت.

شاعیری ناودار محەمەد پاکژ، لە دیوانی (شەهید)دا بەم شێوە تێکستێك بۆ قوربانیانی تاوانی ئەنفال دەنوسێت:

## بۆنی خۆڵی بیابان

لە وەرزی...

بۆنی مێخەك و سنگی ژنا..،

بە هەناسە و بۆنکردنم؟

لە هاوینی گەرمەسێر و...

وەیشومە و لورەی با ڕەش دا..،

نازانم بۆچی بیابان لە برژانگم نزیکترە

لەکاتی نیگا کردنم؟

لە وەرزی...

پایزی مەرگ و هەڵوەریندا..،

نازانم بۆچی بیابان وەك سەگی هار

شالاو دێنێ بۆ گرتنم؟

لە زستانی...

وەرزی شێداری مردن و..

هەوری نەزۆکی باراندا نازانم بۆ

هەنگاوەکان نامبەنەوە سەر ڕۆژی

سەفەر کردنم؟

ئەی چوار وەرزی...

ساڵی ئاشوب و نەهاتی پەپوولەکان،

بە تەنافی کام سزادا تاوانی سپی..

دایکمتان هەڵواسیوە؟

لە تەلبەندی دەوری...

کام ئۆردووی ئەنفاله پرسیاربکەم
تا بزانم مەمکی ڕاستی خوشکەکەمیان
لەکوێ دیوه؟
ئەم قەل و داڵە ڕەشانه...
چۆن بوونەته هاودەمی سەگی بیابان؟
گۆشتی نەرمی براکەمیان لای کام
جەلادە کڕیوه؟
دڕکی تیژی...
ئەم تەلبەندی ڕۆح ئاژەنه..،
من دەناسن، به دەنگێکی ئاشنا به گوێم
بۆ قولآیی بانگم دەکەن
خوڵی نامۆی...
ئەم بیابانی بێ گۆڕ و بێ تەڵقینه،
ئەڵێی منالّی سوالّکەری لای خۆمانن
چنگ به هەنگاومدا دەکەن
تراویلکەن...
شاخێکی لم دەکەمه نیشانەی ڕێگەو..
لەپڕێکدا وەك جنۆکه خۆ وندەکاو..
لەدوورەوه دەستم بۆ ڕادەوەشێنێ
سەگەکانی...
ئەو بیابانه سووتماکه زمانزانن،
روو لەهەر کامێکیان دەکەی..
به زمانێکی ڕەوانی عەگال بەسەر

حەجاجت پێدەناسێ

ئێستا منیش...
هێدی هێدی دەبمە خۆراکی سەگێك و
لەسەر چارەنووسی منیش هەزار شیعر و
شانامەم بۆ دەهۆننەوە.
هەموو ساڵێ...
لە یادی منیش کە بوومە خۆراکی سەگ..،
رستێ درۆی بێ ناوەڕۆك بۆ مناڵە..
هەتیوەکەم دەخوێننەوە.

## تاوانی ئەنفال مردنی مرۆڤە بێ تاوانەکان بوو دوور لە بەها ئاینییەکان

لە ئەنفالدا مرۆڤە سڤیل و بێ گوناهەکان لە مناڵێکی شیرەخۆرەوە تا پیرێکی سەر جێگا هەموویان بە ناپاك و دژ بە دەسەڵاتی بەعس دادەنران، بۆیە دەبێت چارەنوسیان مردنێك بێت جیاواز لە مردنەکانیتر چونکە کوشتنی مرۆڤی ئەنفالکراو بێ دادگایی کردن و لێپرسینەوە کە سزای مەرگی بەسەردا دەدرا، مردنێك بوو پێش ئەوەی بمرێت بە بەرچاویەوە دایك و باوك و خوشك وبرا و هاوسەر و جگەر گۆشەکەیان لەبرسا دەکوشت یان دەرخواردی سەگە ڕەشەکانیان دەدا یان ژێر گڵیان دەخستن، مردنی ئەنفال مردنێکە دوور لە کلتور و بەها دینیەکان بە کۆمەڵ و بە پۆشاکەکانیانەوە ژێر گڵ دەخران.

ئەنفال تەنها کوشتن و لە ناوبردنی سەدان هەزار هاوڵاتی کوردی بێ تاوان نەبوو، بەڵکو هەڵتەکاندنی هەموو ئەو مرۆڤە کەم دەست و بێ کێشانە بوون کە دوور لە سیاسەت تەنها ژیانی ئاسایی خۆیان بەرێ دەکرد ژیانێك کە تەنها

له ولاته دواکەوتووەکاندا دەبینرا، ئەوانەی ئەنفال کران زیاتر هاوڵاتی گوندنشین و دوورە شارەکان بوون زۆرینەیان بێبەش بوون لە خزمەتگوزای سەرەتایی وەکو کارەبا و ئاو و شەقامی باش و تەنانەت بەشێکی زۆریان خوێندنگە و نەخۆشخانەیان نەبوو، ئەوان بەو ژیانە سادەش ڕازی بوون بەڵام بەعسیەکان ئەوەشیان پێڕەوا نەبینین.

مەبەست لە تاوانی ئەنفال واتە دروست کردنی ڕووداو گەلێك کە پێشتر وێنەی نەبووە لە هیچ کام لە دەسەڵاتەکانی تری عێراق، ئەنفال واتە شەرعیەتدان بە کارە نامرۆڤەکانی بەعس کە خۆی کردە جێ نشینی دەوڵەتی ئیسلام و گەلی کوردی کرد بە لادەر لە دین و کافر، بۆیە لە ژێر ناونیشانی ئایەتێکی قورئاندا پرۆسەکەی ئەنجامدا.

ئەنفال لەلایەن بەعسیەکانەوە بە شێوەیەکی پلان داڕێژەر ئامادە کرابوو، هەموو ئەو ناوچانەی بەر شالاوەکە کەوتبوون تەختی زەوی کران، زیاتر لە چوار هەزار گوند و ناحیە و قەزا کاول کران، مزگەوت و شوێنی پەرستگاکانی خودا وێران کران، دەیان هەزار قورئانی پیرۆز کە وشەی ئەنفالی تێدابوو خرایە ژێر زنجیری دەبابە و سوتاێنران، هەندێك لەو شوێنانە تائێستا بە کەلاوە و وێرانە ماوەنەتەوە، لە بەرنامەی بەعسیەکاندا بوو ماڵ و سامانی گوندنشینان تالان بکرێت و هەرچی زیندەوەریشە بە مرۆڤیشەوە لەناو ببرێت.

ڕوناکبیر و نوسەری کورد بەختیار عەلی دەڵێت "مردن لە ئەنفالدا مردنی تاکەکەسی نییە، بەڵکو مردنی نەتەوەیەکە بەبێدەنگی دەمرێت".

ئەوانەی ئەنفال کران مرۆڤێك بوون چەکدار نەبوون و لە جەنگدا نەگیرابوون، ئەوانە ژن و منداڵ و پیر و گەنج بوون، خەونیان بە ئایندەوە دەبینی کە ئەوانیش وەکو هەموو مرۆڤێك دەبێت بژین، ئەوان بە بێدەنگی و بێدەسەڵاتی ژێر خاك خران.

بەڵام ئەوەی بەسەر کوردا هات لە تاوانی ئەنفالدا تەنها تاڵانکردنی سەروەت و ســـامانی کورد نەبوو بەڵکو کۆکردنەوە و ونکردن و لەناوچـــونی یەکجاری گەلێك بوو کە زۆرینەی دانیشتوانی گوند نشین و سڤیلی بێ چەك بوون.

دکتۆر فاتح ســەنگاوی لە کتێبی (دواتر دەینێرم) بە تێکســتێکی خەیاڵاوی ئەنفالکراوان دەدوێنێت:

قوربانیەکان چیتان دەوێ؟

ئەی داربەڕووەکانی شاخم ئێوە ڕەنگتان لەم خاکەبوو

زۆر نامۆبوون بە بیابان

ئەی داروەنەکانی خاکم ئێوە نەمامی ئێرە بوون

چیتان دەکرد لە لمستان؟

ئێوە فێری دۆڵ و شاخ و خاکی سەوز و

شنەی شەماڵی ئێرە بوون

چیتان دابوو لە ڕەشبا و گڕە و گەرمای ئەو سەحرایە !

ئەی ڕەز و مێوی قەدپاڵم

چرۆی پشکوتوی بەرماڵم

گوڵاڵە سورەی بەهارم

چیتان دەکرد لەو سەحرایە

لای گەردەلول و تۆزی لم، وشکەساڵی

پوش و پەڵاش و بێ حاڵی

بەچکە شێرەکانی خاکم

هەڵۆی بەرزەفڕی ئاسمان

چیتان دابوو لەو کپییە

لەو کزی و بێ مروەتییە ! !

ئەرێ هۆ دار گوێزەکانم
ئێوە هەمیشە ئاوا بوون
سێبەردار و پەناگا بوون
ئەوە چییە وا ڕووتەڵەن
بێ بەرگ و ڕەنگ و کرچۆڵەن
ئەوە چییە!!
دایکانی بەسۆزی خاکم!!!
منداڵی بێ نازی پاکم!!!
کچۆڵەی پاکیزە و چاکم
لاوی بەجەرگی خەمناکم
بۆ کزۆڵەن
بۆ گرمۆڵەن
بۆ شڕۆڵەن
بۆ بێ بەرگن
بۆ سەری بەرزتان نەوییە
لە جێی جوڵە و کار و فرمان
لە جێی جوت و خەلە و خەرمان
کەچی کپ و واق وڕماون
لە بێ دەنگیدا تاساون
یەك بەسەر یەکدا پیشاون
بەڵێ زانیم... بۆچی وەها ڕوو ژاکاون
هەمووتان پێکەوە گەلۆ
بۆ چاڵی مەرگ نێردراون
باش تێدەگەین

چاك دەزانین كە نەماون

تەنها ئێسك و پروسك ماوە

ئەویش دەسوتێ لە لاوە

تەنها گیانتانە... پاراوە

لای خودا ناوتان نراوە:

(شەهیدی ئەم خاك و ئاوە

ڕمزی ستەمی بڕاوە)

سەركێشی و لە خۆبایی بەعسیەكان گەیشتبووە ئاستێك نكۆڵیان لە بوونی نەتەوەیەك دەكرد كە مێژوویەكی دوور و درێژی لە ناوچـــەكەدا هەیە، هەزاران ساڵە لەسەر زێدی خۆیان دەژین و كلتور و زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە.

هەرچەندە سەدام و بەعسیەكان نیازی ڕە شی خۆیان جیبەجێ كرد، بەڵام نەك نە یانتوانی گەلی كورد لە ناو بەرن، بەڵكو ڕق و كینـەی پاشماوەی ئەنفالكراوان بەرامبەر بەعسیەكان زیاتر بوو، بوو بەو پەرچە كردارەی كە پایە لەرزۆكەكانی بەعسی ڕوخاند.

مامۆســتا بەختیار عەلی دەڵێت: "ئەنفال پەیوەندی بە ســتراكتۆری بەعســەوە هەبوو، دووبارە كردنەوەی ئەنفال پەیوەندی بە مان و نەمانی دونیابینیەكی سیاسی تایبەتەوە هەیە كە بەر لە بەعس لە هەناوی ناسیۆنیالیزمی عەرەبیدا گەورە بوو.

ئەنفال دوا وێستگەی چەپۆكی دڕندانەی بەعس بوو بە شێوەیەكی بەرنامە دارێژراو دەستی بەو پرۆسەیە كرد و لە خەونی بەعسیەكان و خودی سەدامدا بوو بە تاوانی ئەنفال كۆتایی بە بابەتی كورد بوون بهێنێت لە باشــوری كوردســتان، جارێكیتر گەلی كورد جورئەت ناكات باسی مافەڕەواكانی خۆی بكات.

هەســتی ناســیۆنیالیزمی عەرەبی بەشــێوەیەك بوو كە وڵاتی عێراق تەنها وڵاتی عەرەبیە و هیچ نەتەوەیەكیتر بۆی نییە خۆی بناســێنێت و دەبێت لە

بۆتەی عەرەبدا بتوێتەوە، بۆ ئەم مەبەســـتەش پێش تاوانی ئەنفال چـــەندین هەنگاوی کردەیی نا بۆ توانەوەی نەتەوەی کورد سێ کوچکەی کردەی بەعس (تەعریب، تەبعیس، تەهجیر) بۆ پاکتاوی ڕەگەزی بوو.

بەعسـیەکان هەمیشـە بە عەقڵیەتی ناسـیۆنیالیزمی عەرەبی کاریان دەکرد مافی هاوڵاتی بوونیان تەنها بەو کەسانە ڕەوا دەبینی کە بەعسی بوون.

نوســــەری گەوری کورد، بەختیار عەلی لەو بارە یەوە دەڵێت "بۆ ئەوەی جارێکیتر ئەنفال و کیمیا باران و قەتڵ و عامی کورد دووبارە نەبێتەوە دەبێت چەمکی نیشتیمان پەروەری لای عەرەب و ناسیۆنیالیزمی دینی و نەتەوەی بشکێنین".

کەواتە پێویســـتە هەوڵی لە بار بردنی ناســـیۆنیالیزمی نەتەوەیی و دینی و مەزهەبی بدرێت بۆ ئەوەی عەقڵیەتی خۆســـەپێنی ڕابووردوو جارێکیتر گەلی کورد نەچـەوسـێنێتەوە چـونکە بە تێڕوانین لە ئەجندای کاری سـەرکردەکانی حکومەتی نوێی دوای ڕوخانی سەدام هەمان عەقڵیەتی نا سیۆنیالیزمی دینی و مەزهەبی و عەرەبی یە ساڵ بە ساڵ هەنگاوەکانی کورد ڕوو لە پا شەکشەیە و هەژمونی عەقڵی خۆسەپێنی دەسەڵاتدارانی عەرەب بەرەو زیاد بوون دەچێت.

چەندین ساڵە دەستی دەستی بە ماددەی سەدوچل دەکەن کە ماددەیەکی دەستوریە بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکان و ئاسایی کردنەوەی ئەو ناوچانە کە لە ڕووی مێژوییەوە بەشـــێکن لە کوردســـتان، بە دڵنیاییەوە کورد ســـودمەندی سەرەکی ئەو ماددەیە دەبوو بۆیە هەموو حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراق هەوڵی پەکخستنیان داوە.

بۆ ئەوەی ئەو کردانە دوو بارە نەبنەوە بەختیار عەلی پێمان دەڵێت:

"لە ناو چوون و هەوە سی نا سیۆنیالیزم گرنگترین ئامانجە بۆ ئێمە و زامنی پاراســـتنی کەرا مەتی تاکی کورد و دوو بارە نەبوونەوەی جینۆســـا یدی گەلەکەمانە بە دەست ناسیۆنیالیزمی عەرەبی و دینیەوە".



وێنەی تاوانی ئەنفالی ١٩٨٨



## ئەو کەسەی ناوی لە پرۆسەی ئەنفال نا، کێ بوو؟!

لە یاداشـــتەکانی تاوانبار (نزار ئەلخەزرەجی)دا هاتووە لە لاپەڕە (٣٨١)، کە لیوای روکن (کامیل ساجد ئەلجەنابی) ناوی پرۆسەی قڕکردنی کوردانی لە ١٩٨٨ ناوناوە (الانفال)، لەوێ نزار خەزرەجی دەڵێ: کامیل پیاوێکی ئاینیی بوو، ناوی پرۆسەی ئەنفالی لە قورئانەوە بۆهات!!

ئەم دانپێدانە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە کێ بوو بۆ یەکەمجار ناوی لە پرۆســەی ئەنفال نا، کە ئەوەش فەرماندەیەکی ســەربازی کامیل ســاجد بوو. رۆژگار هات و رۆیشــت ســەدام حسـێنی تاوانبار لە رێکەوتی ١٩٩٩/٢/٧ بە تۆمەتی ناپاکی ئەو (کامیل ساجد ئەلجەنابی)یەی لەسێدارەدا!.

خوای گەورە تۆڵەی لە تاوانباران کردەوە و پاش چـــەندین ســـاڵ ســـەدام خۆیشـــی کامیل ســاجدە—ی لەســێدارەدا، لەوەش ســەرســوڕهێنەتر ســەدام خۆیشی هەر لەسێدارەدرا[1].

## ڕای عەرەبی و نێودەوڵەتی لەسەر تاوانی ئەنفال

بۆئەو زەمەنە هەلومەرجی ناوچـــەیی و جیهانی لە بەرژەوەندی حکومەتی بەعسدا بوو، چونکە عێراق لە شەڕێکی هەشت ساڵیدا بوو لەگەڵ وڵاتی ئێرانی دراوســێ، وڵاتانی عەرەبی و ئەمریکا و بەشـێکی زۆری وڵاتانی ئەوروپی دژی سیاسەتی ئێرانی ئیسلامی بوون، لەوکاتەدا کوردی باشوریان بە هاوپەیمانی ئێران دەزانی بۆیە ئامادەییان تێدا نەبوو پشـــتگیری مافە ڕەواکانی کورد بکەن، بەرژەوەندی ئابووری و سیاسـیان لەگەڵ بەهێزی حکومەتی سـەددامدا بوو، چاویان کوێر بووبوو لە ئاست بینینی ئەو هەموو ڕوداوە نەخوازراوانەی

---

[1] لە ئەرشیفی ئەسعەد جەبارییەوە وەرگیراوە.

کوردستانی گرتبووەوە، گوێیان کەڕ بووبوو لە ئاست ئاهونالەی ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەی کوردستان کە هەموو جیهانی پڕکردبوو، لە کاتێکدا ئەستێرەی ئاسمانەکان لە ئاست لەرەی دەنگە بە ناو یەکچووەکانی ئەو هەموو بە ناحەق دەستگیرکراوە دەلەرییەوە.

هاوسۆزی وڵاتان بۆ کارە وەحشیگەریەکانی سەددام بوو، لەڕووی سەربازی و چەکەوە هاوکار و پشتیوانی بەعسیەکان بوون، سودی فرۆشتنی چەك هەستی لێ بڕیبوون، جبەخانەکانی حکومەتی عێراق ئاخنرابوو لە چەکی وڵاتانی زلهێزی جیهان کە خۆیان بە پێشەنگی دیموکراسی ناوزەد کردبوو، وڵاتانی عەرەبی کە خۆیان بە وارسی ئیسلام و پێغەمبەرەکەی دەزانی لە ئاست ئەو هەموو کردارە نامرۆڤانەی بەعس بێ دەنگ و کەڕ بوون.

هەروەك ئێستا کە لە سەردەمی پێشکەوتن و تەکنەلۆجیای سەردەم و جیهانگیری هەموو جیهان لە شاشەی مۆبایلەکەوە ڕاستەوخۆ دەبینرێت، بەڵام وڵاتانی بە ناو دیموکراسی و ئیسلامی لە ئاست ئەو هەموو زوڵم و زۆریەی داگیرکەران چاویان کوێر و گوێیان کەڕ و زمانیان لاڵە.

کوردانی باکور دەیان ساڵە بە دەست زوڵم و زۆری دەوڵەتی تورکیاوە ژیانیان لێ بۆتە دۆزەخ، لە کاتێکدا ئەوان داوای مافی هاوڵاتی بوون و نەتەوەیی بوونی خۆیان دەکەن گەلێکی دەیان ملیۆنی دان بە زمان و کلتور و نەریتیدا نانرێت، دەیانەوێت لە بۆتەی نەتەوەی تورکدا بیانتوێننەوە، ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە چۆن وڵاتانی زلهێز بە ناو پێشەنگی دیموکراسی و ئازادی پشتگیری ڕەهای دەوڵەتی تورکیا دەکەن و هێزێکی کاریگەر و پێشەنگی کوردانی باکور یەکەکە بە تیرۆرست دەناسێنن!

لە مانگی شەشی ساڵی ٢٠٢٢ هەردوو دەوڵەتی فیللەندا و سوید لە ژێر فشاری دەوڵەتی تورکیا ڕازی بوون دان بە تیرۆرست بوونی پارتی کرێکارانی

کوردســـتان(پەکەکە )دا بنێن ڕێگری بکەن لە هەموو چـــالاکیەکی ئەو هێزە نەتەوەییە لە ناو وڵاتەکانیان لە پێناو بە ئەندام بوونیان لە ناتۆ، چـــونکە ماوەی چەندین ساڵە تورکیای ئەندامی هەمیشەیی و سەرەکی ناتۆ مەرجی بوون بە ئەندامی بۆ ئەو دوو دەوڵەتە داناوە کە پەکەکە وەك هێزێکی یاخی و تیرۆرست بناسێنن.

لە کاتی تاوانی ئەنفالدا هەندێك لە ڕاگەیاندکارانی ســـەر بە دەســـەڵاتی وڵاتەکانیان ڕاپۆرتیان بڵاو دەکردەوە لە بەرژەوەندی عێراق و بەرگریان لە سەدام و حیزبی بەعس دەکرد کە کیمیایی دژی کورد بەکار نەهێناوە.

لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ١٠٠٩ی ڕۆژی ١٩٨٨/٩/٢٢ ئاماژە بە گەشـتی پەیامنێرانی عەرەب و غەیرە عەرەب دەکات بۆ کوردسـتان لە بارەی پرۆپاگەندەکانی چـــەکی کیمیاییەوە، باس لەوە دەکات کە لە مەدرید تەلەفیزیۆنی ئیســپانیا بۆ بەرگری لە حکومەتی عێراق لە ڕیپۆرتاژێکی وێنەیدا پیشـانیداوە بارودۆخی ئاسـایی باکوری عێراق دەریخسـتووە کە شـوێنەواری بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە ناوچەی باکوری عێراقدا نەبینراوە.

لە لەندەنیش ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی وتی هیچ شـــتێك لە ئارادا نییە پەنجە بۆ ئەوە ڕابکێشێت کە گوایە چەکی کیمیایی دژ بە یاخیگەرە کوردەکان لە باکوری عێراق بەکار هێنرابێت.

پەیامنێری تایمزی لەندەنیش لە ڕاپۆرتێکی خۆیدا وتی لە گەشتەکەیدا گوندنشـــینە کوردەکانی بینیووە هەل هەلەیان بۆ ژیانی بەڕێز ســـەدام حسێن لێداوە.

لە ڕۆژنامەی العراق ژمارە ٣٧٠١ ی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢١ دا هاتووە:

ئۆپراســـیۆنی ئەنفال بووە جێ بایەخی عەرەبی و ئەوروپی کە کۆمەڵێك ڕۆژنامە و ئاژانسـەکانی دەنگوباس قسـەیان لەسـەر ئەنفال و سـەرکەوتنەکانی

ســـوپای عێراق کردووە، لەوانە ڕۆژنامەی (الاهرام) دەڵێ لە ئۆپراســـیۆنی ئەنفالدا سێ بنکەی بەکرێگیراوانی خۆفرۆش لە ناوچەی ژووروودا تێکشکان.

هەروەها دەنگوباســەکانی ســەرکەوتنی ئۆپراسـیۆنی ئەنفال لەســەردێڕی لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی ئەردەنی ئەو ڕۆژەدا بڵاو کراوەتەوە.

هەروەها لە ژمارە ٦٦٧٧ ی ڕۆژی ١٩٨٨/٩/٧ ی ڕۆژنامەی (الثورة)دا ئیشـــارەت بەبایەخی فراوانی ڕاگەیاندنی بڕیاری ئەنجومەنی ســـەرکردایەتی شۆڕش لە بارەی لێبوردنی گشتییەوە کە لە ئاژانسەکانی دەنگوباسدا دەکات.

لـە ژمـارە ٦٦٨٨ی ڕۆژی ١٩٨٨/٩/١٨ی هـەمـان ڕۆژنـامـەدا هـەواڵی ســـەردانی پەیامنێران و نوێنەرانی تۆڕی تەلەفیزیۆن و ئێزگە و ڕۆژنامە و گۆڤارە بیانی و عەرەبی و عێراقیەکان بۆ پارێزگای دهۆك بڵاو دەکاتەوە.

هەروەها لە ژمارە ٦٦٨٩ی ڕۆژی ١٩٨٨/٩/١٩ی هەمان ڕۆژنامەدا بڵاو کراوەتەوە کەوا کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەی جێگری فەرماندەی گشـــتی عەدنان خەیروڵڵا جێگەیەکی گەورەی لە پەخشـــانی هەواڵ و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عەرەبی و جیهانیدا دراوەتێ و ئاژانســـەکانی هەواڵی ڕۆیتەر و ڕۆژنامەگەری فەڕەنسی و ئەسیۆشێتدپرێس و ئەڵمانیای یەکگرتوو و چینی و کوێتی و سعودی و میسری و کەنداو و قەتەر بڕگەی دوورودرێژیان لەو کۆنگرەیەدا بڵاو کردۆتەوە.

هەر لەم ژمارەیەدا نوێنەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عەرەبی و جیهانی کە بە ناوچـــەی ئۆتۆنۆمیدا دەگەڕێن دەڵێن کەوا بە دێهاتە کوردیەکاندا گەڕاون و هیچ شوێنەوارێکی چەکی کیمیاییان نەبینیوە.

هەروەها لە ژمارە ٦٦٨٤ی ڕۆژی ١٩٨٨/٩/١٤ی هەمان ڕۆژنامەدا چەند هەواڵێکی جیا جیا هاتووە:

– تورکیا بازاڕی هاوبەشـــی ئەورووپا دڵنیا دەکاتەوە کەوا ئەو کوردانەی تیمە پزیشکیە تورکیەکان پشکنیونی توشی لێدانی کیمیایی نەبوون.

- دوو وتەبیـژی نێودەوڵەتی لە جنێف دەڵێن کەوا هیچ بەڵگەیەك بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن عێراقەوە نییە.

- ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا و مۆنتیکارلۆ بڵاوی دەکەنەوە کە سەرچاوەکانی خاچی سوری نێودەوڵەتی لە تورکیا ئەو پڕوپاگەندانەی توشبوون بە چەکی کیمیایی و گازی ژەهراوی ڕەتدەکەنەوە.

## یاد کردنەوەی تاوانی ئەنفال لە لایەن بەعسیەکانەوە

سەدام و بەعسیەکان دوای ئەوەی هەشت ساڵ جەنگێکی ماڵ وێرانکەرەیان بەشکست بەسەردا شکایەوە و بوونە دۆڕاوی جەنگ، دەبوایە کردەیەك بکەن بوون و توانای خۆیان دەربخەن، لەبەر چـــاوی وڵاتانی هەرێمی و جیهانی پیشانی بدەن کە سوپای عێراق هێشتا لە توانایدا ماوە دوژمنەکانی لە ناوبەرێت، چونکە لە ئایدۆلۆژیای بەعسدا کورد لەبەرئەوەی ڕادەست نابێت دوژمنە، هەر لەو پێناوەشدا بیری لە خراپترین کردەی سەربازی و تاوانی گەورە کردەوە.

تاوانی ئەنفال بەرنامە و تاوانێکی بێویژدانانە و دوور لە هەسـتی مرۆڤایەتی بوو بۆ سڕینەوە و لە ناو بردنی گەلی کورد، بە بەرنامە ئامادە سازی بۆ کرابوو بۆیە پانتایەکی زۆری لە هزری بەعسدا داگیر کردبوو، بە دەستکەوتێکی مەزنی دەزانی و شـــانازی بە کردە ســـەربازیەکانی دەکرد، لە کاتێکدا لە بەرامبەر سوپای ئێراندا تێك شکێنرابوو.

ســەدام و بەعســیەکان زۆر بە شــانازییەوە باســی ئەو کردە ســەربازیەیان دەکرد و خویان پێوە هەڵدەکێشـا، وایان دەزانی ئەمە دەبێتە ســەرەتایەك بۆ لەناوبردنی گەلێکی مێژو دێرین لە هەستانەوە و ئازایەتی.

لە ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکانیدا ڕۆژی ١٩٩٢/٣/١٨ بەم شێوەیە یادی ئەنفالی کورد دەکاتەوە:

گەلی خۆڕاگرمان بە کورد و عەرەبەوە یادی کردەی جوامێرانەی ئەنفال دەکاتەوە..

بەغداد/ ئاژانسی دەنگوباسی عێراق

ڕۆڵەکانی گەلە خۆڕاگرەکەمان بە کورد و عەرەبەوە سـبەی ڕۆژی هەینی یادەوەری کردەی ئەنفالی جوامێرانە دەکاتەوە کە لە ئەنجامدا شـێرانی حەق لە سـەربازانی سـەرکردە سـەدام حسـێن سـەری هێزەکانی یاخیبوانیان پان کردەوە و بارەگاکانیان داگیر کرد.

پا شنیوەڕۆی ڕۆژی ١٩ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ هێزە چەکدارە نەبەزەکانمان لە هێزەکانی بەدر و فەوجەکانی بەرگری نیشـتیمانی هێرشـیان کردە سـەر بارەگای یاخیبوان لە ناوچەی سەرگەڵو و بەرگەڵو و زێوە و ناوچە شاخاویەکان لە سـنوری پارێزگای سـلێمانیدا، توانیان بە نەبەردێکی سـەرکەوتووانە ئەو تاقمە بە کرێگیراوە تێك بشکێنن کە لە ژێر فەرمانی بێگانەدا بوون و دوژمنی ئێرانیش بە چەك و پارە و یارمەتی پاڵپشتی دەکردن.

ئەنفال لەو کردانە بوو کە پشـتی دوژمنی شـکاند لە ڕێگای لەناوبردنی مۆڵگەکانی بە کرێگیراوان ئەوانەی یارمەتی هێزە ئێرانیەکانیان دەدا و ڕێگایان بۆ خۆش دەکردن تا بێنە ناو شار و گوندە سنوریەکانی عێراقەوە لە ناوچەی باکوردا، هەروەها کردەی ئەنفال سنورێکی بۆ بە کرێگیراوی ئەو کەسانە دانا کە خێرخوازانی گەلی کوردمان بە نەفرەتیان کردون چـونکە کەوتبونە خزمەتکردنی بێگانە، لەناو کردارە بێ ئابڕوەکانیشیاندا ڕێگا خۆشکردن بوو بۆ هێزە داگیر کەرەکان تا بێنە ناو گوندەکان و قەزای هەڵەبجەی سەر سنور لە پارێزگای سلێمانی.

## هەوڵەکان بۆ ناساندنی تاوانی ئەنفال لە جیهاندا

بە هۆی کەم ئەزمونی کورد لە دیکۆمێنت کردنی مێژوو و نەخوێندەواری بەشێکی کۆمەڵگای کوردی لەو سەردەمەدا نەتوانرا وەك پێویست گرنگی بە ڕووداوە نەخوازراوەکانی کوردستان بدرێت و وەکو بەڵگە و دیکۆمێنت بمێننەوە، دەبوایە سەرکردایەتی کورد بۆ ئەو ڕووداوانە ستافی شارەزا و بە توانا بە کامێرای باش پێکبهێنایە تا ئەو ڕووداوانە دیکۆمێنت بکرێن، لەم بوارەدا کەمتەرخەمی زۆر دەبینرێت بە پێچەوانەی گەلانیتر کە زۆر گرنگیان بە مێژوو داوە.

هەندێك بەڵگە و نوسراو هەیە کە ڕژێمی بەعس وەکو شانامە لە سەردەمی ڕوداوەکاندا نوسیویێتییەوە و بەشانازیەوە باسی کردوە، گەرچی بۆ ئەو سەردەمە کە کورد لە ئاوارەیی و دەرەتاندا بووە سەر نەپەرژاوە سودی لێببینێت، دیارە بەشێکی پەیوەندی بە کەمتەرخەمی سەرکردایەتی ئەوکاتی کوردستانەوە بووە، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ هەندێك بەڵگەنامە و دیکۆمێنت لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە درا بە ڕێکخراوی (مدیلّ ئێس وۆچ) وەکو سەرچاوەی ڕاپۆرت و کارکردن لەسەر تاوانی ئەنفال دژی بەعس لە وڵاتانی دەرەوە بەتایبەت ئەمریکا کاری لەسەرکرا.

لە ڕاپەڕینە میللیەکەی ساڵی ١٩٩١ لە باکوری عێراق خەڵکی مەدەنی کورد و ئەندامانی حیزبە سیاسیە کوردیەکان پەلاماری دامودەزگاکانی حکومەتی عێراقیاندا بە دامو دەزگا ئەمنی و ئیستیخباراتیە جۆراوجۆرەکانیشەوە.

پێش ئەوەی هێزەکانی عێراق پێشڕەوەی بکەن و ڕاپەڕینەکە بشکێنن، حیزبە کوردیەکان توانیان زۆربەی زۆری ئەو بەڵگەنامە دەست بە سەراگیراوانە لە شار و شارۆچکەکانەوە بگوێزنەوە بۆ سەنگەر و شوێنە قایمەکان لە چیاکاندا، لە بەهاری ساڵی ١٩٩٢ یەکێك لە دوو لایەنە گەورەکە

(یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) ڕەزامەندی دەربڕی کە بچێتە ڕێکەوتنێکی سێ قۆڵییەوە لەگەڵ میدڵ ئیست وۆچ و لیژنەی پەیوەندیەکانی سەناتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

بە پێی ئەم ڕێکەوتنە یەکێتی ڕازی بوو بەڵگەنامەکانی لای خۆی بنێرێتە ئەمریکا بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەیان، لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی سەناتیش ڕەزامەندی دەربڕی کە بەڵگەنامەکان بدرێنە بەشی تۆمارگە ڕەسمیەکانی کۆنگرێسی ئەمریکا و لە ئەرشیفی نیشتیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بپارێزرێت.

میدڵ ئیست وۆچیش قایل بوو بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر بەڵگەنامەکان لە بواری مافی مرۆڤدا و تیاشیاندا شوێن کێشەی جینۆساید بکەوێت و بیداتە دادگای عەدلی نێودەوڵەتی لە لاهای Tha Hague.

کەرەستەی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) بریتی بوو لە چواردە تەن بەڵگەنامە و کرابوونە ٨٤٧ سندووقە و تێکڕا ژمارەی پەڕەکانی بەزیاد لە چوار ملیۆن دەخەملێنرا، لە مایسی ١٩٩٢دا (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) دۆکیۆمێنتەکانی بەشێوەیەکی کاتی خستە لای میدڵ ئیست وۆچ و پاشان بە ئامادەبوونی بەرپۆبەری ئەو ڕێکخراوە بە فرۆکە گوێزرایەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، دواجار لە واشنتۆن بە ئەرشیفی نیشتیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکان سپێردران و لە کۆگاکانیدا هەڵگیران، بەڵام هەر لە ژێر چاودێری هاوبەشی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و میدڵ ئیست وۆچ)دا مانەوە.

لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢دا تیمێکی لێکۆڵینەوەی سەر بە میدڵ ئیست وۆچ دەستی دایە کاری تەتەڵەو گێژەنکردن و پێرست بۆ دانان و شیکردنەوەیان، دۆکیۆمێنتە بایەخدارەکان دەرهێنران، وێنەیان لەبەر گیرایەوە، وەرگێڕدران و ژمارەیەکیان کەوتوونەتە ئەم ڕاپۆرتەوە.

ڕاپۆرتدەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەســـەر عێراق، بەڕێز ماکس ڤان دەرشـــتۆیڵ لە ڕاپۆرتەکەی مارتی ١٩٩٣یدا بۆ کۆمیســـیۆنی مافی مرۆڤی ســـەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ســـوودی لە هەندێك لەو بەڵگەنامانە وەرگرتبوو کە میدڵ ئیست وۆچ دۆزیبوویەوە.

بەعس لە سەر ئۆپراسیۆنەکانی ئەنفال، لە میدیاکانی خۆی بیستراو و بینراو و نوســـراودا بە تایبەت لەســـەر لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بابەتی زۆر نوســـیوە بە شێوەیەك سەروەری بۆ خۆی تۆمار کردووە، جاش و سەرکردە مەیدانیەکانی هێناوەتە گۆ و ئەوانیش بێشەرمانە و بێگوێدانە داهاتوی نادیاریان بە شانازییەوە باســـی تاوانی ئەنفال و ڕوداوەکانیتریان کردووە، ئەوەش بۆ لادانی پەردەی ڕاستی ڕوداوەکان و هەڵوێستی ناکوردانەی ئەنجامدەران زۆر باش بووە، دەبوایە تا مردن ڕویان نەیات بێنە پێشـــەوە و قســـەی زل و بریقەداربکەن، بەڵام دوای ئازاد کردنی کوردســـتان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم و ســـوپای کوردســـتان بەشێك لەوانە هاتنەوە گۆڕەپانی کارکردنیان لە حیزب و حکومەتدا.

بەرەی کوردســـتانی لە کاتی ڕاپەڕیندا لێخۆش بوونی بۆ ســـەرۆك جاش و جا شەکان دەرکرد، بەڵام بەو مانایە نابێت ئەوانەی دە ستیان لە کو شت و بڕینی هاونیشتیمانیانی کورد ستان هەبووە وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەربچن و ڕێزیان لێبگیرێت بە شێوەیەك لە کەسوکاری ئەنفالکراوان زیاتر گوێیان لێبگیرێت و خزمەت بکرێن تەنها لەبەر ئەوەی ئەوانە بە پارەی خوێنی ســـەری هاونە تەوە کە یان لە کاتی ڕژێمی بەعســـدا دەوڵە مە ند بوون و پێگەی جە ماوەریان بۆ خۆیان دروســـت کردووە، ئەوەش بۆتە هۆی حەوانەوە و هاوکاری کردنیان لە لایەن بەشێك لە لایەنە سیاسیەکان.

مرۆڤ توشـــی ســـەر ســـوڕمان دەبێت کە دەبینرێت کوڕە شـــەهید و زیندانی سیا سی و کە سوکاری ئەنفالکراو بچێتە دیوەخان و ماڵی هەندێك مستە شار و

بەرپرسی سەردەمی بەعس، بانگەشە بۆ کاکی بەرپرس و مستەشار بکات کە ڕیش سپی و براگەورەی عێل و خێل و بنەماڵەکەیەتی!

هەندێك لایەنی سیاسی بەوەش نەوەستان، دوای پرۆسەی ئازادی عێراق بەشێك لەو بەرپرسە عەرەبانەی سەردەمی بەعس کە دەستیان بە خوێنی کورد سوور بووبوو، لە پایتەختی کوردستان ڕێزیان لێگرتن و شوێنی حەوانەوەیان بۆ دابین کردن و هاوکاریان کردن.

باشترین بەڵگە لە ڕۆژی ٢٥ی ئەیلولی ٢٠٢١ و لە کاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بۆ پەرلەمانی عێراق کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەردەم هەوادارانی حبیزبەکەیی و لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، دانی بەوەدانا وتی بەشێك لەو کەسانەی کە کاتی خۆی دەستیان هەبووە لە ئەنفال و کوشتن و بڕینی کوردا لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە لە هەولێر نیشتەجێ بوون، چەند جارێك لە گەڵیان دانیشتوین پەشیمانن لەو کردەوانەی لە ڕابووردوودا کردویانە، گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی گەلی کورد گەلێکی مرۆڤ دۆست و باشە نابوو بەرامبەریان خراپ بووینایە!

جێی سەرسوڕمانە لە دەمی بەرپرسی لایەنێك ئەوە ببیستین کە خۆیان بە لایەنی یەکەم و بەرپرس دەزانن لە بەڕێوەبردنی کوردستان، سەرۆکی هەرێم و حکومەت و زۆرینەی جومگە گرنگەکانی دەسەڵاتی کوردستان بەدەست ئەوانەوەیە.

لە مانگی تموزی ٢٠٢٢ لە ڕێگەی وەتس ئەپەوە گرتەیەکی ڤیدیۆیی نزار خەزرەجی فەرماندەی گشتی سوپای عێراق لە سەردەمی ڕژێمی بەعس و بەرپرسی سەرەکی تاوانی ئەنفال بە دەستم گەیشت بەم شێوەیە باس لە دەرباز بوونی خۆی دەکات لە عێراق سەرکردەیەکی کورد هاوکاری بووە دەڵێت: "یەکێك لە دۆستەکانی خۆم نارد بۆ باکوری عێراق بۆ لای مسعود بارزانی پێی

وت، نزار خەزرەجی دەیەوێت دەربچێ لە عێراق، مسعود بارزانی ڕازی بوو، وتی بە زەمان دەری دەکەم، مسعود بارزانی لە باکورەوە منی دەرباز کرد بۆ تورکیا و لەوێشەوە بۆ ئوردن". ئەگەر سەرنج لە قسەکانی خەزرەجی بدەیت ئێستا کە هەرێمێکی ئیدارە  سەربەخۆین لای ئەو بە هەمان نەفە سی  سەردەمی بەعس بە ناوچەی باکور ناوی دەهێنێت و ددان بە هەرێمەکەماندا نانێت!

مرۆڤ توشـــــی شــــۆك دەبێت لـە پێنـاو چــــی و بۆچــــی هـەموو کردە نامرۆڤایەتیەکانی پیاوانی ڕژێمیان بیر چـۆتەوە کە لە کۆتا چـارەکە سـەدەی ڕابوردوو بەرامبەر کورد کردیان بە عەقڵی تەسـکی نەتەوایەتی و شـۆڤێنیان، ئەگەر دژایەتییان نەکردون و لێپرســـینەوەیان لەگەڵ نەکردون بۆچــــی لە پایتەختی کوردســـتان نیشـــتەجێیان کردوون و شـــوێنیان بۆ دابین کردون، هۆکاری دەربازبوونیان بوون لە عێراق لە کاتێکدا تا ئێســـتا بەشــێکی زۆری کەســـوکاری ئەنفالکراوان و قوربانیانی دەســـتی بەعس بێ جێگان یان ناوچـــەکانیان وەکو پێویســـت ئاوڕی خزمەتگوزاری لێنەدراوەتەوە، چـــەندین بریندار چـــەکی کیمیایی بە ئازاری برینەکانیانەوە گیانیان ســـپارد توانای چـوونە دەرەوەیان نەبوو، کەس و لایەنێك نەبوو لێیان بپرسێتەوە و ڕەوانەی وڵاتانی دراوسێیان بکات بە مەبەستی چارەسەر کردن.

هەواڵی تاوانی بەدناوی ئەنفال بە زمانی عەرەبی و کوردی لە ڕۆژانی ڕودانیدا بەشێکی زۆری لاپەڕەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی بەعسی داگیر کردبوو.

ئەنفال لە لایەن بەعســـیەکانەوە گرنگی زۆری پێدرابوو وەك کردەیەکی ئەفسـوناوی وەسـف کرابوو، بە چـەندین شـێوە وەسـف کراوە وەك (کارێکی دلێرانە، پاڵەوانانە، داستانی کەموێنە، ئۆپراسیۆنی تۆڵەستێن، لێدانێکی پشت شـکێن) ئەمانە بە گشـتی تەعبیر لە فیکر و تاوانی ڕژێمێکی دڕندە دەکات کە لە ژێر سێبەری دەقی ئایەتێك وسورەتێکی قورئاندا شەرعیەت بە کارە ناڕەوا

و نامرۆڤەكەی خۆی دەدات جینۆسایدی نەتەوەیەك بكات و لە سەر نەخشەی مرۆڤایەتی بیســـڕێتەوە، كردە نامرۆڤەكانی بەعس كەم وێنە بووە مەگەر هیتلەر و جەنگیز خان و تەیموری لەنگ بەو شـــێوەیە بڕیاری كۆمەڵكوژی هاوڵاتی سڤیلیان دابێت.

## ئەنفال لە ڕۆژنامەكانی بەعسدا

ئەمەی خوارەوە چەند نمونەیەكە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكانی بەعسدا باسی تاوانی ئەنفال كراوە:

### ڕۆژنامەی هاوكاری

لە ژمارە (٩٥٩)ی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢١ دا ئەم شـــەڕە تاوانكاریە بە (كارێكی دلێرانە) ناو دەهێنێت و ئەنجامی تاوانەكەش بە (سەركەوتنێكی مەزن) هەژمار دەكرێت، بەم شێوەیە لە هاوكاریدا هاتووە: "ئەم كارە پاڵەوانیەتییە كە تێیدا ڕۆڵەكانی گەلی كورد و عەرەب بەوپەڕی دلێری و ئازایەتی و بە تواناییەوە بەشـــدارییان تێدا كردووە، ئەوە دەردەخات كە وەڵامی گەلی مەزنمان دژ بە كرێگیراوان و چەتە و خیانەتكاران بەو جۆرە دەبێت ".

لە ژمارە (٩٦١)ی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٨ یشـــدا جاش قەڵەمێك بە ناوی (سەلام مەحمود) دەنوسێت: "كارە پاڵەوانێتیەكەی ئەنفال پشتی خۆفرۆشانی شـكاند"، كە تێیدا دەنوسـێت: "بەڵێ ڕۆژی شـەممە ١٩ی ئازاری ١٩٨٨ دوا بنكەی خۆفرۆشەكان لە ناوچەی دۆڵی جافایەتی، سەرگەڵو و بەرگەڵو و زێوەدا لە خۆفرۆشان پاككرایەوە و ئەو دەستە چەپەڵانەیان لەو ناوچە ئازیزەدا قرتێنرا و هەواڵەی دۆزەخی گڕی ڕقی پیرۆز كران كە ئەو خاكە پاكە هەرگیزا و هەرگیز خۆفرۆشان بە خۆیەوە ناگرێت و جێ پێی چەپەڵەكانی تێدا نابێتەوە ".

باشـه چـۆن سـەلامی خۆفرۆش مەرەکەبی خیانەتی خسـتە سـەر لاپەڕەی ڕە شی مێژوی خۆی، بە چ عەقڵ و مەنتقێك دەڵێ دە ست و پێیان لە ناو چەی ئازیزدا قرتێنرا! دەبێت لە کاتی نوسـینی ئەو دەسـتەواژەیەدا کەمێك ویژدانی ژەنگ هەڵاتوی نەجوڵابێت؟ یان پارە و دەسـەڵاتی خودپەرسـتی وایلێکردبێت بە عەقڵیەتی دۆگما و کورتبینانە بەو شێوە بنوسێت!.

مرۆڤی ژیر ئەگەر توشـــی هەڵەی سـیاسـیش بێت بە تایبەت بەکرێگیراوی دوژمنان بێت هەوڵ دەدات کەس پێی نەزانێت و ڕووی ڕەشـــی پەردەپۆش دەکات بۆ ئەوەی بەر نەفرەتی گەلەکەی نەکەوێت!

ڕۆژنامەی هاوکاری شـــانازی بەوەوە دەکات کە پەیامنێرانی ئەو، پێش هەمووان گەیشتوونەتە بنکەی خائین جەلال تاڵەبانی لە سەرگەڵو و بەرگەڵو.

دەبێت سەرنوسەر و دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەکە چۆن مرۆڤێك بن وشەی خائین بەرامبەر گەورەترین ســـەرکردەی ڕزگاریخوازی گەلەکەیی و جیهان بە کاربهێنن؟! سـەرکردەیەك لە تەمەنی لاوێتیەوە لە خەبات و تێکۆشـاندا بێت، هەموو تەمەنی لە پێناو بەرگری خاکی کورد ستان و ئازادی گەلانی چەوساوە بردبێتە سەر، لە سەردەمی شاخەوە تا بوونی بە سەرۆك کۆمار واژۆی لە سەر کوشتنی کەس نەکردبێت تەنانەت دوژمنەکانیشی.

**ڕۆژنامەی الجمهوریە**

لە ژمارە (٦٧٦٨)ی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٧دا دەنوسێت: "ئۆپراسیۆنی ئەنفالی پاڵەوانانە توانای ڕۆڵەکانی عێراقی مەزن لە عەرەب و کورد نیشاندا و پەردەی لە ڕووی خیانەتکاران و تێکدەران و بە کرێگیراوانی ئێران و زایۆنیزم هەڵماڵی ".

لـە ژمـارە (٦٧٦٩)ی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٨ هـەمـان ڕۆژنـامـەدا هـاتووە "ئۆپراســیۆنی ئەنفال دووپاتکردنەوەی یەکێتی نیشــتیمانی ڕاســتەقینەیە لە بەرگریکردن لە خاکی نیشتیمان ".

**ڕۆژنامەی الثورة**

لە ژمارە (٦٥٠٨)ی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٠دا دەنوسـێت "داسـتانی کەموێنەی داگیرکردنی بارەگای خیانەتکاران".

**ڕۆژنامەی العراق**

لە ژمارە (٣٧٠٠)ی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٠ دا بە فۆنتێکی گەورە مانشێتی لاپەڕە یەکی بەم وتە یە دەڕازێنێتەوە "ئۆپراسـیۆنی ئەنفال لێدانێکی پشتشکێن".

لە ژمارە (٣٧١٤)ی ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٥ دا دەنوسـێت "بە شـەڕێکی ئەفسانەیانە و خۆشەویستیەکی هەمیشەیی بۆ عێراقی مەزن داستانی ئەنفالی یەکەمیان بەرپا کرد".

لە ژمارە (٣٧٠٢)ی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٣ دا مانشـێتی وتارەکەی (سەلاحەدین سەعید) نوسراوە: "داستانی ئەنفال ڕەنگاڵەیەکی گەشە بۆ عێراقیەکان"، لە وتارەکەیدا بەم شـێوەی نوسـیوە: "کوردە ئازا و بەغیرەتەکان لە پێشەوەی هێزە چەکدارە سەرفرازەکەمانەوە بوون، کە لە جۆرەها ئازایەتی و قارەمانێتی و هونەر نواندنی شـەڕدا ملی خائینە ڕیسواکانیان دەپەڕاند".

هەرچەندە بۆ بوونی بەڵگە و سەلماندنی تاوانی ئەنفالی کورد لە ئێستا و داهاتودا بوونی ئەم نوسینانە سودیان زۆرە کە بەعسیەکان دان بە تاوانی ئەنفالدا دەنێن.

بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و تێڕامانە هاوڵاتیانی سـڤیل وەك چەکدار مامەڵەیان لەگەڵ کراوە. ڕاستە پێشـمەرگە بە هەموو توانایەوە بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردسـتان کردووە دژی داگیرکاری بەعس و وەکو قەڵغان دژیان وەستاونەتەوە، بەڵام هاوڵاتیانی سڤیل بە تایبەت پیر و پەککەوتە و

منالْ و ژن چـــەك بە دەســـت نەبوون تا ڕەوایی بدەن بە لەناوبردنیان و بە خیانەتی نیشتیمانی تۆمەتباریان بکەن. بەڵکو دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە هەمیشە بەشێك لە دوژمنانی کورد گەیشونەتە ئەو بڕوایەی کە لای ئەوان هیچ جیاوازی لە نێوان پێشـــمەرگە و هاولاّتی بێ چـــەك نییە بۆیە باشـــترین کورد ئەوانەن کە دەبێت بمرن!

## گۆڤاری الف باء

لـە ژمـارە (١٠١٧) ی ڕۆژی ٢٣ی ئـازاری ١٩٨٨ دا بـەم شـــێوەیـە دەنوســـێت "جەحفەلەکانی بەرگری نیشـــتیمانی یەکەم و هێزەکانی بەدر و قەعقاع و موعتەســـەم و فەوجەکانی بەرگری نیشـــتیمانی ئەم ئۆپراســـیۆنە تۆڵەسێنە ئازایانەیان جێبەجێکرد".

لە ڕۆژنامەی (الثورة) ژمارە (٦٥٣٦) ی ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٧ دا هاتووە ٧٧ جەنگاوەر لە موســتەشــار و فەرماندەی فەوجەکانی بەرگری نیشــتیمانی بەشداریان لە ئۆپراسیۆنەکانی ئەنفالدا کردووە. بە پێی ئەوەی لە ڕۆژنامەکەدا هاتووە "جەنگاوەرە کوردەکان لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد هەروەکو هەمیشـــە وابوون بەشـــدارییان لە جەنگی بەرگری لە عێراقی مەزن و ئامانج و ئاواتەکانی کردووە، هەروەکو بەشـداریيان لە زەبر گەیاندنی ڕەوای گەل بە چـڵکاو خۆر و خۆفرۆشـــەکاندا کردووە، ئەمانە خەڵکە بە ئەمەکەکەن بۆ خاکی عێراق، باشترین پاسەوانەکانی شۆڕش و بیر و باوەڕەکانی بوون، بەوپەڕی شیاوییەوە ڕەزامەندی خوا و خۆشەویستی گەل و سەرۆکە مەزنەکەیان بەرکەوت.

هەریەك لەمانە شایەنی ئەوەیە ناوەکەی بزانن بەلاّم ئێمە ناوی موستەشاری فەوجەکانی بەرگری نیشـــتیمانی پاڵەوان و فەرماندەکانیان دەهێنین تا لە ڕێگەیانەوە ئاماژە بە هەموو موجاهیدەکانی ڕێگەی خوا لە هاولاّتییە کوردەکانمان بکەین ".

ناوی مستەشارەکان لە بەر دەستدا بوون کە لەم کتێبەدا بینوسمەوە بەڵام بە پێویسـتم نەزانی، هەرچـەند ناوی هەندێکیان لای خەڵك ئاشـکرایە و لە هەندێك کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی و نوسراوەکاندا ناویان هاتووە، هەندێکیان مردوون، لە دوای ڕاپەڕینیشـەوە بەشـێکی زۆریان بەرپرسیارێتیان پێدراوە بە تایبەت لە بواری سەربازیدا.

لە ژمارەی (٩٦٠) ی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٤ ی ڕۆژنامەی هاوکاریدا بەوپەڕی شـانازیەوە چـاوپێکەتنیان لە گەڵ عەمیدی تایبەت (عەلی حسـێن خەزعل) فەرماندەی هێزی بەدری کوبرا کردووە کە بەم شـێوەیە باسـی شـەڕەکان و بەشـداری جاشـەکان دەکات "هاریکاریکردن لە نێوان ئێمە و فەوجەکانی بەرگری نیشـتیمانی زۆر دیار و ڕێك و پێك بوو، تێیدا فەوجەکان لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردی خۆشەویستمان قوربانیەکی مەزنیان بەخشی".

گرتنی بارەگاکانی سـەرکردایەتی پێشـمەرگە بۆ ورە بەرزی سـوپا داپلۆسـێنەرەکەی بەعس گرنگی تایبەتی هەبوو، لە مێژە بەو ئاواتەوە بوون سـەخترین ناوچـە بگرن کە بووبووە جێی حەوانەوەی هێزێکی دژە عێراق و تەماس بۆ دوژمنانی عێراق.

بۆیە دوای گرتنی دۆڵی جافایەتی هەر زوو بە گرنگیەکی زۆرەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بەوپەڕی شانازییەوە بڵاوی کردەوە، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لای هاوڵاتی ئاسایی کورد هەبوو هەرچەندە لای خەڵکی شۆڕشگێر و بە ئاگا زۆر کاریگەر نەبوو، دەیانزانی حکومەتی عێراق پڕوپاگەندە و درۆ دەکات.

ڕۆژنامەی (العراق) بە زمانی عەرەبی کە لە لایەن هاشـم عەقراویەوە دەردەچـوو، کۆمەڵێك جاش قەڵەم بەڕێوەیان دەبرد لە زۆر ژمارەیدا باسـی تاوانی ئەنفالی کردووە، بۆ نموونە ژمارە ٣٧٠٠ ی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٠ لە وتەی ڕۆژنامەکەدا بە ناونیشانی (باملی خۆفرۆشە بەکرێگیراوەکان بپەڕێنرێت)

ئاماژە بە بوونی (چەردەیەك لە چڵكاو خۆری سەپێنراو بەسەر گەلەكەماندا و لە نەوەكانی خۆفرۆشی و كرێگرتەیی لە ئەشكەوتەكانی كوردستاندا دەكات).

هەر لەم ژمارە یەی ڕۆژنا مەی العراق و لە ژمارە ٦٧٦٢ی ڕۆژنا مەی (الجمهوریە)ی ڕۆژی ٣/٢٠ و ژمارە ٦٥٠٨ی ڕۆژنا مەی (الثورة)ی هە مان ڕۆژیشـدا فەرماندەیی گشـتی هێزە چـەكدارەكان ڕاگەیاندراوی ژمارە ٣٠٨٧ لەسەر داگیر كردنی بارەگاكانی مام جەلال تاڵەبانی ڕاگەیاند ئەمەش دەقەكەیەتی:

ڕاگە یا ندراوی ژمارە ٣٠٨٧ی دەرچـــوو لە فەرما ندەیی گشـــتی هێزە چەكدارەكان

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

وەكو هەموو داگیركەرێكی تەماحكار هێزەكانی خومەینی زایۆنی پشـــتی بەسـتبووە سـەر هەندێك لەوانەی خیانەتیان لە نیشـتیمان و گەل لە ناوچـەی ژووروی عێرا قدا كرد، ئەوا نەی خێرخوا كانی ڕۆ ڵە كانی گەلی كورد دەریـان كردبوون و خزمەتی بیانیان دەكرد و لە كارە نابوتەكانیان ئاســـانكاری لە بەردەم هێزەكانی داگیركەردا بوو بۆ چوونە ناو شارۆچكەی قەزای هەڵەبجەی سنوری كە دەكەوێتە پارێزگای سلێمانییەوە.

وەكو دەربڕینێك لە ویستی گەلی عێراقی مەزن و هێزە چەكدارە ئازاكانی لە ناو ئەوانەشدا ویستی چاكەكارانی نیشتیمانپەروەرانی بەشەرەف لە ڕۆڵەكانی گەلی كوردمان، وەكو وەڵامێك بۆ خۆفرۆشـــی ئەو تاقمە ســـەرلێشـــێواوە، هێزەكانی جەحفەلی بەرگری نیشـــتیمانی یەكی پاڵەوان و هێزەكانی بەدری قارەمان و هێزەكانی قەعقاعی قارەمان و هێزەكانی موعتەســـەمی قارەمان و فەوجەكانی بەرگری نیشـــتیمانی قارەمان، ئۆپراســـیۆنی ئەنفالیان بە سەرپەرشتی لیوا روكن سوڵتان هاشم كە سەرەڕای كارەكانی بە شێوەیەكی كاتی ئەم ئەركەی پێســـپێردراوە جێبەجێ كرد، كە هێزەكانمان پەلاماری

بارەگای یاخیبوانیاندا دوای شـــەڕێکی قارەمانانە و تۆڵەســـتێنانە لەگەڵ خۆفرۆشاندا بە پشتیوانی خوا و بە هیمەتی قارەمانان لە ڕۆڵە ئازاکانی عێراق بە عەرەب و کوردەوە لە کاتژمێر یەکی نیوەڕۆی ئەمڕۆ بارەگای یاخیبوان داگیرکرا و فەرماندەی ئەو هێزەی پاسەوانی بارەگای یاخیبوونی دەکرد لەگەڵ ژمارەیەك ســەرلێشـێواوان و خۆفرۆشـان بە دیل گیران و ئەوەی کوژرا کوژرا و ئەوەی تریش دەربازی بوو.

فەرماندەی ئەو هێزەی کە ئەوان باســیان کردووە هیچ کام لە بەرپرســانی یەکێتی نەبووە، بەڵکو پیاوێك بوو بە ناوی عوسمان دانیشـتوی گوندی مالومە یەکێك لە گوندەکانی دۆڵی جافایەتی بوو، کە نەخۆشی دەرونی لەگەڵدابووە و لەو کاتەدا کە گرتویانە، وتویانە تۆ چـــیت؟ وتویەتی، من بەرپرســـی ئەو هێزەبووم کە پاراستنی بارەگاکانی یەکێتیم پێسپێردرابوو.

ئەگەر بە وردی و ســـەرنجەوە ســـەیری ڕۆژانی پێش تاوانی ئەنفال و ســەردەمی شـۆڕش بکەین تەنها شـوێنێك کە ئامانجی ســەرانی بەعس بووە داگیری بکەن دۆڵی جافایەتی بووە، چـونکە ســـەرکردایەتی گەورەترین هێزی ئۆپۆسزیۆنی عێراق(یەکێتی نیشتیمانی کورد ستان ) و بە شێك لە حیزبەکانی تری ئۆپۆسزیۆنی لێبووە.

سروشت و جیپۆلۆتیکی ناوچەکە بە شێوەیەکە دوژمن بە سانایی ناتوانێت بیگرێت، ناوچەیەکی سەختە و شوێنی حەوانەوەی هەموو شۆڕشەکان بووە، لە سەردەمی شۆڕشی شێخ مەحمودەوە تا شۆڕشی نوێ.

خەڵکەکەشی هەمیشە لە ڕووی هەستی نیشتیمانی و نەتەوایەتی کەم وێنە بوون و خۆیان وماڵیان خستۆتە خزمەت شۆڕش، بە تایبەت لە کۆتا چارەکە ســەدەی ڕابوردوو بە ســەر و ماڵ لە خزمەت شـۆڕشـی نوێدا بوون. بە جۆرێك هاولاتیانی دۆڵی جافایەتی ئاوێتەی پێشمەرگەکان بووبوون جیاکردنەوەیان لە

یەکتر ئەســـتەم بوو، هەربۆیە لە کاتی تاوانی ئەنفالدا هاوشـــانی برا پێشـمەرگەکانیان ڕێگای سـەخت و دووری سـنوریان گرتە بەر و بە ناو بەفری زۆری ئەو ساڵەدا بەرەو وڵاتی ئێرانی دراوسێ کەوتنە ڕێ.

## دەبێت لە بیرەوەری ماسییەکاندا گرنگی دەریا فەرامۆش نەکرێت!

ڕۆژنامەنوس و نوسـەری دیاری کوردسـتان کەمال ڕەئوف لە پێش ئەنفالدا پێشمەرگە بووە و ئاگاداری ڕۆڵی دڵسۆزانەی خەڵکی دڵسۆزی گوندنشینانی کوردستان بە تایبەت سنوری ژێر دەستی پێشمەرگە بووە، داوام لێکرد هەم وەکو پێشمەرگەیەکی ساڵی هەشتاکان و تێکەوتەی ناوڕوداوەکان، هەم وەکو بیرمەندێکی دیاری کوردســـتان کە هەمیشـــە فکر و پێنوســـەکەی لە خزمەت کوردا بووە بە چـەند دێڕێك باسـی ڕۆڵی گوندنشـینان بکات بەم شـێوەیە ئەم پەرگرافەی بۆ ناردم.

زۆربەی کات لە نوسـینەوەی بیرەوەریەکانی بەرپرسـانی شـۆڕش و شـاخ حەڵقەیەکی ون بوو هەیە و لە بیر دەکرێت، لە ڕاســـتیدا بە نیشـــاندانی ئەو حەڵقەیە و هەق پێدانی وەك بەشـــێکی زیندوو لە ڕووداوەکان، وەك ئەوە وایە ڕووداوەکان تەنها لە گۆشـە نیگایەکەوە بخوێنرێتەوە و نەوەکانی ئایندەشمان لەو ڕاستیەیان بێ بەش بکەین کە نیوەی ڕاستیەکان لە لای ئەوانە.

هەرچـەندە زۆربەی بیروەریەکان بە زادەی پاشـخانی سـیاسـی و حیزبی و دیدی فکری کەســەکان زاخاو دراون خۆ بەدوور گرتنی تێدایە لە وتنی هەندێك ڕاستی، هەربۆیە ئەوەی لە دوو توێی چەند بیرەوەریەك دەیخوێنیتەوە ڕەنگە ئەو بەشـــەی ڕاســـت بێت کە هەر یەکە لە دیوی خۆیەوە باســـی ئەو وێنەیە دەکات کە لێوەی دیار بووە، بەڵام ئەوەی زیاتر جێگەی سەرنجە ئەو بازنە ون بووە گرنگەیە کە هەموو دیوەکانی لە هەمووانەوە دیار بوون، بەڵام ئێســـتا

کەس خاوەنداریێتی لێ ناکات و لە نوسینەوەی بیرەوەریەکانیشدا گرنگی زۆری پێنادرێت، ئەو حەڵقە ون بووەی کە باس ناکرێت بەشـــداری ڕاســـتەوخۆی خەڵکی گوندەکانە، بە ژن و منداڵ و بەســاڵاچــووەکانیشـــەوە، ماندوبوون و شـــەونخونی ئەو کەســـانەیە کە ئەوســا شــۆڕش وەك دەریا ناوی دەبردن و پێشـــمەرگەش وەك ماســی ناو دەریاکە، بەڵام بەداخەوە زۆر جار هەر باســی ماسییەکان دەکرێت و دەریاکە خەریکە لە چاو و بیری خەڵکدا ون دەکرێت.

هەقی خۆیەتی لە نوســـینەوەی بیرەوەریەکاندا باس لەوە بکرێت، چـــۆن پێشمەرگە و شۆڕش بووبوونە شەریکی سفرەی نیوە خاڵی ئەو گوندنشینانەی کە خۆیان بە ســـکێك تێر و بە دەســـکیش برســـی بوون، ئاخر کەم نەبوو ئەو کاتانەی لە وەخت و ناوەختدا پێشمەرگە بە ماڵخۆیی لە دەرگای ماڵەکانی دەدان و لە گەڵ ئەواندا نانیان دەخوارد و هەر بە راخەر و پێخەفی ئەوان دەنوســـتن، زۆربـەی کـاتیش مـاڵـەکـانیـان دەبووە جێی حـەوانـەوەیـان و ژووره بـاش و گەرمەکانیان دەخستە خزمەتی پێشمەرگە و لە منداڵەکانی خۆیان حەرام دەکردن.

لە بیرەوەریەکاندا هەقە باســـی ئەوە بکرێت گوندنشـــینەکانی نزیك شـــەقامەکان و بنکە ســـەربازییەکان چـــۆن بەبێ چـــەك دەنێردران لە پێش پێشمەرگەکانەوە بە ڕوحی خۆیان ڕێگاکانیان دەپشکنی نەبا بۆسەی دوژمنی تێدابێت ئەوســا پێشـــمەرگە پێیدا دەپەڕیەوە، ناکرێت باســـی ئەوە نەکرێت ئەرکی خزمەتکردنی شـــۆڕش و پێشـــمەرگە بووبووە واجبی نەتەوەیی و نیشتمانی لای گوندنشینان و زۆر بە دڵسۆزانە جێ بەجێیان دەکرد، خۆیان و خاو و خێزانیان لە ژێر ئیتاعەتی شۆڕشدا بوون، دانیشتوانی گوندەکان بێجگە لە خزمەتی خواردن و خەوتن ئەوانەی تراکتۆر و ولاخی باریان هەبوو بێ ترس لە بەردەمی تۆپ و تەیارە خســـتبوویانە خزمەت فەرمانی پێشـــمەرگەوە بۆ گواستنەوەی بریندار و شەهیدەکان و کەل و پەلی سەربازی.

دەبێت باسی دڵسۆزی گوندنشینان بکرێت سەرەڕای هیلاکی و ماندوبوونی خۆیان بە درێژایی ساڵ لە ناوەختدا پێشمەرگە ڕووی لەماڵەکانیان کردووە، ئەوانیش بە ڕووی خۆشەوە پێشوازیان لێکردوون و خزمەتیان کردوون، ئەو ئافرەتانەی بە ڕۆژ شەکەت و ماندوی کاری ماڵ بوون هەموو کات ئامادەبوون بۆ خزمەتی برا پێشمەرگەکان وەك خوشکی خۆیان خزمەتیان کردوون، تەنانەت زۆر ماڵ هەبوو ماڵەکانیان کردبووە شوێنی حەوانەوەی بریندااران و تەداویان کردوون.



ئارام هەڵەدنی و کمال ڕەئوف
مێرگەپان - ساڵی ٢٠٢٢

دەکرێت باسی ئەوە بکرێت چۆن لە شەوە سارد و مەترسیەکانی زستاندا خەڵکی گوندەکان دەکرانە تەتەر و نامە و پەیامی پێشمەرگەیان دەگواستەوە، لە شەوە تاریکەکاندا دەکرانە ڕێبەر و دەخرانە پێش قافڵەی پێشمەرگە تا ڕێگایان لێ ون نەبێت، ئەرکی گەورە و گرانی شۆڕش بەشێکی زۆری بەسەر شانی ئەوانەوە بوو، قوربانییان دەدا و بێ ترس چەك و تەقەمەنیان لە ماڵەکانیاندا دەشاردەوە، لە لایەن ڕژێمەوە گوشاریان لەسەر دادەنرا و بە هۆی شۆڕشەوە لە خزمەتگوزاری بێبەش دەکران، گوندەکان زۆربەی جار دەبوونە شوێنی ڕووبەڕوو بوونەوەی نێوان شۆڕش و

سوپا و جاشی داگیرکەر، گوندەکان پشتیوانی لۆجستیکی بەردەوامی شەڕە قورســەکان بوون بو هۆیەشــەوە زۆرجار باخ و ڕەز و ماڵیان دەســوتێنران و بۆردومان دەکران.

## لەبەردەم ئەشــکەوتێکدا چــەند ســەربازێکمان بینی لە ســەرما ڕەق بووبوونەوە و بەسەر پەلی دارەکاندا شۆڕ بووبوونەوە

دەمتوانی وەك نوسەری ئەم پەرتوکە زۆرێك لە چیرۆکەکان خۆم بیگێڕمەوە بەڵام بە باشـــم زانی بە وتەی بەنرخی بەشـــێك لە هاوڵاتیە شـــۆڕگێڕەکانی سنورەکە پەرتوکەکە بنوسرێت.

هەرچەندە لە کاتی تاوانی ئەنفالدا تەمەنم دە ساڵان بوو بەڵام ئاگاداری زۆر لە ڕووداوەکان بووم کە بەسـەرماندا هاتوون لە کیمیا باران کردن و تۆپباران و بۆردومانی فڕۆکە جەنگیەکان و تاوانی ئەنفال و کۆڕەوی دانیشـــتوانی دۆڵی جافایەتی، ماوەی دووســاڵ دەبوو لەبەر بۆردومانی فڕۆکەکانی بەعس و تۆپە دوورهاوێژەکان لە ناو گوندەکەمان دوور کەوتبوینەوە لەگەڵ ماڵە مامەکان و خزمان چـووبووینە بناری شـاخی ژیلوان لە ناو دار وبەردا بە وشـکە بەرد هەر ماڵە و دوو یان ســی ژووری دروســت کردبوو، بە شـێوازێك بوو باش ســەرمای زستانی ناگێڕایەوە مار و دووپشك زۆر بە ئاسانی بە ژێر گوێسانکە و ناو کونە دیوارەکاندا هاتووچــۆیان دەکرد، دوای پشـــویەکی چـــەند مانگی حکومەتی بەعس بەردەوام لەڕێگەی فڕۆکە جەنگیەکان و تۆپە دوور هاوێژەکانی بنکەی سەربازی سوسێ و کارێزەوە بۆردومانی دەکردین و ناڕەحەتی کردین، چەندین کەس شەهید و بریندار بوون.

ئێمەش بۆ پاراســتنی گیانی خۆمان ماوەی چــەند مانگێك زیاتر لە حەوت خێزان لە ئەشــکەوتێکدا دەژیاین بە ناوی ئەشــکەوتی قوتیلە، لە بەر دڵۆپەی

ئاو و قوڕی ژێرمان ژیانمان لێ تاڵ بووبوو، ئێستا ئەو ئەشکەوتە پیشانی هەرکەسێك بدرێت و بڵێین ماوەی چەند مانگێك بە شەو و ڕۆژ بە سەرما لەوێ ماوینەتەوە باوەڕ ناکەن، ناحەقیشیان ناگرین چونکە ترسی مەرگ و ژیانی سەختی ئەو ڕۆژانە نەبێت کێ لەو شوێنە بۆ ساتێکیش دەسرەوێت!.

تاوانی ئەنفال ئەو ژیانە ناڕەحەتەشی لێتێکداین و نەیهێشت پشویەك بدەین، سەرەتای مانگی ئازار باوکم و خزمان هەستیان بە مەترسی هێزەکانی بەعس کرد بە پرس و ڕاوێژ لەگەڵ هەندێك بەرپرسی پێشمەرگە بڕیاری ڕۆیشتنمان دا بۆ ئێران، جارێکیتر ماڵ و حاڵمان بەجێهێشتەوە و بەسەلّتی ملی هەورازی شاخی ژیلوانمان گرتەبەر و بۆ شەو لە سەر چیای خەرتیز کە دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای چیای ژیلوان و دەڕوانێت بەسەر گوندی چالاوا ماینەوە، لەوێ خزمانی گوندی چالاوا و گوێزیلە و یاخسەمەر و سەرگەڵو بەشێکیتری گوندەکانیتر بوونە هاوڕێی سەفەری ئاوارەییمان.

بە ناوبەفرێکی زۆردا بە دۆڵی شێخ محەمەددا بەرەو سنوری ئێران ڕۆیشتین، هەرگیز ئەو دیمەنانەم بیرنا چێتەوە لە بەردەم ئەشکەوتێکدا چەند سەربازێکمان بینی لە سەرمان ڕەق بووبوونەوە و بەسەر پەلی دارەکاندا شۆڕ بووبوونەوە، دیارە پێشتر بەفرەکە زۆر زیاتر بووە بۆ ڕزگاربوونیان چووبوونە سەر دارەکان، چەند پیرێکم بینی لە ناو بەفرەکەدا پەکیان کەوتبوو، کەسوکاریان بە دیاریانەوە لە هەوڵی ڕزگار بوونیاندا بوون، چەند وڵاخی بارم بینی لە ناو بەفرەکەدا چەقی بوون، بە ناڕەحەتیەکی زۆر گەیشتینە سەر سنور شەو ماینەوە، حکومەتی ئێران خێمەی بۆ هەڵدابووین هەرچەندە گەورەبوو بەڵام ئێمە زۆر بووین جێگامان نابووەوە، پیاوەکان تا بەیانی لە دەرەوە لەسەر بەفرەکە ئاگریان کردەوە و نەخەوتن، لە نیوە شەودا بایەکی بە هێز هەڵی کرد خێمەکەی سەرمانی تێکدا تابەیانی لە سەرماندا هەڵدەلەرزین.

بەیانی بە تەلی سـیم یان پردی سـەفەری کە لە چـەند شـۆفلێك دروسـت کرابوون پەڕینەوە بۆ وڵاتی ئێران و بە ئیڤای سـەربازی بردیانین بۆ شـاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان و ماوەی چـەند شـەو و ڕۆژێك لە ناو دەواجینی مریشکدا خەوتین، دواتر چووینە ئۆردوگای هەوارە خۆڵ.

گوندی هەڵەدن سـەرچـاوەیەکی ئاوی باشـی هەبوو، چـەمێك پڕاوپڕ ئاو دەچـووە خوارەوە بۆیە بە زۆری بەرهەمی سـپیدار بە ناوبانگ بوو، سـپیدار دارێکی درێژ و لوس و بێ گرێ و ڕێك بوو بۆ دارەڕای خانوو بە کار دەهات، دواتر سـەر دارەڕاکە بە گەڵای داربەڕو دادەپۆشـرا و گڵی دەکرابەسـەردا بەو شـێوەیە سـەری خانوی پێدەگیرا، سـپیدار بۆ دروسـت کردنی تەختە و زۆر پێداویستی تر بەکار دەهات.

باش بیرمە باوکم ماوەی نزیکەی هەشت ساڵ پەڵەیەك دار سپیداری ڕواند و خزمەتی باشـی دەکرد بە تایبەت لە هاویناندا هەفتەی چـەند جارێك بە ئاوی جۆگە ئاوی دەدا، دارەکان باش گەورە بووبوون، بە نیاز بوو لە هاوینی ١٩٨٨ دارەکان ببڕێت و بیانفرۆشـێت و داهاتێکی باش پاشـەکەوت بکات بۆ دابین کردنی پێداویستی لە پۆشاك و خۆراك بۆ ئێمە، نەیزانی ئەوەی ئەو بیری لێدەکاتەوە دەبێتە خەو یان خەیاڵێکی بەتاڵ بە دەسـت پیاوانی بەعس پوچەڵ دەکرێتەوە، کاتێك ئەنفال کراین و ماڵ و حاڵمان جێهێشت دارە ڕێك و جوانەکانیش بوونە غەنیمەی پیاوانی ڕژێم.

لە ئۆردوگای سـەرای سـەقز بووین سـاڵی ١٩٩٠ شـەهید غەریب هەڵەدنی سـەردانی باوکمی کرد، وتی لە گەڵ هەڤاڵانی پارتیزان کاتێك چـووینەوە سـنوری دۆڵی جافایەتی ماوەیەك لە دەوروبەری هەڵەدن و شـاخی ژیلوان ماینەوە لە ڕێگەی دوربینەوە بە چـاوی خۆمان بینیمان جەیش و جاش هەموو دارەکانی ئێوەیان بڕی و بە هەلیکۆپتەر گواستیانەوە بۆ سەر شاخە بەرزەکان

و ڕەبیەیان پێ دروســـت دەکرد و ئەوەی کە مایەوە بە ئیڤای ســـەربازی گواستیانەوە ناو شارەکان.

حکومەتی بەعس سەرەڕای ئەو هێزە زەبەلاحەی کە سەدان هەزار سەرباز و تانك و فڕۆکەی بەکار هێنا ترسی هەبوو سەرنەکەوێت بەسەر پێشمەرگە قارەمان و هاولاتیە کورد پەروەرەکان، بۆیە چـــەندین تەن گازی ژەهراوی ماددەی کیمیایی مرۆڤ کوژی لەگەڵ خۆی هێنابوو بۆ ئەوەی لە هەر شوێنێك بەرگری هەبوو بەرگری کاران بە یەك سات بکوژێت، دڵڕەقی بەعسیەکان لە ئاســـتێکدا بوو کە بەو ماددەیە هەرچـــی گیاندارە بە مرۆڤ و حەیوانات و پەلەوەرەوە لە ناوی بەرێت و جریوەی چـــۆلەکە و قاســـپەی کەو و میوەی پ‌شیلە و وەڕینی سەگ و.....هتد نەهێلێت، ڕەحم بە منالێك نەکات کە دەمی لە مەمکی دایکیدایە و دڵۆپە شیرە حەلاڵەکەی دایکی لێحەرام کرد و نەیهێشت بە گیانی بکەوێت.

## گرنگی دۆڵی جافایەتی لای بەعس

کەللە ڕەقی سەدام و داروەدەستەکەی بەرامبەر کورد گەیشتبووە ئاستێك ئەوەی بۆی بکرێت بیکات بەرامبەر هاولاتی ســـڤیلی کوردســـتان، بۆ ئەم مەبەســـتەش بیریان لەوە کردەوە دەبێت ڕێگری بکرێت لە دەرباز بوونی هاولاتیانی کوردســـتان و کەس ڕزگاری نەبێت، بۆیە لە نەخشـــەی پلانە گلاوەکەیاندا کۆتاخالی کوردستانیان کردە دەسپێکی شالاوەکەیان بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت لە هەڵهاتنی هاولاتیان بۆ ولاتانی دراوسێ.

مەبەســـتێکیتریشـــیان ئەوەبوو کە بارەگاکانی ســـەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و حیزبەکانیتر کە کەوتبوونە ناوچە شاخاویەکانی دۆڵی جافایەتی ناو گوندەکان بە تایبەت گوندەکانی ســـەرگەلو و بەرگەلو و هەڵەدن

و یاخسەمەر و چالاوا و مالومە، ماوەی چەند ساڵێك بوو پێگەیان قایم کردبوو، لە رێگەی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانیشەوە کە زمانحاڵی یەکێتی بوو بارەگاکەی لە بەرگەڵو بوو فرمان و رێنمایی دەدرا بە هێزی پێشمەرگە لە هەموو ناوچەکانیتر، دانیشتوانی ناوچەکەش پێشمەرگە ئاسا هاوکار و پاڵپشتی هێزی پێشمەرگەبوون بە ماددی و مەعنەوی تەنانەت لەو ناوچەیەدا هەرگیز رووینەدا پێشمەرگە دەرمان خواردو بکرێت یان خەڵکی ناوچەکە پێش رژێم بکەون و مەفرەزەی جاش و جەیش بیهێنن بۆ سەر بارەگاکانی پێشمەرگە بەڵکو لە هەرشوێنێك هەستیان بە مەترسی کردبێت پێشمەرگانە بەرگریان کردووە.

بەرپرسانی یەکێتی گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کە باشترین شوێن لە رووی جوگرافی و پاڵپشتی خەڵکەکەی کە زۆر دڵسۆزی شۆڕش بن خەڵکی دۆڵی جافایەتی و شارباژێڕە، دوای نزیکی چوار دەیە بەرپرسێکی باڵای یەکێتی باس لە دڵسۆزی خەڵکی ئەو ناوچەیە دەکات.

رۆژی ١٧ی تەموزی ٢٠٢٢ لێپرسراوی کۆمیتەی گاپیلۆن و چەند هاوڵاتیەکی خەڵکی گوندی گەورەدێ سەردانی کاك مەلابەختیار ئەندامی ئەنجومەنی باڵا و بەرژەوەندی یەکێتی و بەپرسی پێشوی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیان کرد کە ناوبراو لە سەرەتای دروست بوونی شۆڕشی نوێ لەو ناوچەیە بووە و تەواو شارەزای کردار و گفتاری هاوڵاتیانی گوند بە گوندی دۆڵی جافایەتی و شارباژێڕە لە وەسفی دڵسۆزی خەڵکی ئەو ناوچەیە بەم شێوە باسی کرد، دواتر لە پەیج و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بڵاوکرایەوە.

وتی ئەگەر هاوڵاتیانی گوندەکانی دۆڵی جافایەتی نەبوایە لە پارێزگای سلێمانی ئێمە زۆر بە هێز نابووین، ئەو گوندانەی دۆڵی جافایەتی بوونە سەنگەری بەرگری لە هێزی پێشمەرگە و سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی

کوردستان، حکومەت دەیزانی ئەگەر دۆڵی جافایەتیمان لە دەست دەربهێنێت سەرکردایەتی دادەبڕێت لە ناوشار، خەڵکی دۆڵی جافایەتی گەورەترین شانازی بەرکەوت کە یەك پێشمەرگە شەهید نەکرا بەدەستی کەس دواتر تەسلیم ببێتەوە، یەك سەرکردە دەرمان خواردو نەکرا بە دەستی خەڵك، یەك کەسی خەڵکی ئەو گوندانە نەچوو پێش جەیش و جاش بکەوێت و مەفرەزەیەك بهێنێتە سەر پێشمەرگە، بەڕاستی من شانازیتان پێوە دەکەم کە حکومەتی بەعس زۆر مەبەستی ئەو ناوچەیە بوو بەڵام لە بەر دڵسۆزیتان نەیتوانی یەك کەس بخەڵەتێنێت".

خەڵکی ئەو ناوچەیە مێژوویەکی درەوشاوەیان هەیە لە هەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوایەتی هەمیشە وەکو لانکی کوردایەتی وابووە بۆ حەوانەوەی هەر جوڵانەوەیەك کە سەری هەڵدابێت لە کوردستاندا، لە سەردەمی شێخ مەحمودی حەفیددا پاڵپشتی شێخ بوون ماوەیەك شێخ و بەشێك لە هێزەکەی لە گوندی هەڵەدن ماونەتەوە بە پشتیوانی دانیشتوانی ناوچەکە، یەکەم بڵاوکراوەی شێخ بە ناوی بانگی حەق لەو سنورە لە ناحیەی سورداش لە ئەشکەوتی جاسەنە بڵاوکراوەتەوە.

لە شۆرشی ئەیلولدا بەشێکی زۆری هاوڵاتیانی دۆڵی جافایەتی و دەوروبەری بوونەتە پێشمەرگە و یەکەم شەهیدی شۆرشی ئەیلول لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابوردوو لە دەربەندی بازیان شەهید کاکە حمەی تەلان و چەند پێشمەرگەیەکی تری ئەو سنورە بوون کە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولی لێکەوتەوە، ماوەیەکی زۆریش شوێنی حەوانەوەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکوراتی کوردستان و سەرۆکەکەی بووە، باڵی مەکتەبی سیاسی بە سەرپەرشتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی و مام جەلال لە ئەشکەوتی مالومە بووە.

لە کاتی دروست بوونی شۆڕشی نوێشدا هەر لە سەرەتاوە لە گەڵ شۆڕش بوون و یەکەم چاپەمەنی شۆڕشیش لە ئەشکەوتی مادێنەی گوندی هەڵەدن بووە کە شەهید ئارام لە ڕێگەی شەهید غەریب هەڵەدنیەوە گەیاندوویەتیە ئەو ناوچەیە و یەکەم بەیاننامەی شۆڕشی پێ چاپ کراوە.

ماڵی مام جەلال و کاک نەوشیروان، بەشێك لە سەرکردایەتی یەکیتی، بارەگای سەرکردایەتی، ڕاگەیاندن، دادگای شۆڕش و تۆپخانە، سەرکردایەتی بە شێکی زۆری حیزبەکانی با شور و ڕۆژهەڵاتی کورد ستان تا پێش ئەنفال لەو سنورە بووە.

کەواتە بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لە ئاراستە کردنی پەیامی شۆڕش و کار و چالاکی پێشمەرگە دەبوایە یەکەم پەلاماردان و دە سپێکی ئەنفال لە سنوری دۆڵی جافایەتی یەوە بێت.

## هەشت ژن و مناڵ لەناو کارێزی سەرگەڵو لەیەك کاتدا شەهید بوون

حکومەتی بەعس پێش ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٦ ەوە بەردەوام لە ڕێگەی فڕۆکەی سەربازی و تۆپ باران کردنەوە ئەم ناوچەیەی بۆردومان دەکرد.

شێخ محەمەد سەرگەڵویی ئەندامی سەرکردایەتی پێشوی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە گوندە شۆڕشگێڕەکەی کوردستان گوندی سەرگەڵوو لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەر لە دایك بووە.

کەسایەتیەکی سیاسی وکۆمەڵایەتی دیاری کوردستانە و لە سەر زۆر بابەتی سیاسی هەمیشە قسەی هەبووە و سەرکردەکانیش گوێیان لێگرتووە، کەسێکی کۆمەڵایەتیی ناوچەکەیە و هەمیشە هەوڵی داوە پەیوەندیە کەسیەکانی لە خزمەتی ناوچەکەدا بێت بە تایبەت لە گەیاندنی ڕێگاوبان وقیرتاو کردنی شەقامی گوندەکاندا و خزمەت گوزاریدا جێدەستی دیارە.

لەبەر ئەوەی بەڕێزیان خەڵکی سنوری دۆڵی جافایەتیە، هەم وەك کەسێکی ناوچەکە کە لە شۆڕشی ئەیلولەوە ئاگاداری دڵسۆزی خەڵکی ئەو سنورەیە لە خزمەت کردنی شۆڕشدا، هەم وەك سەرکردەیەکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە نزیکەی نیو سەدە دەبێت لە ناو خەباتی کوردایەتیدایە کە یەکێتی و خەڵکی ئەو سنورە دوانەیەکی پێکەوەیی بوون لە خەباتی ڕزگاری نیشتیمانیدا بۆیە بەگرنگم زانی بەشداری بکات لە نوسینەوەی بەشێك لەم پەرتوکە بە تایبەت لە سەر پشتگیری کردنی خەڵکی ئەم ناوچەیە.

بەم شێوە باسی دڵسۆزی و کوردپەروەری دانیشتوانی دۆڵی جافایەتی کرد

ئەم ناوچەیە بە شێوەیەکی گشتی لە شۆڕشی ئەیلولەوە لە ساڵی ١٩٦١ تا ئەمڕۆ پاڵپشتی شۆڕشەکانی کورد بووە، مەرکەزی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول بووە و بارەگای هێزی ڕزگاری لە سەرگەڵو بووە، بارەگای لیژنەی ناوچە و ڕێکخراوەکان لە گوندی هەڵەدن بووە، ئەم ناوچەیە شوێنێکی زۆر ستراتیجی بووە لە بەر چەند هۆکارێك کە گرنگترینیان ناوچەیەکی دوور لە چەقی شار و دەسەڵاتی حکومەت بووە، هەڵکەوتەی جوگرافیای ناوچەکە سەخت و شاخاویە و دوژمن بە ئاسانی ناتوانێت بارەگای پێشمەرگە بدۆزێتەوە، هاوڵاتی ئەم ناوچەیە زۆر دڵسۆز و نیشتیمانپەروەرن هەرگیز لەم ناوچەیە ڕوی نەداوە خیانەت لە شۆڕش بکرێت بە زانیاری لە سەر شوێن وپلانی پێشمەرگە.

کاتێك شۆڕشی نوێ بە ڕابەرایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەڵگیرسا شوێنی مەفرەزە سەرەتایەکان بووە بە تایبەت لە بناری چیای ژیلوان لە سنوری گوندی هەڵەدن و بەرگەڵو، تا هاتنی بارەگای مەڵبەندی دوو کە لە ساڵی ١٩٨٢ هاتە ئەم ناوچەیە بە هاتنی مەڵبەند گەشەیەکی نەوعی باشی کرد چونکە خەڵکی ئەم ناوچەیە زۆر هاوکارمان بوون، هەر ئەوەش بووە

هۆکاری ئەوەی کە مەڵبەندی دوو ببێتە مەڵبەندێکی گەشـــەکردو لە ڕوی چــەندایەتی و چــۆنایەتیەوە، هاوڵاتیانی ناوچــەکەش زۆر خۆشــحاڵ بوون بە سیستەمی حکومڕانی یەکێتی لە ڕێی مەڵبەندەوە.

ســـاڵی ١٩٨٥ قۆناغێکی نوێی بە خۆوە بینی بە هاتنی بارەگاکانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و مقەڕی ئیزاعە و نەخۆشخانەی مەرکەزی و ماڵی خوالێخۆشـــبو مام جەلال هەموو هاتنە ئەم ناوچـــەیە، یەکێك لە نهێنی سەرکەوتنی مەڵبەند و شۆڕش هاوکاری کردن و پاکی خەڵکی ئەم ناوچەیە بوو کە هەمیشە پێشمەرگە ئاسا ئامادەی هەموو فەرمانێکی شۆڕش بوون.



شێخ محەمەد سەرگەڵوییی و نوسەر لەکاتی چاوپێکەوتندا، سەرگەڵو – ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

ڕۆڵی ژنانی ئەم ناوچـــەیە هیچـــی کەمتر نەبوو لە پیاو، لەکاتی پشـــودانی هێزی پێشــمەرگە کاتێك لە جەولە دەهاتنەوە وەکو ماڵەکانی خۆیان پشــویان دەدا و ڕێزی برایەنەیان لێدەگیرا، کاتێکیش هێزی پێشـــمەرگە پەلاماری

دوژمنی دەدا ژنانی قارەمان وەکو هێزی پشـــتیوانی بە نان و خواردن پاڵپشـتی براکانیان بوون، بەشـێك لە ژنانیش هاوکاری برینداره‌کان بوون لە کاتی تەداوی و برین پێچیدا.

لە دوای ســـاڵی ١٩٨٥ بە دواوە حکومەتی عێراق بە هەموو توانایەوە تەرکیزی خستبووە سەر ئەم ناوچەیە بەردەوام لە ژێر لێدانی تۆپ و تەیارەدا بوو، بەڕۆژ لە ڕێگەی فڕۆکە جەنگیەکانەوە بۆردومانی دەکرد، بە شــەویش لە ڕێگەی ڕاجیمەوە تۆپباران و کیمیا بارانی دەکرد، خەڵکی ئەم ناوچەیە ساتێك بە ئیســراحەت شــەو و ڕۆژیان ناکردەوە، هەندێك لە دانیشــتوانی گوندەکان ئاوارەی بناری چیاکان و ناو ئە شکەوتەکان بوون و کەم خێزان هەبوو کونە تەیارەی دەروست نەکردبێت، کاتێك دەنگی تۆپە دور هاوێژەکان یان فڕۆکە جەنگیەکان بهاتایە بە پەلە خۆیان دەکرد بە ناو ئەو کونانە تا بەر پارچە و پرپیژگی تۆپ و ئەنقودیەکان نەکەون، ڕژێم بەوەش نەوەستا چەند جارێك بە چــەکی قەدەغەکراو لە گوندەکانی دا، چــەندین شــەهید و برینداو بوونە قوربانی پلانی گڵاوی بەعس.

باشترین نمونەش شەڕی دابان – هەلاج بوو سەرەتایەکی نوێی نەوعی بوو، دوای تێکچـوونی وتوێژی نێوان ڕژێم و یەکێتی توانرا لە شــەوێکی زسـتانی ســـارد و بەفردا کە نزیکەی یەك مەتر بەفر باریبوو هێزی پێشـــمەرگەی کوردستان بە پاڵپشتی خەڵکی ناوچەکە توانیان لە ماوەی چەند کاژمێرێکی کەمدا دوژمن ڕاماڵن تا گرتنی مقەڕ فەوج لە هەنجیری مچــەشــانە لە گوندی هۆمەرقەوم، گرتنی زنجیرە چــیای دابان – هەلاج زۆر گرنگ بوو چــونکە دەیڕوانی بە ســـەر گوندەکانی ســـەرگەڵو و هەڵەدن وبەشـــێك لە دۆڵی جافایەتی کە بارەگاکانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و ئێزگە و زۆر بارەگای تری گرنگی لێبوو.


ئازایەتی و توانای دانیشـــتوانی گوندەکان نادیدە ناگیرێت کە وەکو برا پێشـمەرگەکانیان لە خۆبوردوانە بەو شـەوە تاریکە و بە ناو ئەو بەفرە زۆرەدا خواردن و پێداویستیەکانیان دەگەیاندە براپێشمەرگەکانیان، بە دڵنیاییەوە دڵســـۆزی و پاڵپشـــتی خەڵکی ئەم ناوچـــەیە ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە ســـەرکەوتنی هێزی پێشـــمەرگە بەر ســـەر هێزی پڕ چـــەك و ژمارە زۆری جەیشی حکومەتی بەعسدا.

ئەم ناوچـەیە وەکو دۆڵی تەنوری مەرگ ناسـرابوو دەبوایە هەرکاتێك مرۆڤ پێیدا بڕۆیشتایە بە ڕاکردن و پەلە کردن بڕۆیشتایە، چاوەڕوانی لە ناکاوی گڕ و پارچـــە تۆپ و ئەنقودی دوژمن بوو تا وەکو خوشـــك و براکانی پێش خۆی شـــەهید نەبێت، هەر ئەوەش بووە هۆی شـــەهید بوونی بەشـێك لە هاوڵاتیان، هەر لە گوندی سـەرگەڵو لە کاتی ڕەمی کردندا هەشـت کەس کە هەموویان ژن و منداڵ بوون لە ناو کارێزێکی ئاودا شـــەهید بوون کاتێك ویسـتبوویان خۆیان بشـــارنەوە لاپاڵمێك لە بەردەمی کارێزەکەی دابوو، خوێنی ئاڵیان تێکەڵ بە ئاوی کارێزەکە بوو لە هەمان کاتدا لە خوار گوندی سەرگەڵوو چەندین کەسیتر شـــەهید بوون، ئەمە یەکێك بوو لە ڕوداوە ناخۆشـــەکان لە ئەندێشـــەی تاك بە تاکی دانیشـتوانی گوندی سـەرگەڵودا دەمێنێتەوە، تەنها لە گوندی سـەرگەڵو دەیان هاوڵاتی لە ساڵانی پێش ئەنفالدا شەهید بوون.

چەندێك وەسفی دڵسۆزی و نیشتیمانپەروەری دانیشتوانی ئەم سنورە بکەم هێشتا ناتوانم مافی خۆی پێبدەم.

## دیمەنی شەهید بوونی دارا و دلێری منالّ لای دانیشتوانی چالآوا هەرگیز بیر ناچێتەوە!

مستەفا قادر پیرۆت، ناسراوە بە (خالّە مستەفای چالآوا)، ڕێکەوتی لەدایکبوونی دەکەوێتە سالّی ١٩٦٢، کە هەر لەو سالّەدا شەهید مەلا ڕەسولّی هەلّەدن و محەمەد چالآوایی لە سنوری ناوپارێز شەهید بوون. هەر لە سەر وە سیەتی شەهید محەمەد ناودەنرێت مستەفا. دوای ئەوەی خالّە مستەفا گەورە دەبێت هەمان ڕێبازی شەهید محەمەد دەگرێتە بەرو چەکی کوردایەتی دەکاتە شانی، دەبێتە پێشمەرگە، لە تاوانی ئەنفالدا ئاوارەی ئێران دەبێت بەلأم ئاوارەیی چۆکی پێ دانادات و بەردەوام دەبێت لەسەر خەبات و تێکۆشان تا کاتی خانەنشین بوونی بەشداریی شەڕەکانی دژی داعش دەکات.




خالّە مستەفای چالآوا

گوندی ئالّیمەران – سەردەشت – ١٩٨٩\٣\٧

خالّە مستەفا دوو ڕووداوی مەرگەساتی گوندی چالآوای بۆ گێڕاینەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

هاوینی سالّی ١٩٨٦ لە کاتێکدا خەلّکی دلّسۆز و نیشتیمانپەروەری گوندی چالآوای دۆلّی جافایەتی سەرقالّی کاری ئاسایی خۆیان بوون، وەیشمەی مەرگ نەیهێشت یەکەم ڕۆژی مانگی تەموز بە کار و چالاکی بەڕێ

بکەن، ڕۆژی ١٩٨٦/٧/١ لەڕێگەی چەند فڕۆکەیەکی سەربازیەوە چالاوا ئاگر باران کرا لە ئەنجامدا چەندین شەهید و بریندار خوێنی ئاڵیان پرژا بەسەر خاك و بەردی گوندە شۆڕشگێڕەکەدا.

بە داخەوە ڕوحی پاکی مرۆڤە بێتاوان و ڕەنجدەرەکانی گوندە دڵسۆزەکەی کوردایەتی لە لاشـــەی پیرۆزیان هاتە دەر و ســـۆیەکی گەورەیان دوای خۆیان جێهێشـت، دیمەنێك کە لای دانیشـتوانی چـالاوا هەرگیز بیر ناچـێتەوە، تاوانی دلێری هەشت ساڵان دەبێت چی بێت بە ناحەق خوێنی ڕژا؟!

ئەوانەی لەو بۆردومانەدا شـــەهید بوون (مەلیحە محەمەد، دلێر جەلال ئەحمەد تەمەن هە شت ساڵ، تەها حمەئەمین و مستەفا کادیر سەرگەڵویی)، هەر لەو بۆردومانە ١٦ هاولاتی بێتاوان برینداا بوون.

لە ناوەڕاسـتی مانگی ئابی سـالّی ١٩٨٦ لە کاتێکدا خەڵکی گوندی چـالاوا ســـەرقالّی خۆئامادەکردن بوون بۆ ڕنینی بەرهەمی ڕەزەکانیان کە زۆر جار بە هەرەوەزی دەچوون ترێی ڕەزەکانیان دەڕنی و دەیانکرد بە مشتاغ بۆ ئەوەی وشك ببێت و ببێت بە مێوژ تا لە پایزدا بیفرۆشن و داهاتەکەی بکەنە خەرجی پێداویســـتی منالەکانیان، بۆ جاری دووەم ڕۆژی ١٥ی ئابی ١٩٨٦ دەنگی فڕۆکە جەنگییە ســـامناکەکان ســـنورەکەی پڕکردبوو خۆیان گەیاندە گوندی چـالاوا و بۆردەمانی ئەو گوندەی کردەوە دوو شـــەهید بە ناوەکانی (وەحیدە مســـتەفا عەلی و دارا تالیب عەبدولای تەمەن شـــەش ســـاڵ) گیانی پیرۆزیان بەخشی بە کوردستان و ٣١ هاولاتی تر بریندار بوون.

مانگی شـەشـی سـالّی ١٩٨٦ە و وەك سـەرجەم سـالّ و مانگەکانیتری ڕابردوو کورد ستان لە ژێر چەپۆکی ئاگر و ئا سنی بەعسیە ئەفلەقیەکان دوور بۆ ئاسۆ دەڕوانێت، هەر ئەم ساڵە کە زستانێکی سەختی هەبووە و بەهاری پڕ بـەروبوومی کشـــتوکـالّیـە ڕووداو گـەلێکی دلّتـەزێن هێنـدەی تـەزیوی

چـــلوورەی گوێســـانکەکانی زســـتانی هەڵەدن لەگەڵ خۆی یاداشـــت دەکات.

ئەو ڕۆژگارانە تارای هەڵەدن و ســروشــتە دلڕفێنەکەی ژاکابوو،ئاواییەکە بە دیار چۆڵەوانیەوە ئەژنۆی تەنیایی لە باوە شگرتبوو،خەڵکی هەڵەدن ڕوویان لە پەناگە و شــوێنە کەمتر مەترســیدارەکانی دەوروبەری ئاوایی کردبوو،ئەوان لە کێوەکانەوە چـــاوەڕوانی قەدەربوون تا دەرگایەك بەڕووی خواســـتی ئەوان و کورداندا بکاتەوە خۆری ئازادی بەستەڵەکی ستەم بتوێنێتەوە.

## شو شە، پێش شەهید بوونی دەیوت ئای کە تر سناکن و ڕەزایان تاڵە ئەم فڕۆکانە، بۆچی دەمانکوژن؟

بە مەبەستی زانیاری لەسەر ڕۆژ و کاتی شەهیدبوونی شوشە خان، پەیوەندیم بە مامۆســتا دابان هەڵەدنییەوە کرد، کە لەســەر شــەهیدبوونی شــوشــە خانی ئامۆژنی، چەند دێڕێکمان بۆ بنووسێت. ئەویش بەم شێوەی خوارەوە نووسیویەتی:

ماڵی شوشە خان چەند ڕۆژێك بەر لە شەهیدبوونی لەگەڵ کاك ڕەوف حاجی ڕەزا کە دەکاتە هاوســـەری خوشـــەکەی ســـەرقاڵی کۆکردنەوەی بەروبوومە کشـــتوکاڵیەکەیان بوون لەم کاتانەدا فڕۆکە جەنگیەکانی بەعس بە ئاسمانی هەڵەدندا تێپەڕ دەبن و ئەمیش وەك ئەوەی دڵی بە ڕووداوەکانی داهاتوو تەزیبێت و چـاوەڕوانی کارەســاتگەلێك بێت کە ئەم فڕۆکانە خوڵقێنەری دەبن ترس و گومان دایدەگرێت،کاك ڕەوف دەگێڕێتەوە و دەڵێت (ئێســـتاش لە دڵم دەرناچـــێت کە وتی ئای کە ترســـناکن! و ڕەزایان تاڵە ئەم فڕۆکانە؟! ئاخر باشە ئێمە چیمان کردووە؟! چیان لێمان دەوێت؟! خۆ هەناسەیەك لە هەوا و شوێنپێیەك لە وشکانی هیچ وڵاتێکمان داگیر نەکردووە! بۆچی وائەکەن؟!).

شـــوشـــە خانیش وەك هەموو ماڵەکانی تری هەڵەدن کونە تەیارە و ئەشـــکەوتەکانیان هەڵبژاردبوو بۆ دەســـت لەملان بوونیان بە ژیان و

خۆپاراســـتنیان له شـــەڕەنگێزیە مەرگ هاوردەکەی بەعســـیە ئەفلەقیەکان، شوشه خان هاوسەرەکەی کوڕی خاڵی خۆی بوو بۆیه ئەوان و ماڵی خەزووری و خوشـك و براکانی هاوســەرەکەی له کونه گورگ نیشــتەجێبوون،کونه گورگ دەکەوێته بەشــی باشــوری ڕۆژئاوای هەڵەدن که جگه له چــەمێك که باراناوی بەهار دەیڕژیاندەوه هیچ ســەرچــاوەیەکی ئاوی لێنەبوو،هەر لەوێ گۆڕســتانی بەشـێك له مردووانی هەڵەدنی لێیه،له دامێنی گۆڕســتانەکەدا ئەو ئەشـکەوت و کونه تەیارانه به سەر چەمه بەهاریەکەدا دەڕوانن که خەڵکەکه بۆ خۆپارا ستن لەو مەرگه بەکاریان دەهێنا که عەرەبه عێراقیەکان به دیاری بۆ گەلی ستەمدیدەی کورد هێنابوویان.

ماڵەکانی کونه گورگ تەسلیمی بێهیوایی و مەرگ نەبووبوون بۆیه سەرجەم پێداویســـتیه ژیاریەکانی خۆیان لەوێ بنیاتنابوو،گرنگ بوو لەوێ تەنووربان هەبێت،تەنووربان ئەو شـــوێنەیه که خانمانی کوردەواری نان و کولێرەی لێ دروســـت دەکەن،ئاخر لەو ڕۆژگارەدا هێندەی خەمی منداڵەکانیان خەمیان له نانی پێشمەرگەکانی ئەوێ ڕۆژێ دەخوارد.

ڕۆژی ٢٤-٦ ١٩٨٦ وەك هەر ڕۆژێکیتر شـــوشـــه خانی کچـــی حاجی ئیســـماعیل و پووره ڕێحان که هێشـــتا له ســـیەکانی تەمەنیدابوو به نیازی ڕاپەڕاندنی ئەرکی ڕۆژانه له خۆرهەڵاتنی بەیانیەوه شـــەڕواڵه کۆنەکەی هەڵدەکێشـێت،ئەم کچـی لادێیه و ئیش و کار له دەسـتی نامێنێتەوه بۆیه زوو ســـەرەدەری تەواو له ئیشـــەکانی ماڵەوه دەکات و نیازی کولێره کردن دەگرێت،ئاخر بۆ ئەو ڕۆژگاره کولێرەی گەرم و چەورکراو به ڕۆنه کەره لەگەڵ دۆیەکی فێنك خەمی ڕۆژگار ســـوك دەکات و برســـتی پێشـــمەرگەکانیش بۆ هەڵزنان به چیاکاندا وەبەرزی دەبات.

کات نزیکی نیوەڕۆیه شوشەخان لەسەر سەله له شوارك دروستکراوەکەی


کولێران هەڵدەچنێت و هێندەی نەماوە چاوی چاوەڕوانی هەمووان بە کولێران شـــاد بکات، نزیکی بانگی نیوەڕۆ دەبێتەوە و فڕۆکەکانی بەعس دێن، هەر لە ســـەرەوە هەتا بەر دێی هەڵەدن لە ئاگری ڕقی شـــۆڤێنیانەی خۆیان نقوم دەکەن، هێندەی زرمەی یەکەم قەســـف دەگاتە گوێی خەڵکەکە ئیدی دەبێتە ڕۆژی حەشـــر، هەمووان بە دایك و باوکەوە جگەر گۆشـــەکانیان لە کۆڵ دەکەن و بەرەو کونە تەیارەکان چقڵە شینکەی کونە گورگ دەشێلن، زرمە و گرمەی تەیارە و بۆردومان بەردەوام دەبێت تا ماوەیەك، ئیدی دونیا لە تەپ و تۆزی دوای بۆردومان دیار نامێنێت، لەم کاتەدا مام حەمە چکۆل کە تەپوتۆزی دوای بۆردومان هەناســـەی گیر کردووە بەلای تەنوور بانەکەدا تێدەپەڕێت ڕووە و بەســـەر کردنەوەی خەڵکەکە و زانینی قەبارەی زیانەکان، لەسـەر تەنوور بانەکە شـوشـەخان دەبینێت کە سـەروچـاوی لە خوێندا ون بووە بانگی خەڵك دەکات و بە دەســـت هەڵبڕین خەڵکەکە تێدەگەیەنێت کە بێن بەهانای بریندارێکەوە، خاڵی و ئەوانیتر کە دێنە ســـەری دەبینن پارچـــە لەســـەری داوە و خوێنی لێدەڕوات، لە نێو قیژە و هاوار و گریاندا حامید و خالید کە دوو برا بوون هەردووکیان برازای شـوشـە خان بوون بە هاوکاری پوورە حەلاوی خوشکە گەورەی بریندارەکە شوشـە خـان بـە کۆڵ هـەڵدەگرن تـا لای گوێدرێژەکـە و بـەپـەلـە دیفرێنن بۆ نەخۆشـــخانەکەی بەرگەڵو کە شـــۆڕش ســـەرپەرشـــتی دەکرد، دوای چارەسەرێکی سەرەتایی بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەیەوە خاتوو شوشە هەر لەوێ گیان لەدەســـتدەدات و بە ئوتومۆبێلێکی شـــۆڕش لە دەمەو عەسردا تەرمی شوشە دەهێنرێتەوە بۆ هەڵەدن.

لەگەڵ گەیشـــتنی تەرمەکە شـــیوەن دەســـت پێدەکات و ئاگری جەرگی سوتاوی دایك و خاڵی شوشە هەڵەدن نقومی ئازار دەکات.

شـوشــه هەر لەو گۆڕسـتانەی کە لە دامێنەکەیدا ئەو ئەشـکەوتانە هەن کە بەســـەر چـــەمە بەهاریەکەی کونە گورگدا دەڕوانن و خەڵك خۆیان تێدا حەشاردا وە بە خاك دەسپێردرێت.

خاڵی شـوشــه کە لە هەمان کاتدا خەزووریشــی بوو بە حەسـرەتی جوانە مەرگ بوونی خوشـــکەزاکەی هەر کاتێك گوێی لە دەســـتەواژی "جوانە مەرگ"دەبوو گریانێك دایدەگرت کە مەگەر تەنها ئازاری لە دەستدانی شوشە بە دوای خۆیدا بیهێنێت.

شـەهید شـوشـه کە لە سـیەکانی تەمەنیدا بوو لەدایك بووی ١٩٥٦ بوو و چـــەنـد ســـاڵێك بوو لـە گـەڵ کوڕە خـاڵـەکـەی خۆی(قـادر عبـدالرحمن احمد)هاوســـەرگیری کردبوو لە دوای خۆی کوڕێك بە ناوی (شـــەماڵ قادر عبدالرحمن) جێدەهێڵێت و وەك وەفایەکی بچـوك بۆ ئەو کوڕەی کە هێندە تێر نەبوو لە بینینی ڕوخســـاری دایکە شـــەهیدەکە تا ئەمڕۆ وێنەیەکی ئەو لە یادگەیدا بمێنێتەوە لەلایەن دەزگای شەهیدانەوە لە لیستی تۆماری شەهیدانی کوردستاندایە.



ماموستا دابان مستەفا عەبدولڕەحمان هەڵەدنی

## ڕژانی خوێنی ڕەسوڵی هەشت ساڵ بۆ؟!

دوای گوندی چالاوا بۆ ڕۆژی دواتر بەهەمان شێوە پەلاماری گوندی هەڵەدن درا، لە دوانیوەڕۆی ڕۆژی ١٦ی ئابی ١٩٨٦ لە کاتێکدا من و محەمەد و کارزان کوڕانی خوالێخۆشبوو مامە ڕسوڵم یاری منداڵانەمان دەکرد لە پڕێکدا چەند فڕۆکەیەکی جەنگی جۆری سیخۆ بە ناپاڵم گوندی هەڵەدنیان بۆردومان کرد و لە بەردەم ماڵەکانی ئێمە کەوتنە خوارەوە بە چاوی خۆمان بینیمان مام خدر فەتحوڵا قادر و ڕەسوڵ حاجی ئەحمەدی هاوڕێی منداڵیمان کە هەردوکیان خزممان بوون و خەڵکی گوندەکەش بوون لە تەپوتۆزی گەرمای چلەی هاویندا خوێنیان تێکەڵ بە خۆڵ کرا و ناوسکی ڕەسوڵ هاتە دەرەوە، مام خدری بە تەمەن و ڕەسوڵی هەشت ساڵان لە چاوەڕوانی مەرگدا بەرەو

نەخۆشـــخانەی شـــۆڕش لە بەرگەڵو بران بە داخەوە مام خدر شـــەهید بوو، ڕەسول نەشتەرگەری بۆ کرا دوای چەند مانگ تەداوی چاك بووەوە.

کاتێك ناپاڵمەکان کەوتنە خوارەوە ئێمە لە ترســـاندا گریاین و هاوارمان کرد و بەرەو ماڵی مامە ڕە سوڵم ڕامان کرد، زینەت خانی ئامۆزام کە ئەوکات لە تەمەنی بیســـت ســـاڵاندا بوو ئێمەی گرتە باوەش و دڵخۆشـــی دەداینەوە خۆ ئەگەر ئەو نەبوایە لەوانەیە لە ترساندا بمردینایە یان توشی نەخۆشی دەرونی ببوینایە.



ڕەسوڵ بە برینداری، چارەسەرکردنی لە نەخۆشخانەی بەرگەڵو، ساڵی ١٩٨٦

باوکم وتی کاتێك گوێم لە دەنگی ناپاڵمەکان بوو وەکو دێوانەم لێهات بە ڕاکردن هاتم بۆ شـــوێنی لاپاڵمەکان نەمزانی کێ بەرکەوتووە، بانگی ئێوەم دەکرد چونکە دەمزانی پێشتر لەو دەورە بوون هیچ هەواڵتان نەبوو بە ڕاکردن بەرەوخوار گوندی هەڵەدن ڕۆیشـــتم هەرکەســـێکم دەبینی دەموت کێ ئەو

منالآنەی ئێمەی بینیوە کەس زانیاری پێنەدام زۆ ناڕەحەت بووم بە خەیاڵی خۆم وتم جارێکیتر بە زیندویی کوڕ و برازاکانم لە باوەش ناگرمەوە، لە پڕێکدا کاك حســێنی ئامۆزام بانگی کردم وتی حەمەڕەشــید وەرە ئارام و محەمەد و کارزان ماون وا لە ژێرخانی ماڵی کاك ڕەسوڵی براتن، منیش کەمێك ئاسودەیی بە دڵمدا هات بەڵام کاتێك هەواڵی شـــەهید بوونی مام خدر و بریندار بوونی ڕەسولّم بیست تەواو بێتاقەت بووم.

## حاجی ئەحمەد لەسەر تاتە نوێژەکەی بنچناری هەڵەدن شەهید کرا

پێش ئەنفال گوندەکان شـەمعەی ئاو و بیریان نەبوو، ئاو تەنها لە کانی یان کارێزەوە بە تەنەکەی سەرشانی ژنان دەگەیشتە ماڵەکان، بە شێك لە پیاوان وەکو هاوکاریەك بۆ ژنان و کەمکردنەوەی بارگرانی لەســەریان لە بەکارهێنانی ئاو بۆ دەســت نوێژ و نوێژ کردن و خۆ شــۆردن ڕوویان دەکردە مزگەوت یان کانی و کارێز کە تەنها پیاو بۆی دە چوو، گوندی هەڵەدن دوو سەرچاوەی ئاو و چەندین کانی ئاوی سروشتی هەبوو، لە هاوین و پاییزیشدا وشکیان ناکرد، لە سەر چەمی بە شی باکوری ڕۆژهەڵاتی هەڵەدن شوێنێك هەیە پێی دەوترێت بنچـنار، لەو شـوێنەدا چـنارێکی گەورە هەبوو تەمەنی سـەدان سـاڵ دەبوو تیرەی چـــنارەکە زیاتر لە هەشـــت مەتر دەبوو، خەڵکی گوند بە چـــیمەنتۆ ســەکۆیەکی گەورەیان لە ژێریدا دروســت کردبوو بۆ نوێژ کردن ودانیشــتن، زۆر ڕۆژ دوای نیوەڕۆیانی دەچـوون لەو شـوێنە کۆدەبوونەوە بۆ نوێژ کردن دواتر بە قســـەی خۆش کاتەکەیان بەڕی دەکرد، بەشـــێك لە گەنجانیش بۆ بەسەربردنی کاتەکانیان لە ژێر تووە گەورەکە کە تەمەنی سەر و سەد ساڵ دەبوو بیست مەتر دوور لە چنارەکە یاری هەڵماتێنیان دەکرد، بەڵام بەهۆی بۆردومانی فڕۆکە جەنگیەکان و تۆپبارانی ڕۆژانە لەلایەن بەعســـەوە

دانیشـتوانی گوندی هەڵەدن گوندەکەیان چـۆڵ کردبوو، چـووبوونە دەرەوەی گوندەکە بۆ ئەوەی گیانیان پارێزراو بێت.


ڕۆژی ١٢/ ١١/ ١٩٨٦ عەسـرێکی پایز، حاجی ئەحمەد ئیسـماعیل هەڵەدنی وەك هەموو ڕۆژەکانیتر دەچـێت بۆ ئەو شـوێنە تا پشـویەك بدات لە سـێبەری چـنارە گەورە و نوێژی عەسـر بکات، بەڵام لە دووری دەیان کیلۆمەترەوە بەعس ڕێگری لێکرد لە تەواو کردنی نوێژەکەی و کردیە دوا وێزگەی ژیانی ئەم دنیا.

مام حاجی دەسـت نوێژ دەگرێت و دەچـێتە سـەر تاتەنوێژەکە بۆ ئەوەی کڕنوشی تاك پەرستی بۆ خودای گەورە ببات، بێ ئاگا لەوەی کە لە لایەن سەرانی بەعسـەوە فەرمان بە فڕۆکە جەنگیەکان کراوە کون و کەلەبەری ئەو گوندانە بۆردومان بکات کە سەرکردایەتی شۆڕش و بەشێك لە ماڵی بەرپرسانی لێیە.

لەو کاتەدا گوێی لە دەنگی فڕۆکە جەنگیەکان دەبێت کە بە ئاسمانی هەڵەدندا دەسوڕێنەوە، هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەو شوێنە بەر بۆردومان بکەوێت شـوێنێکی چـڕ بە دار و درەخت تەنانەت ئاسمانیش باش نابینرێت و زیاتر لە نیو کیلۆمەتر دوور لە ماڵەکانی گوند، بەڵام بڕیاری ڕژێمی بەعس بوو کە بست بە بستی گوند وەك بێژنگ کون کون بکات.

لەگەڵ کەوتنە خوارەوەی تەقەمەنیە مرۆڤ کوژەکان دەنگێکی بەرز لە مام حاجی بەرز دەبێتەوە، هەنێك لە خەڵکی ئاوایی کە لەناو گوندا مابوونەوە بەرەو بنچنار ڕادەکەن کاتێك دەگەنە شوێنی ڕوداوەکە لاشەی پیرۆزی مام حاجی لەسـەر تاتە نوێژەکە کەوتووە، پارچـەیەك بەر سـەری کەوتووە و خوێنی بەسەر تاتە نوێژەکەدا ڕژاوە لەو هەموو کەس و کارە بەغەریبی دوو چاوەکانی لە چاوەڕوانی هەردوو کوڕەکەی کاك سەلیم و کا جەلیل و خزمان لێك نەنا، تەنانەت کەسـێك نەبوو لە سـەرەمەرگا قومێك ئاوی شـیرینی

هەڵقوڵاوی کانی ژێر تاتە نوێژەکەی بداتێ، کەسێك نەبوو گوێ لە وەسیەتی کۆتایی بگرێت تا پەیامی ئامۆژگاری بۆ کوڕ و خزمان بنێرێت ئاگاداری خۆتان بن ئەم حکومەتی بەعســە زۆر بێویژدانە بە هەرشـێوەیەك بێت ئێمە دەکوژێت، ئەو لە ســــەرەمەرگیشـــدا بیری لەوە ناکردەوە یەکێك لە دوو کوڕەکەی وەکو باوکی بە چـــەکە مرۆڤ کوژەکانی بەعس لە شـــوێنێکیتری کوردستان شەهید دەبێت.




وێنەی هەڵەدن


دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بە چـەند مانێگ حکومەتی بەعس هێرشــی پێچەوانەی کردەوە بۆ کورد ستان و داگیری کردەوە، خەڵکی کورد ستان وەك نارەزاییەك و ترس لەو ڕژێمە داپڵۆسـێنەرە ئاوارەی ئێران بوون، کوڕانی مام حاجیش کە وەکو هەموو خەڵکی کوردســتان ئاوارەی ســەر ســنوری عێراق و ئێران دەبن، ڕۆژی ١٩٩١/٧/٢٧ لە ڕۆژێکی گەرمی هاویندا شـــەهید جەلیل کوڕی دووەمی مام حاجی دەیان کیلۆمەتر دوور لە زێدی لە دایك بوونی خۆی دوور لە بەشـــێك لە خزمان بە ئاوارەیی لە ســـەر ســـنوری عێراق – ئێران لە ناوچــەی پێنجوێن بەســەر لوغمدا دەکەوێت و شــەهید دەبێت، ڕوحی پیرۆزی بەرەو لای باوکی دەچێت.

دانیشـتوانی هەڵەدن ماڵی خۆیان بە جێهێشـت و ڕوویان کردە گوندەکانیتر یان بناری شاخەکان، ئێمە چووینە گوندی چاڵاوا بۆ ماڵی خاڵەکانم و لە یەکەم ساڵی خوێندن دابڕام.

یەکەم پرۆسەی کیمیا بارانکردنیش هەر لەم ناوچەیە بوو کە ڕۆژی ١٥ی ئایاری ١٩٨٧ گوندەکانی (هەڵەدن و یاخســـەمر و کانیتو، چـــنارنە)ی کیمیاباران کرد.

**سەعید وەستا ڕەحمانی هەڵەدن لە کاتی نان خواردنی ئێوارەدا شەهید بوو!**

ڕۆژی ٢٧ی شوباتی ١٩٨٨ لە کاتی نانی ئێوارە چەند تۆپێکی کیمیایی لە سەرو گوندی هەڵەدن کەوت لە کاتێکدا ماڵی خوا لێخۆشبوو وەستا ڕەحمانی هەڵەدن کاك قادر و شـــەهید ســـەعیدی براگەورەیی و پورە ئامینی دایکی لە چاوەڕوانی خوانی ئێوارەدا بوون.



شەهید سەعید وەستا ڕەحمان

نزیك کاژێر شەشی ئێوارە گەردە کیمیاییەکان بوونە میوانی ســـەر سفرەی ماڵیان.

قادری وەستا ڕەحمان بەم شێوە باسـی شـەهید سـەعیدی برای کرد وتی لـە بـەر تۆپ و تـەیارە نـاو گوندەکەمان جێهێشتبوو چووبووینە ســـەرو گونـدەکـەمـان کـە پێی دەوەرێت کونە گورگ دەمەو ئێوارە لە سـەعات شـەشـداچـەند تۆپێك لە نزیك ماڵی ئێمەیدا کە ســـەیرم کرد

گویَ دریَژەکەمان یەکسـەر گیانی دەرچـوو، سـەیری دایکم و کاکە سـەعیدم کرد بە تەقلە و هاوار هاوار لەو ناوە کەوتون و کاکە سـەعید لە دەم و لوتیەوە کەف دەردەکرد.

لەگەلَ کاك محمدی مام ڕەشـید چـوین بۆ گردە گەورەی نێوان هەلَّەدن و یاخسەمر تراکتۆرێکمان هێنا بۆ ئەوەی شەهید سەعید بەرین بۆنەخۆشخانەی بەرگەلَو بەداخەوە تاهاتینەوە شـەهید بووبوو بەشـێك لە خزمان هاتن بە دەنگمانەوە بە خاکمان سـپارد، لەبەردەم مالَی کاك حاجی سـورانی مام سوارە شۆفێری تراکتۆرێك بەسەر تراکتۆرەکەوە شەهید بووبوو تراکتۆرەکە جادەکەی گرتبوو هەرچۆنێك بێت لاماندا.

شـەو زۆر ناڕەحەت بووم دواتر بورابومەوە بەیانی کە هۆشـم هاتەوە لە نەخۆشخانەی بەرگەلَوو بووم بینیم دایکم لە تەنیشتمەوەیە وتی ئەی سەعید کوا وتم بردویانە بۆ ئێران دلَم نەهات پێی بلَێم شەهید بووە.

ماوەی ٣٤ سالَە بە ئازاری کیمیایەوە شەو و ڕۆژ دەکەمەوە.

## سـرووەی منالَ و ئاینده نادیار بەچـەند مەترێك لە نزیك باوکی لاشـەی پیرۆزی بەرە و سارد بوونەوە دەچوو!!


محەمەد عەبدولقادر حاجی نا سراو بە محەمەد هەلَّەدنی پێشمەرگەی دێرین و پارتیزان، لە ناوەڕاستی سالَی هەشتاکان دەبێتە پێشمەرگە، ئێستا بە پلەی عەمید خانەنشین کراوە، باس لە کیمیا بارانکردنی گوندی هەلَّەدن و یاخسەمەر دەکات لە سەرەتای تاوانی ئەنفال.

شـەوی ٢٥ لەسـەر ٢٦ی شـوباتی ١٩٨٨ لە کاژێر یەکی شـەو حکومەتی بەعسی عێراق بۆردومانی بەشێك لە گوندەکانی دۆلَی جافایەتی کرد بە چەکی کیمیایی، لە کاتێکدا هاولاَتیان لە ژوورە بچـکۆلەکاندا کە ماوەی سـالَێك زیاتر

بوو به وشکه بەرد دروستیان کردبوو لە خوار گوندی هەڵەدن لە خەوێکی قوڵدا ڕا چڵەکین و خەوی خۆش و پشودانی شەویان لێبوو به شین و ڕۆڕۆ، بارەگای ئێمە لە گوندی هەڵەدن بوو، گوێبیستی دەنگی تەقەی کلاشینکۆف و هاواری هاوڵاتیان بووین، ئێمەش بە پەلە بەرەو بەشـــی خوارەوەی گوندی هەڵەدن چووین، کاتێك گەیشتینە ئەوێ وتیان کاك یا سین و ژن و مناڵەکانی دیار نین، لە کاتی گەڕان بە شوێنیاندا دیمەنێکی زۆر تراژیدیم بینی، دیمەنێك هەرگیز لە یادم ناچێتەوە ! کاك یاسین ماڵیان لە لە ناو بەردەڵانەکەی خوار بن کێل بوو کاتێك گوێ بیستی دەنگی تۆپباران دەبێت خۆیی و ژن و مناڵەکانی ڕادەکەن بۆ ناو چەمەکەی خوار خۆیان دەیانەوێت بپەڕنەوە بۆ شاخەکەی بەرامبەریان، بەڵام لە کاتی ڕۆیشتندا گەردە کیمیاییەکان دەبنە مۆتەکەی ڕوح کێشانیان، کاك یاسین و سروەی کچی شەهید دەبن.

دیاربوو سروە تا کاتی شەهید بوونی باوکی دە ستی گەرم و نا سکی لە ناو دەستی باوکیدا بوو، سرووەی مناڵ و ئایندە نادیار بەچەند مەترێك لە نزیك باوکی لاشەی پیرۆزی بەرە و سارد بوونەوە دەچوو، بە چاوی پڕ فرمێسك لا شەی پیرۆزی هەردوکیانم خ ستە سەر باوە شی خۆم هەرئەوەش بووە هۆی بەرکەوتنی من بە چەکی کیمیایی، تەندروستیم بەرەوخراپی دەچوو بۆیە شەهید غەریبی برام بڕیاری دا من ڕەوانەی وڵاتی ئێران بکات، کاك یاسین لە بنەڕەتدا دانیشتوی گوندی حاجیتان بوو بە ژێر دەستەیی حکومەتی بەعس ڕازی نەبووبوو ماوەی چەند ساڵێك بوو بە خێزانی هاتبووە گوندی هەڵەدن لەوێ چایخانەیەکی دنابوو بۆ بژێوی مناڵەکانی کاری دەکرد، گوندی هەڵەدن چەندین ماڵە فیرار و ئاوارەی شاری سلێمانی و گوند و ناوچەکانی تری کوردستانی لێبوو کە لە ناو شارەکانەوە هاتبوون ڕازی نەبوون بە زوڵم و زۆرداری بەعس. هەر ئەو شەوە بە چەکی کیمیایی لە گوندی یاسخەمەری

دابوو نۆ شـــەهید و چـــە ندین بریندارى لێکەوتەوە، یەکێك لە شـــەهیدەکـان کـاك حمـەتـاڵ حمەسەعید کوڕی پورم بوو.


محەمەد هەڵەدنی

دوای ڕاپەڕین کاتێك چـوینەوە گوندی هەڵەدن ماوەی ســـاڵێك زیاتر گیانلەبەری کێوی بەکەمی دیار بوون مرۆڤ تەواو هەستی بە بێتاقەتی دەکرد وڵاتێکی چۆڵ و بێدەنگ لە قولەی چـــەقەڵ و واقەواقی ڕێوی و قاسپەی کەو و جریوەی چـــۆلـەکـە....هتـد، ئەوەش نیشـــانەی ئەوە بووە بەشــێکی زۆریان بە کیمیایی و چـــەکە مرۆڤ کوژەکان کوژراون.

## برایەك و دوو ئامۆزام لە ماوەی سی خولەکدا بە تۆپ شەهید بوون

حاتەم قادر عەلی ناســـراو بە حاتەم گوێزیلەیی ســـاڵی ١٩٦٣ لە گوندی گوێزیلەی دۆڵی جافایەتی لە دایك بوو، تا شـــەشـــی ســـەرەتایی خوێندووە، ســـاڵی ١٩٧٨ گوندەکەیان بەڕاگواســـتن کەوتووە و ئاوارەی ئۆردوگای سیروان و دوجەیلە بوون، ساڵی ١٩٨٠ ئۆردوگا زۆرەملیەکەیان بەجێهێشت و بە فیراری ماڵی ئەوان و بەشێك لە خزمان هاتونەتە گوندی هەڵەدن، ساڵی ١٩٨٥ چـونەوە گوندەکەی خۆیان، ســاڵی ١٩٨٢ چـەکی پێشـمەرگایەتی کردووەتە شانی لە کاتی تاوانی ئەنفالدا ئاوارەی ئێران بووە، سێ جار بریندا

بوو دوو جاریان به چـــەکی کیمیایی، جارێکیان له ئۆردوگای هەواره خۆڵی شاری بانەی ڕۆژهەلاتی کوردستان.

به پلەی نەقیب خانەنشـین بووه و ئەندام لقی شـاربازێڕ–دوکانی کۆمەڵەی پێشمەرگەدێرینەکانی کوردستانه، ئێستا وەك ڕابەر سیاسی تیپی پارێزگاری که له بەشـێکی پێشـمەرگه دێرینەکانی سـنوری دۆڵی جافایەتی پێکدێت بۆ هەر حاڵەتێکی پێویسـت ئامادەی پارێزگارییه له خاکی پیرۆزی کوردسـتان، بەشداری بەرگریەکانی کوردستانی کردووه له کاتی شەڕی داعشدا.

بەم شێوەیه باسی شەهید بوونی برایەکی و دوو خزمیتری گوندی گوێزیله دەکات که له ئەرکی پێشمەرگایەتیدا به تۆپی ڕژێمی بەعس شەهید بوون

شـــەهیدان (عوسمان قادر عەلی، مەجید عەبدولا یاســـین، خالید عەبدولا محەمەد ئەمین) له ئەرکی پێشـمەرگایەتیدا بوون لەسـەر دۆشـکەی شـۆڕش بوون له ســـەر مەرجەبەکەی ئەشـــکەوتی گوێزیله دژی فڕۆکه جەنگیەکانی بەعس هەرکاتێك هێرشی بۆ ئەو ناوچەیه بکردایه ئەوان بەر گڕی گوللەکانیان دەدا و زۆر جار فیشـــەکی دۆشـــکەکانی ئەوان ڕێگر بوو له پێکانی ئامانجه سەربازیەکانی ڕژێم.

تۆپێك له کارێزەوه بەردەوام ڕەسەتی له سەر سنوری دۆڵی جافایەتی بوو ترس و دڵەڕاوکێی خسـتبووه ناو دانیشـتوانەکەیەوه، ماوەی سـاڵ زیاتر بوو بەشـــێکی زۆری دانیشـــتوانی گوندەکانی یاخســـەمەر و گوێزیله و هەڵەدن ئاوارەی بناری شـاخی ژیلوان بووبوون هەرچـەندە خانویان به وشـکه بەرد دروســـت کردبوو بەڵام له بەر تۆپ و تەیاره زۆربەی کاتەکانی ڕۆژ له ناو ئەشکەوت و کونه تەیاره و ژێر بەرد ژیانیان بەڕێ دەکرد.

ڕۆژی ٢٥ی ئابی ١٩٨٧ لە کاتێکدا ئێمە لە گەڵ چەند ماڵە خزمێکی گوێزیلەیی و هەڵەدنی و یاخسەمەری لە ئەشکەوتەکەی سەرو گوندی گوێزیلە و ژێر بەرد و کونە شاخەکەدا بووین کاژێر نۆی بەیانی گوێمان لە دەنگێکی زۆر بەهێز بوو، پورە سەلمە هاوسەری کاک حەمەزیاد چووبوو بۆ کۆڵە دار بۆ بەرامبەر شوێنی دۆشکەکە، زۆر بە هێز قیژاندی و هاواری کرد ئەی هاوار چاوی کوێرم لە دۆشکەکەی داوە و هەموویان شەهید بوون، منیش بە خێرایی بە ئاراستەی شوێنی دۆشکەکە ڕامکرد سەیرم کرد خوالێخۆشبوو کاک حاجی محەمەدی برام گەیشتبووە لایان و هاواری دەکرد کوێربم بۆتان هەرسێکیان شەهید بوون، کاتێک گەیشتمە شوێنی دۆشکەکە سەیرم



حاتەم گوێزیلەیی

کرد کاک عوسمانی برام شەهید بووە، بەڵام کاک مەجید بە حاڵ هەناسەی دەدا ئەوم لە ناو تەپوتۆزدا هێنایە دەرەوە، شەهید خالیدیش بە حاڵ هەناسەی دەدا بە پەلە چومە سەر شاخەکە و بانگی خزمانم کرد تکایە فریامان بکەون شەهید و بریندار هەیە بەتانی لەگەڵ خۆتان بهێنن با بیانگوازینەوە بۆ خوارەوە، ژن و پیاو زۆر بە خێرایی گەیشتنە لامان وتم خزمینە کاک عوسمان شەهید بووە و دوانەکەیتر بریندارن، دووبریندارەکەمان بە پەلە خستە ناو بەتانی و بەرەو خوار بردیانن، شەهید عوسمانیشمان

خسته ناو بەتانی و بردمان بۆ خوارەوە، زۆر بەداخەوە دوای نیو سەعات کاك مەجید و کاك خالیدیش شـــەهید بوون، لە خوار ئەشـــکەوتەکە بە نەریتی ئیســـلام خوالێخۆشـــبوو کاك حاجی حەمەچـــکۆلی هەڵەدن شـــۆردنی ئێمەش گەڕاینەوە بۆ شـــوێنی دۆشـــکەکە هەندێك وڵمە گۆشـــت و پارچـــەی لەشـــی پیرۆزیان لەو ناوە کەوتبوو خستمانە عەلاگەوە هاتینەوە بۆ لای شەهیدەکان لەگەڵ ڕوفاتی پیرۆزیان بە خاکمان سپاردن.

دیمەنێکی هێندە تراژیدی بوو هەرگیز بیرم ناچێتەوە برایەکم و دوو ئامۆزام لە ماوەی سی خولەکدا شەهید بوون و هەریەکەیان هاوسەر و دوو منالّی یەك سالّ و سێ سالّ و چوار سالّیان بەجێهێشت، ئەوان سێ پێشمەرگەی ئازاو بەتوانابوون سلّیان لە تۆپ و تەیارەی بەعس ناکردەوە.

## سروشتی دۆڵی جافایەتی

هەڵکەوتەی جوگرافیای دۆڵی جافایەتی شـێوەیەك و سـروشـتێکی جوانی هەیە، ناوچەیەکی شاخاوی و دارستانی چڕە بە لوتکە و شاخی بەرز دەورە دراوە، دیمەنی جوان و دڵگیری هەیە لە زستاندا بەفر تارای سپی بەسەر شاخ و دار و بەردی ناوچـەکەدا دەدات، لە بەهاریشـدا یەکپارچـە پۆشـاکی سـەوز و زەرد و سـور و ڕەنگەکانیتر دەپۆشـێت هەروەکو ڕەنگی کۆلکە زێڕینە دەرخەری چەندین ڕەنگی جوان و بریقەدارە کە مرۆڤ بە بینینی دڵی دەکرێتەوە.

ئاو و هەوای مامناوەندیە و زســـتانی ســـارد و باراناویە، لە زۆر شـــوێنی کوێســـتانەکاندا بەفرێکی زۆر دەبارێت هەمان ســـروشـــتی قەندیل دوبارە دەکاتەوە چـــلورەی لاگوێســـانکە زۆر جار دەگاتە زەوی، هەرچـــەندە هاوینی باشور کوردستانی تا ئاستێك گەرم و وەڕزکەرە بەلاّم هاوینی ئەم دەڤەرە زۆر گەرم نییە و ژیان لە هاویندا ئاساییە.

ژیانی دانیشتوانەکەی بە شێوەیەکی سەرەکی لە سەر باخی ڕەز و چوالە و ترش و دانەوێڵە و ئاژەڵدارییە بە تایبەت بزن کە لە شـوینی سـەخت و چـڕدا ژیان گوزەر دەکات، خۆراکی سـەرەکی مەڕومالأت لە هاویندا گەڵای تەڕی دارستانە چڕەکان و پوشە، لە زستانیشدا کا و گیای وشك و گەڵای وشکەوە بووی دار بەڕووە کە بەشێوەی گەڵ هەڵگیراوە.

گەڵ بەوە دەوترێت لە کۆتایی مانگەکانی هاویندا گەڵای تەڕی داربەڕو، دارمازو دەبڕن و بە شـێوەی سـەفتە دەیخەنە ناو پەلی داری گەورەوە یان لە شوێنێك کۆی دەکەنەوە بە شێوەی قوچەکی بازنەیی یان چوارگۆشەیی دای دەنێن بە بەرزی دوو مەتر زیاتر و پانیەکی بنکە فراوان، لایلۆن یان شتێکیتری دەخەنە سەر بۆ پاراستن لە تەڕبوون، وشك دەبێت و لە زستاندا لە کاتی بەفر باریندا دەرخواردی حەیواناتەکانیان دەدەن و لە برسێتی ڕزگاریان دەکەن.

دەوڵەمەندە بە باخی ترێ (ڕەز) ترێی دۆڵی جافایەتی بە ناوبانگە بە جوانی و شـیرینی، بەرهەمەکانی مێوژ و دۆشـاو و شـەربەت و باسـوق و سـجوقی لێ دروسـت دەکرێت و ڕەوانەی بازاڕی شـارەکان دەکرێت و کڕیارەکان دڵخۆش دەکات، ترش و چـوالە و هەندێك میوەی تر بەرهەم دێت، دانەوێڵەی دۆڵی جافایەتی ڕێژەی بەرهەمهێنانی کەمە لەبەر ئەوەی ناوچەکە بەردەڵانە و خاکی دەشتەکی کەمە تا ئێستاش بە کەرەسە کۆنەکانی وەکو داس درەو دەکرێت، کێڵانیش لە هەندێك شـوێنی بەردەڵان بە جووتی گا و هێسـتر و کەر و پاچـە کۆڵە دەکرێت کە کەرەسـتەی کۆنن بۆ ئەم سـەردەمە ئەسـتەمە، کەمپاین و تراکتۆر ناتوانێت لە هەموو شوێنێکدا کار بکات بۆیە گەنم و جۆ و نیسك و نۆك و جۆرەکانیتر بە کەمی دەکرێت.


لە ڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیەوە زۆرینەی دانیشـتوانەکەی سـەر بە عەشیرەتی جافن هەربۆیە ئەو نازناوەشی وەرگرتووە، هەرچەندە چەندین هۆز و

خێڵێتری لێیه که جاف نین وەکو شێخ و بەگزادە و مسکێن و ئاغا و گۆران و هیتر.

دۆڵی جافایەتی ئەم گوندانە لەخۆ دەگرێت (قەیوانی سەرو، قەیوانی خوارو، گەورەدێ، سنگر، مێولاکە، چوخماخ، گاپیلۆن، باڵخ، ولاغلو، گەڕەدێ (بەرزەدێ))، مالومە، یاخسەمەر، گوێزیلە، هەڵەدن، چالاوا، بەرگەڵو، سەرگەڵو، سەرمۆرد، سێکانیان، قۆمرغان، مەولانا، شاقوڵی، قەرانگوێ، یاخیان، گۆمەزەڵ، دۆڵەبی، سێدەر، کوێرەکانی، دۆڵمازەڵە، شارستێن، قەلەمپاشا، جوبلاخ، خوڕخوڕە، هەوارەبەرزە، هەنجیرە).

جگە لەم گوندانە ئەو شوێنانەش دەگرێتەوە بەرەو بناری شاخی ئاسۆس و مەرگە و بنگرد و لە دیوی پشتەوەش لە گوندی گەلاڵەوە تا سەر سنوری ئێران.

شاخە بەرزو بەناوبانگەکانی (دابان، چەرماوەند، هەلاج، قەرە سرد، سارا، ئاسنگەران، ژیلوان، گۆجاڕ، ئاسۆس، بەبۆ، سەرتەزێن).




وێنەی بەشێک لە دۆڵی جافایەتی

لەبەر چڕی ناوچەکە و میواندۆستی و دڵسۆزی دانیشتوانەکەی بۆ شۆڕش و کوردایەتی، لە هە شتاکانی سەدەی ڕابوردوو سەرکردایەتی شۆڕش و بە شێك لە حیزبەکانی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتنە ئەو ناوچەیە سەرکردایەتی و ڕاگەیاندن و ئێزگەی گەلی کوردســتانی یەکێتی و بارەگای ســەرکردەکان بە تایبەت ڕەوانشـــاد مام جەلال و کاك نەوشـــیروان لە یاخســـەمەر و هەڵەدن و بەرگەڵو و ســەرگەڵو بوو درێژی سـنوری بارەگاکانی سـەرکردایەتی یەکێتی بە (٧٢) کیلۆ مەتر چوار گۆشە مەزندە دەکرا.

حکومەتی بەعس لە هێرشـــی ئاسمانی و زەمینی و تۆپباران بەردەوام بوو بۆ ســەر ناوچــە قەدەغە کراوەکان، دۆڵی جافایەتی زۆرترین پەلامار درا بەڵام خۆڕاگری هێزی پێشـمەرگە و جەماوەری ناوچـەکە کە دەجەنگان دژی زوڵم و زۆری بەعسیەکان، عەلی حە سەن مەجید و هاوبیرانی نەیانتوانی بە ئا سانی بە ئە نجام بگەن، بۆیە بڕیاری تاوانی ئەنفالیان دا، ماوەی نزیکەی یەك مانگ هێزی پێشـــمەرگە بەرگری کرد ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە بەشـــی زۆری هاوڵاتیانی ســنوری دۆڵی جافایەتی ڕزگایان ببێت و بەرەو وڵاتی ئێران بڕۆن و بەردەستی ڕژێم نەکەون.

تاوانی ئەنفال سەدان چیرۆکی تراژیدیای هەیە، ئەنفال تەنها ئەنفالکراوانی نەکردە قوربانی و ناڕەحەتی ژیان، بەڵکو پێشـــمەرگە ئازاکانی ئەوێ ڕۆژێش لە کاتی بەرگری کردندا بوونە قوربانی ئەو تاوانە قێزەونە.

چیرۆکی لاوە قارەمانەکانی سەدەی ڕابوردو دەبێت نەوە دوای نەوە وەکو ئەفســانە باس بکرێت، ئەو لاوانەی کە لە ڕیزی هێزی پێشــمەرگەی یەکێتی نیشتیمان کوردستاندا لە ڕۆژانی سەختی خەباتدا بە گژ گەورەترین دەسەڵاتی دیکتاتۆر و خۆســـەپێنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا چـــوونەوە، زۆرێك لەو فیداکارانەی کوردســتان وەکو ئەفســانە باســی ڕۆژانی پێش تاوانی ئەنفال و

کاتی ئەنفال و دوای ئەنفال دەکەن، بەڵام ئێمە تەنها تەرکیز دەخەینە سەر چەند نمونەیەك کە لە کاتی تاوانی ئەنفالدا بۆ سەر دۆڵی جافایەتی و دەوروبەری گیانفیدایانە بەرگریان دەکرد لە خاکی پیرۆزی کوردستان.

## دۆڵی جافایەتی دۆڵی حیزبەکان

عارف حەمەوەیس سوسێیی، پێشمەرگەی دێرین لە خوێندنی ئامادەیی دەستی هەڵگرت و رێگای کوردایەتی گرتە بەر، ساڵی ١٩٨٣ بووە تە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی یەکێتی، لە کاتی تاوانی ئەنفالدا ڕابەرسیاسی کەرت بووە، بە پلەی عەمید خانەنشین کراوە، ئێستا لە سلێمانی نیشتەجێیە پیاوێکی ڕۆشنبیر و بە توانا لە نوسیندا بەشی زۆری ڕوداوی ڕۆژانەی ئەو سەردەمەی لە ڕۆژژمێری بەرباخەڵدا تۆمار کردووە، لە گێڕانەوەی ڕۆژانی تاوانی ئەنفالدا بە چەند بە شێك باس لە نابەرابەری جەنگ و هێرشی بەربڵاوە ڕژێمی بەعسی ڕوخاو دەکات کە چۆن دەستی بەسەر دۆڵی جافایەتیدا گرتووە، بەم شێوە باسی تاوانی ئەنفالی سەر دۆڵی جافایەتی کرد:

وەك شایەد حاڵێك و پێشمەرگەیەك ئەگەر بەدرێژی و خاڵ بەخاڵ باسی هێرشەکانی ئەنفالی یەك بکەم بۆ سەر سەرکردایەتی و دۆڵی جافایەتی و دەوروبەری ئەوا چەندین پەرەگراف و لاپەڕەی دەوێت، هەرچەندە من ڕوداوەکانی ئەو ڕۆژگارە و ئەو هێرشانەم بە ئەندازەی جوگرافیای ناوچەکە و ڕوداوە کانی دەوروبەری خۆمان ڕۆژ بەڕۆژ لای خۆم تۆمارم کردون، ئەویش لەڕۆژ ژمێرێکی بەر باخەڵدا واتا ڕۆژ ژمێری (هاوسەر)، سێ حەفتەی بەردەوام بەرگری و فیداکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو قۆڵەکانەوە لەو زستانە سەختەی ئەو ساڵەدا و لە هەمبەر ئەو هەموو سوپا بێ شومارو پڕ چەکەی ڕژێمدا هەروا کارێکی ئاسان نەبوو، هێرشەکان لە هەموو قۆڵەکانەوە

چـڕوپڕو بێ وەسـتان بون بۆسـەر سـەنگەرەکانی پێشـمەرگە، لە قۆڵی لای ئێمەشــەوە واتا لە قۆڵی ســورداش و کلکەی چــیای پیرەمەگرون و گوندی شــەدەڵەشــەوە دوژمن فشــارێکی زۆری لەسـەر سـەنگەرەکانی پێشـمەرگەو زنجیرە چــیای دابان و چــەرماوەند و گوندەکانی ئەو دەوروبەرە دروســت کردبوو، ئەو زنجیرە شــاخەش بە قەڵغان و بڕبڕەی پشــتی ســەرگەڵو و ســەرکردایەتی و بەشــێکی گرنگی دۆڵی جافایەتی ئەژمار دەکرا، ئێمەش ئەو کاتە لەســەری دابان بوین کەرتێك بوین ســەر بە تیپی تۆپ خانەی شـۆڕش و مەڵبەندی دوو، بە کەرتی دۆشــکەکان ناســرابوین، بارەگای ســەرەکیشــمان لەســـەری دابان بوو، دۆشـــکە یەکی ١٢ ملم و نیو و چـــە ند دۆشـــکە و دیمترۆفێکیشمان لەدەورو بەری گوندی سەرگەڵو هەبوو ئەوانە زیاتر بۆ بەرگری بوو لە فڕۆکە جەنگیەکانی دوژمن، ئەوانەی ناو ســەرگەڵو مەفرەزەکەی کاك ئەحمەدی مینە حەلێ دەیان برد بەڕێوە، ئەوان ١٠ – ١٥ پێشمەرگە بوون.

هێرشەکان لە قۆڵی لای ئێمەوە واتا بۆ سەر شاخی دابان لە ٢٨ی شوباتدا چــڕ بۆوە ئەویش زیاتر بەتۆپ باران و ڕاجیمە بارانی بێ وچــان، هاوکات لە کاتژمێر ٨ – ٩ی ســـەرلەبەیانی هەمان ڕۆژدا گوندی شـــەدەڵەش بەتەواوی دە ستی بە سەردا گیرا لەلایەن سوپای دوژمنەوە، ئێمەش هەر ئەو ڕۆژە دوای وە شاندنی دوا فیشەکی دۆشکەکەمان بەڕووی دوژمندا.. نا چار دۆشکەکەمان گواســـتەوە بۆ قەرەتیکان، لەبەر ئەوەی ناو شـــەدەڵەی نەدەگرتەوە، ئەو دۆشــکەیەی ئێمە بۆ ناو شــەدەڵە دانەمەزرابوو، چــونکە تا ٢٨ی شــوباتی ١٩٨٨ شــــەدەڵە بەدەســـت خۆمانەوە بووە، ســـەری دابان ڕوتەن بوو بەرامبەریشــمان کە دوژمن بوو شـوێنیان لەهی ئێمە بەرزتر بوو واتا لە کلکەی پیرەمەگرون و قوڵە پوشـینەوە دەیانڕوانی بەسـەر داباندا، ڕۆژێك پێش گرتنی شەدەڵە دەستیان بەسەر شاخی قوڵە پوشینەشدا گرتبوو، قەرەتیکان لوتکە

شـاخ و ڕکە شـاخی هەبوو دەلاقەیەکی باشـی تیابوو، دۆشـکەکە لەوێوە زۆر باش ناو شەدەڵەشی دەگرتەوە، خۆشمان زیاتر پارێزراو تر دەبوین لە هێرشی تۆپەکان، سەنگەری دۆشکەکە لەسەری دابان تەنها وشکە کەڵەکێك بوو، ئێمە هەر ٣٠٠ – ٤٠٠ مەترێك لەســەری دابان دور کەوتبوینەوە، تا چـــەند ڕۆژێکیش دابان و دەوروبەری دابانمان بەتەواوی چـــۆڵ نەکردبوو، تا هێزێکی دەشـتی هەولێر هاتن لەو ناوەو لەبن ڕکە شـاخەکانی دابان، سـەری دابان و شـــوێن مقەڕەکەی ئێمە شـــوێنێکی دیارو کەشـــف بوو بەردەوام تۆپ بارانی خەستی لەسەر بوو جادەکەش چونکە بەوێدا دەڕۆیشت دوژمن زیاتر تەرکیزی کردبووە ســەر ئەوی شــوێنە، هەر چــەندە بەڕیز هەموو زنجیرە شـاخەکەی دەکولاند، تۆپ بارانەکە هێندە چـــڕو زۆر بوو هەموو پەناگەو پەســـێرێکی دەگرتەوە، هەر بۆیە دانیشـتوانی گوندەکانی مەیدانی شـەڕگەکە و ئەوانەشـی کەنزیکی مەیدانی شــەڕگەکان بون لە ٥ – ٦ی مانگی ئازارەوە دەسـتیان بە کۆچ ڕەوی کرد بەرەو سنورو ئێران، کۆچـێك بەناو شـەختەو بەفرو سـەرمادا، کە هیچ گوزارشــتێك ناتوانێ پێناســەی بکات، چــەندین ژن و منداڵ و پیر لەو ڕێگاو بانانە ڕەق بونەوە.

دەمەو عەســرێکی ١١ی ئازاری ١٩٨٨، لەگەڵ کاك ئاواتی شــێخ ڕەزای هاوڕێم لە پیر ئەنگۆزەوە شۆڕ بوینەوە بۆ ناو دێی سەرگەڵو، بەلای کانیەکەی سەر ڕێگای هەلاج و سێکانیاندا ڕەت بوین، لامان دایە سەرکانیەکە مەنجەڵێکی ڕەشـــی ئاو گەرم کردن لەســـەر ئاگردانێك بوو ئاوەکەی هەر شـــلەتێن بوو، قاتێکی بۆری پیاوانەش لەو ناوەدا کەوتبوو، حەتمەن پێش ئێمە دەبێت چ پێشـمەرگەیەك هاتووە کوڵی کردووە، چـونکە لە پێشـمەرگە زیاتر کەس لەو دەڤەرە نەمابوو، ئاوات قاتە جلەکەی ئەم دیواودیو کرد، وتی وەڵا ئەمە زۆر لە قاتەکەی بەرم تازەترو باشـترە، بێ وەسـتان کردیە بەری و تاقی کردەوە،

ڕێك بەبەری تەواو بوو، منیش وتم مادام وایە قاتەکەی خۆت لەهەمان شـــوێن دابنێ ڕەنگە کەسێکی تریش سود لەو قاتەی تۆ ببینێ، خۆشی وتی وەڵا هەر نیازی ئەوەم هەبو مادام ئەم قاتە چـاکەم دەسـت کەوتووە! دوای ئەوە من خۆم پشـیلە شـۆر کرد و بەڕێ کەوتین بەرەو لای بازاڕ و دوکانەکان، چ بازاڕ و دوکانێك؟! دەرگای دوکانەکان هەموو لەســەر پشـت والابوو، هەموی پڕ لە کەلوپەل و پێداویســتیەکانی ڕۆژ، بەبێ ئەوەی یەك نەفەر یەك گیان لەبەر بەدەرەوە بێت، تۆپەکان چــەند خولەکێك بوو لە گرمەو ناڵە کەوتبون، ئەو شـارەدێ گەورە و قەرەباڵغە لە شـاری شـەبەح و مردووەکان دەچـوو، تەنها گوێمان لە چــرپەی پێی خۆمان بوو کە بە کۆڵانی ڕاســتە بازاڕەکەدا ڕێمان دەکرد بەرەو خوار، بڕواتان بێت گوێمان لە فڕەی چـۆلەکەش نەبووە هەمووی تار بووبوون، لەبێ دەنگی و چۆڵی گوندەکە سەراپا سام و دڵ تەنگی مرۆڤی دادەگرت! لە دوکانێك پارچــەیەك بنێشـتی ســەهم و دەســتەیەك گوێزانی لۆردمان هەڵگرد، ئەویش زۆر بە شــەرمەوە وامان دەزانی هەموو خەڵکی ســەرگەڵو لەســەربان و درزی دەرگاکانەوە ســەیرمان دەکەن، دواجار چـوینە دوکانەکەی کاك یاسـینی کوێخا سـەلیم، دوکانەکەی چـەندین تۆپە قوماشـی پیاوانەی تیابوو لۆك بە نایلۆنەکانیەوە مەکینەی خەیاتیەکەی مقەســتەکەی لەســەربوو، هەموو ئەمانە بەجێ مان و تالان و بڕۆ کران لەلایەن ســوپای داگیرکەری عێراق و جاش و بەکرێ گیراوانیەوە.

هێزی پێشــمەرگەی کوردســتان لە عەســری ١٧ی ئازارەوە دەســتی بە ئامادەکاری و پاشەکشە کرد، تا ئەو ساتەش دوژمن لە قوڵی لای ئێمەوە نەیتوانی لە شـەدەڵە بترازێ هەرچـەندە چـەندین جار بە پاڵپشـتی تۆپ بارانی چڕ و کیمیا بارانیش خۆیان تاقی کردەوە بەڵام هەموو جارەکان توشــی شــکســت دەبوون، چەندین سەربازیش بەدیل گیران لەلایەن هێزی پێشمەرگە و تیپی ٢٩ی کەڵکەسماقەوە.

له وڵاتی بەناو دۆستەوە هیچی وامان بەدەست نە دەگەیشت، ئەوەشی بەهەزار دەردی سەر دەگەیشت بە پشتی وڵاخ و لەڕێگا سەخت و هەڵدێرەکانەوە بوو، بەفر و سەرمای زستان و ئەو ڕێگایانەشی ئاستەنگ کردبوو، پێشەوەشمان هێرش و ئابلۆقەی سەربازی دوژمن بوو، ئیتر هەر ئەوەندە دەتوانرا بەرگری بکرێت، هێز و توانا و چەکی پێشمەرگە تەنها بۆ جەنگی پارتیزانی گونجاو بوو، نەك بۆ شەڕی جەبهەیی، بەڵێ عەسری ١٧ی ئازار هەواڵەکە بە ئێمەش گەیشت، خۆمان کۆ کردەوە و بەڕێ کەوتین بەرەو گوندی هەڵەدن، ئێمە تا ئەو کاتە هەموو حەوت کەس مابوینەوە بۆ ئەرك و واجب، یەکترمان ئاڵوگۆڕ دەکرد، ئەوانەی خێزاندار بوون ناچاربون پێشتر بڕۆن تا ماڵ و منداڵ ڕزگار بکەن، یەك دوو برادەریشمان برینداری پێشتر بوون توانای ئەرك و واجبیان نەبوو.

گابەردێکی لێ بوو لە دۆڵەکەی خوار دابانەوە، گابەردەکەی نێوان هەڵەدن و سەرگەڵو (بەردی ئاڵداش) لەوێوە ڕۆیشتین بەرەو گوندی هەڵەدن، ئەوەی کە تائێستاش لای من ناخ هەژێنە و بیرم ناچێت چەند دیمەنێکی ئەو کاتەیە کە لەکاتی پاشەکشەکەدا بینومن چیرۆکێکی تراژیدیم بینی لە ناو گوندی هەڵەدن کە هەرگیز بیرم ناچێتەوە، سەر لەئێوارەی ١٧ی ئازار ئێمە گەیشتینە ناو گوندی هەڵەدن، بەڵام کام گوند؟ گوندێك کە جریوەی چۆلەکەشی تیا نەدەبیسترا، چۆڵ و هۆڵ و خامۆش هەروەك شاری تەرمیەکان (شەبەح) وابوو بەڵام یەك بەرخی ساوا لەو کاتەدا بوو بەجێگای سەرنجمان، بەرخێك تەمەنی لە ٢ – ٣ ڕۆژ زیاتر تێنەپەڕی بوو، ئێستا ناوکی هەر تەڕبوو، ئەو بەرخە ساوایە هێندەی باڕاندبوو هێندە هاواری لە عەرشی عەزیم کردبوو بۆ دایکی و بۆ چۆڕێ شیر دەنگی تەواو نوسابوو بە ئاستەم گوێت لە باڕەو دەنگی دەبوو، سەری دەهێنا بۆ لای ئەژنۆمان و بۆنی پێوە دەکردین

وەك ئەوەی بۆ گوانی دایکی بگەڕێت، بەڵام نە دایکی دیاربوو نە یەك ئاژەڵی تریش، پێ دەچــوو دایکیشـــی لە برســاندا یا بەکیمایی و تۆپ باران مردبێت بەرخێکی ساوا لەبرسا سەری دەکرد بەناو قاچی هەمواندا، چیمان پێ دەکراو چیمان دەسەڵات بوو بێجگە لە ئاخ هەڵکێشان!.

چۆڵکردنی ناوچــەکە و ڕۆیشـتن بەرەو وڵاتی غەریبی بۆ ئێمە زۆر ناڕەحەت بوو زۆر نــاخۆش و بــەئــازار بوو بۆ هــەموان و بۆ تــەواوی ئــازادی خوازانی گەلەکەمان و ناوچــەکەش، چــونکە تا چــەند حەفتە و چــەند مانگێکیش پێش دەســـپێکی هێرشـــەکانی دوژمن ئەو دەڤەرە و دۆڵی جافایەتی، پەنا گەیەکی ئارام بوو بۆ چەندین ئەحزابی عێراقی و ئێرانی و کوردستانی و خەڵکانی سەر بەخۆو ئازادی خواز، بێجگە لەوەی بووبوو بە شوێنی حەوانەوەو بنکەی دەیان ســەربازی هەڵهاتوی ژێر دەســتی ڕژێم. هەر لە ســاڵی ١٩٨٣و ١٩٨٤وە ئەو ئەودەڤەرە بووبوو بە پەناگایەکی ئارام بۆ چـــەندین ئەحزاب و دەیان خەڵکی ئازادی خوازو بیرو ڕا جیاواز، تا ئەو ڕادەیەی ناویان لێ نابوو (وادی احزاب) واتا دۆڵی حیزبەکان، لە دڵســـۆزی و نیشـــتیمان پەروەری هاوڵاتیە کورد پەروەرەکانی و حیکمەتی شـۆڕشــی نوێدا لەو دۆڵەداو لە تەواوی ناوچــە ئازاد کراوەکانی ژێر دەســـتی شـــۆڕش گورگ و مەڕ پێکەوە ئاویان دەخواردەوە، تەشــتی زێڕت لەســەر ســەرت دابنایا هیچ باس نەبوو دنیا ئەمین و ئامان بوو کەمترین تاوان ئەنجام ئەدرا.

بەڵام بەداخەوە تاوانی ئەنفال هیچی نەهێشت و هەموی برد لەگەڵ خۆیدا، وەها شیرازەی گوندەکان و کوردەواریشی تێك دا کە تاکو ئێستاش پێوەی دەناڵێنن.

کاتی تاریك بوون گەیشــتینە ناو گوندی چـــاڵاوا، جمەی دەهات لە پێشـــمەرگەی دەســـتە و تیپەکان و مەڵبەندەکان لە پێشـــمەرگە زیاتر هیچ کەســێك لەو گوندەشــدا نەمابوو، کاژمێر شــەشــی ئێوارە هەموو بەهەورازی

خەرتیزدا هەڵنزاین هەروا بە نزیکەی کاتژمێرێك گەیشتینە سەر شاخەکە، لە ناو گوندەکەوە تا سەرشاخ ڕەشانی بوو بەفری لێ نەکەوتبوو بەڵام سەر شاخ ساف و لوس بووبوو لە بەفردا، لەسەر شاخەوە هەتا ناو گوندی گەڵاڵەی شینکایەتی ئێمە بەناو ئەو بەفرە ئەستورەدا ڕێمان کردووە، کوێستانەکانی دۆڵی شێخ محەمەدو سیرەمێرگ لە ئاستی قەندیل دان، جا وەرە بەو وەرزە و بەو کاتە بەو دۆڵ و کوێستانانەدا ڕێ بکەیت، ١٤ کاژمێری تەواو بەفرمان شێلاوە بەس ئەو شەوە کەشو هەوا بۆ ماوەی یەك کاتژمێر بیگۆڕیایە لێمان هەموومان دەبووین بە چلورە، ئێمە بۆ کاژمێر ٩ ی بەیانی ١٨ی مانگ گەیشتینە ناو گوندی گەڵاڵە، ناو گەڵاڵەش پڕ لە بەفر بوو، سوپای ئێران لەناو گەڵاڵەدا جێگیر بووبوون، ئێران لەو قۆڵەوە تا گەڵاڵە پێشڕەوی کردبوو، بەدرێژای ئەو ڕێگایەش ناو بەناو کەل و پەل و پەتۆو بەتانی و کارو بەرخ و مانگا و گوێرەکە و ماڵاتی مردارەوەبوو کەوتبوون، لەگەڵ بوکەڵە و پەڕۆ و شتی منداڵان دەبینران.

١٨ی مانگیش کاتێ لە چەمی هەرزنە پەڕینەوە فڕۆکە جەنگیەکانی عێراق لێیان داین، ژمارەیەك بریندار و شەهیدیشمان لێ کەوتەوە، یەکێك لەو برینداراناەش کاك سمایلی مەلا عەبدول جێگر تیپی ئێمە بوو، کە تائێستاش ئاسەوار و کاریگەری ئەو برین و پارچانەی پێوە دیارە.

ئەوەی ماوە لێرەدا باسی بکەم دیمەنی ئەو دوو هێسترە بوو کە لە بەفردا چەقیبون، ئێوارەی ١٧ی مانگ کاتێك لەپشتی چاڵاواوە بە هەورازی خەرتیزدا سەرکەوتین، کاك غەریب سەعید (غەریب عەسکەری)م بینی، پێشتر یەك دوو ساڵ سەرتیپی خۆمان بوو لە تیپی مەڵبەندی دوو بەڵام لەوکاتەدا سەرتیپی ٢٣ی سورداش بوو، لەو هەورازەدا ئەوم بەسواری هێسترێکەوە بینی، کاتێ گەیشتینە سەرشاخ هێسترەکە هەر چوار پەلی لە بەفردا چەقی بوو تا بن

دەســـتی، ناچـــار لێی دابەزی و وازی لێهێنا، چـــونکە گەرماو گەرم بوو ئەو هێســـترە هەر تەکانی دەدا تا بێتەدەرەوە بەڵام لەگەڵ هەر جوڵەیەکدا زیاتر ڕۆدەچوو، هێسترێکی دیکەش لەولای ئەو هێسترەوە بە هەمان شت لە بەفردا ڕۆچووبوو، ئەو هێسترەیان بڕستی لێ بڕابوو پێ دەچوو سێ چوار کاژێر بێت ئاوها مابێتەوە چـــونکە جاروبار ســــەرێکی بەرز دەکردەوەو قەپێکی لەکورتانەکەی دەگرت و ســـەری بەتوندی ئەدرایەوە بە بەفرەکەدا، ئەو هێســـترە کورتانەکەی بە قەپ پچـــڕی بوو پوشـــی کورتانەکەی هێنابووە دەرەوە چـــەند بکەوتەیا بەر دەم و ددانەکانی پوشـــەکەی دەپچـــڕی و دەیخوارد، ئای لەو دیمەنەش چـــەند بە ئازارو ناخ هەژێن بوو! لەوێش هیچـــمان پێ نەکراو هیچ دەســـەڵاتێکمان نەبوو بەرامبەر ئەو ڕوداوە.



عارف حەمەوەیس

بەشـێك لە دیلە ســەربازەکانی دوژمنیشـــمان لەگەڵدا بوو زۆریان لەو شـــەڕانەدا بەدیل گیرابون، کەبۆ کوشـــتن و ئەنفال کردنی ئێمە هاتبون، کەچـی لەگەڵ ئەوەشـدا ئەوەی توانی بەپێی خۆی دەربازبێ و پەکی نەکەوێ بردمانن، ڕێزیشیان لێ گیراو مامەڵەی مرۆڤ دۆستانە شیان لەگەڵدا کرا، لەپای ئەو ڕەفتارە مرۆیانەی پێشـــمەرگەکاندا دواتر بەشـــێك لەوانە خۆشـــیان بونە پێشـــمەرگە، زۆریش لەو دیلانە لەگەرمەی هێرشـــەکاندا ئازاد کران بەشـێکیان

قاچیان لە ناو بەفردا ڕەش بووبووەوە، شۆڕش وەك ئەرکێکی مرۆڤ دۆستانەی خۆی ئازادی کردن، هەرچەندە ڕژێم زۆر نامرۆڤانە بۆ خۆی ئەوانەی گولەباران کردن بە تۆمەتی ترسنۆکی و خۆبەدەستەوەدان.

## ماتەم دایگرتم کاتێك پۆشـاکی خوشـك و براکانی هەڵەدنم بینی لە ژێر کەلاوە ڕوخاوەکاندا بە بەرچاوی ئاسمانەوە!!


دکتۆر بێستون سابوراوایی

ئەندامی ســەرکردایەتی یەکێتی نیشــتیمانی کوردســتان ســاڵی ١٩٧٦ پەیوەندی کردووە بە کۆمەڵەی مارکس لینینی کوردســتانەوە، ســاڵی ١٩٨٠ بووە بە پێشــمەرگە لە ناو یەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتان، بەردەوام بووە لە پێشمەرگایەتی، پارتیزان بووە لە سنوری ڕەتڵی سورداش، پێش ئەوەی ببێتە پێشـــمەرگە پەیمانگای تەکنیکی ســـلێمانی تەواو کردووە، دوای ڕاپەڕین بەردەوام بوو لە سەر خولیاکەی کە خوێندنی زانکۆیە، توانیوێتی بەکالۆریۆس لە ئابووری بخوێنێت، کۆڵی نەداوە تا تەواو کردنی دکتۆرا لە ئابووری و وەك مامۆستای زانکۆ خزمەتی کردووە.

باســی ڕوداوێکی کرد کە بە چــاوی خۆی بینیوێتی تا ئێســتاش کاریگەری لەسەر بەجێهێشتووە.

کاتێك بە پارتیزانی بە ناو گوندی هەڵەدندا تێپەڕین بینیم گوندێکی وێرانە و ڕوخاوە و دار و بەردی بەســەر یەکتریدا دراوە، ئەوەی زیاتر ئازاری دام لە ژێر کەلاوە ڕوخاوەکاندا پۆشـاکی ژن و منالّ و پیاوم بینی، لەو کاتەدا دەسـتم بۆ یەزدان بەرز دەکردەوە خودایە تاکەی پۆشـــاکی ئێمە بکەوێتە ژێر دار و پەردوی بەســـەریەکدا دراو، تاکەی پۆشـــاکی کورد بکەوێتە دەســـتی داگیرکەران؟!

لەو کاتەدا ماتەم دایگرتم و گەڕامەوە بۆ ڕابوردوو بۆ ســـاڵی ١٩٨٣ کاتێك پێشـــمەرگە بووم ماڵم لە گوندی هەڵەدن بوو، دۆســـت و خزمانی هەڵەدن زۆر ڕێزیان لێگرتین ئێمە وەك هاوڵاتی گوندەکە وابووین، یەکێك لە بیرەوەریەکان هاتەوە یادم، ڕۆژێك کیژۆڵەیەکی شەش ساڵان کتریەکی بە دەستەوە بوو لە گەڵ دایکی دەچـوو بۆ ســـەر کانی هاوکاری دایکی دەکرد تا پڕی کتریەکە ئاو بهێنێت بۆ خواردن و شــت شـۆردن، گوندی هەڵەدن ئاوی زۆر بوو دوو ســـەرچـــاوە و چـــەند کانیەکی هەبوو ئاوی هەمیشـــەییان دەدا، ژنان و کچـــانی گوندەکان بە تەنەکەی ســـەر شـــانیان زۆر بە زەحمەت ئاویان دەهێنا بۆ ماڵەوە، بەڵام هەســتی نیشـتیمان پەروەریان زۆر بـــەرز بـــوو، کـــاتـــێـــك بـــرا



بێستون سابوراوایی

پێشـــمەرگەکان ڕووی لە ماڵەکانیان بکردایە بە دڵێکی گەورە فەرموویان دەکردن و خواردن و چاییان دەدانێ.

کاتێك پۆشاکەکانم بینی دەموت خودایە تۆ بڵێی ئەو دایك و کچـە نەبووبنە قوربانی پلانی تاوانی ئەنفال؟! هیوا دارم بە سەلامەتی دەرچووبن و ئێستا لە ژیاندا مابن.


دیمەنێکی تری هاوڵاتیانی کورد پەروەری گوندەکانی یاخسەمەر و چاڵاوا و هەڵەدن و ســـەرگەڵو و گوندەکانی تر هەرگیز لە بیرم ناچـێت، پێش ئەنفال و

سەروبەندی ئەنفال کاتێك ئەو گوندانە بە چەکی کیمیایی ڕژێمی بەعس بۆردومان کران، دەمانبینی لە ناو عەرەبانەی تراکتۆر چەندین هاوڵاتی بەرکەوتەی چەکی کیمیایی بەسەر یەکدا کەوتون و لە دەمیانەوە کەف دەهات و هاناسەیان توند و کۆکەیەکی زۆر بە مەبەستی چارەسەرکردن دەیانهێنان بۆ نەخۆشخانەی شۆڕش لە بەرگەڵوو.

## باوکێك منداڵەکەی لەسەر شاخێك لەدەست بەربووە و بەجێی هێشت

ئەنوەر عەبدوڵا تەلانی پێشمەرگەی دێرین و پارتیزان لە ساڵی ١٩٨٧ بۆتە پێشمەرگە لە ناو ڕیزەکانی یەکێتی بێ دابڕان، یەکێك بووە لە پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی سورداش، بەشداری ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ کردووە ئێستا خانەنشینە بە پلەی عەمید و ئەندام مەکتەبە لە مەکتەبی کۆمەڵایەتی، دوای ئەوەی داوام لێکرد لەسەر ئەنفال چەند دێڕێکم بۆ بنوسێت بەم شێوە بۆی نوسیم:

دوای بەرگریەکی زۆر لە کاتی تاوانی ئەنفالی دوڵی جافایەتی، پاشە کشەمان کرد و چووینە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوەی حەوت مانگ پشوماندا.




ئەنوەر تەلانی، لە سەر شاخی ژیلوان، مانگی ١١\١٩٩٠

دواتر به بڕیاری ســەرکردایەتی لە مانگی تشــرینی یەکەمی ســاڵی ١٩٨٨ وەکو یەکەم مەفرەزەی پارتیزانی ڕەتڵی سورداش کە ١٤ پێشمەرگەبووین بە فەرماندەیی شەهید غەریب هەڵەدنی گەڕاینەوە بۆ سنوری دۆڵی جافایەتی.

لە بەری بێتوشــەوە پەڕینەوە ســنوری باشــوری کوردســتان بە ناوچــەی خەندەکەدا هاتین، لەســـــەری خەندەکە دیمەنی زۆر تراژیدیمان بینی زۆرێك لە مەڕ و ماڵات لە ناو بەفردا لە برسا و سەرما ڕەق بووبوونەوە، هەرچی پوشی ناو کورتانەکانیان بوو خواردبوویان، تەنها ئێسك و پروسکیان مابوو.

دواتر بەڕێکەوتین بۆ سنوری دۆڵی جافایەتی بە شاخی ژیلواندا گەیشـتینە سـەرو گوندی گوێزیلە ماوەی شـەو و ڕۆژێك لەوێ پشـوماندا تا کەمێك ماندوی ڕێگای دور و سەختمان بحەسێتەوە.

دوانیوەڕۆیەك من و فەریق هەڵەدنی و مامۆستا جەلال تەلانی و محمد حاجی کریم هەڵەدنی چـــوینە خوارەوە بۆ ســـــەر ئاوی کانی گوێزیلە تا کەمێك ئاو بهێنین زۆر بە وریایی ڕۆیشـتین چـونکە لە کۆتەڵی مالومە کە دەکەوێتە نێوان مالومە و گوێزیلە ڕەبایەی حکومەتی عێراقی لێبوو.

دیمەنێکی زۆر ناڕەحەتمان بینی، گوێدرێژێکمان بینی دەشـــــەلی لێی نزیك بووینەوە بینیمان قاچـــی دواوەی چـــووتە ناوقوتویەك و بەتەواوی قاچـــی بڕیوەتەوە تاســـــەر ئێســـقان، بەڕاســـتی دڵمان ژانی کرد وتمان خودایە ئەم تاوانانە لە بەعس قبوڵ نەکەیت، ئەگەر خەڵکی ناوچـــەکە نەڕۆیشـــتنایە ئێرە چۆل نەبوایە حەیوانەکانیش توشی ئەو جۆرە ڕوداوانە نابوون.

هەرچـــۆنێك بێت گوێدرێژەکەمان گرت و بە چــــەقۆ قوتوەکەمان بڕیەوە و برینەکەمان بۆ پاك کردەوە و پێچامان.



ئەنوەر تەلانی و هەڤاڵانی پارتیزان، لە کاتی خۆ ئامادەکردندا بۆ گەڕانەوەیان بۆ باشوری کوردستان، ئۆردوگای پیر شێخ – سەردەشت، مانگی ١٠\١٩٨٨.

ئینجا بە چـیای ژیلواندا بەرەو لای گوندی چـالاوا ڕۆیشـتین، ئەوەی جێی سـەرسـوڕمان بوو حەیوانە ماڵیەکان بووبوونە کێوی کاتێك ئێمەیان دەبینی ڕایان دەکرد بەهیچ شـێوەیەك لێمان نزیك نەدەبوونەوە، دوو مەڕمان بینی ئێمەش بەرەو ڕویان چـووین بەڵام بە ڕاکردن لێمان دوور کەوتنەوە لە چـاو تروکاندنێکدا لێمان ون بوون.

کاتێك گەیشتینە سنوری چالاوا بە لای ئەو خانوانەدا ڕۆیشتین کە لە دەرەوەی گوندەکە دروسـت کرابوون لە ترسـی تۆپ و تەیارە ماوەی سـاڵ زیاتر بوو خەڵکی چالاوا لە ناویاندا دەژیان، بەڵام هەموویان بەسەر یەکدا ڕوخابوون جل و بەرگ و پێڵاوی ژن و منداڵ و پیاو تێکەڵ بە داروپەردوی کەلاوەکان کرابوون، نان و ئازوقەی خواردن ڕژابوونە ناو خۆڵی ژێر کەلاوەکان.

کاتێك ئاگر لە کەلاوەکان بەردرابوو گەنم و ئارد و ئازوقە ســـوتێنرابوون، هەموو ئەو دیمەنانە ناخی ئێمەی هەژاند، بەوەش نەوەســـتابوون کاتێك گەیشتینە گوندی سەرگەڵو و شێخ باخ بینیمان دارگوێز و چنارەکانیان سپی کردبوون بۆ ئەوەی وشـــك ببن . بینینی هەموو ئەو دیمەنانە زیاتر ڕقی ئێمەی ئەســـتورتر کرد و هەســـتی نیشـــتیمان پەروەری و باوەڕبوون بە خەبات و تێکۆشان پتەوتر بوو لە دەرونماندا.


ڕوداوێکیتر کە هەرگیز بیرم ناچـــێتەوە هەڤاڵانم بۆیان گێڕامەوە لە کاتی ئەنفالدا کاتێك خەڵك بە ســـنوری گوندی کانتیتودا ڕۆیشـــتون بەفرێکی زۆر باریبوو نزیکەی هەشـتا کەس لە سـەرمادا ڕەق بوونەوە بە شـاخی کوڕکوڕدا سەرکەوتبوون باوکێك مناڵەکەی لەدەست بەربووبووە کەوتبووە ناو کاوێك لە ناو شـــاخەکە، مناڵەکە هەر هاواری کردبوو باوکە من ماوم فریام بکەون، باوکەش نەیتوانیبوو بۆی بچـــێت، مناڵ لە چـــاوەڕوانی دەرهێنانەوەی گیانی سپارد، باوکەش تەنها گریان و هاوار دڵ و دەرونی گەرمی سارد دەکردەوە

## چەند ناخ هەژێن بوو مناڵێکی ساوا مەمکی دایکە شەهیدەکەی دەمژی

پێشـــمەرگە و فەرماندەی ڕۆژانی ئەنفال ســـابیر کۆکەیی لە ســـاڵی ١٩٧٣ پەیوەندی کردووە بە ڕێکخســـتنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە،ســـاڵی ١٩٨٠ چـــەکی پێشـــمەرگایەتی کردۆتە شـــانی، لە کاتی تاوانی ئەنفالدا جێگری لێپرســـراوی تیپی ٢٣ی ســـورداش بووە، پیاوێکی خوێندەوار و ڕۆشـنفیکرە، ئێســتا ئەندام مەکتەب و لێپرســراوی بەشـی ڕاگەیاندنی مەکتەبی کۆمەڵایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە، لە چەند پەرەگرافێکدا بە وردی باسی قۆناغەکانی تاوانی ئەنفال و بەرگری هێزی پێشـــمەرگەی کردووە، تەنها چـــەند دێڕێك لە سەربوردەکانی ڕۆژانی ئەنفال دەنوسین کە ئەو لە ناو ڕووداوەکاندا بووە و بە

چاوی خۆی بینیویێتی، بەم شێوەی خوارەوە باسی تاوانی ئەنفالی کرد:

لە قۆناغی چواری تاوانی ئەنفالدا هەموو کەرت و مەفرەزەکانی تیپی ٢٣ی سورداش لە گوندی شۆڕناخ کۆبووینەوە هەریەك لە کاك(عەبدوڵا بەکرەجۆیی، کەریم باخی، عەبدول کانی عەرەبانی ) کە لێپرساوی کەرت بوون لە گەڵ لێپرساوی مەفرەزەکان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون، بڕیارماندا هێزەکەمان بەرین بۆ گوندی گەورەدێی سنوری ئاغجەلەر تا بەرگری بکەین و ڕێگە نەدەین هێزی بەعس ئەو سنورە ئەنفال بکات.


سابیر کۆکەیی، گوندی شۆڕناخ لە قەزای دوکان، ١٩٨١

سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢ دوو فڕۆکەی جەنگی عێراقی بۆ ماوەی پازدە خولەك بە ئاسمانی سنورەکانی قەڵا سێوکە و خاڵخاڵان و بەری کۆیە دەخولانەوە، دواتر دەرکەوت ئەو دوو فڕۆکە بە مەبەستی وێنە کێشانی گوندی گۆپتەپە و عەسکەر بووە، بۆ ئەوەی ئامادەکاری بکەن بۆ دەسپێکی قۆناغی چوار و هەڵبکوتنە سەر گوندەکانی گۆپتەپە و عەسکەر.

بۆ ڕۆژی دواتر کاژێر چوار بۆ پێنجی ئێوارە هەڵیانکوتایە سەر ئەو دوو گوندە دڵڕەقانە وەکو لێزمەی باران قومبەلەی کیمیاییان بەسەردا باراند،

هەردوو گوندەکە تەختی زەوی کران، سێ سەد و پەنجا هاوڵاتی بێ تاوان بە ژن و منداڵەوە و چەندین پێشمەرگە شەهید کران.

بارەگای ئێمە لە گوندی شـــۆڕناخ بوو، ئەو ئێوارەیە لە کاتژمێر پێنجی ئێوارەدا بۆنی میوەمان دەکرد، فرمێســـك بە چـــاوماندا دەهاتە خوارەوە، هەستمان کرد کیمیاییە.

پێشـــمەرگەیەك بە ناوی ئەحمەد جوتیار ناردم بۆ گوندی گۆپتەپە، کاتێك گەڕایەوە بۆ لامان لێم پرسی دەنگوباس چییە؟ باسی کارەساتی گۆپتەپە و عەسکەری بۆ گێڕامەوە و چی بەسەر ئەو دوو گوندەدا هاتووە، جارجاریش دەگریا و دەیگوت یاخوا ئەوەی من بینیومە کەس نەیبینێت، وتی لە گۆپتەپە تا شـــیوەکەی ئەو دیومانەوە بە ســـەدان مەڕوماڵات بەکیمیایی مردار بوونەوە، گوندی عەسکەر یەك کەسی تێدا دەرنەچووە، ژنێکم بینی بەر کیمیایی کەوتبوو شـــەهید بووبوو، منداڵێکی ســـاوا مەمکی دایکی خستبووە ناو دەمی و دەیمژی ئاخ چەند ناخ هەژێن بوو هەرگیز ئەو ڕوداوە ناخۆشەم بیر ناچێتەوە!.

## دایك و باوکەکە بە ناچاری منداڵەکەیان فڕێدایە سەر بەفرەکە

لیوا عمر کەلەباشـی پێشـمەرگەی دێرین، سـاڵی ١٩٧٩ پەیوەندی کردووە بە ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردسـتان، لە سـاڵی ١٩٨٣ بووە بە پێشمەرگە و بێ دابڕان، ئێستا جێگری لیوایە لە لیوای ١٣٠ لە شارۆچکەی دوکان دادەنیشـــێت، لە کاتی تاوانی ئەنفالدا لێپرســـراوی مەفرەزە بووە لە کەرتی ٤ی تیپی ٤٣ی ئاسۆس، بە باشم زانی کاك عومەریش وەکو بەشێك لە هاوڕێکانی بەشـــدار بێت لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە ناخۆشـــانەی لە کاتی تـــاوانی ئـــەنفـــالـــدا بینیوێتی، دوای ئـــەوەی پـــەیوەنـــدیم پێوەکرد بـــە

خۆشــحاڵیەوە وەڵامی دامەوە و وتی زۆر ڕوداوی ناخۆشــم بینیوە لە کاتی ئەنفالدا بەڵام هەندێکیان باس دەکەم.


حکومەت لە هەموو لایەکەوە هێرشـــی کردە ســـەرمان ئێمە لە حاڵەتی بەرگریدا بووین، بەڵام زۆری بێشـــوماری هێزی بەعس وایکرد نەتوانین هێزەکە بشـــکێنین، برادەرانی ســـەرەوە ئاگاداریان کردینەوە کە ئەوانەی خێزاندارن بڕۆنەوە ژن و مناڵەکانیان دەرباز بکەن، پێشـــتر ماڵی ئێمە لە گوندی ســێدەر بوو دواتر چـــووبوونە گوندی دۆڵەبی، لەوێوە ماڵی خۆم لەگەڵ باوکم و براکانم چووینە ئە شکەوتێك بە ناوی خاوێ لای گوندی یاخیان، مەڕوماڵاتێکی زۆرمان هەبوو ئەوەشمان برد، وتمان بەڵکو بتوانین لەو سـنورە بمێنینەوە و حکومەت نەیات بەرەو ئێرە، دوو شـــەو ماینەوە ویســـتم بچـــمەوە بۆ لای هەڤاڵانم بەڵام هێزی دوژمن زیاتر هێرشـــی بۆ هێنایین، کەشـــوهەواش تا بڵێی ناڕەحەت بوو بەفر و باران دەباری و زۆر سارد بوو، بۆیە نەمتوانی بچمەوە بۆ لای هەڤاڵانم.

وتیان دەبێت بە زوترین کات لێرە بڕۆن بەرەو وڵاتی ئێران، ئێمەش ملی ڕێگای وڵاتێکی دراوســـێمان گرت بۆ ناو خوشـــك و برا کوردەکانمان کە بە دە ستی زلهێزان و داگیرکەرانی کورد ستان سنوری دە ستکرد ڕێگربووبوو لەو بەشـــەی خاکی کوردســـتان ببینین. بۆ ئێمە ڕووداوێکی زۆر ناخۆش بوو لەبەر ئەوەی زێدی لە دایك بوون و ســـەروەت و ســـامانی دەیان ســـاڵەی باوك و باپیرانمان بەجێهێشت و بەرەو وڵاتێك دەچووین کە یەکەمجارە دەیبینین.

بە ناچـاری ڕێگامان گرتەبەر ســەرەتا چـووینە گوندی گۆمەزەل، بە دۆڵی شــێخ محەمەددا ڕۆیشــتین بەفرێکی زۆر باریبوو ڕێگا ســەخت و دژوار بوو، بە بەردەوامی لەڕێگای فڕۆکە جەنگیەکان و تۆپە دوورهاوێژەکان بۆردومان دەکراین، چـەندین شـەهید و بریندار بوونە قوربانی، وەکو ڕۆژی حەشـر وابوو کەس ئاگای لە کەس نەبوو ئەوانەی پیر یان مناڵیان پێبوو زۆر پەرێشـــان

بوون، زۆر کەس هەبوو دایك یان باوکە پیر و نەخۆشـەکەی لە کۆڵ دەکرد یان سـواری وڵاخی دەکرد یان بۆی هەڵنەئەگیرا و بە ناچـاری بەسـەر بەفرەکەدا ڕایدەکێشـا. حکومەتی ئێران کۆپتەری نارد ئەو ژن و پیاوە پیرانەی شـەکەت بووبوون هەڵی گرتن و بردیانن، باپیرم یەکێك بوو لەوانە پاسـدارەکان لە ئێمەیان وەرگرت وتیان خەمتان نەبێت دەیبەین بۆ ئێران.

ڕووداوێکی زۆر ناڕەحەتم بینی کە هەرگیز بیرم ناچـێتەوە، لە دۆڵی شـێخ محەمەد ژن و پیاوێکم بینی منالێکیان پێبوو، بۆیان هەڵنەدەگیرا، لە ناچـاریدا بە چـاوی پڕگریانەوە منالەکەیان فڕێدایـە نـاو بـەفرەکـە، ئێمـەش زۆرمان لەگەڵ کردن کە هەرچۆنێك بێت منالەکەتان هەڵبگرنـەوە، ئەوانیش بە قسـەیان کردین و منالەکەیان لە ئامێز گرتەوە.



شـەهید مەحمود سـێدەری، عومەر کەلەباشی

بەرەو سەفرە و زەرون و گەلالە ڕۆیشـتین، گەیشـتینە سـەر پردی بەربەر ترسمان هەبوو لەسـەر پردەکە حکومەتی بەعس لێمان بدات، بە خێرایی پەڕینەوە، چەند خولـەکیـك دوای ئێمـە فڕۆکـەی جـەنگی بـەعس لـە پردەکـەی دا چـەند هاولاتیەك شـەهید و بریندار بوون و کەوتنە ناو چەمەکە.

دەیان هاولاتی لە چیای کوڕکوڕ

پشــتی کانی توو ڕەق بوونە و کاتێك ویســتیبویان بە چـیاکەدا سـەربکەون و بەرەو گەلاڵە و ســــەفرە بڕۆن کەشـــوهەوایان لێگۆڕابوو بەفر و بای ســـارد هەڵیکرد و شەکەتی کردن و شەهید بوون.

دوای ئەوەی ماڵ و منداڵەکەمان گەیشـــتە دیوی ئێران من گەڕامەوە بۆ لای هەڤالانم لە گوندی یاخیان و خوڕخوڕە لەوێش بە فڕۆکەی جەنگی لێمان درا چـــەند هەڤاڵێکم بریندار بوون، کە زانیمان بەرگری ناکرێت ڕۆیشـــتین بەرەو ئێران چوینە شاری بانە منداڵەکانمان بینییەوە، چوینە ناو مزگەوتەکان خەڵکی شـــاری بانە بەرەوپیرمان هاتن و نان و خواردەمەنیان بۆ هێناین، هەندێکیش ماڵێك یان دووان یان زیاتری دەبردەوە بۆ ماڵی خۆیان. دواتر چـــووین بۆ ناوچەی سەردە شت لەوێ حکومەتی ئێران بۆ هەر خێزانێك خێمە و هەندێك ڕاخەر و پێداویســتی تری دابین کرد. یەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتانیش بۆ هەر خێزانێك بڕی ســێزدە هەزار تمەنی پێداین. ئینجا مقەڕمان دانایەوە لە ســـنوری قاسمەڕەش و بلەکێ و ناوزەنگ و موچـــەمان بۆ دابین کرا، بە فەرمانی ڕەوانشاد مام جەلال موچە بۆ هەموو ئەوانە بڕایەوە کە لە ناو هێزی پێشمەرگەدا خۆیان ناونوس کرد.

وێنەی دانیشتوانی دۆڵی جافایەتی لە تاوانی ئەنفالی ١٩٨٨

بەناو بەفردا بۆ ئێران ڕەو دەکەن









**تازە بوكێك خزیبووە ناو دۆڵێكەوە زاوای نامورادی خۆی بۆ فرێدابوو هەر دووكیان ڕوحی سپیان لە ناو بەفردا جێهێشتبوو!!**

عەبدولكەریم هەڵەدنی پێشمەرگەی دێرین و كادیری سیاسی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان، پێش تاوانی ئەنفال لێپرسراوی ڕێكخستنەكانی كۆمەڵە بووە لە تیپی ۲۳ی سورداش، نوسەرێكی باشە لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتی ئەلیكترۆنی نوسینی هەیە، ماوەیەك لە ئەوروپا بووە و ماوەیەكش بەڕێوەبەری گشتی شەهیدان و ئەنفالكراوانی سلێمانی بووە، لەو پۆستەشدا هەوڵی داوە خزمەتی كەسوكاری ئەنفالكراوان و شەهیدان بكات، ئاگایەكی باشی لە سەر تاوانی ئەنفالی دۆڵی جافایەتی و دەوروبەری هەبووە هەم وەكو خەڵكی ناوچەكە، هەم وەكو كادیری سیاسی و پێشمەرگەی كاتی ئەنفال.

ساڵی ۱۹۹۹ لە گۆڤاری ڕەهەند بابەتێكی چەند لاپەڕەیی دابەزاندبوو بە ناونیشانی (لە ئەنفالەوە بۆ ئەنفال ) ، ڕەهەند گۆڤارێكی وەرزی بووە لە ساڵەكانی دوای ۱۹۹٦ بە دواوە لە ئەوروپا دەرچووە، لەكاتی بڵاوكردنەوەی ئەم بابەتە بەڕێزیان لە سوید نیشتەجێ بوون، لە وڵاتی غەریبی و دووری كوردستانیش خەم و بیری لای ڕۆژانی ئەنفال بووە، بۆ ئەوكاتەش كە ۱۱ ساڵ بە سەر تاوانی ئەنفالدا تێپەڕیبوو ڕووداوەكان باشتر لە زهنی هەڵەدنیدا مابوونەوە، بۆیە زۆر بە وردی و دیقەتەوە نوسیویەتیەوە و لەو گۆڤارەدا بڵاوی كردبووەوە بەشێوەی مەلزەمە بۆی هێنام بەشێكم لێ هەڵبژارد و كردمە هەوێنی تەواوی نوسینە بە پێزەكەی، بەم شێوەی خوارەوە نوسینەكانی وەك خۆی دامبەزاند.

ئەنفال برینێكی قوڵە بە جەستەی مێژووی گەلەكەمانەوە، یاداشت كردنی بیرەوەریەكانی ئەنفال تۆمار كردنی ڕوویەكی ئەو كارەساتە سامناكە و تیشك خستنە سەر هەندێ لە هۆ و ئاكامە سیاسیەكانییەتی بۆ مێژوو.

ئەم یاداشتە هەندێ لایەنی زۆر بچوکی ئەو کارەساتە دەخاتە ڕوو کە مـن وەك پێشـمەرگەیەك تیـا ژیـاوم، ئـەوەش لێـرەدا هـاتووە بەسـەرهاتێکی پێشمەرگانەی کارەساتەکە گوزارشت دەکات.

هێزی ئەنفال لەوەدا نەبوو پێشمەرگە هەتا سـەر خـۆی لەبـەردا بگـرێ، نـەك تـەنها لە بەر ژمارەی بـێ شـوماری هێـزی زەبـەلاحی دوژمـن، بـەڵکو بـە هـۆی بـەکارهێنانی هەموو تەکتیکێکی جەنگەوە بە شێوەیەکی خەست و بەر فراوان، بـە هێـزی ئاسمـانی و تۆپی دوور هاوێژ و کاتیۆشا و چەکی کیمیایی قەدەغەکراویشەوە.

لە بەرەی شەڕی کڵاوەسپی لـە بەرزایـەکانی بـەردە دووکـون، شـەوێکیان دوژمـن تۆپبـارانی کیمیـایی سـەنگەرەکانی پێشـمەرگەی کـرد، ناچـار پێشـمەرگەکان سـەنگەرەکانیان چـۆل کـرد، گـەر دوژمـن پێشـڕەوی بکردایـە بـەرگری لەبـەردا نـەبوو، پێشـمەرگەکان زۆربـەیان بـە هـۆی کاریگـەری کیمیاییەوە نابینا یاخود کەم بینا بوون. دوژمن لە هەموو قۆڵەکانی شەڕەوە، لە کارێزە و دۆڵەڕوت و سـورداش و گونـد و بەرزایـەکانی دەوروبەریانـەوە تـا دەگاتە دوکان و مەرگە و کانیتو و بەرزایەکانی دەوروبەریانەوە، هێرشـەکانی چڕتر و فـراوانتر کـرد، لـە هـەموو ناوچـەکاندا دوژمـن بـە فڕۆکـەی جـەنگی و کاتیۆشا و تۆپە دوور هاوێژەکانیەوە گازی کیمیایی بەکار دەهێنا.

دەیان هاوڵاتی شەهید و بریندار بوون، لە هەندێك جێگە دوژمن پێشـڕەوی کرد بە تایبەتی هێزەکـەی دوژمـن توانیبـووی بـۆ سـەر چیای ئاسـۆس سـەر بکەوێت، دەست بەسەرا گرتنی چیای ئاسۆس لـە لایـەن دوژمنـەوە مەترسـی ئابلۆقـەدانی خـەڵك و ناوچـەکەی خسـتە ئـەمری واقیعـەوە، لـە ئـەنجامی پاشەکشـەی خـەڵك و پێشـمەرگە لـە دۆڵـی مەرگـە و کـانیتو و دەوروبـەریان نزیکەی سەد کەس لە کـاتی کشـانەوەدا لـە کوێسـتانەکانی ئـەو ناوچـەیە لـە بەفردا ڕەق بوونەوە، هەندێکیش دەست دەوژمن کەوتن و ئەنفال کران.

ئەگەرچی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان چەند ڕۆژێک پێش ئەوە خەڵکی ئامادە کردبوو بۆ پاککردنەوەی بەفر و بەستەڵەکی ڕێگای کشانەوە، بەڵام باو باران جارێکیتر ڕێگاکەی پڕ دەکردەوە ئەوەش زەحمەتیەکیتر بوو بۆ دەرباز بوون بەو ڕێگایەدا.

ڕەق بوونەوەی ژن و منداڵ و پیر و جوان لە ناو ڕنوەبەفرەکاندا جۆرێکی پڕ ئازار و بەسوێ بوون لە مەرگ، تازە بوکێك خزیبووە ناو دۆڵێکەوە زاوای نامو‌راد خۆی بۆ فڕێدابوو هەر دووکیان ڕوحی سپیان لە ناو بەفردا جێهێشتبوو.

منداڵ تلور بووبووەوە ناو بەفر و دایك خۆی بۆ ئامباز دابوو، ڕوحی پەپولەی منداڵ و جەرگی بەسۆزی دایکە کەس نازانێت چۆن و دوای چەند سەعات لە جەستەی سەرما بردویان جیا بووبووەوە، باوك پشتێنی پێشمەرگەی گرتبوو هەر لەوێدا کچەکەی خۆی بداتێ و لە دەستی مەرگ دەربازی بکات.



لەڕاستەوە: عەبدولکەریم هەڵەدنی، شەهید سەربەستی تیپی ٢٣ی سورداش، شێخ فەرهاد. چەمی ڕێزان، ١٩٨٣

## دەربازبوونی پێشمەرگەیەکی بریندار لە ئەنفالدا

لیوا ڕزگار ئەحمەد جاسەنەیی، پێشمەرگەی ساڵی هەشتاکانی یەکێتی بووە و یەکێك لە لە پارتیزانەکانی ڕەتڵی سورداش بوو، ڕزگاری لاو لە گەڵ هاوڕێ پارتیزانەکانی بۆ ڕزگاری کوردستان تەواوی شاخ و دۆڵ و دەشت و گوندە وێرانکراوەکانی پەیکردووە تا بە سەرانی بەعس بڵێت کورد زیندووە هەرگیز نامرێت.

ئەو لە کاتی تاوانی ئەنفالی یەکدا لەگەڵ هەڤاڵانی بوونە قەڵغان بۆ ڕێگری لە سوپا زەبەلاحەکەی دوژمن، هەر ئەوش بووە هۆکاری ڕزگار بوونی بەشێکی زۆری خەڵکی ناوچەکە بۆ وڵاتی ئێرانی دراوسێ.

لە کاتی بەرگری کردندا یەکێك لە هەڤاڵەکانی بە ناوی محەمەد بە سەختی بریندار دەبێت، برینداربوونی ئەو هەڤاڵەیان هورەی ڕزگار و هەڤاڵانی تری ناڕوخێنێت بەڵکو بەهێزتر دەبن، بەم شێوەیە باس لەو چیرۆکە تراژیدیایە دەکات کە مرۆڤ ناتوانێت لە ئاستیدا خۆی ڕابگرێت، ڕووداوێك ئەگەر تواناو بیر و باوەڕی پێشمەرگەکانی ئەوێ ڕۆژێ نەبێت ئەستەمە باوەڕی پێبکرێت.

ڕۆژی ١٤ی ئازاری ١٩٨٨ لەگەڵ هەڤاڵ سعید حمدان کلێسەیی ناسراو بە شەپۆل، بووینە هۆی ڕزگار بوونی هەڤاڵ محەمەد ئەحمەد عەلی ناسراو بە وەستا محەمەد، کە دوای بریندار بوونی لە شەڕەکانی ئەنفال لە گوندی قەمچوغە بە سەختی بریندار بوو.

بڕیارماندا بە هەرشێوەیەك بێت بیبەین بۆ نەخۆشخانەی بەرگەڵو، چەندین کیلۆمەتر ڕێگا بە ناو شاخ و دۆڵی پشتی قەمچوغە و سێکانیان و سەرگەڵو ڕۆیشتین زۆر بە ناڕەحەتی گەیشتینە بەرگەڵو، لەبەر ئەوەی برینەکەی سەخت بوو یەکسەر ڕەوانەی ئێران کراین، چوونمان بۆ وڵاتی ئێران یەکجار ناڕەحەت بوو تەنها بە گێڕانەوە ئاسانە دەیان کیلۆ مەتر بە ناو شاخ و دۆڵ و

هەورازونشێودا بەناو بەفرێکی زۆر ترسناك کە چرکە دوای چرکە چاوەڕوانی مەرگێکی نادیارمان دەکرد، هەردوکمان زۆر شەکەت و ماندو بووین، بریندارەکەشمان لەسەر پشتی هێستر تا گەیشتینە هەوارەکانی سیرمێرگ و دۆڵی شێخ محەمەد، بەفرێکی زۆر باریبوو هەرچەندە بەفرەکە شکێنرابوو پێشتر هاولاتیان پێیدا ڕۆیشتبوون بەرەوئێران، بەلام لە بەر ئەوەی هێسترەکە قورس و قاچی بچوك بوو تا بن دەستی دەچووە بەفرەکەوە و دەرنەدەچوو، ناچار هێسترەکەمان بەجێهێش.

چ کارەساتێکی ناخ هەژێن بوو ئەو هێسترەی فریاد ڕەسی کاك محەمەد بوو لە ناو بەفر چەقی و نەمانتوانی دەربازی بکەین، ئەویش وەکو هەموو ئەو ولاخانەیتر کە پێش ئێمە لە ناو بەفرەکە بەجێیان هێشتبوون بووە خۆراکی گەلە گورگ و داڵە ڕەشەکان، سامناکی ئەو ڕۆژانە ئەستەمە لە بیر بکرێت کە چەندین سەربازی عێراقی لە ناو ئەشکەوتدا بە زیندویی ڕەق بووبوونەوە.



ڕاکێشانی بریندار بەناو بەفردا

بریندارەکەمان خستە ناو کیسە خەوێك و لەسەر بەتانیەك درێژمان کرد و لەسەر بەفرەکە ڕامانکێشا هەتا ئەو شوێنەی پێی دەڵێن سەری کونە سە، کە شۆڕ دەبێتەوە بۆ گەلاڵە

سەرەوخوار بوو زۆر ناخۆش بوو، ئەگەر بە وریاییەوە نەڕۆیشتینایە لـە سـەر بەفرەکە دەخزین، لەوانەبوو برینداره‌کەمان توشی ناڕەحەتی زیاتر ببوایە، لە ناو گەڵاڵە نەخۆشخانەی سوپای پاسدارانی لێبوو لێیان وەرگرتین و بردیان.

دوای ئەوەی ئێمەش لە شاناخسێ بەر چەکی کیمیـایی کـەوتین، ڕەوانـەی نەخۆشخانەیەکی شاری تـەبرێزیان کـردین، لـەوێ جـارێکیتر کـاك محەمـەدما بینییەوە زۆر خۆشحاڵ بووین.

## بڕیارماندابوو شەڕی مان و نەمان بکەین

پێشمەرگەی دێرین لیوا زاهیر سێدەری ساڵ ١٩٦٢ لـە گونـدی سـێدەری دۆڵی جافایەتی لـە دایـك بـووە، گونـدی سـێدەر دەیـان شـەهید و ئـەنفالیان هەیە، سـاڵی ١٩٨٠ لـە تەمـەنی مێرمنداڵیـدا هەسـتی نیشـتیمان پـەروەری هاندەری بووە تا دژی زوڵم و زۆری بەعس بووەستێتەوە بۆیە بڕیـار دەدات ببێتـە پێشـمەرگە بـەردەوام بـووە تـا ئـەنفال و دواتـریش یـەکێك بـووە لـە پارتیزانـەکان و بەشـداری کـارای کـردووە لـە ڕاپـەڕینی بـەهاری ١٩٩١، ئێسـتا پلـەی لیوایـە و بەڕێوەبـەری بەڕێوەبەرایـەتی بـەرگری فریاکـەوتنی قەزای دوکانە.

لیوا زاهیر لە سەروبەندی تاوانی ئەنفالـدا فەرمانـدەی کـەرتی ٣ لـە تیپـی شـەهید مـەحمود سـێدەری بـووە بـەم شـێوەیە باسـی لـە بـەرگری هێـزی پێشمەرگەی کوردستان کرد لە کاتی تاوانی ئەنفالدا.

لـە کـاتی تـاوانی ئەنفالـدا بارەگـای کەرتەکـەمان لەسـەر شـاخی گونـدی شارستێن بووین، ڕۆژی ١٥ی شوباتی ١٩٨٨ حکومـەتی بـەعس تۆپبـارانی خەسـتی گونـدەکانی سـێدەر و شارسـتێن و ناوچـەکەی کـرد، خەسـارەتێکی

گەورەی لە گوندەکانی سێدەر و شارستێن دا زیاتر لە سەد سەر حـەیوان لـە مەڕ و بـزن و مانگـا کـوژران، شـەوی ١٨ ی شـوبات کەرتەکـەمان لـە گونـدی دۆڵەبی بوو هەرچەندە کاك نەبەزی خولەی جگەر سەرتیپ بوو بەڵام چـووبوو بۆ ئێران بۆیـە کـاك عوسمـان شارسـتێنی کـە جێگـر تیـپ بـوو سەرپەرشـتی تیپەکـەی دەکـرد، کاغـەزێکی بـۆ مـن نوسـی داوای لێکـردم بـە خـۆم و پێشـمەرگەکانی کەرتەکەمـەوە بچـم بـۆ شارسـتێن، بـۆ ئێـوارە گەیشـتینە شارسـتێن، کـاك ڕابـەری سـەید بـرایم لـەوێ بـوو کۆبوونـەوەی فەرمانـدەی کەرتەکانیان پێکردین، دووکەرتی تیپـی شـەهید مـەحمود سـێدەری (کـەرتی سـێ، کـەرتی شـەهید عەبـدوڵا مەرگـەیی ) و کـەرتی تیپـی بیسـت و یـەك و کەرتێکی تیپی بیست و پێنجی خاڵخاڵان و تیپی حـەفتاو هەشـتی کـاروخ ) و چەند کەرتێکیتر لەوێ بووین.

هێـزە ئەنفالچـیەکانی حکومـەتی بـەعس بـە ڕۆژ لـە گونـدی هـەنجیرەوە هێرشـێیان کردبـوو بـۆ سـەر کەپکـە قـەل کـە بەسـەر گونـدی هـەنجیرەدا دەڕوانێت، ئەو مقەڕەیان گرتبوو بـە داخـەوە لـە کـاتی بەرگریـدا فەرمانـدەی کەرتەکە شەهید بووبـوو، کاتێـك کۆبوونەوەکـەمان کـرد بـۆ داڕشـتنی پلانـی هێـرش کردنـە سـەر دوژمـن لـە ئێـوارەدا تـا مقەڕەکـە بگرینـەوە و تـەرمی شەهیدەکە ڕزگار بکەین، کەرتەکـەی ئێمـە لـە گـەڵ کـەرتی بیسـت و پێنجـی خاڵخـاڵان لـە بـانوی شـکانەوە هێرشمـان کـرد، کـاك عوسمـان سـێدەری و جەماعەتێکیتر بـۆ کەپکـە قـەل هێرشـیان بـرد، کـاك عوسمـان شارسـتێنی و تیپەکەی لە دۆڵەڕەشەوە هێرشیان کـرد، هێرشـێکی زۆر چـڕ و پـڕ و بـە هێـز بـوو، کـاك عوسمـان سـێدەری و جەماعەتەکـەیان توانیـان تـەرمی پـیرۆزی فەرماندەی کەرتەکە ڕزگار بکەن، ئێمەش توانیمان تا سـەر شـەقامی گونـدی کوێرەکانی جەیشی عێراق ڕاوبنێین و پاکی بکەینەوە، بە داخـەوە یـەکێك لـە

پێشمەرگە قارەمانەکان کە لە دەستەی تایبەتی خۆم بوو بە ناوی محەمەد مستەفا ڕەسوڵ جوبلاخی شەهید بوو، ئەوەی جێگای سەر سوڕمان بوو قارەمانێتی پێشمەرگە بوو کە بڕیارمان دابوو تا شەڕی دەستەویەخە و شەهید بوون بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکەمان نەوەستین، هەر بۆیە لەکاتی هێرشدا فەرماندەی قارەمان کاک عوسمان شارستێنی لەگەڵ جوندیەکی عێراقی باوەش بەیەکدا دەکەن جوندیەکە قەناسەیەکی بەدەستەوە بوو ڕووی لولەکەی کردبووە کاک عوسمان و قۆناغەکە لای خۆی بوو ئەگەر یەکێك لە پێشمەرگەکان نەبوایە کە لە دواوە جوندیەکەی کوشتبوو لەوانەیە کاک عوسمان شەهید ببوایە.



زاهیر سێدەری

بۆ بەیانی کە ڕۆژ بووەوە دەبوایە ئێمە پاشەکشە بکەین بۆ گوندی شارستێن بەلام بۆ من زۆر ناڕەحەت بوو چونکە تەرمی پیرۆزی شەهید محەمەد دەبوو بەرینەوە ئەوەبوو لە گەڵ کاك حەمەی کاکە سورە کە فەرماندەی کەرت بوو توانیمان تەرمی شەهید محەمەد لەگەڵ خۆمان بەرین، ماوەی چەند ڕۆژێك لە شاخەکانی دەوری سێدەر و شارستێن و کەپکە قەل و کێلە پڵنگ شەڕی سەختمان کرد بەداخەوە شەهید عەبدولا فەرماندەی کەرت لە تیپی ٤٣ ی ئاسۆس شەهید بوو، دوای حەوت

شەو و ڕۆژ بەرگری سەخت لە دەوری گوندی شارستێن پاشەکشەمان کرد بۆ گوندی هەوارەبەرزە شەو ماینەوە سێ کەمینمان دەرکرد بەڕووی کانیتو و کونەقاژ کە بەسەر شارستێندا دەڕوانێت و چل بەرد کە گوندی بیویکەی لێدیارە.

بەیانی کە دنیا بەرە و ڕوناکی دەچوو سەیرمان کرد هەرچوار دەورمان گیراوە، کاك عوسمان شارستێنی بانگی کردم وپێی وتم هەرچوار دەورمان گیراوە جەیش بە زیندوی خورخورە و دیوی کانیتودا دەیەوێت بۆ سەری هەوارەبەرزە سەرکەوێت، ئەگەر سەری هەوارە بەرزە گیرابێت دەبێت شەڕی مان و نەمان بکەین، ئەگەر نەگەیشتبنە ئەوێ ئەوە دەتوانین ڕزگار ببین، پێش پێشمەرگەکان کەوتم و زۆر بە خێرایی بەرە و قوچی هەوارەبەرزە ڕۆیشتین کاتێك گەیشتین بانگی کاك عوسمانم کرد کە جەیش نەگەیشتۆتە ئێرە هەرچەندە هەوڵی گەیشتنیان دەدا بۆیە توانیمان بە ناڕەحەتیەکی زۆر ڕزگارمان ببێت.

## مانگایەکمان بینی قاچی بڕابووەوە فرمێسك بە چاوەکانیدا دەهاتە خوار!

خەلیل عمر محمد ناسراو بە خەلیل یاخسەمری

ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی یاخسەمری لانکەی شۆڕش لەدایك بووە، هەر لە تەمەنی لاویەوە خولیای کوردایەتی و شۆڕش بووە، ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ دروست بوونی یەکەم مەفرەزەی یەکێتی لە دۆڵی جافایەتی دەبێتە پێشمەرگە.

یەکێك بووە لەپێشمەرگەکانی کارەساتی هەکاری لە گەڵ ڕەوانشاد شەهیدی سەرکردە علی عسکری.

لە کاتی بەرگری ئەنفالی یەکی دۆڵی جافایەتی هاوشانی هەڤاڵانی تا دوا

سـات بـەرگری کـردوە و یـەکێك بـووە لـە پێشـمەرگە پارتیزانـەکانی ڕەتڵـی سورداش، بەم شێوەیە باسی ئەنفالی تاوانی ئەنفالی کرد:

دوای ئـەوەی لـە مـانگی ئـازاردا باشـوری کوردسـتانمان بەجێهێشـت، لـە مانگی مەی ١٩٨٨ لەگەڵ مەفرەزەیەك هاتینەوە بۆ باشوری کوردسـتان بـە پیر کـاك علـی بچـکۆلەوە، بـە نـاو جەیشـی عێراقـدا بـە دوڵـی شـێخ محمـددا تێپەڕین بینیمـان سیلسـیله شـاخی ژیلـوان و گۆجـاڕ جەیشـی عێراقـی لێبـوو دەبوو زۆر بە وریایی بڕۆین بەرەو گوێزیلە و سنوری هەڵەدن. شەهید غـەریب خۆی ڕوت کردەوە بۆ ئەوەی ئەگەر بینیشیان هەسـت پێنەکـەن کـە مرۆڤـە، چوو بۆ کەشف کردنی ڕێگاکە وتی ڕێگام دۆزیوەتەوە بابڕۆین.

گەیشتینە سەر کانی بن زەرد لـە سـەرو گوێزیلـە پێشـتر ئاغـای ڕەحیمـی فەرماندەی سـەربازی ئێـران وتـی لـە سـەر ئـەو کانییـە معەلـەبات و هەنـدێك خواردنی لە قوتونێراوم بەجێهێشتوو.

دوای ئـەوەی گەیشـتینە سـەرکانیەکە پشـوماندا بـەیانی کـە هەسـتاین سەیرمان کرد لای گوێزیلە و هەڵەدن بە جەیش تەنراوە.

ماوی دە شەو و ڕۆژ لە ناو دەوەن و بن بەرددا خۆمان شاردەوە.

ئـەو ماوەیـە تـەنها نـانی وردمـان بـە ئـاوەوە خـوارد کـە پێشـتر وردمـان کردبوولە ناو عەلاگەدا و لە کۆڵە پشتەکانماندا هەڵمان گرتبوو.

مانگایەکمان بینی قاچی دواوەی بڕابوەوە گۆلکە سـاوایەکی لەگەڵـدا بـوو، لە گەڵ کاك شەکرەی یاخسەمر بردمانە ناو یەکێك لەخانووەکانی کانی پـەڵك کە هی خزمانی گەورە دێ بوو، مانگاکە کە ئێمەی بینی فرمێسك بە چاوەکانیدا دەاتە خوارەوە زۆر کاریگەری تێکردین بەردەوام بیری لێدەکەمەوە.

لە ناو خانووەکاندا ئازەوقەی جێماو بەسەر یەکدا ڕژابوو.

لە ساڵی ١٩٩٠ لـە ڕێگـای سـەرکردایەتیەوە داوامـان لێکـرا سـێ کەسـی

هۆڵەندی کە لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی شارەوە بە دەستمان دەگات لە کۆتەڵی سورداشەوە بگوازینەوە بۆ ئێران تا ڕزگاریان بکەین لە دەستی ڕژێم، توانیمان بیانگەیەنینە ئێران لەوێشەوە بۆ وڵاتی خۆیان.

یەکێکیان لێپرسراوی بەشی کەشفی کیمیایی کوێت و عێراق بوو، دوانەکەی تریش دیبلۆمات بون لە بەغدا.



خەلیل یاخسەمەری لە کاتی وەرگرتنی مەدالیای پارتیزانی لەلایەن ڕەوانشاد مام جەلال-ەوە.

## منداڵێك لە لە ڕێگا مرد باوکی تەرمەکەی بە کۆڵ برد بۆ ئێران تا دەست جاش و جەیش نەکەوێت!

عەمید حمەئەمین خدر حەمەئەمین ناسراو بە مەلامین هەڵەدنی، لە گوندی هەڵەدن لە دایك بووە، ساڵی ١٩٨٠ لەتەمەنی لاوێتیدا بووە بە پێشمەرگە بەبی دابڕان بەردەوام بووە، لە شەڕەکانی بەرگری ئەنفالدا لە گەڵ هەڤاڵانی لە تیپی پارێزگاری بەشداری کاریگەری کردووە، لە ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ تا ئازاد کردنی کەرکوك لە گەڵ هەڤاڵەکانی بووە هەرچەندە بە پلەی عەمید خانەنشین کراوە بەڵام بەشێك لە شەڕەکانی بەرگری کوردستانی کردووە دژی داعش لە دوای ساڵی ٢٠١٤ لە ئێستاشدا وەك خۆی وتی ئامادەی هەر فەرمانێکم لە کاتی پێوستدا بۆ بەرگری کوردستان.

بەم شێوە باسی هێرشی حکومەتی عێراقی کرد لە کاتی تاوانی ئەنفالی دۆڵی جافیەتی و بەرگری هێزی پێشمەرگە

ئێمە مەفرەزەیەك بووین لە پێشمەرگەکانی کەرتی یەکی تیپی پارێزگاری، شەهید غەریب وەك فەرماندەی کەرت پێی وتین ئەوانەی کە خێزاندارن دەتوانن خێزانەکانیان بەرن و بڕۆن بۆ سەر سنوری ئێران ئەوانەش کە سەڵتن دەمێنینەوە بۆ شەڕ و بەرگری، ئێمە مەفرەزەیەك ماینەوە کێشەی ژن و منداڵمان نەبوو تەنها کاك غەریب خێزاندار و منداڵی هەبوو وابزانم تا ١٥ی ئازار ماینەوە، حکومەتی عێراق زۆر بە فراوانی هێرشی بۆ سەر سنوری سەرکردایەتی هێنا ئێمە لە بناری شاخی ژیلوان بووین جەیش و جاش نزیك بووبوونەوە لە گوندی هەڵەدن، بۆیە بڕیارماندا بچین بۆ گوندی گۆمەزەڵ بە ناو بەفر و سەرمای سەر شاخی ژیلوان و سەری خەرتیزدا دوای ماندوبونێکی زۆر گەیشتینە گوندی گۆمەزەڵ کە نزیك بوو لە سنوری ئێران، چەند ڕۆژێك لەوێ ماینەوە، دوای پشوویەك لە سەر داوای سەرکردایەتی بەشداری شەڕی


شارستێن و خوڕخوڕەمان کرد کە قورسترین شەڕی بەرگری بوو، جەیشی عێراق هاتبوونە سەر گردی بەینی خوڕخوڕە و دۆڵەبی ئێمە لە دواوە لێماندان و ڕاومان نان بەرەو شارستێن، دوای شەڕەکە تیپێکیتر هاتنە شوێنی ئێمە و گەڕاینەوە بۆ گوندی گۆمەزەڵ.

حکومەتی عێراق لە ڕێگەی کۆپتەرەوە جەیش و جاشی دابەزاندە سەر شاخی گۆڕەشێر بەو ناوەدا بڵاو بوونەوە کە زانیمان بەرگری کردن سودی نەماوە بەرەو ئێران ڕۆیشتین چونکە لە پلانی بەعسدا بوو لە هەرشوێنێك زانی بەرگری سەخت هەیە بە چەکی کیمیایی لە پێشمەرگە بدات، چوینە گوندی شاناخسێ سەر سنوری ئێران، بەداخەوە لە ئەنجامی بۆردومانی فڕۆکە جەنگیەکانی بەعس بە چەکی کیمیایی چەندین هەڤاڵمان شەهید و بریندا بوون، لە هەڤاڵانی کەرتەکەی ئێمە کە بریندار بوون فەریق هەڵەدنی و عەبدوڵای برام و تەها عوسمان و چەندینی تر.

لە کاتی ڕۆیشتنماندا بە شاخی ژیلوان و دۆڵی شێخ محەمەددا زۆر ڕوداوی تراژیدیامان بینی کە هەرگیز بیرم ناچێتەوە، مەڕ و ماڵاتی زۆرمان بینی لە سەرماندا لە ژێر بەفرەکەدا ڕەق بووبوونەوە، دڵم ژانی دەکرد بە بینینی ئەو دیمەنانە گوێ درێژ و هێسترم دەبینی هەر چوار قاچی چەقیبووە ناو بەفرەوە و ڕەق بووبووەوە.

دەبێت چی لەوە ناخۆشتربێت تەرمی پیرێژن و پیرەمێرد بە جێبمێنێت نەمانتوانی ژێر خاکیان بخەین، پورە سەوزە خەڵکی گوندی چاڵاوا بوو لە ڕێگاشەهید بووبوو کەسوکارەکەشی نەیانتوانیبوو تەرمەکەی ڕزگار بکەن بە ناچاری لە ژێر چەند چینکۆیەك جێیان هێشتبوو، ئێمەش نەمانتوانی تەرمەکەی ژێر گڵ بخەین.

ڕوداوێکیتر کە ناتوانم هەرگیز لە خەیاڵی خۆمدا دەری بکەم کاك ناسر عەزیز مام بابکر هەڵەدنی لە کاتی ڕۆیشتندا بە ڕێگای بەفر و سەختدا کوڕێکی هەشت نۆ ساڵانی لە کاتی ڕۆیشتندا بە ناو بەفردا هیلاك دەبێت و دەوەستێت برسی بوون و سەرمای ناو بەفرەکە توشی نەخۆشی دەکات، باوکی دڵگەرم و چاو بە فرمێسك لەو ڕێگا سەختە هیچ چارێکی نابێت تەنها پاڕانەوە لە خودا کە بتوانێت کوڕەکەی بە زیندویی بگەیەنێتە وڵاتی ئێران، بەڵام خۆزگە و ئاواتەکەی نەهاتەدی کوڕەکەی شەهید دەبێت، باوکی دڵ بە خەم چاوی وەك لێزمەی باران ئاوی پێدا دەهاتە خوار و سەر گۆنای کۆڕەکەی پێ تەڕ دەکرد بڕیاری دا تەرمی پیرۆزی کوڕەکەی بە مردویی بەرێت بۆ وڵاتی ئێران تا بەر دەستی جەیش و جاش نەکەوێت، یان لاشەی ناسك و پیرۆزی نەبێتە خۆراکی داڵە گۆشت خۆر و حەیوانە دڕندەکان.



مەلامین هەڵەدنی

ڕوداوی زۆر ناخۆش و ناڕەحەتمان بینی دەیان حاڵەتی دڵتەزێنمان بینی کە هەرگیز بیرمان ناچێتەوە، ئەگەر بە وردی هەموو ئەو ڕوداوانە بنوسرێنەوە دەیان پەرتوکی دوێت.

## به بینینی چەند پیر و پەککەوتەیەکی جێماو لە مێرگەپان خەمێکی قوڵ دایگرتین!!!!

سەروەت هەڵەدنی پێشمەرگەی دێرینی پارتی دیموکوراتی کوردستان لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بۆتە پێشمەرگە، پیاوێکی هوشیار و رۆشنبیرە دەیان نوسین و بابەتی لە سایت و ڕۆژنامەکاندا هەیە کەسوکاری ئەنفالە و یەکێکە لەو مرۆڤانە هەمیشە لە سەر تاوانی ئەنفال چ بە نوسین چ بە قسە هاوشانی هاوڕێیانی کەسوکاری ئەنفالکراوان کاری کردووە و جێدەستی دیارە.

وەکو خۆی وتی دوای چەندین ساڵ لە پێشمەرگایەتی پاداشتی ئەو هەموو خەبات و ژیانە سەختەی پێشمەرگایەتی خانەنشین نەکراوە، ئێستا فەرمانبەرە لە وەزارەتی کارەبا باس لە بینینی چەند دیمەنێکی تراژیدی تاوانی ئەنفال دەکات.


لەیەکەم تاوانی ئەنفالی دۆڵی جافایەتی مەفرەزەیەکی چوار پێشمەرگەیی یەکێتی و پارتی لە دۆڵی مێرگەپان مابووینەوە چواردەورمان گیرابوو، پێش ڕۆیشتن و بەجێ هێشتنی سنورەکە، ئێوارەیەك بەسەر دیمەنێکی زۆر ناڕەحەتدا کەوتین، بە بینینی چەند پیر و پەککەوتەیەك کە گەیەنرابوونە ماڵەجافەکانی مێرگەپان خەمێکی قوڵ دایگرتین ئەو ماڵانە لە بنەڕەتدا هەموویان خەڵکی گوندی هەڵەدن بوون، پێدەچوو کەسوکاریان نەیانتوانیبێت ڕزگاریان بکەن بە بیری خۆیان ڕژێم ڕوو ناکاتە مێرگەپان و بەردەستی ڕژێم ناکەون.

ئێمە ڕزگاربوونی ئەو پەککەوتانەمان بە کارێکی پیرۆز و خەباتێکی گەورە دەزانی بۆیە بڕیارماندا ڕزگاریان بکەین تا نەکەونە دەست پیاوانی بەعس، بەیانیەکی زوو هەر چوار پیر و پەککەوتەکەمان بە هیلاکی و ماندوبونێکی زۆر بە باران و سەرمایەکی ناڕەحەت گەیاندە گوندی سوسێی سەیدان و

گەڕاینــەوە، هــەر ئــەو شــەوە لــە گەڕانەوەمانــدا چــەند کەســێکیتر کــە لــە سلێمانییەوە هاتبوون بوونـە هاوڕێمـان دەچـوون بـۆ گونـدی مالومـەی دۆڵـی جافایەتی بە هانـای کەسوکارەکەیانەوە، بـۆ ئیـوارەی دواتـر ئێمـەش بـەڕێ کەوتین بۆ سنوری نێوان عێراق و ئێران، کاتێك گەیشتینە گونـدی یاخسـەمەر بینیمـان زۆرینـەی بارەگاکـانی یـەکێتی نیشـتیمانی دەتەقینـەوە و ئاگریـان تێپـەردرابوو، دەیـان ئـاژەڵ و پەلـەوەرمان دەبینـی کـە بـە هۆکـاری چـەکی کیمیایی و بۆردومانی ناوچەکە مردبوون، ئەو دۆڵە کش و مـات بـوو لـە دۆڵـی مردووکان دەچـوو، بـەبینینی دیمەنـەکان ناڕەحـەت بـووین ئـاخ و فرمێسـکی حەسرەتی نیشتیمان قوڕگی گرتبووین، هێزی ئەژنۆمان نەمابوو چۆن بتوانین بەسەر دار و بەردی وێرانـەی ئـەو گوندانـە ڕەو بکـەین کـە ڕۆژگارێـك شـوێنی حەوانەوی هێزی پێشمەرگە و هەموو حیزبە کوردیـەکانی باشـور و ڕۆژهـەڵات بوون، زۆر بە ناڕەحەت ڕزگامان بوو چونکە ڕژێم ناوچەکەی گرتبوو.

گەیشتینە دۆڵی شێخ محەمەد دیمەنی هاوڵاتیـان کـە چـۆن بـە ناڕەحـەتی ڕێگای سەخت و پڕ بەفریان دەگرت لە ژێر ویـزە ویـزی فڕۆکـە بیلاتۆزەکـانی ڕژێـم، چــەندین ســەربازمان بینــی لــە ئەشــکەوت و ژێــر ڕەوەزەکانــدا ڕەق بووبوونەوە، هەرچۆنێك بێت گەیشتینە نزیك گوندی شاناخسـێ سـەر سـنور، لەمبـەر پردەکـەوە ئۆتۆمـۆبێلێکی سـەربازی ئێـران بـۆی ڕاگـرتین یـەکێك لـە برادەرانمان زۆر شەکەت و مانـدو بووبـوو بـەناوی کـاك یوسـف شـێخ عزیـزی شــەدەڵە ئــەومان ســوار کــرد و خۆمــان بــە پیــادە ڕۆیشــتین، نزیـك پردەکـە بووینەوە بەدەنگی بە هێزی فڕۆکە و بۆمبـاران ڕاچـڵەکین دوکـەڵ و تـەپۆتۆز ئەو ناوەی تەنی و بـۆنێکی زۆر نـاخۆش بـە ناوچـەکەدا بـڵاو بویـەوە، کاتێـك گەیشتینە ناو گوندی شاناخسێ بە سـەر ڕوداو و کارەسـاتێکی زۆر ناخۆشـدا کەوتین، بینیمان چەندین پێشمەرگە و هاوڵاتی شـەهید و برینـدار بـوون کـاك

یوسفی هاوڕێمان یەکێك بوو لە شەهیدەکان، بە داخەوە لەو چوار هەڤاڵەی کە لەگەڵمان بوو بەناوی ئەحمەد کاکە بلەی هەڵەدن، سێ ساڵ دوای ئەنفال لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە شاری کەرکوك شەهید بوو.


سەروەت هەڵەدنی

ئەم چیرۆکانەی سەرەوە مشتێکە لە خەرواری ڕوداوە تراژیدیەکانی ئەنفال، زۆرێك لە پێشمەرگە دێرینەکان بە شێوەی نامیلکە، کتێب یان لە سایت و ڕۆژنامەکان و ئەکاونتی خۆیان باسی ڕۆژانی ئەنفالیان کردووە کە چیان بە چاوی خۆیان بینیوە، ناکرێت هەموو ئەو چیرۆکانە بخەینە ناو دووتوێی ئەم پەرتوکەوە. ئەو باسانەی ئەوان گێڕاویانەتەوە تەنها چەند نمونەیەکە لە تاوانەکانی بەعس بەرامبەر گەلی کورد.

ڕژێمی بەعس دەیزانی ئەگەر دۆڵی جافایەتی کۆنترۆڵ بکات وەك ئەوە وایە هەموو ناوچە ئازادکراوەکانیتر لە ژێر دەستی خۆیدا بێت، بیرکردنەوە و بەرنامەی بەعسیەکان وا دەرچوو دوای ئەنفال ماوەیەك هەموو کوردستانی خستە ژێر دەستی خۆی، بەڵام زۆری پێنەچوو سەرکردایەتی بەرنامەیەکی باشی دانا بۆ گەڕانەوەی بەشێك لە هێزەکەی بۆ چیاکانی کوردستان و گوندە خاپور کراوەکان.

گێڕانەوەکانی مام عەلی بچکۆل و لیوا محەمەد سنگری ڕاستی ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە بەرگری هێزی پێشمەرگە نەبوایە ژمارەی ئەنفالکراوان زیاتر دەبوو.

تاوانی ئەنفال هەموو ئەو ناوچانەی گرتەوە کە خرابوونە بازنەی سوری قەدەغەکراو، بەڵام دەسپێکی هێرشەکە دۆڵی جافایەتی بوو چونکە سەرکردایەتی یەکێتی و بارەگای حیزبەکانیتر لەوێ بوون و هاوسنوری ئێرانی دوژمنیشی بوو.

بەپێی گێڕانەوەی خلیل سەرکانی پێشمەرگەی دێرین، کە ئەوکات فەرماندەی تیپێکی یەکێتی بووە، زیاتر لە (٢٥٠٠) پێشمەرگە لە سنوری دۆڵی جافایەتی کۆ کرابوونەوە بۆ بەرگری لە هەر نیازێکی خراپی دوژمن و بە چەکی سوك و مام ناوەند و چەند چەکێکی قورسی وەك کاتیۆشای دوانزە لولەیی بچوك و هاوەن و دۆشکەی هەمەجۆر.

سوپای عێراق بە بەرنامەیەکی تۆکمە و ئامادەگیەکی باش پەلاماری دۆڵی جافایەتی دا، سەرەتا بە چەکی کیمیایی بۆردومانی کرد بۆ ئەوەی بن دار و بەرد و ئەشکەوت و کونجێکی ناوچەکە بێبەش نەبێت لە بارینی ژەهری ڕژێم و هەرچی زیندەوەرێك هەیە بە گەورە و بچوکەوە لە ناوی بەرێت و ببێتە سەرەتای ترساندنێکی باش بۆ هەموو کوردستان، چونکە بە گرتنی ئەو سنورە مەرامی گڵاوی بەعسیەکان دێتە دی و شۆڕش و پێشمەرگە چاو ترسێن دەبن.


ناوچەکەش زۆر چڕ و سەختە و دەست بەسەردا گرتنی زۆر زەحمەتە، بێجگە ئەو ژمارە پێشمەرگە زۆرەی کە لەو سنورەدابوون هاوڵاتیانیش پێشمەرگە ئاسا توانای ڕووبەڕوو بونەوەی هەر پێشهاتێکی مەترسی داریان هەبوو و بڕیاری مانەوە و بەرگرییان دابوو بە پێشمەرگە کە دەبێت خوێنی هاوڵاتی و پێشمەرگە تێکەڵ بە یەکتر ببێت و خاکی ناوچەکەی پێ بنەخشێنن.

## هێڵی بەرگری هێزی پێشمەرگە نەبوایە قوربانیانی ئەنفالی یەك زۆر دەبوو

عەلی بچکۆل یەکێك بووەلە هەڤاڵانی گروپی زیندان لە گەڵ خاڵە شیهاب و هەڤاڵانی، ئەندامی پێشوی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و لێپرسراوی مەڵبەندی دوو، ئەندامی دەزگای پێشمەرگایەتی، سەرکردەیەکی مەیدانی بوو، کەسێکی کۆمەڵایەتییە، لەکاتی تاوانی ئەنفالدا ئەندامی مەکتەبی عەسکەری بووە و سەرپەرشتی قۆڵی مەرگەی ڕۆژئاوای دۆڵی جافایەتی کردووە.

مام عەلی ئێستا لە وڵاتی نیوزەلەندا دادەنیشێت جارجاریش دێتەوە کوردستان لە سلێمانی بە دیداری هاوسەنگەران و کەسایەتیەکان شاد دەبێت، بەڵام هەمیشە لەسەر هێڵە بۆ ئاگاداری ڕوداوەکان بە تایبەت کوردستان، پەیوەندی باشی ماوە لەگەڵ بەشی زۆری هاوڕێیان و دۆستانی دێرین، لە خۆبوردوانە بێ گوێ دانە تەمەن کە نزیکی هەشتا ساڵە لەسەر بەشێك لە مێژوی شۆڕش و کوردایەتی سەردەمی خۆی جارجار دەنوسێت و بیر و هزری نوسینی باشە، بەم شێوە باسی ڕۆژانی ئەنفال و بەرگری هێزی پێشمەرگەی کرد.

یەکەم ئەنفال لە دۆڵی جافایەتی ڕویدا من سەرپەرشتی قۆڵی مەرگەم دەکرد هەتا توانیمان بەرگریمان کرد، هێڵی بەرگری هێزی پێشمەرگە نەبوایە ژمارەی قوربانیانی ئەنفالی یەك زۆر زیاتردەبوو، دوای ئەوەی بڕیاری پاشەکشە درا ئێمەش چوینە کانیتو لەوێوە بۆ خوڕخوڕە و یاخیان ئێمە لە کانیتو ماینەوە، بەر زریانەکەی کانیتو کەوتین کە بووە هۆی ڕەق بوونە وەی نزیکەی حەفتا پێشمەرگە و هاوڵاتی بی تاوان، هەوڵماندا ئەوانەی زیندون ڕزگاریان بکەین، دواتر هاتمە هەوارە بەرزە و خوڕخوڕە و یاخیان بە دۆڵی شێخ محەمەددا چوینە ئێرانەوە.



عەلی بچکۆل، ئارام هەڵەدنی

## شەڕی بەرگری نزیکە یەك مانگی خایاند

لیوا محەمەد سنگری لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردو لە ناوڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا چەکی کوردایەتی کردۆتە شان، بەشداری شەڕەکانی ئەنفالی کردووە دژ بە بەعسی داگیرکەر، یەکێك بووە لە پێشمەرگە پارتیزانەکان، دانەبڕاوە لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە هورە و هێزی سەردەمی شاخ وەکو کێوێکی خۆڕاگر بەشداری بەرگریەکانی کوردستانی کردووە دژی تیرۆرستانی داعش و هەمیشە لە هێڵی بەرگریدا بووە، ئێستا جێگری لیوای ١٢٢ ی بیتوێن لە هێزەکانی ٧٠ درێژەپێدەری ڕێبازی کوردایەتیە، لە هەمان کاتدا کەسێکی پڕ زانیاریە لە سەر ڕوداوەکانی سەردەمی ئەنفال بەم شێوەیە باسی پێکهاتەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات دژی سوپای بەعس لە کاتی ئەنفالی دۆڵی جافایەتی.

لـه تـەواوی میحـوەری شـەڕەکانی ئـەنفالی یەکدا ئەوەنـدەی مـن ئاگـاداربم بەشـی هــەرە زۆری کـادیر و فەرمانـدە و پێشـمەرگەکانی هەرسـێ مەڵبەنـدی یـەکێتی بەشـداربوون، واتـا مەڵبەنـدی یـەك، دوو، سـێ، هێـزی پێشـمەرگە بـۆ بەرەنگاری سوپا بەهێز و نابەرابەریەکەی بەعس تا ڕێگـربن لـە تـاوانی ئـەنفال. پێکهاتەکـەی بریتیبـوو لـە مەڵبەنـدی یـەك، تیپـەکانی ٥١ی گـەرمیان، ٥٣ی شێروانە، ٥٥ی قەرەداغ، ٥٧ی سەرگرمە، ٥٩ی حـەمرین، ١٥ی شـارەزوور، ١٧ی زمنـاکۆ، ٣٩ی خەنجـەرە، تیپـی تایبـەتی مەڵبەنـدی یـەك، تیپـەکانی مەڵبەنــدی دوو پێکهــاتبوون لــە (٢١ی کــەرکوك، ٢٥ی خالْخالْــان، ٢٣ی ســـورداش، ٢٧ی تۆکمـــە، ٢٩ی کەڵکـــە سمـــاق، ٣١ی ســـلێمانی، ٣٧ی شاربازێڕ، ٤٧ی پیرەمـەگروون، ٤٣ی ئاسـۆس، ٤٩ی سـارا، ٤٤ی چـەکوچ، ٦٣ی جوتیـاران، ٦٨ی مامەنـدە، تیپـی سـادر و تیپـی مەڵبەنـد ). تیپـەکانی مەڵبەنـدی سـێ (١٩ی کـۆڕك، ١٢ی سـۆران، ٧٨ی کـاروخ، ٨٣ی هــەورێ، ٩١ی ســەفین، ٩٣ی کۆیــە، ٩٩ی بیتــوێن، ٨٨ی دەشــتی هــەولێر، ٨٧ی قەرەچوغ، ٥٦ی گوڵاڵە، تیپی باواجێ، تیپی بەرانەتی و تیپـی تایبـەتی مەڵبەنـد ). هاوشانی هەڤاڵانیان تیپی پارێزگاری ڕەوانشاد جەنابی مام جـەلال و بەشـێکی زۆری کەرتــەکانی ڕێکخســتنی کۆمەڵــە و ناوچــەکانی شۆڕشــگێڕان و بەشــەکانی کۆمەڵایەتی و پێشمەرگەکانی هـەردوو ناوەنـدی کۆمەڵـە و شۆڕشـگێڕان و هێـزی بەرگری بەشداری کاریگەرانەیان هەبوو، ئەگەر هێڵی بەرگری هێزی پێشـمەرگە نەبوایە کارەساتێکی گەورەی مرۆیی ڕوویدەدا و قوربانیانی ئـەنفالی یـەك زۆر لەم ژمارەی ئێستا زیاتر دەبـوو، چـونکە مـاوەی شـەڕی بـەرگری دژی هێـزی بێ شوماری سوپای بەعس نزیکەی یەك مانگی خایانـد، ئـەوەش بـووە هـۆی ڕزگــار بــوونی بەشــی زۆری دانیشــتوانی دۆڵــی جافایــەتی و دەوروبــەری و هاوسەر و منالّی بەشێك لە پێشمەرگەکان بۆ دیوی ئێران.

هەرچەندە لە بەرگریکردن دژی تاوانی ئەنفال زەرەروزیان بەر سوپای عێراق کەوت بەڵام زۆری ژمارەی سوپا کە لە ژمارە ناهات و چەکە پێشکەوتووە گەورەکانی دەستی بەعس لە ئاست بەرگری هێزی پێشمەرگەدا بەراورد نەدەکرا، بۆیە دواجار هێزی پێشمەرگە و هاوڵاتیانی ناوچەکە پاشەکشەیان کرد بۆ وڵاتی ئێران و ناوچەکە بەتەواوەتی چۆڵکرا و بەعسیەکان بە مەرامی چەند ساڵەی خۆیان گەیشتن.

سوپای عێراق بە هەموو توانایەوە و بە چەکی قورس بە تانك و تۆپ و فڕۆکەی جەنگی و کاتیۆشای ١٣٣ ملم بە چاوساغی دەزگای هەواڵگری و فەوجەکانی جاش کە زۆرینەیان کورد بوون و شارەزای سنورەکە بوون هێرشی بەرفراوانی بۆ سەر ناوچەکە کرد بە فراوانی و پانتایی ٧٢کم چوارگۆشە.

سەرکردەی هێرشەکە فەریق ڕوکن (سوڵتان هاشم ئەحمەد) بوو ناوبراو سەرکردایەتی هەردوو فەیلەقی یەك و پێنجی دەکرد.

بەشداربوانی هێرشەکە پێکهاتبوون لە ٢٠ لیوای فەیلەقەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧) و لیوای هێزی تایبەتی قوات خاصە کە هێزێکی نیزامی مەشق پێکراو و دڵڕەق بوون، هەر فەرمانێکیان پێکرابایە جێبەجێیان دەکرد.

قوات خاصەی (٦٥، ٦٦) سەرکردایەتی گشتی هێزی چەکداری لیوای مغاویری فەیلەقی (٢،٤،٦) لیوای (٤٤٥،٤٣٨،١١٦،٧٢،٣١،١٩) فەوجی مغاویری فەیلەقی (٤،٥) تێدابوو نزیکەی ٣٠ فەوجی یەدەگ، هێزەکان تەواوی فەوجی چەکدارە بەکرێگیراوەکان جاشە سوکەکانی کوردیان لەگەڵ بوو، وەکو ڕێنوێن بووبوونە سوری بەر لەشکر لە پێناو دەستکەوتی ماددی و شاباش کردنیان ئامادەی هەموو جۆرە هاوکاریەکی ڕژێم بوون.

سەرانی بەعس پێی وتبوون هەرچیتان کەوتە بەردەست لە شمەك وماڵی ئەنفال کراوان وەك دەستکەوت بۆ خۆتان، ئەوانیش زۆر بێویژدانانە سەرەتا

کەوتنە تاڵان کردنی ماڵ بە ماڵی هاوڵاتیانی کورد پـەروەر، هەرچـی حـەیوان و پەلەوەرێکیان بکەوتایە بەردەست بە تـاڵان دەیـان بـرد، هـەموو شمەکـەکانیان دەکـردە نـاو تراکتـۆر و ئۆتۆمۆبێـل و درەختـی وەکـو سپیداریشـیان لەسـەر ئەرزەوە دەبڕی و دەیانکردە غەنیمەی جەنگی سەپێنراو و دەیانبرد.




محەمــەد ســنگری و هەڤاڵــەکانی (کۆمــەڵێك پێشــمەرگەی پـارتیزانی – ڕەتڵـی سورداش)، زنجیرە شاخی ئاسۆس – کەڵکی گوێزێ، ساڵی ١٩٩٠.

## ڕۆڵی پارتیزانەکان

پارتیزان هێزێکی شۆڕشگێڕی گیانفیدا بوون دوای تاوانی ئەنفال پێکهات بـە مەبەستی هاتنەوە بۆ باشوری کوردستان و مانەوەیان لەسنوری چیا سـەختەکانی پیرەمەگروون و چیاکانیتر و ناوچەکانی تری کوردستان، بـە مەبەسـتی چـالاکی سەربازی بەرامبەر ڕژێمی بەعس تـا پـەیامی مانـەوەی هێـزی پێشـمەرگە بگـات بە حکومەتی عێراق کە کورد بە پلانی تاوانی ئەنفال لەناو ناچێت.

ڕۆڵەکانی دۆڵـی جافایـەتی لەوەشـدا بوونـە پێشـەنگ و یەکـەم مـەفرەزەیان پێکهێنا، بە فرمـانی سـەرکردایەتی شـەهید غـەریب هەڵـەدنی وەك فەرماندەی

ڕەتڵی سورداش لە گەڵ هەڤالانی گەڕانەوە سنوری دۆڵی جافایەتی و پەیامی مانەوەی هێزی پێشمەرگەیان بە گوێی حکومەتدا، کە هێزی پێشمەرگە هێزی بیر و باوەڕە لەناوچونی ئەستەمە، هەر ئەوانیش بوونە پردی پەڕینەوەی هێزە پارتیزانەکانی ناوچەکانی تری کوردستان و ڕایەڵەی نێوان ڕێکخستنەکانی شار و سەرکردایەتی بوون.

لیوا عوسمان سێدەری پێشمەرگەی دێرین سەرەتای ساڵی هەشتاکان بووەتە پێشمەرگە، بەردەوام بووە بێ دابڕان، چەندین شەهیدی بنەماڵەکەیان هەیە دیارترینیان شەهیدی فەرماندە مەحمود سێدەری ئامۆزای، لە کاتی تاوانی ئەنفالی دۆڵی جافایەتی لەگەڵ هەڤالانی بەرگرییان کردووە، ئەوکات لێپرسراوی مەفرەزەیەکی پارتیزانی بووە لە سنوری دۆڵی جافایەتی، ئێستا ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی ئەنجومەنی باڵای پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانە.



عوسمان سێدەری

لە بیرەوەریەکانی خۆیدا کە کردویەتی بە پەرتوك بە ناونیشانی (بیروەریەکانی عوسمان سێدەری) لە نوسینی ئازاد سەراوی بەم شێوە باسی پلانی پارتیزانی و هاتنە خوارەوە بۆ دۆڵی جافایەتی دەکات:

هێزی پێشمەرگەی کوردستان گەڕابوونەوە سنورەکان، ڕوونتر بڵێین پاشەکشەیان کردبوو بۆ سەر سنور و شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بلەکێ و چیوەرۆ و کۆمەلێك شوێنیتر

بارەگایــان دانــابوو. ســەرکردایەتی شــۆڕش بەرنامــە و پلانــی پێکهێنــانی مــەفرەزە پارتیزانــەکانی گەڵاڵــە کردبــوو، تــا بــە شــێوەی مــەفرەزەی بچــوك بگەڕێنــەوە ناوچــە چــۆلکراو و دێهاتــە وێرانکراوەکــان، بــۆ ئــەو مەبەســتەش دەورەی تایبــــەت بــــە پــــارتیزانی و چــــۆنێتی خــــۆ پاراســــتن و دانــــان و هەڵگرتنەوەی لوغمیان بینی تا بتوانن درێژە بە ژیانی پارتیزانی بدەن.

لــە گێڕانەوەکانیــدا باســـی ئــەوەی کــردووە، پــێش ئــەوەی مــەفرەزەی پارتیزانــەکان بگەڕێنــەوە باشــوری کوردســتان چــەند جارێــك مــەفرەزەیان ناردۆتــەوە ســنوری دۆڵــی جافایــەتی بــۆ پشــکنینی ســنورەکە تــا بــزانن لــە چ ڕێگەیەکەوە بێنەوە و کوێ بکەنە شوێنە حەوانــەوەی خۆیــان، تــا دواجــار بڕیــاری پێکهێنانی مەفرەزەی پارتیزان دەدەن و دەگەڕێنــەوە سنوری دۆڵــی جافایــەتی و چیای پیرەمەگروون، بنکەی سەرەکیان لە چیای پیرمەگروون دەبێت.

لــە ڕێگــەی جیهــازەوە بــەردەوام پەیوەنــدیان بــە ســەرکردایەتیەوە هــەبووە هەم پەیام و ڕێنمایی سەرکردایەتیان دەگەیانــدە ڕێکخســتنەکان، هــەم زانیــاری نــاو حکومــەت کــە لــە ڕێــی ڕێکخســتنەکانەوە پێیــان دەگەیشــت دەیانگەیانــدە سەرکردایەتی.

زۆر بە بوێری و وریایی ژیانی پارتیزانیـان بـەڕێ کـردووە، چـونکە حکومـەت بیزانیایــە لــە کــوێن ئەگــەر بــە هێرشــی زەمینــیش نەیتوانیایــە ئــەوا لــە ڕێگــەی فرۆکەی جەنگییــەوە پــەلاماری دەدان، جــار جــار لــە شــوێنی حەوانــەوەیان لــە چیای پیرەمەگروونەوە دابەزیون بـۆ سـەر شـەقامی سـەرەکی نێـوان دوکـان — سلێمانی بۆ ئەوەی چالاکی ئەنجام بدەن و ترس و دڵە ڕاوکێیان خستبووە نـاو هێزەکــانی بــەعس، یــان دەچــوونە نــاو ئۆردوگــای پیرەمەگروونــەوە بــۆ بەسەرکردنەوەی ڕێکخستنەکانیان و دابین کردنـی پێداویسـتی و خـۆراك، بـەڵام زۆر بە وریایی ئەو کارانەیان ئەنجام دەدا.


گـەرمای هـاوین و بـەفر و سـەرما و سـۆڵەی زسـتان و برسـی و تینـوێتی نەیتوانی ڕێگربێت لە جوڵـە و تواناکـانی کـوڕە قارەمـان و چـاو نەترسـەکان، بەردەوام لـە ئەرکـدا بـوون وەکـو پڵـنگ ڕادەپـەڕین، هەرچـەندە حکومـەت هەسـتی بـە جوڵـەی پارتیزانـەکان کردبـوو، چـەند جـارێکیش لـە ڕێگـەی چـاو سـاغەکانیانەوە ویسـتبووی هێرشـیان بـۆ بـەرێت بـەڵام شکسـتیان هێنـابوو، بـە داخـەوە یـەکێك لـە پێشـمەرگە ئـازا و قارەمانـەکان بـەهاری ئـازادی نەبینی، سێدەری بەم شێوە باس لـە شـەهیدبوونی هـەڤاڵێکیان دەکـات، لـە کۆتـایی کـانونی دووەمی ساڵی ١٩٩١ مەفرەزەکـەمان



پارتیزانەکانی ڕەتڵی سورداش

کەوتـە بـەر دەسـترێژی گوللـەی ڕەبایـەکانی سـەرو کـەلێنی لۆتـەر لـە ئەنجامـدا شەهید ڕزگار یاخیانی بە خوێنی ئاڵ و پیرۆزی دار و بـەردی سـور کـرد و پـەیامی گەیاندە هەڤاڵە شەهیدەکانی کە ڕاپەڕینی باشوری کوردستان بە ڕێوەیە.

پارتیزانـەکان بوونـە هۆکـاری گەیانـدنی پـەیامی شـۆڕش بـۆ نـاو ڕێکخستنەکانی شار و خۆ سـازدان بـۆ ڕاپەڕینـە مەزنەکـەی بـەهاری ١٩٩١ و دەرکردنـی یـەکجاری حکومـەتی عێـراق و کۆتـایی هێنـان بـە دەسـەڵاتی خۆسەپێنی چەندین ساڵەی بەعسیزم، ئەنجامەکـەی دامەزرانـدنی پەرلـەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لێ بەرهەم هات.



پارتیزانەکانی ڕەتڵی سورداش



## چیای پیرەمەگرون

چیای پیرەمـەگروون گرنگییـەکی تایبـەتی هەیـە لـە ڕووی هەڵکەوتەکەیـەوە یەکێکـە لـە چـیا بـەرزەکانی کوردسـتان و زۆر شـوێنی نادیـاری هەیـە تـەنها کەسانی شارەزا دەتوانن بیدۆزنەوە، لە ئاستی ڕووی دەریـاوە بـەرزە و دوژمـن ناتوانێـت بـە ئاسـانی بـۆی سـەربکەوێت، لـە ڕووی جوگرافیشـەوە شـوێنێکی سـتراتیجی گرنگـە دەتوانرێـت وەکـو چـەقی هـەموو باشـوری کوردسـتان پەیوەندی لەگەڵ هەموو شوێنەکانی کوردستان ببەسترێت.

قەزای دوکان دەکەوێتە ڕۆژئاوایەوە لەوێشەوە بۆ ناوچەکانی قـەزای کۆیـە و ڕانیـە، شـاری هـەولێری قـەڵا و منـارە و دهـۆکی دەلال، لـە باشوریشـەوە دەڕوانێت بەسەر ئۆردوگای پیرەمەگروون و تاسلۆجە و لەوێشـەوە بـۆ بازیـان و چەمچەماڵ و گەرمیان و کەرکوك، لە ڕۆژهەڵاتیشـەوە دەڕوانێـت بەسـەر شـاری هەڵمەت و قوربانی شاری سلێمانی، عەربەت و سەیدسـادق و شـاری هەڵەبجـەی شەهید، لە باکوریشەوە هێڵـی پەیوەنـدی نێـوان سـەرکردایەتی و پارتیزانـەکان بوو تەنها ناوچەی دۆڵی جافایەتی و شاخی ژیلوان لە نێـوان چـیای پیرەمـەگروون و وڵاتی ئێراندا هەیە سەرکردایەتی لە شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بوو.

هەموو ئەو گرنگیانەی چیای پیرەمەگروون بـووە هۆکـاری ئـەوەی بەشـێکی زۆری پارتیزانـەکانی ناوچـەکانی تـری کوردسـتان وەك ڕایەڵەیـەك سـود لـە پارتیزانەکانی ڕەتڵی سورداش کە شـوێنی مانـەوەی سـەرەکیان لـە سەرچـیای پیرەمەگروون بـوو وەربگـرن، بەشـێك لـە پارتیزانـەکانی ناوچـەکانیتر کـە دوای ئـەمان هاتنـەوە کوردسـتان لـەم سنورەوە بـە ڕێنمـایی پارتیزانـەکانی ڕەتڵـی سورداش دەڕۆیشتن بۆ شوێنەکانی خۆیـان، لـە هـەمان کاتـدا ئـەمان بووبوونـە ڕایەڵـەی پەیوەنـدی نێـوان سـەرکردایەتی و ڕێکخسـتنەکانی نـاو شـار و شارۆچکەکانی دەوروبەری سلێمانی.

زۆر مێــژوونووس باســی گرنگــی چــیای پیرەمــەگروونیان کــردووە و زۆر گێڕانەوە لەسەر مێژووەکەی و ناونانەکەیەوە هەیە، لەناو هەمواندا نوسـینێکی ڕۆژنامـەنوس نـەزیرە حـارس لـە سـایتی مـەودا میـدیا هاتـە بـەر چـاوم، بـەم شێوەیە کورتەیەکی لەسەر مێژوو و جیپۆلۆتیکی پیرەمەگروون نوسیوە:

پیرەمەگرون (پیر عومـەر گـورون)، هـەروەها چـیا ئەفسووناوییەکەشـی پـێ دەوترێت. دەکەوێتە بـاکووری ڕۆژئـاوای شـاری سـلێمانی. ئـەم چـیایە لەلایـەن کورد بەگشتی و خەڵکی ناوچەکە بەتایبەتی بە پیرۆز سەیر دەکرێت.

پیر، لە کوردەواریدا بە کەسێك وتراوە کە وەکوو دەمڕاسـت یـان سـەرگەورە و ڕابەری ئـایینی دەوری بینیـوە، ئـیتر لەسـەر هـەر بیروباوەڕێـك یـان ئایینێـك بووبێت. دەوترێت کە (پیر عومـەر گـورون) پیرێکـی یارسـانیی بـووە و مەزارەکـەی لەسـەر چـیاکەیە نزیـك گونـدی زێـویێ. بـرای (پـیر مەنسـورە) کـە مەزارەکـەی لـە گەڕەکی پیرمەنسوری سلێمانییە (پیرمەنسور لە پیر منصور وەرگیراوە).

کـۆنترین نـاوی چـیای پیرەمـەگرون، (کینپـە/ کینیا)یـە، لـە بنچـینەدا لۆلۆییـەکانی خـەڵکی ڕەسـەنی ناوچـەکە ئـەو ناوەیـان لـێ نـاوە. لـە داسـتانی گلگامێشـدا ئامـاژە بـۆ چـیاکە کـراوە، کـە لـە کـاتی لافـاوە گەورەکـەدا کەشتییەکەی نوح بە هەموو سەرنشـینەکانییەوە بـەو چـیایەوە گیرسـاوەتەوە. هەرچەندە هەندێك ڕایـان وایـە کـە کەشـتییەکەی نـوح لەسـەر چـیای (جـودی) گیرسـاوەتەوە نـەك پیرەمـەگرون. ئـەوان بـە چـیای نیمـۆش ناویـان بـردووە، نیمۆش ئەو ناوەیە کە لە بابلیدا بۆ ناوە ڕەسەنەکەی (کینپە) دانراوە.

لە سەرچـاوە دێرینـەکانی میزۆپۆتامیـادا، ئـەو بۆچـوونەی ڕوون کراوەتـەوە کە زیاتر لە ٢٩٠٠ سـاڵ بـەر لـە ئێسـتا، پاشـای ئاشـوور (ناسـیرپاڵ) هێـرش دەکاتـە سـەر ناوچـەی شـارەزوور، ئامـاژە بـە چـیای پیرەمـەگرون دەکـات و دەڵێت "چیای (نیمۆش) ئەو چیایەیە کـە لۆلۆییـەکان پێـی دەڵـێن (کینپـە)".

بینـینی چـیایەکە گرنگییــەکی زۆری هــەبووە بـۆ فراوانکردنــی دەســەڵاتەکەی، چـونکە پێگەیــەکی ئـایینی بــەرزی هــەبووە لــەو ســەردەمەدا، هــەر بۆیــە لــە نووسینێکدا دەڵێت "من یەکەم پاشای ئاشووریم کە چیای ڕزگـاریی نـوح بابـل دەبینم کە کەشتییەکەی لیٚ گیرساوەتەوە".

ئەدمۆنسی حاکمی سەربازیی بەریتانیا، لە سەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا کـە بە کوردستاندا گـەڕاوە، باسـی لـەوە کـردووە کـە چـیای پیرەمـەگرون لەلایـەن خەڵکەکەیەوە بەناوی پیرێکی یارسانییەوە ناونراوە.

لــە دیــوی قەرەچــەتان بــۆ ســەر چــیای پیرەمــەگرون، پەرســتگایەکی زەردەشتیی لێیە، لە چیاکەدا وێنەی زەردەشت و هێماکەی هەڵکەنراوە.

ســەرەڕای ئــەوەش هەنــدێك بیروبۆچــوونی تــر هەیــە کــە دەڵــێن "ئــەو پەرستگایە، پەرستگای یارسانییەکانە". مێـژووی پەرسـتگاکە دەگەڕێتـەوە بـۆ سەرەتای ساڵەکانی زایینی، کە لە ڕاسـتیدا وێنـەی دوو پاشـای ناوچـەکە (مـیر قولّی، ڕەبەنە)یە و شوێنەوارەکەیان هەتا ئێستا ماوەتەوە.

بە بەردی ناوچەکە، چەندین شورای بەردین بە پانییەکی زۆر لەسـەرەوە بـۆ خـوارەوەی چـیاکە دروسـت کـراون، دەوترێـت لــە کـاتی هێرشــی فتوحــاتی ئیسلامدا بۆ سەر ناوچـەکە، خـەڵك بـۆ بـەرگریکردن لـە خۆیـان و دینەکـەیان و بەرەنگاربوونەوەی سوپای ئیسلام دروستیان کردوون.

چیای پیرەمەگرون، سێیەم بـەرزترین چـیای ناوچـەی سـلێمانییە لـە دوای چیای قەندیل و چیای کونە کۆتر، هەروەها دەیەم چیای بـەرزی کوردسـتانە. چیاکە، لـە زنجیرەیـەك لووتکـە و دۆڵ پێـك دێـت، لای خـوارووی بـە دۆڵێکـی شێوە سێگۆشەیی کۆتایی دێت کە پێی دەوترێت دۆڵی زێـویٚ. ئـەم دۆڵـە لـە ڕووی ڕۆژئــاواوە بــەهۆی دەربەنــدی زێوێــوە دەبەســترێتەوە بــە ڕێگــەی دوکانەوە و لە خوارووییەوە دەبەسترێتەوە بە دێی یاڵـانقۆزەوە. لـە بـاکوور و

ڕۆژهەڵاتیشەوە سنووری چیاکە بریتییە لە دۆڵی قزلەر و مێرگـەپان و تێکـەڵ دەبێتەوە لەگەڵ چیای سورداش.

لووتکەکانی چیای پیرەمەگرون:

لووتکەی پیرەمەگرون ٢٦٢٤م لـە ئاسـتی دەریـاوە و ١٤٩٤م لـە ئاسـتی ناوچەکەوە بەرزە، لە ناوچەی زێوێ پێی دەڵێن لووتکەی (گەڕی کڵاو).

لووتکەی ڕومار ٢٠٧٨م لە ئاستی دەریاوە بەرزە.

لووتکەی باوگردان ٢٠٥٠م لە ئاستی دەریاوە بەرزە.

لووتکەی میرکوری ١٧٣٩م لە ئاستی دەریاوە بەرزە.

لووتکەی ڕەبەنە ١٦٣٦م لە ئاستی دەریاوە بەرزە.

چـیای پیرەمـەگرون بەشـێوەیەکی قـۆقزی چـەماوەتەوە، ئـەم قۆقزییـە بـە درێـژایی ٢٥کـم لــە باشــووری ڕۆژهەڵاتــەوە بــەرەو بــاکووری ڕۆژئــاوا درێــژ دەبێتەوە و دەڕوانێت بەسەر ناوچەی مێرگەپاندا.

پیرەمەگرون، چیایەکی بورکانییە. بـەهۆی ئـەوەی کـە بـەردەوام پلـەکانی گەرما لـە چـیاکە زۆر نزمـە، بەدرێـژایی سـاڵ بـەفری لـێ نابڕێـت. زۆرێـك لـە بــەردەکانی ڕزیــون و لــە کــاتی ســەرکەوتن پیایــدا لــەژێر قــاچ دەردەچــن و مەترسی دروست دەکەن.

پیرەمەگرون، بە یەکێك لە چیا گرنگەکان دادەنرێـت لـە رووی جـۆری رووەك و گـژوگیاوە. بـەپێی لێکۆڵینـەوە و سەرچـاوەکانی زانکـۆی سـلێمانی، نزیکـەی ٥٤٣ جۆری رووەك لەو چیایەدا هەیە، کە چەند جۆرێکیان تەنها لـەوێ هـەن و لە عـێراق و ناوچـەکەدا بـۆ یەکـەم جـار تۆمـار کـراون. هەندێکیشـیان لـە ڕووی زانستی و چارەسەری گیاییەوە گرنگیی زۆریان هەیە.

سەبارەت بە ئاژەڵی کێوی، ژمارەیەکی زۆر کـەم ئـاژەڵی کێـویی لـێ دەژی، زۆرێکیان بەهۆی ڕاو و گەیشتنی دەستی مـرۆڤ بـە ناوچـەکە لەناوچـوون، ئەمـە

جگـه لـه هۆكـاری تێكچـوونی ژینگـەی ناوچـەكە بـەهۆی شـەڕ و بـەكارهێنانی هەندێك كەرەستەی زیانبەخش لە كاتی شەڕەكاندا.

كـە لـە سـلێمانییەوە سـەیری پیرەمـەگرون دەكـەیت، شـێوەی دەموچـاوی كەسێك نیشان دەدات كە ڕووی بۆ سەرەوە بێت.



وێنەی چیای پیرەمەگروون

چیای پیرەمەگرون، لە سـەرەتای دروسـتبوونی شارسـتانییەتەوە گرنگییـەكی زۆری هـەبووە بـۆ خـەڵكی ناوچـەكە. لـە دوای هێرشـەكانی فتوحـاتی ئیسـلام و كـوژرانی ئـەو كەسـایەتییە (پـیر عومـەر گـورون) و ناشـتنی تەرمەكـەی لەسـەر چیاكە ناوەكەی گۆڕاوە بـۆ پیرەمـەگرون. بـوونی مـەزاری ئـەو كەسـایەتییە لـەو شوێنەدا، گرنگیی زۆری بۆ خـەڵكی ناوچـەكە هەیـە، بـە چـاوێكی پـیرۆز سـەیری

دەکـەن و سـەردانی دەکـەن. مەزارگەکـە لەلایـەن خـەڵکی ناوچـەکەوە خزمـەت دەکرێـت، هەنـدێك کەلوپــەل و پێداویسـتیی ڕۆژانـەی تێـدا دانـراوە بـۆ ئەوانـەی سـەردانی دەکـەن دەتـوانن بـەکاریان بهێـنن. سەرگوزشـتەیەکی خـەیاڵیی هەیـە لەوبارەیەوە گوایە هەر کەسێك ئەو کەلوپەلانە بـەکار بهێنێـت و نەیانگەڕێنێتـەوە ئەوا بەر نەفرەت دەکەوێت و کەلوپەلەکان خۆیان دەگەڕێنەوە.

چیای پیرەمەگرون لە هۆنراوەی زۆرێك لە شاعیرە کۆنەکانـدا نـاوی هـاتووە، بۆ نموونە، ئەم پارچە هۆنراوەیەی بەختیار زێوەر:

پیرەمەگرون موقەدەسی
دۆستی دائیمی کوردی
بەو دیمەنە شیرینەوە
دافعی سەد نەوع دەردی
دامەنی سەوزی تۆ
قامەتی بەرزی تۆ
نیشانە و ڕەمزی تۆ
باعیسە بۆ سەرکەوتنی وەتەن

## ئەنفال تاوانێکی لە بیر نەکراو

ئـەنفال تـاوانێکی زۆر گەورەیـە و کاریگـەری نـەرێنی لەسـەر دەرونـی تـاکی کورد بەگشتی و کەسـوکاری ئـەنفال کـراوان و دەربـازبوانی ئـەنفال بـە تایبـەت بەجێهێشتووە، ڕوداوێکی هێنـدە بـێ ویـژدان بـووە بەرامبـەر هاونیشـتیمانیانی سڤیل کە ئەستەمە لە زهن و بیری مرۆڤ دەربکرێت.

وەکو نمونەی هەموو ئەوانەی خۆیان یان کەسوکاریان ئـەنفال کـراوان وتـەی چەند کەسێك دەنوسین کە هەندێکیان شایەتحاڵی ڕۆژانی ناو زیندانـە ناڕەحـەت و مەرگەساتەکانی ئەنفالکراوان بوون.

## پیرۆزت بێت ئەو قەفەسە سەدام حسێنی دیکتاتۆری عێراق

غـەفور سـێدەری خـەڵکی گونـدی سـێدەری دۆڵـی جافایەتییـە، ئێسـتا لـە ئۆردوگای پیرەمەگروون دادەنیشـێت و فەرمانبـەرە لـە وەزارەتـی پـەروەردە و خێزاندارە، دوای زیـاتر لـە سـی سـاڵ دابـڕان لـە خوێنـدن ئێسـتا لـە ئامـادەیی دەخوێنێت بە ئومێدی تەواوکردنی زانکۆ. تەمـەنی دە سـاڵان بـووە کـە دایـك و دوو خوشکی ئەنفال کـراون پێشـتریش بـاوکی وەفـاتی کـردووە، مـاوەی چـەند سـاڵێکە وەکـو کـادیرێکی خۆبـەخش و دڵسـۆزی کەسـوکاری ئـەنفالکراوان لـە سنوری قەزای دوکان و دۆڵی جافایەتی هاوشانی چەند خۆبەخشـێکیتر خزمـەت بـە کەیسـی ئـەنفال دەکـەن، یـەکێك بـووە لـە شـایەتحاڵەکانی داگـایی سـەدام حسێن و عەلی حەسەن مەجید، ڕاستەو خۆ لە ناو قەفەسـی زینـدان لـە بـەردەم دادوەرەکان ڕوو دەکاتە سەدام پێی دەڵێت پیرۆزت بێـت ئـەو قەفەسـە سـەدام حسـێنی دیکتـاتۆری عێـراق، ئـەو وتەیـەی تـا ئێسـتاش لـە زۆرینـەی تۆڕەکۆمەڵایەتیـەکان بـە ڤیـدیۆ هەیـە، بـەم شـێوە بـاس لـە نەهامەتیـەکان و کاریگەریەکانی تاوانی ئەنفال بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان دەکات.

باسی لە کاریگەری نیگەتیڤی ئەو تاوانە گەورەیە کرد لەسەر خۆی، وتی کاریگەری خراپی کردۆتە سەر پەیوەندیم لەگەڵ هاوژین و منداڵەکانم، بەڕاستی زۆر ناڕەحەتە ئەگەر کەسێکی خێزانەکەت لەبەر چاوت بمرێت تا چەندین ساڵ بۆی ناڕەحەت دەبیت کە مردنەکەشی دیارە و لەناو کەسوکار و دۆست و هاوڕێکانیدا بە خاك دەسپێردرێت، ئەی ئەگەر خۆشەویسترین کەس کە دایك و خوشکە بگیرێن و سوکایەتیان پێبکرێت و دوا چەندین مانگ زیندانی بێ نان و ئاو ژێر خاك بدرێن و لاشەی پیرۆزیان دەرخواردی سەگ بدرێن و چەندین ساڵ لە چاوەڕوانی چارەنوسیاندا بیت چۆن ناڕەحەت نابیت؟!



غەفور سێدەری لەسەر ڕوفاتی ئەنفالکراوانی دۆڵی جافایەتی لە قەزای دوکان

ئێمە بۆ ماوەی زیاتر لە پانزەساڵ لە چاوەڕوانی چارەنوسی ئەواندا شەو و ڕۆژمان دەکردەوە، هەر چاوەڕوان بووین ڕۆژێك دێت و بە ڕێکەوت لە دەرگامان دەدرێت و دەرگا دەکەینەوە دایك و خوشکەکانمان دەبینین بە

زینـدویی هاتونەتـەوە، بـەڵام ئـەو خـەوەمان نەهاتـە دی و بـۆ دواجـار نـەمان بینینـەوە، بەڕاسـتی کاریگـەری زۆر ناڕەحـەتی بـەجێ هێشـتووە لـە سـەرمان هەمیشە لـە خـەیاڵی ئەوانـدا دەژیـن، دەبیـنین خـەڵك دایکی لەگـەڵ دەژی و نازی دایك و باوکی هەیـە بـەڵام ئێمـە بێبـەش کـراین، ئـارەزوی خۆشـیەکانی ژیانمـان نییـە زۆر جـار بێتاقـەت دەبـین و حـەز بـە گۆشـەگیری دەکـەین کـە ئەمـەش کـار دەکاتـە سـەر پەیوەنـدی خێزانیمـان و وەك پێویسـت نـاتوانین مافی ئەوان بدەین.

## کچان پاکیزەیەکی ئەنفالکراو

محەمەد عومـەر بـەگ لـە دایـك بـووی گونـدی هەڵەدنـە، ئێسـتا لـە شـاری سـلێمانی نیشـتەجێیە، ئەنـدازیاری ڕێگاوبانـە و لێپرسـراوی بەشـە لـە بەڕێوەبەرایـەتی ڕێگاوبـانی سـلێمانی، وەك هەسـتکردن بـە بەرپرسـیارێتی و دڵسۆزی بۆ سنوری قەزای دوکان و دۆڵی جافایەتی و شارباژێڕ زۆرجار هۆکار بووە بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری ڕێگاوبان لەو سنورە.

کاك محەمەد یەکێك بوو لە منداڵە زیتەڵ و زیرەکەکانی گوندی هەڵەدن، بە منداڵی زۆر خولیای هونەری شـانۆ و گـۆرانی بـوو دەنگێکـی خۆشـی هـەبوو، پێش تاوانی ئەنفال کاتێك خوێندکاری سەرەتایی بوو لە خوێندنگای هەڵـەدن کـە ئـەوکات مامۆسـتاکانی شـۆڕش دەرسـیان پێدەوتنـەوە، ئەنـدامی تیپـی هونـەری خوێندنگاکـە بـوو بەشـداری کاریگـەری هـەبوو لـە وتنـی سـرودە نیشتیمانیەکان و شانۆگەریدا، ئەوان بە ڕەوشت و هەستی کوردایەتی لـە لایـەن مامۆستایانی شۆڕشگێڕ و خانەوادە کورد پەروەرەکەیان پەروەردە کرابوون.

مـن منـداڵ بـووم تـازە چـووبوومە خوێنـدنگای سـەرەتایی هەڵـەدن کـاك محەمەد لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بوو، دووجار بینـەری شـانۆگەری کاکـە

حەمە و هاوڕێکانی بووم لە گوندی هەڵەدن و مالومە، ئەوەی تـا ئێسـتاش لـە ئەندێشەمدا خول دەدات تواناکانی ئەو مێرمندالانە بوو، کە چۆن توانیان بزە بخەنـە سـەر لێـوی وشـك هـەلاتوی جـەماوەری ناوچـەکە کـە لـە ژیـانێکی مەئەسـاتدا بـوون بەدەسـت ئـەو بارگرانیـەی تێـی کـەوتوبوون لـە ئابلۆقـەی ئابووری ڕژێمی بەعس و تۆپباران و بۆمبابارانی فڕۆکەجەنگیەکان.

دەنگـە خۆشـەکەی محەمـەدی لاو و هاوڕێکـانی دەزرینگایـەوە لـە نیـوان چیاکانی ژیلوان و بەبۆ و دابان و نسێ و ئاسنگەران، سـرودە نیشـتیمانیەکان بووبووە هەوێنی دڵە پڕ جۆش و خرۆشەکەی جەماوەری شۆڕشگێڕی ناوچەکە.

وەیشـمەی ئـەنفال هـەموو ئـەو خۆشـی و چـێژەی لـە محەمـەدی لاو وەرگرتـەوە و دایـبڕی لـە جیهـانی شـانۆ و گـۆرانی، ئـازیزترین کەسـی نـاو خانەوادەکەی بۆ دواجـار بـێ ماڵئـاوایی لێـی دیـدار ئـاخر بـوو، بـەردەوام لـە خـەمی کەسـوکارە ئەنفالکراوەکەیـدا بـوو کـە جگـە لـە خانەوادەکـەی خـۆی چەندین ئامۆزای ئەنفال کراون.

دوای ئـــەوەی داوام لێکـــرد کورتەیـــەك لـــە ســـەر خوشـــکە پـــاکیزە ئەنفالکراوەکەی بۆم بنوسـێت تـا منـیش لـە پەرتوکەکەمـدا بـە چـەند دێرێك بیکەمە نمونەی هـەموو کچـانەکانی کـورد کـە چـۆن بوونـە قوربـانی دەسـتی ڕەشی بەعسیەکان، بە دلێکی فراوان داواکەی وەرگرتم لە چەند دێڕێکدا بـەم شێوەیە باسی خوشکە پاکیزە ئەنفالکراوەکەی کرد:

زارای خوشکم کە بە کچان ناسرا بوو سەرەتای چرۆی ژیانی لە سـەرەتای بەهاردا هـەلۆەری، نـاوی (زارا عمـر محەمـەد) بـوو بـاوکم خـوای گـەورە لێـی خۆشبێت لە خۆشەویسـتی ئـەودا چـونکە منـاڵێکی هـێمن و لەسـەرخۆ و ڕوح سوك بوو بە ناوی کچان بانگی دەکرد، ئەو ناوەی بەسەردا دابڕا ئێسـتا خـزم و کەس و هاوگوندیانمان هەر بە کچان ناوی دێنن.

هەمیشە بەوهیوایەین کە ڕۆژێك دەبێت دەگەڕێتەوە ناومان و لە دەرگای ماڵمان دەدات و لە ئامێزی دەگرین و چیرۆکی دڕندەیی بەعسیەکان و ژوورە تەنگ و تاریك و ناڕەحەتیەکانی دەستی جەلادەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە.



کچانی ئەنفالکراو، گوندی هەڵەدن — ساڵی هەشتاکان

دوای ئەوەی دانیشتوانی گوندەکانی دۆڵی جافایەتی لە ترسی دڕندەیی هێزە وەحشیەکانی بەعس بە ناڕەحەتی و بە پێ و بە ناو بەفر و باران و سەرما لە ژێر بۆردومانی فڕۆکە و تۆپبارانی ڕژێم پەنایان بۆ وڵاتی ئێران برد، وتیان لە مەرگێکی نادیار ڕزگارمان بوو، دوای ئەوەی لە ئێران لە ناو ئۆردوگاکان جێگیر بوون، پاش ماوەیەك پڕوپاگەندە و دەنگۆی ئەوەیان بڵاوکردەوە کە ڕژێمی بەعس لێخۆشبوونی گشتی دەرکردووە، ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ عێراق ژیانیان پارێزراو دەبێت، بە داخەوە ژمارەیەك مستەشار و ئامر فەوجی خۆفرۆشی کورد کە لە سەر سنور و ناوچەی قەلادزێ بوون دەستیان هەبوو لە بڵاوکردنەوەی ئەو دەنگۆیانە، بەشێك لە ئاوارە گەڕاوەکان گەڕانەوە ناو خاکی عێراق، مستەشارەکان سەرجەمیان گرتن و ڕادەستی بەعسیەکانیان کردن لە پێناو دەستکەوتی ماددی و مەعنەوی خۆیان.

لە ناو ئەوانیشدا کچانی خوشکم و هاوژینەکەی کە کوڕی ماممانە بە ناوی

(جلال عەلی محەمەد) و منالێکی بە ناوی (شوانە) تەمەنی ساڵ و نیو بوو، لە گەڵ ژمارەیەکی تری خزمانی هەڵەدن و ناوچەکە ئەنفال کران و ئیتر بۆ ئەبەد نەمانبینینەوە !

دایکی ڕەحمەتیم بە هۆی ئەنفالی کچە پەری ئاساکەی و بەشێکیتری خزمانی هەڵەدن کە زۆرینەیان هاوتەمەنی خۆی بوون کاریگەری زۆری لێکرد، هەمیشە خەیاڵی لای چارەنوسی نادیاری کچە نازدارەکەی بوو، لە دەستدانی کچان کاریگەری نەرێنی لە سەر دەرونی دروست کرد و هەمیشە ناوی کچانی لەسەر دەم بوو، چاوی لە تروسکایی ئەو هیوایە بوو کە ڕۆژێك کچان و هاوسەر و منالە چاوگەشەکەی و خزمان دێنەوە و پێیان شاد دەبێت و عەسرە چایەکی بەر ئاگردانە قوڕینەکەیان لە گەڵ نۆش دەکات، وەلێ بە داخەوە هەر بەو ناسۆر و خەفەتەوە سەری نایەوە ساڵی ١٩٩٤ هەموو هیواکانی خستە ژێر گڵ و زامی ئێمەی قوڵتر کرد.

## دایکم بە دووگیانی ئەنفال کرا!

شەوی ٢٠١٧/١٠/٢٧ بە بەمەبەستی چاوپێکەوتن لەسەر تاوانی ئەنفال سەردانی هەریەك لە کاك ئاوات و مام سەعدونم کرد لە گوندی مالومەی دۆڵی جافایەتی. ئاوات قادر مالومەیی کە دایك و باوك و دوو برای ئەنفال کراون، تەمەنی تەنها حەوت ساڵ بووە، ئێستا ئەفسەرە لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە گوندی مالومەی سنوری دۆڵی جافایەتی دادەنیشێت و خێزاندارە، ئەویش هاوشانی کاك غەفور کار دەکات لە سەر تاوانی ئەنفال، مرۆڤێکی چاکەخوازە هەمیشە بەدەنگ خەڵکی سنورەکەوەیە بە تایبەت کەسوکاری ئەنفالکراوان، بەم شێوە باس لە کاریگەری تاوانی ئەنفال و نەمانی دایك و باوکی دەکات:

تاوانی ئـەنفال ناخۆشـترین ڕووداوە ئێمـەش حـەزمان دەکـرد وەك منـاڵانیتر کە دایك و باوکیان هەبوو لـە ئامێزیـان دەگـرتن و پیاسـەیان لەگـەڵ دەکـردن و جـەژنیان لـە گـەڵ دەکـردن و خوێنـدنیان پـێ تـەواو دەکـردن هـەمان ژیـانی ئەوانمان هەبوایە، بەڵام بێبەش بوین لە هەموو ئەو نازانەی کـەدایك و بـاوك بـۆ منالّی فەراهەم دەکرد، ئەرکی قورسمان کەوتـە سـەر شـان هـەر ئـەوەش بـووە هـۆی ئـەوەی نـەمتوانی درێـژە بـە خوێنـدن بـدەم ئـەوەتا دوای دابڕانێکـی زۆر ئێستا دەخوێنم بە ئومێدی تەواوکردنی ئامادەیی و چوونە زانکۆ.

دایکم کاتێـك ئـەنفال کـرا دووگیـان بـوو بێویـژدانی و دڕنـدەیی جـەلادەکانی بـــەعس هـــیچ ویـــژدانیان نەجوڵابوو بـەو حاڵـەوە دایکـم ئـەنفال کـرا، کاتێـك ڕوفـاتی بەشێك لە ئـەنفالکراونی دۆڵـی جافایـــــەتی گەڕایـــــەوە کوردسـتان سـەرۆکی هـەرێمی کوردسـتان لـە سـەر روفـاتی دایکم کڕنوشـی ڕێـزی بـرد بـۆ هەموو ئەنفالکراوان.



ئاوات قادر مالومەیی و نووسەر

چـیرۆکی کـاك ئـاوات بـەم چەند دێرە تەواو نابێـت تـەنها کورتەیـــــەك بـــــوو لـــــە گێرانەوەکانی.

تاوانی ئەنفال ئەو ڕاچڵەکینە گەورەیە بـوو وەکـو بومەلەرزەیـەك لـە شـکۆی کۆی مرۆڤایەتی درا و هەمووانی خسـتە لـەرزە و مەسـجێکی دا بـە مرۆڤایـەتی،

که له هەموو قۆناغێکدا دیکتاتۆرەکان ڕووداو دروست دەکەن و خولقێنەری تاوانن و نابێت له بەرامبەریان بێدەنگ ببین.

کاتێك مرۆڤ گوێ بیستی گێڕانەوەی ڕۆژه ڕەش و سەختەکانی ئەنفال دەبێت که چۆن له بیابانه گەرمەکانی جنوبی عێراق و به گەرمای هاوین سزای نەفسی و جەستەیی دراون، زۆر ئەستەمه دڵ و دەرونی مرۆڤی خاوەن ویژدان له ئاست ئەو ڕووداوه گەوره بسرەوێت و ئارام و بێدەنگ بێت.



وێنەی ئەنفالکراوان




وێنەی ئەنفالکراوان



## کچێك بە بەرچاوی باوکی و ئێمەوە لە برساندا مرد!

مـام سـەعدونی بەتەمـەن، گۆچـان بەدەسـت ڕوخسـاری پـڕ چـرچ و لـۆچ بەدەست ناڕەحەتی ژیان و خەمەکانی دنیـا، خـەڵکی گونـدی مالومـەی دۆڵـی جافایەتییـە خـۆی و بـە شـێك لـە خانەوادەکـەی ئـەنفال کـران، دوای چـەند مانگێك ئەو ئازاد کرا زۆر دیمەنی ناڕەحەت و تراژیدی بە چاوی خـۆی بینیـوە لە کاتی زیندانیدا.

کاتێـك چـوینە مـاڵی مـام سـەعدون بەتـەنها لـە ژووری میوانـە خـانووە مسەلەحەکەی دانیشـتبوو زۆر بـە ڕێـزەوە بـەخێر هـاتنی کـردین بـەڵام ئـەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا مام سەعدون هەمیشـە لـە چاوەڕوانی ئەوەدایـە کـە وەك ئـەنفالکراو موچـەی مانگانــەی بـۆ ببڕدرێتـەوە، وتم مـام سـەعدون ئەمـەوێت هەندێك قسەم بۆ بکەیت لەسەر ئەنفالکردنی خۆت و کوڕەکانت و مناڵەکانیان.


مام سەعدوون، دوو کوڕ و هاوژینی کوڕێکی و کوڕزای ئـەنفال کـراون، خـۆی لەبەر ئەوەی وەك بەتەمەن ئـەژمێر کرابـوو دوای زیـاتر لـە هەشـت مـانگ ئـازاد کراوە بەڵام کوڕ و بوك و کوڕەزای بۆ دواجار نەبینییەوە.

هەرچەندە ئێستا تەمەنی سەرو هەشتا ساڵە بـەڵام لـە قسـە کـردن و بـیری ڕابوردو زۆر باشە بەم شێوە باسی چەند دیمەنێکی ئەوکاتە دەکات.

کاتێك ئێمە لە زیندانی قەڵا بە دیوا و تـەل گیراوەکـەدا بـووین زۆرمـان تینـو بوو داوای ئاومان دەکرد بۆیان ناهێنابن، باشم لە بـیرە پیاوێـك بـەناوی حـاجی عومەرەوە داوای ئاوی کرد لـە بـری ئـەوەی ئـاوی بـدەنێ بردیانـە دەرەوە بـەو گەرمایـە لـە عـەموديان بەسـت و لێیـان دەدا، مـن ویسـتم ئـاوی بـۆ بـەرم وتـی مەیهێنە باتۆش سزا نەدەن.

زۆر کەسم بینی لە برساندا دەمردن بـەڵام نامناسـین تـەنها کچێکی خـەڵکی سەرمۆردم دەناسی کە بەبەرچاوی ئێمە و باوکیەوە مرد.

دوای مردن به عەرەبانەی دەستی دەیانگواستنەوە بۆ ناو چالێك و گڵیان بەسەردا دەکردن، بەڵام گڵەکە کەم بوو سەگەل بۆیان دەهاتن و دەریان دەهێنانەوە و دەیانخواردن.


مام سەعدون

ڕوخساری مام سەعدون پێمان دەڵێت ئەنفال تەنها لەناوبردنی نزیکەی دوو سەد هەزار مرۆڤی بێتاوانی کورد نەبوو، بەڵکو دوای تاوانی ئەنفالیش کاریگەری ئەو ڕۆژانە به سیمای کەسوکاریانەوە دیارە.

کاتێك دەتەوێت ڕزگار بوویەکی ئەنفال بدوێنیت و باسی ئەو تاوانە گەورەی لێبپرسیت هەرچەندە زیاتر لە سی ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، بەڵام بێ بیر کردنەوە دەگەڕێیتەوە بۆ ئەو ڕۆژانە کە چۆن جەلادە درندەکانی بەعس زۆر نامرۆڤانە ڕەفتاریان لەگەڵ کردون.

## لەبەر چاوی خۆم لە برساندا لەسەر پلیکانەی قادرمەکان کەوت و وەفاتی کرد

قادر سەرمۆردی خەڵکی گوندی سەرمۆردی دۆڵی جافایەتییە، ئێستا لە شارۆچکەی پیرەمەگروون دادەنیشێت، تەمەنی ١٠ دە ساڵان بووە لەگەڵ بەشێك لە کەسوکارەکەی ئەنفال کراوە، لەبەرئەوەی منداڵ بووە دوای چەند مانگێك ئازاد کراوە، ساڵی ١٩٩٣ لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا چەکی

پێشمەرگەیاتی کردە شانی لەناو ڕیزەکانی یەکێتیدا تائێستا بەردەوامە و بەشداری بەرگرییەکانی کردووە لە کاتی هاتنی داعشدا. بەڵام دیمەنە ناخۆشەکانی زیندانی بیر ماوە بەم شێوە باس لە هەندێك تاوانی بەعسیەکان دەکات کە خۆی بینیوێتی لە کاتی زینداندا.


قادر سەرمۆردی

چ دیمەنێك لەوە ناخۆشتر و ناخ هەژێنترە کە بەبەر چاوتەوە هاوزمان و هاودین و هاوشاری و هاوگوند و خۆشەویستت بمرێت نەتوانیت بچیت بیشاریتەوە بەڵکو دەرخواردی سەگە ڕەشەکانیان دەدان. ئەمسەراو سەری قەڵا دوو دەرگای هەبوو کەس بۆی نەبوو بچێتە دەرەوە حەرەسی پۆلیسی هەبوو، ناوقەڵاش بە دەست بەعسی و ئیستیغباراتەکانەوە بوو، لە پۆلیسی دەرگای دەرەوەی قەڵامان بیست کە وتیان سەگەکان لاشەی مردووەکان هەڵدەدەنەوە و دەیخۆن چونکە کەمێك لمیان بە سەردا کردبوون.

جارێکیان ژنێکی خەڵکی گوندی سەرمۆرد کە دەکاتە نەنکی کاك سەلاح کۆچی دوایی کرد، بردمانە دەرەوە نەیانهێشت چاڵی بۆ هەڵکەنین تەنها هەندێك لممان خستە سەر لاشەی پیرۆزی کە بە دڵنیاییەوە دوای ئێمە سەگە دڕندەکان لاشەی پیرۆزیان خواردووە.

بە ڕوداوێکیتر زۆر ناڕەحەت بووم ژنێك لەناو قەڵادا منداڵی بوو دیارە لەبەر

کەمی بەرگری لەشی ژنەکە لەبەر برسی و تینوێتی بەداخەوە کۆچی دوایی کرد پیاوەکەی دەگریا مردنی ژنەکەی بیر چووبووەوە بە دەنگێکی زۆر زەلیلانە دەیوت خوایە گیان من چی لەم منداڵە بکەم کێ شیری بداتێ؟ ئەی پۆشاکی لەکوێ بۆ پەیدا بکەم؟ خوایە من و ئەویش بکوژە وەڵا مردن بە ئاوات دەخوازم!

دیمەنێکی تری زۆر نارەحەتم بینی کە هەرگیز بیرم ناچێتەوە پیاوێکی دۆڵەبیی بە ناوی کاک قادر لەبەر چاوی خۆم لە برساندا لەسەر پلیکانەی قادرمەکان کەوت و وەفاتی کرد، هەموومان بۆی گریاین چونکە لە برساندا ئەو پیاوە جوان و بەتوانایە بەجێی هێشتین دوا خۆی کۆمەڵێك منداڵی وردی بەجێهێشت.

ژێر زەمینێك لە خوار ئێمەوە بوو پڕبوو لە زیندان، گوێمان لە ناڵە و هاواری زیندانیان بوو کە لێیان دەدان، دڵنیام ئەوانە لە ژێر ئەشکەنجە و برسێتی و تینوێتی وەفاتیان کردووە.

ئەمانە هەمووی ڕوداوی ناخۆش و کارەساتبار بوون چۆن لە بیرمان دەچێتەوە، ئێستاش شەوی وایە لە بیرکردنەوەی ئەو ڕوداونە خەوم لێ دەزڕێت و ناتوانم بە ئاسودەیی بخەوم.



تەرمی ئەنفالکراوێك لەبەردەمی سەگە ڕەشەکە

**بەعسیەکان وا وێنای خۆیان دەکرد کە قـــەدەری ژیـــانی مرۆڤـــی کـــورد لـــە دەستی ئەواندایە**

بەعسـیەکان بــە شــەق و زللــە ئــەنفالکراوانیان لێــك جیــا کردونەتــەوە و کردویانن بە چەند بەشێك.

بەشێکیان کچە پاکیزە و تازە پێگەیشتوەکان لەبەر چاوی دایك و باوك و برا بە ڕاکێشانی قژ لە کەسوکاریان دایانبڕین، بێ گوێدانە هاوار و گریانیان کە قیــژە و ناڵــەیان دەگەیشــتە ئاسمــان و ئەســتێرەکانی هێنــابووە جوڵــە و سرەوتیان نەمابوو بۆ ئەو بێ ڕێزیەی بەرامبەر مرۆڤە پاکەکان دەکرێت.

زۆر ئەستەم بوو ئەو ڕەفتارە نامرۆڤانەیە قبوڵ بکرێت لە لایەن کەسوکاری پاکیزەکانەوە، بەڵام کەسوکارێك کە خۆشی زیندانی دەستی جەلادەکان بێت و لەگەڵ هەر هاوار و هەڵوێستێکدا بە شەق و زوللە و تێلا لێی بدرێت دەبێت دەسەڵاتی چیبێت؟!

کچی کورد هەمیشە وا پەروەردە کراون کە تا پێکهێنانی ژیانی هاوسەری لە دایك و باوك و کەسوکار دانەبڕێن و بەبێ زانینی ئەوان بۆ هیچ شوێنێك نەڕۆن، بەڵام ڕۆیشتنی ئەمجارەیان بێ پرسی دایك و باوك بوو، تەنانەت نەیان هێشت خواحافیزیش لە یەکتر بکەن.

بەشــێکی تریــان کــوڕە گەنجــەکان بــوون کــە ســەرەتای ژیــانێکی نــوێ چاوەڕوانی دەکردن، ئەوان لە خەون و خەیاڵی ئەوەدا بوون کەی ڕۆژێك بێت بگەن بە ئاواتەکانیان و وەکو هەموو لاوانی جیهان ئەوانیش بتوانن چێژ لە ژیان ببینن، بتوانن بگەن بە بەرزترین ئاستی خوێندن و خزمەت بە گەل و نیشتیمان بکەن، بە شوێن ئەویندراری خۆیاندا بگەڕێن و ژیانی هاوسەری پێکبهێنن، یان وەکو برا پێشمەرگەکانیان خزمەتی کوردستان بکەن و چەکی شەرەف بکەنە شانیان بۆ بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان.

بۆ ئەوان هـەموو چرکە ساتێك مـردن بـوو، لـە هـەڕەتی لاوی و توانـای بـە هێزیان زیندان بکرێن و بەعسیە ترسنۆکەکان سوکایەتیان پێبکـەن بـە لێدان و هەڕەشە، تەنانـەت لـە بەرچـاویان دایـك و بـاوك و خوشـك وبرایـان بـێ ڕێزیـان پێبکرێت ئەمان هیچ دەسەڵاتێکیان نەبێت بۆ بەرگری کردن.

لاوی کورد هەرگیز دەستەمۆی داگیر کـەران و بـێ ڕێـزان نـەبووە، هەمیشـە وەکـو چـیا بـەرزەکانی کوردسـتان بەربەسـتێك بـووە بـۆ پاراسـتنی شـکۆی مرۆڤایەتی و تاکی کورد، هەر ئەو هەڵوێسـتەش بـووە دوژمنـانی کـوردی بـەگیر هێنـابوو بـە دەسـت توانـا و ئازایـەتی لاوە خـوێن گەرمـەکان، کوردسـتان بـۆ دوژمنانی داگیرکەر بووبووە گۆڕستان.

ئەگەر خائینانی ناوخۆ و چڵکاوخۆرەکانی بەعس نەبووایە کـێ زاتـی دەکـرد دەست بهێنێتە بەردەم هورەی پۆڵاینی تێکۆشەرانی خوێن گـەرم، بەعسـیەکان و دارودەسـتەکەی وا وێنـای ژیـانی دوای تـاوانی ئـەنفالیان دەکـرد کـە بـە لەناوچـونی هـەزاران لاوی کـورد کورسـتان بـێ جوڵـە دەمێنێتـەوە و هەرچـی بییانـەوێت بۆیـان دەچـێتە سـەر، هەرچـەندە بـە بیرکردنەوەیـەکی هەڵـەدا گوزەریان دەکرد، ئەو جۆرە ڕفتارە نەشـیاوە زیـاتر ڕق و کینـەی لاوەکـانیتری پاشمـاوەی ئـەنفالی بـە هێـز کـرد و سـەرئەنجام بـووە هـۆی هـەرەس هێنـانی دەسەڵاتی فاشیزم.

بەشـێکی تـری هـەڵاوێردان و جیاکردنـەوەی ئـەو دوو هاوژینـە و بـوون کـە تەمەنێکی زۆریان بە یەکەوە بەسەر بردبوو نە گەرما و سەرما و نـە تۆپبـاران و کیمیاباران و دەنگی فڕۆکە سەربازیەکان نەیتوانی لێکیان جیا بکاتـەوە، ئـەوان بڕیاریان دابوو تا دوا ساتەکانی ژیان هاوژینی یەك بن و لە خۆشـی و ناخۆشـیدا بە یەکەوە هەناسەکانی ژیان بەڕێبکەن!

بەڵام وەیشمەی ڕەشی بـە عسـیەکان بـووە مۆتەکـە و لێکـی جیاکردنـەوە و

نەیهێشت جارێکیتر گاڵتە و گەپ بکەن و بەرنامە دابنێن بۆ ئایندە و بە ئاسودەیی مناڵە چاوگەشەکانیان لە ئامێز بگرن.

خێزانی کورد وا ڕاهاتبوو کە ژەمەکان لە سەر یەك سفرە کۆ ببنەوە، بە دەم نان خواردنەوە دەمە تەقێ بکەن و ڕابوردوو وەکو سەرگوزشتە بگێڕنەوە بۆ منداڵەکانیان، باس لە ئایندەیەکی نادیار بکەن و دنیایەك خەون و ڕوئیای ڕەنگا و ڕەنگ بۆ منداڵەکانیان دەستەبەر بکەن، بەڵام ئەمجارە زیندانی زۆرەملێی بەعسیەکان سفرەی هەموویانی دڕاند و پەردەیەکی ڕەشی خستە بەردەم بیناییان و نەیهێشت ئاواتەکانیان بەدی بێت.

بەشێکی تریان دایك و باوك و باوەگەورە و دایەگەورە و بە تەمەنەکان بوون، ئەوان تەمەنێکی زۆریان بەڕێ کردبوو لە ژێر سایەی داگیر کەرانی کوردستان، تاوانەکانی داگیرکەرانی کوردستان بە تایبەت دەسەڵاتی عێراق و عوسمانیەکان و ئینگلیزی داگیرکەریان وەکو خەون دەهاتەوە بەرچاو، کە چۆن لە کاتی مناڵی ئەواندا بێ ڕێزی بە خاکی پیرۆز و خەڵکی کوردستان کرابوو، ئەوان بەرگری ئەفسانەیی بەردە قارەمان و شەشی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ بەردەرکی سەرای سلێمانی و پێشمەرگە گیان فیداکانی کوردستان و بەرگری لە کۆماری مەهابات و شەڕی شاخ و دۆڵەکانی کوردستانیان بیر ناچۆوە.

ئەوان سەرەتاکانی حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراقیان باش لە یاد بووە کە چۆن سەرەتا بەڵێنی باشیان بە کورد دەدا بۆ خزمەتکردنی کوردستان و جیاوازی نەکردن لە نێوان گەلانی عێراق، بەڵام هەرکاتێك حکومەت خۆی بگرتایە وەکو گورگی برسی دەمیان دەکردە لاشەی پیرۆزی کوردستان و خەڵکەکەیان دەچەوساندەوە.

دوای بینینی ئەو هەموو دراما ناخۆش و ناڕوونە ئەوان دەیانڕوانی بۆ ژیانێکی نوێ بۆ خۆیان و نەوەکانیان، کە لە سێبەری حوکمێکی یەکساندا

بحەسێنەوە، ئەوان هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەیان ناکرد بەو تەمەنە زۆر و ناخۆشیەی بەسەریاندا هاتووە زیندان بکرێن و بێ ڕێزیان بەرامبەر بکرێت و بە بەرچاویانەوە نەوەکانیان بە زیندویی ژێر گڵ بخرێن!.

قەدەری ئەوان جیاواز بوو هەندێکیان هەر لە ناو زیندان بۆ دواجار ماڵئاوییان لە کەسوکار و هاوڕێیان و کوردستان کرد، شانسی ئەوەیان نەبوو سەربوردەیەکیتر بخەنە سەر حیکایەتەکانیتر، مەرگ دەرفەتی گێڕانەوەی سەربوردەی زیندانی پێنەدان، بەڵکو بوونە خۆراکی سەگە ڕەشەکانی دەوری زیندان.

هەندێکیشیان بۆ خەفەت و ناڕەحەتیەکانی ژیان چارەنوسیان مانەوە بوو لە ژیانی دوای تاوانی ئەنفال، دوای نزیکەی ساڵێك جارێکیتر گەڕانەوە ناو کەسوکار و خاکی کورستان، بەڵام بە بێ ڕێزی بەبێ جل و بەرگی باش و برسی لە سەر شەقامەکانی شارەکانی کوردستان فڕێدران.

ئەوان شەو و ڕۆژ چاو بە فرمێسك و خەیاڵیان لای هاوڕێکانی زیندان و جەلادە ناشیرینەکانی بەعس بوو، کە چۆن سوکایەتی بە کەسوکاریان کراوە و ئەمانیش لە بێدەسەڵاتیدا تەنها گریان فریاد ڕەسی دڵ و دەرونی لە جۆشیان بوو.

هەرچەندە ئەوان ڕزگاریان بوو لە مەرگێکی نائاسایی، بەڵام هەمیشە خوازیاری مەرگ بوون هەموو ڕۆژێکیان زیندان و مەرگە و چاو بە فرمێسکن بۆ دیداری کەسوکاریان.

لە بیرەوەری ئەواندا ماوە و بۆمان دەگێڕنەوە کە چۆن لە ژورێکی تەڕ و پیسدا چەندین کەس زیندانی کرابوون و خواردنی یەك ڕۆژیان تەنها یەك سەمونی ڕەق و کۆن بوو. بە چاوی پڕ فرمێسکەوە بۆمان دەگێڕنەوە کە شەو و ڕۆژ بە بەرچاوی ئەوانەوە هاوڕێ و کەسوکاریان دەمردن و فڕێ دەدرانە دەرەوەی هۆڵی زیندانەوە، کەمێك لمی گەرمی بیابانیان بەسەردا دەکردن،

دوای چەند ساتێك سەگە ڕەشەکان لمەکەیان لادەبرد و لاشـەی پیرۆزیـان لـەت لـەت دەکـرد، تـەنها ئێسـقانەکانیان دەبـووە پاشمـاوەی سـەگە دڕنـدەکان، سـەگەکانیش وەکـو بەعسـیەکان دڵـڕەق و بێبـەزەیی بـوون و قـەدری لاشـەی پیرۆزی مرۆڤە پاکەکانی کوردستانیان ناگرت.

چیرۆکی کەسوکاری ئەنفال کراوان تەنها لەم چەند دێڕەی سـەرەوەدا کـورت ناکرێتەوە زۆر زیاتر هەڵ دەگرێت.

بیهێنــە بــەر چـاوی خـۆت چــەند نـاخۆش و دڵهەژێنــە ژن و پیاوێـك دوای چـەندین سـاڵ بـە یەکـەوەبوون و هـاوڕێ بوونیـان کـە هـاوژینی یـەك بـوون لـە هەموو خۆشی و ناخۆشیەکانی ژیاندا لێك دانـەبڕاون، بـە هاوبەشـی منداڵیـان بـە خێو کـردووە و خۆیـان کردۆتـە قوربـانی منداڵـەکانیان، بـۆ سـاتێکیش نەبوونـە دیلی قەدەر و ئامادەیی بەجێهێشتنیان نەبوون، بـەڵام قـەدەری ئـەم جـارە لـە دەستی مرۆڤدا بوو، مرۆڤ گەلێك کە وەکو ڕۆبۆت کۆنترۆڵی جوڵەیان لـە دەسـت خۆیاندا نەبوو بەڵکو بە دەسـت سـەرکردە بـێ ویـژدان و دڕنـدەکانی بەعسـەوە بوو، وا وێنای خۆیان کردبـوو کـە ژیـان و مردنـی هـەموو هاوڵاتیـانی عێـراق لـە دەستی ئەواندایە.

ئەمجارە مرۆڤە بێ ویژدان و دڵڕەقەکان بوونـە هـۆی لێـك دابڕانـی هـاوژین و منداڵـەکانیان بـە بەرچـاوی یـەکترەوە لێکیـان دابـڕین و خسـتیاننە ئۆتۆمـۆبێلی سـەر قــەپات و بـۆ شـوێنێکی نادیاریـان بـردن و کردیاننــە قوربـانی حـەز و ئارەزووی بەعسیەکان.

دڕندەیی و نامرۆڤانەیی بەعسیەکان گەیشتبووە ئاستێك کە گوێیان بـە هـیچ یاسا و ڕێسایەکی ئەرزی و ئاسمـانی نـادا، هـەموو یاسـاکانی تایبـەت بـە مـافی مرۆڤیان پێشێل کردبوو، ئەگەر لـەخۆبایی بـوونی سـەرانی بـەعس نەگەیشـتایە ئاستی نامرۆڤی چۆن دژی هەموو یاساکانی مافی مرۆڤ دەبوون!

لـه خـاڵی پێنجـی جاڕنامـەی مـافی مرۆڤـدا هـاتووە (هـیچ کەسـێك نـابێ ئەشـکەنجە بـدرێت یـان بەشـێوەی زاڵمانـە سـزا بـدرێت یـان ڕووبـەڕووی هەڵسوکەوتی دژە مرۆڤ بێتەوە یان بچەوسێنرێتەوە).

قوربانیەکان هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو تەنها هاوار و گریان نـەبێت بـۆ حـاڵی خراپی خۆیان، کە بۆچی بـەو شـێوە نامرۆڤانەیـە ڕەفتاریـان لەگـەڵ دەکرێـت، ئاخر دەبێـت تـاوانی کـورد بـوون ئەوەنـدە گـەورەبێت؟! خـۆ کـوردیش وەکـو هەموو گەلانی جیهان مافی ئـازادی و پێکـەوە ژیـانی هەیـە و خـوای گـەورە بـە گەلێکی سەربەخۆ دروستی کردووە.

بە هەڵڕشتنی ئـاوی فرمێسـکی چـاویان و بـە تیلـە چـاو نیگایـان دەکـرد بـۆ جـەلادەکان، کـە چـۆن وەکـو دڕندەیـەکی بـێ ویـژدان کەڵبـەی نامرۆڤانـەیان دەگـرن لـە جەسـتە و دەرونـی منالّـە پـاکیزە بـێ گـەرد و پاکـەکان کـە هـیچ کردەیـەکی خراپیـان نـەبووە تـەنها کـورد بـوون نـەبێت، هەرچـەندە کـەمێك ئومێدیان هەبوو لە وێسـتگەیەکیتری ژیـان بـە دیـداری منالّـەکانیان و هـاوژین و خوشك و براکانیان شاد دەبنەوە بەڵام ئەوە بوو بە خەیاڵ، نـەبوو بـە ڕاسـت و تا ئێستاش لە چاوەڕوانی ئەو وێستگەیەن.

کوشتن لە تەواوی ئاینـە ئاسمانیـەکان و جاڕنامـەکانی مـرۆڤ یاسـاغە و هـیچ پاسـاوێك نییـە بـۆ کوشـتنی مـرۆڤ، بـەڵام سـەدام و داروودەسـتەکەی هـەموو سـنورێکی مرۆڤایـەتیان تێپەڕانـد، بـەبێ دادگـایی کـردن گرتـوانی سـڤیل کـە زۆرینـەیان منـاڵ و ژن و پـیر و پەککەوتـە بـوون دوای ئەشـکەنجەی دەرونـی و جەستەیی هەر بەزیندویی زیندە بەچاڵی کردن.

دەبێت ویژدانی جەلادەکان چۆن نـەجوڵابێت کاتێـك لمـی گـەرمی بیابـان لـە مانگە گەرمەکانی هاوین بەسەر لاشەی پیرۆزی منـاڵێکی شـیرەخۆری دابـڕاو لـە نازی دایك و باوکدا کرابێت!

ئاخر چۆن بتوانین تاوانی کوشتن و زیندەبەچاڵکردنی نزیکەی دوو سەد هەزار مرۆڤی سڤیل لە تاوانی ئەنفال لە یاد بکەین، ڕاستە ئەنفال بوو بە مێژوی ڕەشی مرۆڤ کوژەکان، بەڵام ئەنفال ئایندەشە بەردەوام دیکتاتۆرەکان بیر لەوە دەکەنەوە چۆن نەیارەکانیان ئەشکەنجە بدەن و بیانکوژن، تاوانی ئەنفال هێندە فراوان و گەورە بوو نەتوانرا وەکو تاوانەکانیتر بەبێ دەنگی تێەپەڕێت بۆیە بەشی زۆری نوسەرانی هێنایە دەنگ و گومان لە دەسەڵاتداران، هەربۆیە نوسەری گەورەی کورد بەختیار عەلی بەم شێوە وەسفی دەکات (ئەنفال ڕابوردوو نییە! بەقەد ئەوەی تا زهنیەتی تراژیدیا مابێ لە پێش هەموو کەسێکمانەوەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان دووبارە دەبێتەوە).

شاعیری نیشتیمانپەروەر و شۆڕشگێڕی کورد شێرکۆبێکەس بۆ تاوانی ئەنفال تێکستێکی گەورە دەنوسێت.

خەو نەبوون، کیژۆڵە خەون نەبوون
ئەوە ڕەزبوون و ئەمردن
ئەوە ئاوبوون و ئەخنکان
ئەوە بەرد بوون و شل ئەبوون
ئەوە گۆم بوون و ڕەق ئەبوون...
خەون نەبوون کیژۆڵە خەون نەبوون
ئەوە دەستی سەرگوزشتە و
خەیاڵ نەبوو کیژۆڵەکەم..
ئەوە دەستی نیوەی دونیا و
نیوەی دەوڵەت و قانوون بوو
کە ئەهات و تۆی ئەخستە زیلێکەوە و
دوور ئەیبردی

.. ئەوە نیوەی بلیمەتی و نیوەی عەقڵ و

نیوەی زانای جیهانیٚ بوو

بەیەکەوە لەگەڵ (مونتەسیر بیللا)دا

بای بۆگەنیان بۆ هەڵکردی

خەون نەبوون کیژۆڵە..خەون نەبوون

کلۆ خەڵوزە ساردەکە

ئەوە مەمکێکی دایکت بوو

تۆپەڵە سورو گەرمەکە

ئەوە دەماغی باوکت بوو

خەون نەبوون کیژۆڵە..خەون نەبوون

..............

خەو نەبوون کیژۆڵە خەو نەبوون

وەکوو پرچ و زەردەخەنەو گوارەکانت

حەقیقەت بوون

خەو نەبوون هەرگیز خەو نەبوون

ئەی بە چاوی خۆت نەتبینی

گوڵەکان چۆن لە ترساندا ڕایان ئەکرد

بنچکەکان هەڵئەهاتن

ئەی بە چاوی خۆت نەتبینی

کەروێشێك خۆی ئەکرد بە پەیکەر

هەتاو خۆی ئەکرد بە سێبەر

ئەی بە گوێی خۆت گوێت لیٚ نەبوو

لەو ئێوارە بەسامەدا

سەگەکەمان کەوتە قسەو

بەڵام مەرد بوو

وتی چی ئەکەن با بیکەن

بەڵام من نابم بە بەعسی

خەون نەبوو کیژۆڵەکەم خەون نەبوو!

## سکاڵانامەی سەربازێکی عێراقی بۆ سەدام حسێن

تاوانی ئەنفال بە شێوەك بوو هەرچی کوردزوبان بوایە دەیگرتەوە، ئەگەر کەسی ناو خانەوادەکە لە خزمەتی سەربازی یان فرمانەکانی حکومەتیشدا بوایە، عاسی مستەفا ئەحمەد لە کاتی جەنگی عێراق — ئێراندا سەربازی عێراق بووە و لە لایەن ئێرانەوە گیراوە و زیندانی کراوە، کاتێك دێتەوە هەواڵی ژن و منداڵەکانی پێڕادەگەیەنن کە بەر تاوانی ئەنفال کەوتون، سکاڵانامەیەك ئاراستەی سەرۆکی عێراق سەدام حسێن دەکات بە ئومێدی شاد بوونەوە بە خانەوادەکەی.

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان.

سەرۆك و سەرکردەی سەروەر، بەڕێز سەدام حوسێن (خوا بیپارێزێ)، سەرکۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش:

هەڤاڵی تێکۆشەر سڵاوت لێدەکەم و وەك هاوڵاتیەکی دڵسۆز خۆمت پێدەناسێنم.

بە ناوی دادپەروەری بەعسەوە لێت دەپاڕێمەوە گوێ لە کێشەکەم بگری، چونکە شەو و ڕۆژ خەوی لێزڕاندوم، لەبەر ئەوەی هیچ هیوایەکم نەماوە و لە ئێوە بەولاوە کەسی ترم نییە پەنای بۆ ببەم، وا ئەم کێشەیەم دەخەمە بەر دەمتان بە ئۆمێدی ئەوەی بایەخێکی پێبدەن.

من عاسی مستەفا ئەحمەد، کە لە خوارەوە ئیمزام کردووە، لە ٢٤ی ئابی ١٩٩٠ دا وەك دیلێکی جەنگ گەڕاومەتەوە، سەربازێکی ئیحتیاتم لە ساڵی ١٩٥٥ دا لە دایك بووم، لە شەڕی قادسیەی سەدامی شکۆداردا لە کەرتی شوش بەشداریم کرد و لە ٢٧ی مارتی ١٩٨٢ دا بە دیل گیرام، تا ئەو ڕۆژەی بڕیاری گۆڕینەوەی دیلەکانی جەنگ دەرچوو، بە دیلێتی مامەوە.

پاشان گەڕامەوە بۆ نیشتیمان و خاکی نیشتیمانی دایکی خۆشەویستم ماچ کرد و لە بەردەم وێنەی سەرکردەی سەرکەوتوماندا سەرۆك سەدام حوسێن کڕنوشم برد، لە دڵی خۆشمدا هەستم بە پەرۆشیەکی بێ پایان دەکرد بگەڕێمەوە ناو خێزانەکەم، ئەوان دڵخۆش دەبن بە بینینم و منیش خۆشحاڵ دەبووم بە دیداریان و هەموومان نوقمی خۆشی و شادیەك دەبووین ئەوسەری نەبێتەوە و لە باسکردن نەیات.

بە هەرحاڵ گەڕامەوە ناو ماڵی چۆل و هۆڵ، ژنەکەم و منداڵەکانم لەوێ نەبوون، ئای لەم کارەساتە دڵ تەزێنە! ئای کە چ زوخاوێکە! پێیان وتم تەواوی خێزانەکەم لە عەمەلیاتی ئەنفالدا کەوتونەتە دەست هێزەکانی ئەنفال، کە لە ناوچەی باکوردا، بە فەرماندەیی هەڤاڵ عەلی حەسەن مەجید ئەنجامدرا، من هیچ شتێك دەربارەی چارەنوسیان نازانم و کەسانی خێزانەکەم ئەمانەن:

١/ عەزیمە عەلی ئەحمەد لە دایك بووی ١٩٥٥ خێزانمە.

٢/ چرۆ عاسی مستەفا لە دایك بووی ١٩٧٩ کچمە.

٣/ فەرەیدون عاسی مستەفا لە دایك بووی ١٩٨١ کوڕمە.

٤/ ڕوخۆش عاسی مستەفا لە دایك بووی ١٩٨٢.

بەم شێوەیە ئەم سکاڵایە دەخەمە بەر دەستت، ئومێد دەکەم بەزەییەکت پێمدا بێتەوە و چارەنوسیانم پێڕابگەیەنیت.

خوا سەرتان بخات و بتانپارێزێت

سوپاس و ڕێزمان

ئیمزا

دیلی جارانی جەنگ، سەربازی ئیحتیات

عاسی مستەفا ئەحمەد

بێ ماڵ و بێ داڵدە، پارێزگای سلێمانی/ چەمچەماڵ

گەڕەکی بێکەس/ مزگەوتی حاجی برایم

٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٠

**وەڵام**

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

کۆماری عێراق

دیوانی سەرۆکایەتی

ژمارە: ش ع/ب/٤/١٦٥٦٥

ڕۆژ: ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٠

بەڕێز/ عاسی مستەفا ئەحمەد

پارێزگای سلێمانی/قەزای چەمچەماڵ/گەڕەکی بێکەس/مزگەوتی حاجی برایم

سەبارەت بە سکاڵانامەکەت لە ٤ی تشرینی یەکەمدا، ژنەکەت و مناڵەکانت لە ماوەی عەمەلیاتی ئەنفالدا، کەوا ساڵی ١٩٨٨ لە ناوچەی باکوردا ئەنجامدرا، بزر بوون.

دڵسۆزتان

ئیمزا

سەعدون عەلوان مصلح

سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار

## ڕەوشی دەروونی کەسوکاری ئەنفالکراوان

ئـەو ڕەوشـەی لـە ئێسـتادا بەسـەر کـوردا دێـت لـە پێشـێل کردنـی داوای مافەکانی و بە ڕەوا نەزانینی وەك گەلێکی سـەربەخۆ و خـاوەن مێـژوو و کلتـور و نەریتی خۆی جۆرێکە لە ئـەنفال، چـونکە بـە بـەردەوامی لـە ژێـر هەڕەشـەی تەماحی زلهێزاندایە و مامەڵەی ئابووری بە چارەنوسی کوردەوە دەکرێت.

کەسـوکاری ئـەنفالکراوان دەرونیـان نائـارام و پـڕ خەمـە و بـەردەوام لـە ژیانی تراژیدیای ڕابوردودا دەژین، ئەنفال نەبوو بەو مێـژووە کـە لـە ئاسـت خـەبات و قوربانیـدانی گەلێکـدا بێـت کـە بـە درێـژایی مێـژوو کۆمـەڵ کـوژ دەکرێـت، وەرچـەرخاندنی ئـەم تاوانـە مرۆییـە بـە سـودی دۆزی نەتـەوەی کورد نەبووە.

تاوانی ئەنفال جینۆساید کردنی گەلێکی بێ تاوانە، کاریگەریـەکانی زۆر قـوڵ و مەرگەسـاتبارن نـاتوانین بەسـانایی گوزارشـتی لـێ بکـەین، کەسـوکاری ئـەنفالکراوان لـە خـەمێکی بـێ کۆتـان پێوسـتە لەگـەڵیان هاوبـەش بـین و ئاگاداریان بین، ئەوان دڵخۆش نین بـە زەماوەنـد و خۆشـیەکان و بـیری قوڵیـان لای تراژیدیایەکە کە ئەستەمە بیریان بچێتەوە.

پێکهاتەی مێشکی مرۆڤ بە شێوەیەکە کارەسات و ڕووداوە ناخۆشـەکانی بـۆ چـەندین سـاڵ لـە یـاد دەمێنێـت، هەسـت و سـۆزی مـرۆڤ لـە ئاسـت ڕووداوی نـەخوازراو کـە بەسـەریدا دێـت خۆڕانـەگرە، هـەر بۆیـە کاتێـك مـرۆڤ توشـی ڕوداوێکی ناخۆش دەبێت وەك مردنی کەسێکی نزیـك ناتوانێـت بـە سـانایی لـە یادی بکات بۆ ماوەیەك توشی تێکچونی دەرونی دەبێت و بـەردەوام لـە زهنیـدا دەمێنێتەوە و جۆرە ترس و دڵەڕاوکێ لە دەرونیدا دروست دەبێت.

دەروونناس سـولیڤان (Sullivan) ١٨٩٢-١٩٤٩ پێیوایـە دەروندروسـتی ئـــەو حاڵەتەیـــە کـــە تـــاك لـــە ژیانیـــدا لـــە ڕووی عـــەقڵی و دەرونییـــەوە

پێداویستیەکانی پڕکرابێتەوە، لە دەرئەنجامی باشی توانا کاریەکانی وەك مرۆڤ بە دەستهێنانی گەلێك سەرکەوتن لە ژیانیدا.

ئەریك فرۆمیش پێیوایە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتییە کە دەروندروستی دروستی دەکات لەو ڕووەی تاك لە گەڵ ژینگەی دەرونیدا ڕێك و گونجاو بێت و لە ناو هەمان ژینگەشدا تاك دەروندروستی باش بێت، ئەمەش بەرهەمی ئەوەیە کە هەست بە نامۆیی لە ڕوی دەرونی و هاوڵاتی بوونەوە لە نیشتیمانەکەی خۆیدا نەکات.

لە کاتێکدا پێی دەوترێت دەروندروستی کە مرۆڤ هەست بە باشی باری دەرونی بەرامبەر خودی خۆی و چواردەورەکەی بکات، کە لە ڕووی دەرونیەوە پێویستی بە توانای گونجاو و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە ژینگەی دەوروبەریدا هەیە.

بۆ ئەوەی وەك مرۆڤێکی ئاسایی بێت دەبێت توانای ڕاگرتن و هاوسەنگی جەستەیی و دەرونی باش بێت، ئەو ژینگەی مرۆڤ تێیدا دەژی کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لە سەر دەرون باشی مرۆڤ دەبێت.

تاوانی ئەنفال تا ئاستێك کاری کردووەتە سەر دەرونی کەسوکاری ئەنفالکراوان ژیانی ئاساییان تا ڕادەیەك تێکچووە کە ناتوانن وەکو مرۆڤەکانی چواردەوریان گفتار و ڕەفتار بکەن هەمیشە لە بیری ڕۆژانی تاوانی ئەنفالدا دەژین ئەوەش کاریگەری نەرێنی لەسەریان دروست کردووە.

ئەنفال زیاتر لە پیاوان کاریگەری نەرێنی کردبووە سەر ژنان لە ڕوی کۆمەڵایەتیشەوە کاریگەری نەرێنی بەجێهێشتووە و دەرونی ژنان ناجێگیر و خەمناك کردووە ئەوەش ئەگەری گوێزانەوەی لە دایکەوە بۆ مناڵ هەیە.

تاوانی ئەنفال بێبەرنامە نەبووە و بە شێوەیەکی هەرەمەکی ئەنجام نەدراوە بەڵکو پلان داڕێژراو بووە، وەك فرۆید دەڵێت: هەموو تاوانێك

کەپلانی بۆ دادەنرێت مەبەست لێی فشار دروستکردنێکی درێژماوە و قوڵە بۆ مانەوە بە پێی هەلومەرجە سایکۆلۆجیەکان.

ئەنفال بەو شێوەی کە بەعسیەکان دەیانویست تا کاریگەری نەرێنی و ڕوخێنەر لە سەر تاکی کورد دروست بکات، ئەگەر دڵۆپێك لە دەریای تاوانی درندەکانی بەعس هەڵێنجین و بیخەینە بەر دیدەی خوێنەر بۆمان دەردەکەوێت کە ویستی پیاوانی ڕژێم تەنها کوشتن و زیندە بەچاڵ کردنی مرۆڤی کورد نەبووە، بەڵکو شێوازی ڕەفتاری نا مرۆڤانەیان بەشێوەیەك بوو کە بەردەوام لە خەیاڵ و ئەندێشەی ڕزگاربوانی ئەنفال یان شایەتحاڵەکاندا بمێنێتەوە و نەوە دوای نەوە ئەو چیرۆکە تراژیدیایانە بگێڕدرێتەوە و لە پەرتوکی مێژوی ڕەشی داگیرکاری کوردستاندا بنوسرێتەوە، ئەمەی خوارەوە چەند نمونەیەکە لەو ڕوداوانەی بەسەر دەرونی ڕزگاربووانی ئەنفالدا هاتووە، خۆشەویستانیان لە بەرچاویان بەشێوەی درندانە دەکوژن، بۆ ئەوەی دەرونی خۆیشیان بە نائارامی بهێڵنەوە بە شێوەیەك بێت شەو و ڕۆژ بە خەیاڵی ئەو چیرۆکە پڕ ستەمە ساتەکانی ژیانیان بەڕێ بکەن.

ئەگەر بمانەوێت کەسوکاری ئەنفالکراوان بدوێنین چیرۆکەکانی ژیانی پڕ ئازاریان بە دەیان پەرتوك کۆتایی نایات، ئێمە لەم پەرتوکەدا تەنها چەند کەسێك دەدوێنین و دەیکەینە نمونەی هەموو کەسوکاری ئەنفال کراوان.

## باوكم لە چاوەڕوانی هەواڵی خانەوادەكەیدا سەری نایەوە

كاوە حەسەن خەڵكی گوندی تـەلانی قـەزای دوكانـە خێزانـدارە و لـە شـاری سـلێمانی نیشـتەجێیە، لـەخێزانێكی سـێزدە كەسـی تـەنها خـۆیی و بـاوكی دەرباز بـوون و ئـەنفال نـەكران باوكیشـی بـە چـەكی كیمیـایی برینـدار بـووە چەندین ساڵ بە دەم ئازاری جەستەوە لـە چـاوەڕوانی هـاوژین و مناڵەكانیـدا چركەكانی تەمەنی دەژمارد تا بەو ئاواتەوە سەری نایـەوە و كـاوەی تاقانـەی ئەنفالی بەجێهێشت.

كـاك كـاوە لــە دوای تــاوانی ئــەنفال لــە تەمــەنی لاوێتیـدا بـوو، چـەكی پێشمەرگەیاتی كردە شانی لـە نـاو ڕیزەكـانی یـەكێتی نیشـتیمانی كوردسـتاندا خەباتی چەكداری و سیاسی دژ بە پلانی گڵاوی حیزبی بـەعس دەسـت پێكـرد، لە ئێستادا ئەندام مەكتەبە لە مەكتەبی ڕێكخستنی یەكێتی.

وتی دەبێت لـەوە ناخۆشـتر چـیببێت لـە خێزانێكـی ١٣ كەسـی لـە ئێسـتادا تەنها خۆم مـاوم، هەمیشـە بـەدڵ لای ئـەوانم هـەرگیز بـیرم ناچـنەوە، زۆر جـار خەویان پێوە دەبینم، تەنانەت هەندێك جار ناویان دێنم و بانگیان دەكەم.

زۆرجار حەز دەكەم بە تەنها لە شوێنێك بم كەس لە دەورم نـەبێت بـۆ ئـەوی بە دڵ یادی ڕۆژانی پێش ئەنفال بكەمەوە كە چۆن كاتەكانم بـە خۆشـی بەسـەر دەبـرد لەگــەڵ خوشــك و براكــانم، دەمــەوێت لای مناڵــەكانم ئــەو دڵتــەنگی و ناڕەحەتییە بشارمەوە بۆ ئەوەی هەست بە ناڕەحەتی من نەكەن.

باوكم تا كۆچی دوایـی كـرد بـەردەوام سـەیری هـەواڵی تیڤیـەكانی دەكـرد و گـوێ بیسـتی هــەواڵێك بـوو بـۆ زانـینی ڕاسـت و دروسـتی مـەرگی هاوسـەر و مناڵەكانی چاوی ئاوی لێبڕابوو، ترپەكانی دڵـی ڕۆژ بـە ڕۆژ زیـادی دەكـرد، ئـەو ئاواتەی بردە ژێر گڵ هیچ هەواڵێكی دڵخۆشكەر نەبوو!.



کاوە حەسەن تەلانی لەنێوان دوو هەڤاڵی پێشمەرگەیدا

## بینیم تەرمی کوڕەکەمیان خستە بەردەم سەگە ڕەشەکە

فەوزیە مەحمود یەکێکە لە ژنە ڕزگاربووەکانی تاوانی ئەنفال لە نوگرە سەلمانەوە گەڕاوەتەوە بەکورتی باسی یەکەم ڕۆژ دەکات کە گەیشتۆتە تۆپزاوا، وتی سەرەتا گەنجەکانیان لێ جیا کردینەوە، کاکە ملکۆی کوڕمیان لێسەندم بردیان بۆ شوێنێکیتر پاشان هاوسەرەکەمیان برد، کارەساتێکی هێندە ناخۆش بوو وێنەی نەبوو، دوای سێ ڕۆژ بردیانین بۆ نوگرە سەلمان جەهەنەمێکی ڕاستەقینە بوو، دوای دوو مانگ کوڕە پێنج ساڵیەکەم مرد بەچاوی خۆم بینیم تەرمی کوڕەکەم لەگەڵ تەرمەکانیتر خستیانە بەردەم سەگە ڕەشەکە، خاتو فەوزیە ئەوەندە تاوانی نابەجێی بینیوە دەڵێت ئەمە دلۆپێکە لە دەریا !

پورە ئەسمەر لە تاوانی ئەنفالـە بەدناوەکـەی ڕژێمـی بـەعس بـۆ سـەر دۆڵـی جافایـــەتی خـــۆیی و دوو کـــوڕی و دوو کـــوڕەزایی و خوشـــك و برایـــەکی و خوشکەزایەکی بە حەوت سەرخێزانەوە و هەندێك خزم و دۆسـتی تـر دەسـتگیر کـراون تـەنها خـۆیی و بـراو خوشـکەکەی ئـازاد کـراون لەبەرئـەوەی تەمـەنیان هەبووە و بەساڵاچووبوون دواتر براو خوشکەکەشی وەفاتیان کردووە.

پورە ئەسمەر بە خەیاڵ چووبوەوە هەمان ئەو ڕۆژانەی کە ساتەکانی ژیانی بە ناڕەحەتترین شـێوە بـەڕێ کـردووە، باسـی شـوێنی مانـەوەیانی دەکـرد، وتـی ژیانمان مەرگەسات بـوو لـە ژورێکدا بـووین نـاوی پڕبـوو لـەئاو و پیسـایی، بـۆنی پیس شێتی کردبووین نزیکەی بیست و پێنج کەس لە ژورێکـی چـوار بـە پێـنج دا بووین لە ژیانێکی دژواردا بووین بەتـەواوەتی برسـیان کردبـووین، شـەو و ڕۆژ دوو سەمونی ڕەقیان پێدەداین سەگ بۆی نەدەخورا بەڵام لەبرسانا ناچار دەمانخوارد.

برسـێتی و تینـوێتی و ناڕەحـەتی جێگـا و گـەرمای بـەتینی بیابـان تـەواو شەکەتی کردبوین، شەو و ڕۆژ چەندین کـەسمان لـێ دەمـرد، لاشـەی پیرۆزیـان بـەبێ ڕێـز دەشـاردەوە بـە شـۆفڵ چـاڵی بچـوکیان هەڵدەکەنـد و ژێـر گڵێـان دەخســتن بــەڵام بــاش داناپۆشــران، سەگەڕەشــەکان هــەڵیان دەدانــەوە و دەیانخواردن، ئێمەش بەبینینیان زۆر بە پەرۆش بووین و زۆر دەگریاین!.

ئەگـەر پسـپۆڕانی دەرونزانـی و کۆمەڵناسـی لێکۆڵینەوەیـەکی ورد بکـەن لـە سەر ئەم جۆرە ڕووداوانە، ڕەنگە بگەنە ئەو ڕاستیەی کە دەرونی خـاتو فەوزیـە و پـورە ئەسمـەر هەمیشـە لـە نائارامیدایـە و پێویسـتیان بـە چـاودێری هەیـە و دەبێـت کەشـێکیان بـۆ فەراهـەم بکـەن تـا کـەمێك ڕابـوردوی پـڕ مەرگەسـاتی نادروست لە بیر بکەن.

ئاخر دەبێت چ حاڵەتێك لەوە ناخۆشتر بێت مناڵێك نۆ مانگ بە سـکی برسـی و ترس و لەرزی زروفـی نالـەبار و نائاسایشـی کوردسـتان و عێـراق هـەڵگریت و

دواتر بە ناڕەحەتی ژیان لە یەکەم ڕۆژی لە دایك بوونیەوە گەورەی بکەیت، بەڵام لە پڕ هەلاوی قورگی ناپاکانی وڵات ئەو دڕندانەی کە تەنها چێژ لە مەرگی مرۆڤە پاك و بێگەردەکان وەردەگرن، هیچ هەستی مرۆڤیان تێدا نەبێت و بچنە ئاستی دڕندەکانی دارستان و هەرچی بکەوێتە بەر دەمیان کەڵبەی ژەهراویان لێدەدەن؟.

فەوزیە چۆن ئەو ڕۆژەی بیر دەچێتەوە کە بێ پرس و وەرگرتنی ڕای ئەو کوڕە لاوەکەی دەبەن بۆ چارەنوسێکی نادیار، دەبێت تاوانی ئەو کوڕە چیبێت جگە لەوەی لە خێزانێکی هەژاری کورد زوبان لە دایك بووە، دەبێت ئەو ساتەی فەوزیە منداڵێکی ئازیزی لە دایك دەبێت و دوای حەوت ڕۆژ شەوارە گرتن لە سەری و کۆڕی خزمایەتی، بە چ ئاواتێکەوە ناوی نابێت ملکۆ، مەلای ئاوایی بە نەریتی ئیسلام و کوردانە بە گوێی ڕاست و چەپیدا سەدای دابێت و بانگی ئیسلامی پێ ئاشنا کردبێت؟.

ملکۆ بۆیە بانگی بە گوێدا نەچرکا تا بەعسیەکان لە ژێر ناوی ئایەتێکی قورئان و لە ژێر وشەی (الله اکبر)ی سەر ئالای وڵات بە زیندویی و بەوپەڕی نامرۆڤانە دوور لە هەموو نەریتێکی ئاینی بیخەنە چاڵێکەوە، پێش ئەوەی چاوە ڕەشەکانی پڕبکرێتەوە دەست و قاچی بە بارستایی لمی گەرمی بیابان جوڵەی لێببڕێت و دواجار هەموو لاشەی پیرۆزی بخرێتە ژێر لمەوە.

دەبێت لەو ساتە وەختەی کە وردە وردە لم بەرەو داپۆشینی هەموو لاشەی پیرۆزی دەچوو چۆن لە ماوەیەکی کورت گرتە ڤیدیۆیەکانی ژیانی هاتبێتەوە بەرچاوی لە یاریە کوردەواریەکانی وەك هەڵماتێن و هەلوکێن و چاو شارکێ و چەندین یاری تر؟!

ئەی چۆن فەوزیە شەو و ڕۆژ لە بازنەی خەیاڵی ئەوەدا ناسورێتەوە کە کوڕە جوان و چاوگەشەکەی لەبرسان دەمرێت دەسەلاتی ئەوەی نییە

خـواردنێکی بـۆ ئامـاده بکـات؟! ئـەو پـێش تـاوانی ئـەنفال بـەیانیان زۆر بـە هێواشی و بێدەنگی کارەکانی ماڵەوەی ڕادەپەڕاند و دواتـر نـانی بـۆ منداڵـەکانی ئامادە دەکرد و ئینجا بە ماچ و ناوباوەشی گەرم بەخەبەری دەهێنان بـەڵام لـە کاتی مەرگەساتدا لەبەرچاوی دڕنـدەکانی ڕژێـم زۆر بێویژدانانـە لاشـەی پـاك و پیرۆزی بە کەمێك لمی گەرمی بیابـان دادەپۆشـن دواتـر سـەگە ڕەشـەکە دەری دەهێننەوە و دەیخۆن بێجگە گریان و ئاخ هەڵکێشان هیچ دەسەڵاتێکیتری نییە.

بیرکردنەوە لەو ڕۆژانەی مـەرگ پـــورە ئەسمـــەر و فەوزیـــە و هاوشـــێوەکانیان والێکـــردووە هەمیشـە دڵ بەخـەم و پـەژارە بـن ئـەوان ڕقیـان لـە شـەوە چـونکە تاریکـایی و ڕەشـە نـاتوانن وەك هەر مرۆڤێکی ئاسـایی بـێ خـەیاڵ شەو بخـەون، شـەوانە چـەندینجار بـەبیر کردنــەوە و خــەیاڵی ئــەو ڕۆژانە بـە چـاوی پـڕ فرمێسـکەوە ڕادەچڵەکێن و بە خەبەردێن.


پورە ئەسمەر، ئارام هەڵەدنی

کەســـوکاری ئـــەنفالکراوان تووشـــی نەخۆشـــیەك بـــوون چارەســەری ئەســتەمە ئــەویش گرفتی دڵەڕاوکێیە ئەم حاڵەتە لە مرۆڤدا دیاردەی دەروونییە، مرۆڤ بـەردەوام لـە گومـان و تـرس و تۆقاندندایـە لـە ئـەنجامی کارەسـاتی نـاخۆش یـان هــەواڵی ناڕەحـەت، هەنـدێك کـەس هـەن بـە بچـوکترین حاڵـەت دووچـاری دڵەڕاوکیـە

دەبنەوە، ئەوانە هەر لە منالّیەوە جۆرێك لە ڕەشبین بوون واتە پێشبینی شتی خراپ و نابەجێیان کردووە، یان لە ژینگەیەکدا ژیاون کە کارەساتبار و ڕووداوی ناخۆشی تێدا ڕوداوە، بۆیە کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەریان و هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێدا ژیاون و بوونە کەسێکی ڕەشبین و گۆشە گیر.

دایکانی ئەنفالکراو بەردەوام گوێبیستی لێدانی تەقەی دەرگان بەڵکو یەکێك لە لێدانەکانی دەرگا جگەرگۆشەکەی بێت و لە ناکاو بگەڕێتەوە ناو باوەشی پڕ سۆزی دایکی.

دایکێك لە زینداندا و لەبەرچاوی خۆی منالّەکانی لەژێر ئازار و ئەشکەنجەی لێدان و دواتر لە ئامێزیدا لە برساندا بمرن، یان لێی جیابکرێنەوە و بەرەو چارەنوسێکی نادیاریان بەرن چۆن نابێتە کەسێکی نائومێد و ڕەش بین؟!

ئەو وێنانە لە مێشکیدا بەجۆرێك خەزن بووە سڕینەویان ئەستەمە.

## لەبەر چاوی دایکیان منداڵەکوردەکانمان دەکوشتن دەستیان دەگرت بە سەریانەوە!

هاوڕێم هێرش بەرزنجی ڕۆژنامەنوس هەرچەندە ئێستا لە سلێمانی دادەنیشن بەڵام خەڵکی دوزخورماتون، لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر گەورە بووە چەندین کەسی ناو خانەوادەکەی شەهیدی دەستی بەعسیەکانن، برازای شەهیدی فەرماندە عەلی بیکەیسییە، لە پەیجەکانەوە گرتەیەکی ڤیدیۆیی وەرگرتبوو لە سەر زیندەبەچاڵکردنی ژن و منداڵی کورد لە کاتی تاوانی ئەنفالدا لە گێڕانەوەی ئەفسەرێکی سەردەمی بەعس، منیش بە باشم زانی وەکو بەڵگەیەکی مێژویی دانپێدانراو لەم پەرتوکەدا بینوسمەوە.


سەربازێکی حکومەتی عێراق لە کاتی تاوانی ئەنفالدا پلەی سەربازی نەقیب بووە بەم شێوە باسی تاوانی ئەنفال و زیندەبەچاڵکردنی ژن و منداڵی کورد دەکات:

هەزاران کوردی بێ تاوانمان زیندە بەچاڵ کرد گوایە ئەمان کوردن و تێکدەرن، کەسێکم لابوو ناوی ئیبراهیم بوو پێموایە خەڵکی قەزای حەویجەی سەر بە پارێزگای کەرکوك بوو پلەی ملازمی یەك بوو، من ئەو کات لە بەغدا بووم هاتەلام دەستی کرد بە گریان وتم چییە وتی گەورەم ناخم وێرانە وتم بۆ؟ وتی ئەمڕۆ چەندین منداڵمان ڕەمی کرد کە بێ تاوان بوون، هەندێك جار لە بەر چاوی دایك و باوکی ڕەمیمان دەکردن، هەندێك جاریش لە پێشدا دایك و دواتر باوك و کەسوکاریانمان دەکوشتن،، ئەمە چیرۆکی ئەنفالکراوانە کە یەکێك لە ئەفسەرەهاوڕێکانم بۆی گێڕامەوە ئەوکات من ڕۆیشتبوومەوە ماڵەوە بۆ بەغدا.

من کە ئێستا ئەم چیرۆکە دەگێڕمەوە دڵم پڕپڕە ناتوانم بە جوانی باسی ئەو تاوانکاریە گەورەیە بکەم کە خۆم بەشێکم لەو تاوانە کە چۆن لەبەر چاوی دایکیان منداڵەکوردەکانمان دەکوشتن و دەستیان دەگرت بە سەریانەوە، نەفرەتی خودا لە هەمووومان بێت پەنا دەگرم بەتۆ پەروەردگار ئێمە تاوانبارین.

با گوێ لەم چیرۆکەم بگرێت تەحەدای تاهیر حەبۆشی دەکەم ئەگەر بڵێت قسەکانت وانییە ئەگەر دەتوانێن ئینکاری قسەکانم بکات، هەندێك پێمدەڵێن بۆچی ئێستا ئەمە باس دەکەیت خێرە چەندین ساڵە بێدەنگیت ئێستا هاتویت دەنوسیت یان قسە دەکەیت!

بەڕێزان پێتان وانەبێت کە من هەوڵم نەدابێت بەڵکو زۆرم هەوڵ داوە بەڵام هەندێك کات لەبار نەبووە وەك ئێستا بە ئاسانی دەنگمان نەدەگەیشت من لە ئەمریکا دەژیم.




وێنەی نەقیبەکە

بەڕێز دکتۆر حەمید پێشنیاری بۆ کردم و دەرفەتی بۆ ڕەخساندم کە ئەم گرتە ڤیدیۆیە بڵاوبکەمەوە، دووبارەی دەکەمەوە ئەگەر حەبوش ئینکاری قسەکانم بکات ئامادەم لە هەردادگایەکی نێودەوڵەتی یاخود عێراقی بێت سکاڵا دژی ئەو ئینسان کوژانە تۆمار بکەم کە هەزاران ئافرەتی کوردمان فرۆشت یاخود ئەنفالمان کردن و بەزیندوویی خستماننە ناو چاڵەکانەوە، ئێمە بەشێك بووین لەو ستەمکاریەی کردمان بەرامبەر بە کورد.

ڕاستە ئێمە بەشێك بووین لە جێ بەجێکردنی تاوانی ڤێزەونی ئەنفال بەڵام لە ڕاستیدا هەرگیز جێبەجێکاری ڕاستی نەبووین بەلام بێ دەسەڵات بووین بەردەوام بە ئێستاشەوە بیرکردنەوەی تاوانی کۆکوژی کورد دێتەوە یادمان کە کردمان.

ئەشکەنجە و لێدان و تاوانی نامرۆڤانە بەرامبەر مناڵ و کوشتن بە شێوەیەکی نائاسایی پێچەوانەی هەموو یاساکانی پەرتوکە ئاسمانیەکان و مافی مرۆڤی جاڕنامەی جیهانییە، بە پێی یاساکانی جاڕنامەی مافەکانی منال

و بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ژمارە (٤٤/٢٥) کە لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٨٩ دەرچوو، کە لە (٤١) مادده پێکهاتووە، هەموو جۆرە هەڵسوکەوتێکی توند بەرامبەر منداڵان ڕەتکراوەتەوە، لە مادەدی (٣٧)دا هاتووە (هیچ منداڵێك نابێت ئەشکەنجە بدرێت یان بە شێوەیەکی نایاسایی قۆڵبەست بکرێت، نابێ ستەمکارانە لەگەڵ هیچ منداڵێك مامەڵە بکرێت، وەك تاوانبارێك هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت، لە سێدارەدانی منداڵان و زیندانی هەتاهەتایی، دەبێت بە یەکجارەکی لە سەر منداڵان هەڵبگیرێت و نەمێنێت).

کەسوکاری ئەنفالکراوان لە مامەڵەی ڕۆژانە و هەڵسوکەتیاندا جیاوازن لە کەسانیتر ئەگەر بە دیقەتەوە سەیری ڕوخساریان بکرێت نائومێدی لە ژیان و ڕەشبینیان تێدا بەدی دەکرێت، بۆیە دەبێت هاوکارییان بکرێت تا لە هەڵچونی دەرونییان کەمبکرێتەوە، ئەگەر بۆماوەیەکی کاتیش بێت کارەساتەکەیان لە بیر ببرێتەوە.

بەشێکی زۆری کەسوکاری ئەنفالکراوان توشی نەخۆشییەکانی خەمۆکی و دەروونی بوون، ئەوەش بووەتە گرفتێکی گەورەی تەندروستی بۆیان، لە نیشانە دیارەکانی خەمۆکی کە پسپۆڕانی دەرونزانی ئاماژەیان پێداوە دڵتەنگیە، واتە ئەو کەسە بەردەوام دڵی ناڕەحەتە و دڵی بە هیچ شتێك ناکرێتەوە، لە هەموو بۆنە و کۆبوونەوەیەك لەگەڵ خزمان و دۆستانی تەنها بە لاشە لەوێیە و هۆش و بیرکرنەوەی لە لای کەسوکارێتی تۆ بڵێی کەی بیانبینێتەوە..

کاك بایز ڕەزا پیرۆت هەڵەدنی سەرەتای ساڵی هەشتاکان دەبێتە پێشمەرگە، خانەنشینی پێشمەرگەیە لە گوندی هەڵەدن دادەنیشێت. لە ئەنفالە بەدناوەکەی دۆڵی جافایەتی، لە خێزانێکی بیست کەسی تەنها خۆی و

باوکی ڕزگاریان بووە. لەدوای تاوانی ئەنفال بە پارتیزانی دێتەوە بۆ کوردستان و لە سنوری قەڵادزێ دەستگیر دەکرێت تا دوای ڕاپەڕین و لە ساڵی ١٩٩٥ ئازاد دەکرێت، هاوسەرگیری دەکات خێزاندارە، باس لە حاڵەتی نائاسایی دەروونی و بێتاقەتی و بیرچوونەوەی خۆی دەکات، دەڵێت زۆر جار کە لەناو خزمان و برادەران و دۆستانمدام کاتێك قسەم بۆ دەکەن هیچ ئاگام نییە لە وتەکانیان و تەنیا هەست و بیرکردنەوەم لای دایك و خوشك و برا و هاوسەر و مناڵەکان و خێزانە گەورە ئەنفالکراوەکەمدایە، تەنها بە لاشە لە ناو کۆمەڵدام ئەوەش بۆتە هۆی گلەیی کردنی کەسانی بەرامبەر لە ساردی هەڵسوکەوتم.

بۆ ئەوەی ڕزگاربوانی ئەنفال و کەسوکاری ئەنفالکراوان لەو بارە دەروونییە ناجێگیرە دەرباز بکرێن یان کەمێك لە ئازاری ناڕەحەتی دەرونیان کەمبکرێتەوە، دەبێت خۆشەویستی دەوروبەر و کۆمەڵگەیان بۆ دەستەبەر بکرێت و ژینگەیەکی ئارام و ئومێدبەخشیان بۆ بڕەخسێت، ئەبراهام ماسلۆ پێداویستیەکانی مرۆڤ لە حەوت خاڵدا کورت دەکاتەوە سەرەکیترینیان خۆشەویستییە.

## ئەنفال زامێکی بەردەوامە

لـە دوای دروسـت بـوونی دەوڵـەتی عێراقــەوە هـیچ کاتێـك هێنـدەی سـاڵانی هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـوردوو پـڕ تـاوان و کارەسـاتبار نـەبووە بـۆ نەتــەوەی کورد، بەڵام گەورەترین تاوان ئـەنفال بـوو. ئـەنفال بـووە شوناسـی دیکتـاتۆری بەعسیەکان لای گەلی کورد و جیهان، ئەنفال بۆ سـڕینەوەی نەتـەوی کـورد بـوو چـونکە پـەیامی بـەعس بریتیبـوو لـە (امـة عربيـة واحـدة ذاتـة رِسـالة خالـدة)، دەسەڵاتێك ئەوە ڕوئیا و پەیامی بێت، تەنها نەتـەوەی عـەرەب بـە سەردەسـتە و شایستەی ژیان بزانێت و بیەوێت هەموو نەتەوە و ئایـدیاکانی تـر بتوێنێتـەوە لـە نـاو چوارچـێوەی نەتـەوەی عەرەبدا، بـیری بەعسـی بـوون بکاتـە پێـوەری دڵسۆزیی وڵات و عێراقی بوون، دڵسۆزی و نیشتیمان پـەروەری تـەنها لـە بـیری بەعسـیزمدا ببینێـت، دەسـەڵاتێك کـە ئـەوە پـەیامی بێـت دەبێـت تاوانـەکانی (ئەنفال و کیمیاباران و کوشتنی بەکۆمەڵ و.....هتد )ی لێ چاوەڕوان بکرێت.

هەرچـەندە بەرژەوەنـدی زلهێزەکـان و وڵاتـانی عـەرەبی و ئیسـلامی لەگـەڵ بەعس لە ئاستێکدا بـوو کـە بەرامبـەر ئـەو تاوانـە بێـدەنگیان هەڵبـژارد، بـەڵام تاکوتـەرا هەسـتی کەسـانی بەویـژدانی جوڵانـد، بـە جۆرێـك نوسـەری گـەورەی عێراقی (کەنعان مەکییە لـە کتێبـی (القسـوە والصـمت) لـە لاپـەڕە (١٦٥) لـە دەرئـەنجامی تـاوانی ئـەنفال دەڵێـت "هەسـتم بـە شـەرمێکی قـوڵ کـرد کـە تەعبیری لێناکرێت بە خۆم شەرم بوو کە لە وڵاتی عێراقدا لەدایك بووم".

بـەعس تـاوانی ئـەنفالی گـەلی کـوردی کـردە دوا پـەیامی دڵـی ڕەشـی خـۆی بەرامبـەر هاونیشـتیمانیانی وڵاتەکـەی، پێشـتر بـە بەرنامـەی داڕێـژراو کـاری کردووە لەسەر (تەهجیر و تەعریب و تەبعیس و جینۆساید)ی نەتـەوەکانی تـری غەیرە عەرەب بە تایبەت کـورد، ئـەنفالی سـاڵی ١٩٨٨ درێـژکراوەی پرۆسـەی جینۆساید کردنی گەلی کورد بوو.

## ئۆردوگا زۆره ملیەکان لە بەرنامەی تاوانی ئەنفالدا

ڕژێمی بەعس پێش تاوانی ئەنفال چەندین ئۆردوگای لە نزیك شەقامی گشتی نێوان شارەکان و لە دەرەوەی شارەکان کردەوە، پێش تاوانەکە بەشێکی زۆری گوندەکان لە ڕێگەی فڕۆکەی جەنگیەوە بۆمباران کران یان لەڕێگەی تۆپی دوورهاوێژەوە تۆپباران کران، هەموو ئەو خێزانانەی کە لەترسی تۆپ و فڕۆکەی ڕژێم ماڵ و حاڵیان بەجێ دەهێشت لەو ئۆردوگایانەدا کۆدەکرانەوە.

لە ڕێگەی پیاوانی بەعسەوە خەڵك ناونووس دەکران بۆ ئەوەی بچنە ئۆردوگا زۆرە ملیەکان، دوا بەرواری ناونوسین ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٧ بوو دوای ئەو بەروارە بە پێی بڕیاری نوسینگەی باکوری حیزبی بەعس کوشتن و زیندانی کردن چووە بواری جێبەجێکردنەوە.

ڕۆژێك پێش تەواو بوونی ئەو ماوەیە لە بەرواری ٢١ ی حوزەیرانی ١٩٨٧ بە بڕیاری ژمارە (٤٠٠٨) ی نوسینگەی باکور لە ڕێگەی (تاهیر تۆفیق العانی)یەوە بە سەر هەموو یەکەکانی سوپا و ئەمن و موخابەراتدا گشتێنرا و بڵاو کرایەوە کەوا ڕۆژی ٢٢ی حوزەیران دوا ڕۆژە خەڵك بچێت بۆ ئۆردوگاکان.

ئۆردوگاکان بە شێوەیەك بوون کە چواردەوریان تەلبەند کرابوون تەنها چەند دەرەچەیەکیان هەبوو بۆ هاتوچۆی هاوڵاتیان لە ژێر چاودێری وردی پیاوانی ڕژێمدا بوون.

ئۆردوگاکان لە دەرەوەی شارەکان بوون بە تایبەت ئەو شوێنانەی سەرو یان خواروی شەقامی گشتی کە بە ناوچەی قەدەغەکراو دانرابوون، هیچ هاوڵاتیەك بۆی نەبوو بێ پرسی پیاوانی ڕژێم بچێتە ئەو ناوچانە، ئەگەر سنوری قەدەغەکراوی تێپەڕاندایە بە تاوانبار دادەنرا، دەگیرا و ڕەوانەی زیندانە چارەنوس نادیارەکان دەکرا و دەخرایە ژێر لێدان و ئەشکەنجەدانەوە.

ئـەو کەسـانەی لـە تـاوانی ئەنفالـدا ڕزگـار بـوون و نـەگیران خزێنرانـە ئـەو ئۆردوگایانەوە، ئەوانەش کە دوای ماوەیەك لە زیندانـەکان بـوون و دواتـر ئـازاد کران ڕەوانەی ئۆردوگاکان کران.

لە ئۆردوگاکاندا تـەنها کـەمێك خزمـەتگوزاری سـەرەتایی وەك ئـاو و کارەبـا هەبوو، بە هۆی نەبوونی خوێندنگا لە ناو ئۆردوگاکاندا بۆ مـاوەی چـەند سـاڵێك منداڵان لە خوێندن دابڕان، نەبوونی نەخۆشـخانە و خزمـەتگوزاری سـەرەتایی و دووری ئۆردوگاکان لە شارە گەورەکان ژیانی دانیشتوانەکەی سەخت کـرد بـوو، بۆیــە بەشــێکی زۆری منــداڵان بــۆ دابــین کردنــی بــژێوی ژیــانی خۆیــان و خانەوادەکەیان ڕویان کردە کـارکردن، لـە ئەنجامـدا ڕێژەیـەکی زۆر لـە منـداڵان نەیانتوانی خوێندن تەواو بکەن و بڕوانامە بەدەست بهێنن.

ئەو پلانەی ڕژێمی بەعس پێچەوانەی جاڕنامەی مافەکانی منداڵـە کـە بـەپێی بڕیـاری کۆمەڵـەی گشـتی نەتەوەیـەکگرتووەکان بـە ژمـارە (٢٥/٤٤) کـە لـە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٨٩ دەرچووە بەم شێوەیە باس لـە مـافی منـداڵان دەکات تەنانەت لە کاتی جەنگیشدا:

لــە مـاددەی (٦) دا دەڵێـت "هــەموو منـداڵێك مـافی ژیـانی هەیـە، ئـەرکی دەوڵەت و دەسەڵاتیشە بـە هــەموو توانایـەوە مـافی ژیـان و گەشـەی سروشـتی منداڵان دابین بکات و بیپارێزێت".

دانیشــتوانی ئۆردوگاکــان لــە ڕووی دەرونییــەوە زۆر ناڕەحــەت و نـاجێگیر بوون، هەم لەترسی پیاوانی حکومەت کە چەندین کەسیان کردبـووە بـەرپرس و سـیخوڕ بـە سـەر خەڵکەکـەوە هـەموو جوڵـە و کردەیـەکیان لـە ژێـر چـاودێریی پیاوە بەکرێگیراوەکانی ڕژێمدا بوو، هـەم زینـدانێکی گـەورەی بـە تـەل گیرابـوو کە هیچ جۆرە ئازادیەکی تێدا نەبوو.

لــە ڕوی کۆمەڵایەتیشــەوە گرفتــی دروســت کردبــوو، چــونکە ڕوخانــدنی

گوندەکان و بە زۆر ناردنیان بۆ ئۆردوگاکان، کە هەر ئۆردوگایەك لە چەندین گوند پێکهاتبوو کە پێشتر یەکتریان باش نەناسیبوو شارەزایی نەریت و کلتوری یەکتر نەبوون و فێری یاسا توندەکانی ڕژێمی بەعس نەبوون.

جگەی لەوە زۆر ناڕەحەت و دڵ تەنگ بوون بۆ ئەو موڵك وماڵەی دەیان ساڵ بوو لە باب و باپیرانیانەوە بۆیان جێ مابوو هەموویان بەجێ هێشتبوو تەنها خۆیان ڕزگاریان بووبوو، هەندێك خانەوادە دایك و باوك یان منداڵ یان چەند کەسێکی خانەوادەکەیان ئەنفال و شەهید کرابوون، هەموو ئەو ڕووداوانەی بەسەریاندا هاتبوو گرفتی دەرونی بۆ دروست کردبوون، ئەوەش کاریگەری نەرێنی لە سەر پەیوەندی نێوان خانەوادەکان دروست کردبوو، دواجار گەلێك لایەنی نەرێنی بەجێهێشت کە تا ئێستاش کاریگەری لە سەر کۆمەڵگای کوردی بە جێهێشتووە و کێشەکانی قوڵتر کردووە.

بە پێی یاساکانی ئاسمان و زەوی مرۆڤ ئازادە لە ژیاندا و نابێت هیچ کەس و دەسەڵاتێك ئازادی لێ زەوت بکات، یان بە زۆر بیخاتە سەر فکری حیزبی یان دەستەمۆی دەسەڵات، تەنانەت مرۆڤ ئازادە لە دیاری کردنی دینی خۆی، خودای گەورە بە دەقی ئایەت مرۆڤی ئازاد کردووە دەفەرموێت (لا اكراه في الدين قد تبين الرشد من الغي) واتە باوەڕ هێنان بە ئاین هیچ زۆرە ملیەکی تێدا نییە و نابێت بە زۆر بێت، خودا ڕێگای ڕاستی لە ڕێگای چەوت جیا کردۆتەوە، خودای گەورە لە سورەتی یونس دا دەفەرموێت (أفأنت تكره الناس حتى يكونوا مؤمنين) واتە لە دینی ئیسلامدا بە هیچ جۆرێك زۆر و خۆسەپێن نییە.

لە خاڵی سێی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤدا هاتووە (هەموو کەس مافی هەیە ژیان و ئازادی و ئاسایشی شەخسی هەبێت).

ئەگەر چاوێك بە مێژوی عێراقی قۆناغی بەعسیەکاندا بخشێنین دەگەینە

ئـەو ڕاسـتیەی کـە هـاوڵاتی عێـراق بـە تایبـەت کـورد بێبـەش بـووە لـەو سـێ چەمکە، چەشتنی تاڵی و سوێری ژیان بەشی کورد بـووە، زۆرینـەی گونـدەکان بێبەش بوون لە خزمەتگوزاری ئـاو و کارەبـا و شـەقامی بـاش و خانووەکانیـان بە دار و بەرد و قوڕ دروست کردبوو، بەردەوام لە ڕەنج و کاردا بـوون بـە ئـامێر و کەرەستەی دواکەوتو بۆ بە دەستهێنانی بژێوی ژیانیان.

## دەرهاویشتەکانی جەنگی گەورەی عێراق-ئێران

حکومەتی عێراق جەنگێکی فراوانی بەرپاکرد لە گەڵ وڵاتـی ئێرانـی دراوسـێ کـە بـە یـەکێك لـە گـەورەترین جـەنگ دادەنرێـت لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت لـە سەدەی ڕابوردوو، لە جەنگی ئێران — عێراقـدا زیـاتر لـە یـەك ملیـۆن سـەرباز و هـاوڵاتی سـڤیلی هـەردوو وڵات کـوژران، زەرەری چـەندین ملیـار دۆلار بـە ئابووری هەردوو وڵات گەیشت ئەوەش بووە هۆی داڕوخانی ئابووری وڵات.

شـەڕی عێـراق – ئێـران مـاوەی هەشـت سـاڵی خایانـد، ئـەیلولی ١٩٨٠ دەستی پێکرد و تا ئابی ١٩٨٨ بـەردەوام بـوو. شـەڕێکی گـەورەی چـەکداری بـوو بـە جـەنگی یەکـەمی کەنـداو دەناسـرێت، ئـەم جەنگـە جـەنگێکی درێـژی ڕووبـەڕووی نێـوان دوو دەوڵـەتی سـەدەی بیسـتەم بـوو، دووەمـین درێـژترین جەنگ بوو دوای جەنگی ڤێتنام.

ئێران ناوی نابوو (بەرگری پیرۆز، شەڕی سەپێنراو، بە فارسـی پێـی دەوتـرا دفاع مقدس، جنگ تحمیلی)، عێـراق نـاوی نـابوو (جـەنگی قادسـیەی سـەدام)، عێراق دەیویست زەویەکانی ڕۆژهـەڵاتی شـەتولعەرەب دەسـت بەسـەردابگرێت، هاتنە سـەر دەسـەڵاتی دەوڵـەتێکی شـیعە مەزهـەب لـە ئێرانـی دراوسـێ تـەواو سـەرانی بەعسـی نیگـەران کردبـوو چـونکە نیـوەی زیـاتری دانیشـتوانی عێـراق شـیعەن، سـەرانی بـەعس ترسـیان هـەبوو ببنـە پاڵپشـتی شـیعەکانی عێـراق،

سەدام دەیویست پـێش ئـەوەی دەوڵـەتی خومـەینی جێ پێـی قـایم بکـات کـە ساڵی پێشوو بە کودەتـا هـاتبووە دەسـەڵات تـەفروتونای بکـات، بـە پاڵپشـتی جودا خوازانی عەرەب لە پارێزگای خوزستان.

ئێـرانیش دەیویسـت حکومـەتی بەعسـی سـەدام بڕوخێنێـت یـان هێـزی سەربازی عێراق لەناوبەرێت، بە پاڵپشتی هێزە جوداخوازە شیعەکانی عێـراق و کوردەکان تا بتوانێت لە عێراقدا دەوڵەتێکی سێبەر دروسـت بکـات، چۆن دوای ڕوخانی بەعسیەکان لە ساڵی ۲۰۰۳ ئەو ئامانجەی هاتە دی.

هـەردوو وڵات پـێش شۆڕشـی ئێـران و هـاتنی جمهـوری ئیسـلامی ئێـران نێوانیان زۆر باش نەبوو ١٠٤ جار جەنگ لە نێوانیاندا ڕوویدابوو.

سـەرەتای جەنگەکـە لـە لایـەن عێراقـەوە هەڵگیرسـا بـە هێرشـی ئاسمـانی هێزەکانی عێراق بۆ سەر دە فڕۆکەخانەی مەدەنی و سـەربازی ئێـران، هێرشـی زەمینـی بـۆ تـەواوی سـنورەکانی وڵات دەسـتی پێکـرد، هەرچـەندە عێـراق تۆمەتی دەست پێکردنی جەنگی دەخستە پاڵ ئێران.

بەهۆی دەستپێشخەری لە ناکاوی هێرشەکەوە عێـراق تـوانی چـەند شـارێکی گــەورەی ئێــران بگرێــت و دیلێکــی زۆر دەســتگیر بکــات، وەك شــاری خوڕەمشەهر، بەڵام ساڵانی دواتـر ئێـران تـوانی هێزەکـانی عێـراق دەربکـات، لە چوارەم سـاڵی جەنگیشـدا خوڕەمشـەهر بگرێتـەوە و جەنگەکـە لـە خـاکی خۆی بەرێتە دەرەوە.

لــە ســاڵی ١٩٨٥ هێزەکـانی ئێـران ویسـتیان جـەنگ بەرنـە نـاو خـاکی عێراقەوە، لە گۆماوەکانی سنور بپەڕنەوە، نزیك بوونـەوە لـە هـەردوو شـاری گەورەی عێراق بەسـرە و بەغـداد، لەگـەڵ پـەڕینـەوەی سـوپای ئێـران، هێـزە عێراقیەکان بە چەکی کیمیایی و بارگاوی کردنی ئـاوی گۆماوەکـە بـە تـەزوی کارەبـا، نزیکـەی ٤٠ هـەزار سـەربازی ئێرانیـان لـەناو بـرد و شکسـتیان بـە

ئۆپراسیۆنەکە هێنا.

لـە ٨ی حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٨٧ ئۆپراسـیۆنی کەربـەلای پێـنج دەسـت پێکرد بۆ گرتنی شاری بەسرە دووەمین گەورەشـاری عێـراق بـەڵام سـەرکەوتوو نەبوو، عێراق دووبارە دەستی برد بۆ بەکارهێنانی چـەکی کیمیـایی قەدەغـەکراو، زیـانێکی زۆری بـە هێزەکـانی ئێـران گەیانـد لـە ئـەنجامی ئـەو هێرشـە شکسـت خواردووە ٦٠ هەزار سەربازی ئێرانی و ٢٠ هەزار سەربازی عێراقی کوژران.

پێکهاتەی هێزە شەڕکەرەکانی هەردوو وڵات بەم شێوەیەبوو:

هێـزی شـەڕکەری عێـراق ٢٢٢ هـەزار سـەرباز، لـە کۆتـا سـاتەکانی شـەڕدا گەیشتە یەك ملیۆن چەکدار و خۆبەخش.

هێزە شەڕکەرەکانی ئێران سەرەتا ٢٤٠ هەزار سەرباز بوون، لـە سـاڵەکانی کۆتایی جەنگ بوونە یەك ملیۆن و پێنج سەدهەزار چەکدار و خۆبەخش.

زیانە گیانیەکانی جەگەکە:

زیانی گیانی هێزە عێراقیەکان

٣٤٠ هەزار کـوژراو، ٧٠٠ هـەزار برینـدار، ٤٠٠ هـەزار ئـاوارە و پەنابـەر، ٧٠ هەزار بە دیل گیراو.

زیانی گیانی هێزە ئێرانیەکان

٧٣٠ هەزار کوژراو، یەك ملیۆن و ٢٠٠ هـەزار برینـدار، ٢ ملیـۆن ئـاوارە و پەنابەر، ٤٥ هەزار بە دیل گیراو.

زیـانی مـاددی نزیکـەی ترلیۆنێـك و ٢٠٠ ملیـار دۆلار بـوو، خـاپور کردنـی سـەدان گونـد و شارۆچـکە و ناوچـەی ئـاوەدانی، لـە ناوچـوونی دەیـان ملیـۆن درەخـت و هــەزاران ناوچــەی شــوێنەوار و دارســتان، پــیس بــوونی هــەزاران کیلۆمەتر زەوی بە مین و پاشماوەکانی تەقەمەنی.

هەردوو وڵات بۆ ئەوەی سـەربکەون لـە جەنگدا پارەیـەکی زۆریـان تـەرخان

کرد بۆ کڕینی چەك و تەقەمەنی، تا پێشکەوتوترین و بە تواناترین چەك بکڕن، وڵاتانی جیهانیش بێ گوێ دانە مافەکانی مرۆڤ و جێکەوتە خراپەکانی جەنگ، لە پێناو بەرژەوەندی ئابووری خۆیان دەرگایان بۆ هەردوو وڵاتی شەڕکەر واڵا کرد تا بە بەپێی داواکاری خۆیان چەك بکڕن.

عێراق بۆ کرینی چەك و تەقەمەنی ڕوی کردە وڵاتانی (یەکێتی سۆڤیەت ڕوسیای ئێستا، ئەمریکا، چین، میسر، فەڕەنسا، بەریتانیا، ئیتالیا، سعودیە، ئەردەن و کوێت).

وڵاتی ئێرانیش دەستەوەستان نەوەستا پەیوەندی لە گەڵ چەند وڵاتێك بەست بۆ کڕینی چەك و تەقەمەنی لەوانە (سوریا، لیبیا، کۆریای باکور، چین، ئیسرائیل، یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا).

ئەو جۆرە چەکانەی بەکار هاتن بریتیوون لە چەکی بچوك و مامناوەند، چەکی گەورە، هاوەن، مین، تۆپ، موشەك، تانك، زرێپۆش، فڕۆکە، هێلیکۆپتەر، چەکی کیمیایی و چەکی لێزەر، ئەو وڵاتانە بە ناڕاستەوخۆ بەشداربوون لە جەنگی نێوان ئێران و عێراقدا، لە یەك کاتدا چەك و تەقەمەنی وڵاتێکی دیاری کراو دەنرا بە سنگی جوندیەکی عێراقی و سەربازێکی ئێرانی، واتە وڵاتانی چەك پێدەر دەبوونە بکوژی سەربازانی هەردوو وڵات.

هەشت ساڵ شەڕکردن لەگەڵ وڵاتێکی گەورەی دراوسێی وەکو ئێران، عێراق ڕووبەڕووی قەرزێکی زۆر بووە لە سایەی سیاسەتی شەڕەنگێزی سەدام، قەرزەکانی ڕۆژئاوا و ژاپۆن لەسەر عێراق گەیشتە ٢٥ تا ٣٥ بلیۆن دۆلار، یەکێتی سۆڤیەت (ڕوسیای ئێستا) ١٠ بلیۆن دۆلار، وڵاتانی کەنداو بە تایبەت سعودیە و کوەیت زیاتر لە ٥٠ بلیۆن دۆلار، کۆی گشتی قەرزەکانی سەر عێراق گەیشتە ١٠٠ بلیۆن دۆلار.

لە ماوەی شەڕدا داهاتی تاکی عێراق دابەزی بۆ ئاستی نیوەی ساڵی

١٩٨٠، لەوە زیاتر چاککردنەوەی ژێرخانی عێراق مەزندە دەکرا پێوستی بە گەڕخستنی نزیکەی ٢٠٠ بلیۆن دۆلار بێت.

سەدام جەیشێکی گەورەی یەك ملیۆنی دروست کردبوو بە بێ ئەوەی ئەرکێکیان هەبێت، بۆیە ئەو جەنگانەی هەلگیرساند تا سەرقالیان بکات و بیر لە کودەتای سەربازی نەکەنەوە، هەرئەوەش بوو کە کۆمەلێك ئەفسەری بالا بە تۆمەتی کودەتا لە پلەی سەربازی دوور خرانەوە، لەناوبردنی عەدنان خەیرولای کوڕەخالی و ژنبرای جێگای گومان بوو کە سەدام کوشتبێتی کاتێك کۆپتەرەکەی لە هەلومەرجێکی نادیاردا سالی ١٩٨٩ تێك شکا، لە سالانی پێش کۆتایی دەسەلاتیدا حسێن کامیل و براکەی کە زاوای سەدام بوو لە تاراوگە دەژیان بە فێل و درۆ هێنانیەوە عێراق، پاش ماوەیەکی کورت هێزێکی ناردە سەریان و لە مالەکەی خۆیاندا کوشتنی.

لە سالی ١٩٨٧ ڕژێمی بەعس بە چەکی کیمیایی هێرشی کردە سەر ولاتی ئێران و شاری سەردەشت لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کیمیاباران کرد، کە بووە هۆی شەهید بوونی ١١٠ سەدو دە هاولاتی و بریندار بوونی هەشت هەزار هاولاتی سڤیل.

سەدام و بەعسیەکان دەیانویست جەنگ بووەستێت و ئاوڕێکی بێ ڕەحمانەی خۆیان لە کورد بدەنەوە، کە بە پالپشت و ڕێنوێنی هێزە ئێرانیەکانیان دەزانین. سالی ١٩٨٧ ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ژمارە ٥٩٨ ی دەرکرد، هەردوو ولات دوای ١٣ مانگ پابەند بوونیان بە ڕێکەوتننامەکە ڕاگەیاند، هەرچەندە بەلای ئێرانیەکانەوە جەنگ ڕاگرتن خۆ کوشتن بوو چونکە هاوسەنگی هێز گۆڕابوو هێزی ئێران بە تواناتر دەردەکەوت، ئیمام خومەینی ڕێبەری شۆڕش و جمهوری ئیسلامی ئێران جەنگ ڕاگرتنی چواند بە کوپێك ژەهری خۆکوژ بەلام ڕازی بوو.

هێزی ئاشتی پارێز لەسەر سنوری هەردوو ولات جێگیر کرا، بە پێی

ناوەڕۆکی بڕیارەکە هەردوو وڵات جەنگ ڕابگرن و بگەڕێنەوە سەر سنوری خۆیان، گۆڕینەوەی دیلەکان، دەستکردن بە گفتوگۆی ئاشتی، ئاوەدانکردنەوەی هەردوو وڵات بە هاوکاری نێودەوڵەتی.



ساڵێك پێش وەستانی شەڕی عێراق - ئێران، فڕۆکەکە نیشتوەتەوە ژمارەیەك بریندار بگوازێتەوە. شاربازێڕ - گوندی ئیساوێ، ساڵی ۱۹۸۷.





جەنگی عێراق - ئێران

## سەرکەشیەکانی سەدام بەردەوام بوو

پێش کۆتایی هاتنی جەنگی عێراق – ئێران ڕژێمی بەعس بە بەرنامە کاری دەکرد بۆ کۆمەڵکوژی گەلی کورد لە ڕێگای کوشتنی تاك و بە کۆمەڵ لە ژێر ئەشکەنجەدا تا دواجار هەستا بە جێبەجێکردنی بەرنامەی سڕینەوەی کورد بە کیمیاباران و تۆپباران کردنی کوردستان، هەر لەو سەروبەندەدا لە ڕۆژی ١٦ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ بە چەکی کیمیای قەدەغەکراو لە ڕێگەی فڕۆکە جەنگیەکانەوە هێرشێکی فراوانی کردە سەر شاری هەڵەبجە لە ماوەی چەند کاژێرێکدا پێنج هەزار هاوڵاتی سڤیلی شەهید کرد، دەیان هەزاری تری بریندار کرد کە تا ئێستاش هەندێکیان بە ئازار و ناڕەحەتی کاریگەریەکانی کیمیاییەوە دەناڵێنن، ساڵانەش چەندین هاوڵاتی بە کاریگەری ئەو چەکەوە گیان لەدەست دەدەن. بەوەش نەوەستا تاوانی ئەنفالی ئەنجامدا، بۆ ئەو مەبەستەش ئاڵوگۆڕی سەربازی کرد لە ناوچە کوردستانیەکان و گەورەترین دڕندەی کۆتا سەدەی بیستەم، عەلی حەسەن مەجید، کە نازناوی عەلی کیمیاییە کردە لێپرسراوی مەلەفی ئەمنی کوردستان.

بە بڕیاری ١٦٠ ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ٢٩ ی ئازاری ١٩٨٧ لە کۆبونەوەی سەرکردایەتی شۆڕشدا بڕگەی (ڕ) لە ماددەی (٤٢، ٤٣)ی دەستور و بە واژۆی خودی سەدام حسێنی سەرۆکی عێراق و هێزە چەکدارەکان نزیکترین کەسی خۆی کە متمانەی تەواوەتی پێی بوو چونکە دوودڵ نەبوو لە هەر فرمانێك کە جێبەجێی بکات، (عەلی حەسەن مەجید)ی ئامۆزای کردە دەسەڵاتداری یەکەم و بێ ڕکابەر لە باکوری عێراق (هەرێمی کوردستان)، دواتریش پۆستی بەرپرسی یەکەمی ڕێکخستنەکانی حیزبی بەعسی پێدرا و کرا بە ئەمینداری گشتی نوسینگەی باکوری ڕێکخستنی حیزب هەموو هێزەکانی ئەمن و سوپا و موخابەرتیشی خرایە ژێر دەست.

عەلی کیمیایش هـەر زوو دەسـتوبردی کـرد بـۆ ئـەوەی بـە بەرنامەیـەکی ورد گرفتی کوردبوون لە عێراق چارەسەر بکات، بە لەناوبردن و هەڵتەکانـدنی بنکـە سەرکیەکانی سەرکردایەتی پێشمەرگە کە کەوتبوونە دۆڵـی جافایـەتی، ویسـتی لێدان لەو ناوچەیە بکاتە دەسپێکی لە ناوبردنی هەموو گـەلی کـورد، کوردسـتان لە سەر نەخشەی عێراق بسڕێتەوە.

حکومەتی بەعس سەرەتا بـە بەرنامـە کـاری کـرد بـۆ ئـەوەی دانیشـتوانی ناوچـە شـاخاویەکان کـە بووبوونـە پەناگـەی پێشـمەرگە بگوازێتـەوە بـۆ نـاو شـار و ئۆردوگـا زۆرە ملیـەکان بۆئـەوەی جوڵـە و کـار و قسـەیان لـە ژێـر فەرمان و کۆنترۆڵی خۆیدا بێت.

هـەر کـوردێکیش بـەوە ڕازی نـەبوو چارەنوسـی لـەناوبردن و دەرکردنـە لـە خاکی عێراق هەرچەندە بە پێـی بەرنامـەی ڕژێـم ئەوانـەی لـە ئۆردوگاکـانیش بـوون ئەگـەر نەبنـە ئەنـدامی حیزبـی بـەعس و خۆیـان نەنووسـن لـە هێزەکـانی جەیشـی شەعبی و فەوجەکانی خەفیفە دەبێت بە دوژمن سەیر بکرێن و لەناو ببرێن.

هەر بۆ ئەو مەبەستە عەلی حەسـەن مەجیـد لـە ١٥ی نیسـانی ١٩٨٧ و لـە یەکەمین کۆبونەوەی لەگـەڵ سـەرانی بـەعس (ئەفسـەرانی پلـە بـەرزی سـوپا و بەپرسـانی ئـەمنی و پاریزگارەکـان) بـە ڕونـی نیـاز و مەبەسـتی وێرانکـاری کوردستان و کۆمەڵکوژی کوردان و سیاسەتی حیزبی بەعسی پـێ ڕاگەیانـدبوون کە دەیانەوێت چی لە گەلی کوردستان بکەن.

بە پێی بەرنامە بەعس هەموو ئـەو هاوڵاتیانـەی کـە لـە گونـدەکان مانـەوە و ڕازی نەبوون بچن بۆ ئۆردوگا زۆرە ملیەکان بـە خـائین و بـەکرێ گـیراوی ئێـران دادەنـران، وەك پێشـمەرگە سـەیر دەکـران و دەخرانـە نـاو بازنـەی سـوری بەعسەوە، دەسەڵاتی تـەواو درابـوو بـە هێـزە سـەربازی و ئەمنیـەکان هەرچـی بەردەستیان کەوت لە ناوچەی یاساغ بیکوژن.

## مەرگەساتی ئۆردوگای هەوارە خۆڵی بانە

حکومـــەتی عێــراق هـــەنگاو بـــە هـــەنگاو چـــاودێری هاوڵاتیـــە دڵســـۆز و تێکۆشەرەکەی دۆڵی جافایەتی دەکرد، لـە کـاتی کـۆڕەوی مـانگی ئـازاردا لـە ڕێگەی فڕۆکەی پیلاتۆز و سیخۆوە تـا ئـاودیوی کوردسـتانی ڕۆژهـەڵاتی کـردین چاودێری وردی کردین و نەیهێشت بێ ترس بڕۆین.

کاتێك گەیشتینە نـاو شـاری بانـە هەنـدێك بەسـەر ماڵـەکانی بـرا کوردەکـان دابەش بووین، دواتر حکومەت بە شێوەی کۆمـەڵ خسـتینیە چـەند دەواجینێـك (جوجەکەشی) و هەنـدێکیش لـە نـاو شـاری بانـە خانویـان بـەکرێ گـرت، دوای ماوەیـــەك لەســـەر داوای خوالێخۆشـــبوو مـــامم محەمـــەد ســـوارە هەڵـــەدنی فەرماندەی پێشمەرگە و ڕیش سپی دۆڵی جافایەتی لـە ڕێگـەی حیزبـەوە داوای لـە بەرپرسـانی حکـومی شـاری بانـە کـرد ئۆردوگایـەکمان لەلایـەن حکومـەتی ئێرانەوە بۆ کرایەوە لە سنوری گوندی هەوارە خۆڵی شاری بانە.

خێمە و پێداویستیەکانی تر لە ڕاخەر و پۆشاك و قاپ و قاجاغمان بـۆ دابـین کـرا ماوەیـەك پشـوماندا، بـاوکم و بەشـێك لـە خزمـان پێشـمەرگە بـوون بـە فەرماندەیی مامە محەمەد سوارە پەیوەندیان کرد بە یەکەکانی خۆیانەوە.

دیـارە لـە ڕێگـەی سـیخوڕەکانی بەعسـەوە چـاودێری ورد خرابـووە سـەر ئۆردوگاکە کـە زیـاتر لـە هـەزار کەسـی تێـدابوو، بـە شـێوەیەك لـە ئـاوارەیی و ژیانی سەختی گەرمای هاوین لە نـاو خێمـەدا دەژیـاین، بەعسـیەکان ئـەو ژیانـە سەختەشـــیان پـــێ ڕەوا نـــەبینین، نەیانهێشـــت پشـــوو بـــدەین ئـــەو ژیانـــە ناڕەحەتیەشیان لێکردن بە دۆزەخ.

چەند ڕۆژێـك پـێش کارەسـاتەکە لـە ڕێگـای چـەند فڕۆکەیـەکی سـەربازی عێراقەوە کە بە ئاسمانی سەر ئۆردوگاکـەدا دەڕۆیشـتن تـرس و دڵـەڕاوکێیان خستە ناومانـەوە، لەسـەر ڕێنمـایی لێپرسـراوی ئۆردوگاکـە جـارێکیتر ئـاوارە

بووینەوە و چووینە دەرەوەی ئۆردوگا بۆ ژێر دار و بەرد، ئۆردوگا چۆل کرا هەندێك کەس مانەوە، جارجاریش دەبوایە بۆ هەندێك پێداویستی بچوینایەوە ناو ئۆردوگا.



باوکم لەگەڵ خوالێخۆشبوو مامم محەمەد سوارە و هەڤاڵەکانیاندا، ڕۆژهەلاتی کوردستان، ساڵی ١٩٩٠.

لەگەڵ هەڵهاتنی خۆری بەیانی و سەرەتای ڕۆژێکی نوێدا لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٧/١٠ بە چەندین فرۆکەی سەربازی و هەڵگری بۆمبی کیمیایی پەلاماری دانیشتوانی ئۆردوگاکەیان دا و دەیان کەسمان شەهید و بریندار بوو یەکێك لە شەهیدەکان بە ناوی ئاراس ئەحمەد حەمەئەمین هەڵەدنی تەرمەکەی بەردەستی کەسوکاری نەکەوتەوە و نازانرێت ڕوفاتی لە کوێیە.

تائێستاش هەندێك لەو بریندارانە بە ئازاری برینەکانیانەوە دەناڵێنن خۆم یەکێك بووم لە بەرکەوتوان لە ئێستادا توشی هەناسە توندی وکۆکەی

بەردەوام بووم، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابووردوشدا چەندین بریندارى ئەو ڕوداوە بە هۆی سەختی برینەکانیانەوە شەهید بوون.

## ماوەی زیاتر لە ٣٤ ساڵە بە دەم ئازاری کیمیابییەوە کاتەکان بەڕێ دەکەین

ئامۆژنە گەوهەرم هاوژینی مامە سەعیدی ڕەحمەتیم یەکێکە لە بەرکەوتوانی کیمیایی هەوارە خۆڵ ئێستا لە ژیانێکی زۆر ناڕەحەتدا چرکەکانی تەمەن بەڕێ دەکات هەرچەندە لە بەر کۆکە و ئازار توانای قسەکردنی کەمە چونکە زۆرینەی کاتەکان ئۆکسجینی بەسەرەوەیە هەرچۆنێك بێت توانیم کەمێك بیهێنمە گفتوگۆ.

وتی چەند ڕۆژێك پێشتر دوو فڕۆکەی سەربازی عێراق بە سەر ئاسمانی ئۆردوگاکەدا تێپەڕین، حکومەتی ئێران ئێمەی ئاگادار کردەوە کە ئۆردوگا چۆل بکەین بۆیە چووبینە بەرامبەر ئۆردوگاکە بۆ ناو دارستانێك لەوێ بۆ ماوەی چەند شەو و ڕۆژێك دەماینەوە، کامەرانی کوڕم کە تەمەنی بیست ساڵان بوو ئەو ڕۆژە لە گەڵ شەهید هەمزەی ئامۆزای لەگەڵمان نەهاتن و لە ناو خێمەکاندا مانەوە، تازە خۆر کەوتبوو چەند فڕۆکەیەك هاتن و ئۆردوگاکەیان بۆردومان کرد، منیش ئاگری جگەر هەڵی گرتم و بەرەو ئۆردوگا ڕامکرد بۆ هەواڵی کامەران و هەمزە چوم بۆلای خێمەکانی خۆمان، وەکو ڕۆژی حەشر وابوو تەپوتۆز ئەو ناوەی تەنیبوو خێمەکانمان سوتابوون من نەمزانی کیمیاییە دەگەڕام بەدوای ئەواندا هەستم بە بۆنێکی نا ئاسایی کرد ناڕەحەتی کردم هەناسەم توند بوو، هەواڵی کامەران و هەمزەم بیست کە ماون نەمزانی برینـدا بوون، بە داخەوە هەمزە و توانای کوڕم و چەندین خزمیتر شەهید بوون لە گۆڕستانی گوندی سەرچاوەی سەقز لە ناو ئامێزی خوشك وبراکانی ڕژهەڵاتی کوردستاندا بەخاکمان سپاردن، بەڕاستی ڕۆژێکی

ناڕەحەت و مەئەسات بوو، من و کامەران و چەندین خزمی تر ماوەی زیاتر لە ٣٤ ساڵە بە دەم ئازارەوە کاتەکان بەڕێ دەکەین، هەرچەندە دوای ئەو ڕوداوە خوای گەورە کچێکی پێبەخشیم بەڵام کاریگەری ئەو چەکە کاری کردە سەر ئەویش و دوای سێ چوار ساڵ کەوتنە جێگا گیانی سپارد.



ئامۆژنە گەوهەر و خزمانی لەسەر مەزاری شەهیدان هەمزە و توانا، ڕۆژهەڵاتی کوردستان - گۆڕستانی سەرچاوەی سەقز، ١٩٨٨\٨\٢٥.

## ناخۆشترین کات کە هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە هەواڵی کوێر بوونم بوو!

عمید عوسمان حاجی مەحمود یاخیانی پێشمەرگەی دێرین، بەهۆی تاوانی ئەنفال و ئاوارەیی نەیتوانی خوێندن تەواو بکات لە قۆناغی ئامادەیی وازی هێنا و چەکی کوردایەتی کردە شانی و چووە ناو ڕیزی پێشمەرگەوەبەردەوام بووە تا وەك کەمئەندامی سەنگەر بە پلەی عەمید خانەنشین کراوە، لە هەرکوێیەك پێویستی هەبوبێت چووەتەوە ڕیزی پێشمەرگە بە تایبەت لە شەڕی دژی داعش، ئێستا ئەندامی ئەنجومەنی پشتیوانیە لە مەکتەبی ڕێکخستن.

یەکێك بوو لە بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی ئۆردوگای هەوارەخۆڵ، بەداخەوە هەر بەو هۆیەوە چاوێکی لە دەستداوە، لە چاوەڕوانی مەرگدا ڕۆژەکانی بەڕێ دەکرد، بەم شێوە باسی برینداربوونی خۆی کرد.

لەو ڕۆژەدا کاتێك ئێمە لە چاوەڕوانی سپێدەیەکی نوێدا بووین چەند فڕۆکەیەکی سەربازی بەعس هاتن وەکو وەیشەمەی مەرگ ژەهر بارانیان کردین، من هەرچەند دوور بووم لە شوێنی ڕوداوەکە چونکە ماڵی ئێمە چەند ڕەدیفێك لە ماڵەی هەڵەدنیەکان دوور بوو، بەڵام دەمزانی شەهید هەمزە و کامەران کە دوو هاوڕێی خۆشەویستم بوون لەوێ بوون بەرکەوتون، منیش چووم بەرەو پیریان بزانم ماون، کاتێك چووم منیش وەکو ئەوان توشی هەناسە تونـدی و تێکچونی تەندروستی بووم، لە نەخۆشخانەی بانە چارەسەری سەرەتایمان بۆ ئەنجامدرا، بە پاسێك کە کورسیەکانیان دەرکردبوون بۆ ئەوەی ئێمە لە ناویدا پاڵ بخرێین بردیانین بۆ شاری تەورێز دابەشی نەخۆشخانەکانی (ئیمام خومەینی، شەهید قازی تەباتەبایی، سینا، نیقاتگا) کراین.

من و چەند نەخۆشیەك براینە نەخۆشخانەی سینا دواتر بردیانین بۆ نەخۆشخانەی شەهید قازی تەباتەبایی لە هۆڵێکی فریاکەوتنی خێرا(اورژانس)

دایاننداین، ڕۆژانە بە مەرهەم هەموو جەستەی بریندارمان چەور دەکرا هەردوو چاوم لە بینایی کەوتبوون هیچم نابینی بەڵام دەمبیست کە ڕۆژانە لە بریندارەکان گیانیان دەبەخشی و شەهید دەبوون، تا نزیکەی چل ڕۆژ ئێمەش لە چاوەڕوانی مەرگدا بووین، دوای ئەوەی کە مردنمان تێپەڕاند بردیانین بۆ قاوش، ناخۆشترین کات کە هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە هەواڵی کوێر بوونم بوو لە دەمی دکتۆرەکانەوە بیستم بە فارسی وتیان(اسف چشمی کور شود)، زۆر ناڕەحەت بووم بە بیستنی ئەو هەواڵە لەبەرئەوەی لەتەمەنی لاوێتیدا بووم کە تەمەنم ١٧ساڵ بوو، لە هەمان کاتیشدا نامزانی دایك وباوك و کەسوکارم دوای کارەساتەکە چیان لێهاتووە بە داخەوە بۆ هەتاهەتایە چاوی ڕاستم کوێر بوو چونکە پارچەیەك چووبووە ناویەوە و کوێری کردم.

هەرچەندە هەواڵی لە دەستدانی چاوم زۆر بێتاقەتی کردم بەڵام بە بیستنی شەهید بوونی هەمزە مەحمود هەڵەدنی تەواو ناڕەحەت بووم، لەوە ناخۆشتر تەنها من زانیبووم کە شەهید بووە نامزانی چۆن بە ئامۆزاکانی بڵێم هەرچەندە تەمەنی لە بیست ساڵیدا بوو بەڵام کەسێکی باش و خۆشەویستی ناو خزم و هاوڕێکانی بوو، شەهید هەمزە دەیویست وەکو خزمان بە چەکی شانی لە بەرەی پێشمەرگایەتیدا بەردەوام بێت تاکوردستان ڕزگاری دەبێت بەڵام نەگەیشت بەو ئاواتە.

ئەوەی جێگای ڕێز و پێزانین بوو بەرپرسانی نوێنەری یەکێتی کاك (د.خەسرەو و د.محسین) هاتن بۆ لامان ئەوان زمانزان بوون ڕێنماییان کردین و بۆ هەر بریندارێکیش بێ جیاوازی لایەنی سیاسی کە هەندێك لە بریندارەکان پێشمەرگەی پارتی بوون بۆ هەر بریندارێك بڕی ٢٥٠٠٠ هەزار تمەنیان پێدابن.



عوسمانی حاجی مەحمود لەنێوان ڕەسوڵ حاجی عەبدوڵڵا دۆڵ مازەڵەیی و خوالێخۆشبوو
عومەر کوێخا محەمەد جوبلاخی لە تەبرێز دوای دەرچونیان لە نەخۆشخانە.

**دوای مـاوەی چـوار مـانگ لـە نەخۆشـخانە گەڕاینـەوە بـۆ لای کەسـوکارمان گواسـترابوونەوە ئۆردوگـای سـەرای سـەقز، نوسـراوی نەخۆشـخانەماندا بـە بەرپرسـی کەمپەکـە وتـی بـەڵێ کەسـوکارتان لێرەیـە بچـن بـۆ لایـان، کاتێـك بینیم دایکم و باوکم بەو تەمەنەوە لە چـاوەڕوانی منـدا دەسـت لەسـەر ئـەژنۆ و بـە چـاوی پڕفرمێسـکەوە لـە بـەر دەم خێمـەکان دانیشـتبوون سـەلامم لێکـردن سـەرەتا نەیانناسـیمەوە دوای ناسـینەوەم لـە باوەشـی پڕسـۆزیان گرتم و فرمێسکی خۆشیان وەکـو تـاوی بـاران سـارێژی برینـەکانی جەسـتەی دەکردم، ئەوان چوار مانگ بـوو ڕۆژەکـان و سـاتەکانی ژیانیـا لـە چـاوەڕوانی هەواڵی مندا بەڕێ دەکرد.**



سواره عومەر هەڵەدنی لە ئۆردوگای سەرای سەقز، ساڵی ١٩٨٨.

## ئێزیدیەکان لەبەردەم مەترسی جینۆسایددا

تاوانـەکانی داعـش (دەوڵـەتی ئیسـلامی لـە عێـراق و شـام) لـە ناوەڕاسـتی دەیـەی دووەمـی سـەدەی بیسـت و یـەك دژ بـە کـوردانی ڕۆژئـاوا و باشـور بـە تایبەت کوردانی یەزیدی شەنگال لە تـاوانی ئـەنفالیش قێـزەونتر بـوو، گەیشـتە ئەو ئاستەی کە بە زیندویی مرۆڤ سەر ببڕن یان بە زیندویی سـوتاندنی هـاولاتی بێ تاوان، شوێنەواری دێرینی هەزار ساڵەی موسـوڵمانان و مەسـیحی و یەزیـدی و ئاینەکانیتر لە شاری موسڵ و شەنگال خاپور بکەن کە سـەلمێنەری مێـژوویی دێرینی خاکی عێراق بووە کە شوێنی نیشتەجێ بـوونی مـرۆڤ بـووە بـە بـیر و باوەڕی ئاینی و نەتەوەییەوە، لە زێدی بابوباپیریان وەدەرنـران و جینۆسـاید

کــران و دیموگورافیــای ناوچــەکەیان تێــك درا و کلتــور و شــوێنەواری لــە مێژینەیان شێوێنرا و سوکایەتی بە پیرۆزیەکانیان کرا، سەدان ئافرەتیـان بـە غەنیمە بردن و کردیانن بە کەنیزەك لە بازاڕەکـانی ژێـر دەسـتیان لـە شـام و عێراق مامەڵەیان پێوەدەکرا.

دەبێـت بپرسـین کـام ویـژدان و ئـاین و یاسـای نێودەوڵـەتی ڕێ بـەو جـۆرە کردەوانە دەدات؟

بێـدەنگ بـوونی دەوڵاتـانی زلهێـز و بـە نـاو ئیسـلام لـە ئاسـت مەرگەسـاتی بەکۆمــەڵ و تــاوانی دڕندانــە و نامرۆڤانــە جێگــای تێڕامــان و پرســیارە، بــۆ بەربەستێك بۆ ئەو جۆرە تاوانانە دانانێن؟!

ئەوەی سەدام و بەعس بە کوردیان کـرد داعـش زیـاتری کـرد، بـە زینـدوویی لاشەی پیرۆزی ڕۆڵەی کوردی لەناو قەفەسـدا دەسـوتاند یـان دەیانخسـتنە نـاو قەفــەس و نقــومی ئــاوی ڕوبــار و گۆماوەکــانی دەکــردن، یــان بــە پۆشــاکی پرتەقاڵی و بـە دەسـت بەسـتراوی و بـە چـاوکراوەیی گوللـە بـارانی دەکـردن و دواتر پیشانی جیهانی دەدان.

دوای چەندین ساڵ لەو کردە وەحشی گەریـەی داعـش ئێسـتاش تـاك و تـەرا کچانی ڕفێنراو دوای مانەویان ئـازاد دەکـرێن، ئەگـەر سـەیری سـیمای کـوردانی یەزیـدی یـان دانیشـتوانی ئـەو ناوچـانەی کـە پێشـتر داعـش داگـیری کردبـوون بکەین دەبینن چۆن هاوڵاتیانی بێتاوانیان چەوساندۆتەوە.

تاوانێکی زۆر گەورە و نامرۆڤانە بـووە و کاریگـەری نـەرێنی کردووەتـە سـەر دەرونی گیراوان و کەسوکاریان بەشێوەیەك هەندێکیان توشـی خـەمۆکی بـوون. ئەگەر بەرگری هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هاوپەیمانان نەبوایـە تاوانـەکانی داعش زیاتر دەبوو.

## ژنە ڕزگاربوویەکی ئێزیدی: هەشت ساڵە لە ترسی داعش نەخەوتووم و خەوم زڕاوە!!

ڕۆژی ١٠ی ئابی ٢٠٢٢ لە سایتی هاوڵاتی بابەتێکم بینی باس لە ژنێکی ڕزگاربووی دەستی داعش دەکات چۆن توشی کێشەی خەوزڕان بووە، ماوەی هەشت ساڵە خەوی لێزڕاوە، هەمیشە لە خەیاڵی ئەو ڕۆژانەدایە کە چۆن داعش نارەحەتیان کردووە و کەسوکارەکەیان لێ دابڕیوە و کوڕەکەیان کوشتووە و سوکایەتیان بە خۆی کردووە، وەکو نمونەی توندوتیژی داعش بەرامبەر کوردانی یەزیدی چاوپێکەوتنی خاتو سارای تەمەن حەفتا ساڵ وەك خۆی دەنوسمەوە.

سارا ڕەڤۆی ٧٠ ساڵ، ژنە ڕزگاربوویەکی دەستی داعشە و ئێستا لە کەمپی شاریا لە دهۆك لەگەڵ هاوسەرەکەی و سێ نەوەی دەژیت کە ئەوان بە یادگاری کوڕەکەی ناو دەبات. سارا خەڵکی گوندی گرعوزێر سەربە قەزای شنگالە و بۆ ماوەی ساڵ و نیوێك ڕۆژەکانی خۆی لەژێر نەهامەتی و دەسەڵاتی ڕەشی تیرۆریستانی داعشدا بەسەر بردووە. سارا ڕەڤۆ بۆ ئاژانسی ئانادۆڵ ئاماژەی بەوەدا کە هەموو جۆرە نەهامەتییەکی بینیوە و ئەو ڕۆژە ڕەشانەی هەرگیز لە بیر ناچێتەوە کە لەژێر حوکمی داعشدا گوزەراندوویەتی، ناتوانێت هەموو شتێك باس بکات ئەو تەنیا بەشێك لە نەهامەتییەکان باس دەکات.

لە سێی ئابی ٢٠١٤دا کاتێك داعش هێرش دەکاتە سەر قەزای شنگال، سارا ڕەڤۆ لەگەڵ نۆ کەس لە ئەندامانی خێزانی دەکەوێتە دەست داعش. ئەو دەڵێت من و دوو ژنی دیکە و حەفت پیاو و منداڵ لە ئەندامانی خێزانی ئێمە کەوتینە دەست داعش، ژمارەیەکی زۆر کوردی ئێزدی کوژران و بریندار بوون، هەروەها ژمارەیەکی زۆری دیکەیش ئاوارەبوون، ئەمە وێڕای ئەوەی سەدانی دیکەیش ڕفێندران کە تا ئێستا چارەنووسی ژمارەیەکی زۆریان نادیارە. سارا ڕەڤۆ باسی ژیانی خۆی دەکات و دەڵێت "کوڕێکی من بە ڕووداوی هاتوچۆ و

یەکێکی دیکەش بە تەقینەوەی گرعوزێر گیانیان لە دەست دا تەنیا کوڕێکم مابوو ئەویش لەگەڵ ئەو فەرمانە کەوتە دەست داعش و داعش کوشتی". ئەو زیاتر باسی ئەو ڕۆژە دەکات و دەڵێت "لە ڕۆژە ڕەشەکە سەعات هەشتی بەیانی لە ماڵەوە دەرچووین بەرەو قەریچ نزیك گۆری عەودۆ لە وێ کەوتینە بۆسەی داعش و گیراین بێجگە لە ماڵی خۆم ماڵی باوکم و چەندین خزمی دیکەشی گیران، بەڵام ئەو ڕۆژە هەر کەس خەمی خۆی بوو، ئەو ڕۆژە بوو کە کوڕەکەشم لەگەڵ ئێمە گیرا". سارا ڕەڤۆ کە زیاتر خەفەت لە کوڕ و نەوەکانی دەخوات گوتی: "دوای ئەوەی کە من و خەلەفی کوڕم و نەوەکانم کەوتینە دەست داعش ئێمە تەنیا چوار کەس گەڕاینەوە، بەڵام مانەوەمان و گواستنەوەی ئێمە لە چەندین شوێنی جیاجیا هەر هەمووی تراجیدیا بوو بە جۆرێك لەو ڕۆژەوە تا ئێستا خەوم لێ زڕاوە و ناتوانم بخەوم. لە سەرەتا کە ئێمەیان گواستەوە بۆ تەلەعفەر کچەکانیان لە ئێمە جیا دەکردەوە و کەس بۆی نەبوو قسە بکات، چونکە دەکوژرا و ئێمە دەمانزانی کە هەر پیاوێکیش لە ئێمە جیا بکرێتەوە دەکوژرێت. هەموو ڕۆژەکانی ژێر دەستی داعش ناخۆش بوون، بەڵام زۆرترینیان ئەو ڕۆژانە بوون کاتێك لە بیرمە دوای سێ ڕۆژ کە خەلەف و چوار کوڕی لە ئێمەیان جیاکردەوە، پاش ئەوەی ئازاد بووم (دوای ساڵ و نیوێك) لە نزیك تەلەعفەر ڕۆیشتمە ئەو شوێنە لەوێ کوژرا بوون، چونکە من جلوبەرگی ئەوانم لە بیر بوو، بەڵام من و سێ نەوەی خۆم و بوکەکەم دواتر ئازاد کراین بە جۆرێك من و نەوەکانم دوای ساڵ و نیوێك و بۆکەکەشم دوای پێنج ساڵ.

گوتیشی ئەوەی زیاتر لە ئەشکەنجەی داعش ئازارم دەدات بوکی من بوو خێزانی خەلەف کە دوای ڕزگاربوونی ئێمەی بەجێهێشت و ڕۆیشتە ئەورووپا و سێ منداڵی لە دەست ئێمەدا بە بێ باوك و دایك ماون، بە چ

نەهامەتییەك ئەوان بەخێو دەكەین.

لە ئێستادا ئەوەی بۆ من ماوەتەوە تەنیا چاوەڕوانییەكە كە دوای دۆزینەوەی گۆڕەبەكۆمەڵەكان ئێسك و پرۆسكی ئەوانە كە بتوانم بیانێژم. لەئێستادا لە بەغدان و ئێمە چاوەڕوانین كە بگەڕێننەوە بەشكو دڵمان بەحەسێتەوە". سارا ڕەڤۆ بەزمانی جەستە باسی ساتۆرەی داعش و لێدانی گوللە بە سەری هاووڵاتییانی ئێزدی كرد و گوتی: "نەمدەتوانی ئەو دیمەنانە ببینم من هەرگیز ناتوانم لە بیریان بكەم كە ئەگەر هەر پیاوێك لە ئێمە جیا دەكرایە بە ساتورە یا گوللە دەیانكوشت". ڕەڤۆ لە درێژەی قسەكانیدا دەڵێت "تووشی نەخۆشی دەروونی بووم و لەوەتەی لە دەستیان ڕزگارم بووە كە دەكاتە شەش ساڵ و نیو، هەموو ڕۆژێك دەرمانی دەروونی دەخوم تەنیا بۆ ئەوەی ساتێك ئارام بم سترێسی من كەمتر بێت تووشی دڵەكۆتە دەبم ئەوەندە ترساوم كە لە دەست ئەو بێدینانە لەو ڕۆژەوە تا ئێستا نەنووستووم چاوەكانم ناخەون، چی بكەم؟". لە كۆتاییدا باسی ئازادكردنی خۆی كرد و گوتی: "دوای ساڵ و نیوەك لە دەست داعش كە ئەویش چەند جار شوێنیان لە تەلەعفەر، مووسڵ، بادۆش و هەندێك شوێنی دیكە هەر نازانین كوێن بە ڕێككەوتن ئێمە ٢١٤ كەس ئازاد كراین ئەویش لە بەرانبەر پێدانی ئاو و كارەبا بوو بۆ تەلەعفەر".

داعش لە ئابی ٢٠١٤ شنگالی داگیر كرد و كارەساتی مرۆیی بەسەر ئێزیدییەكاندا هێنا، دیارترین ڕووداویش ڕفاندنی شەش هەزار كچ و ژن بوو، كە تا ئێستایش چارەنووسی بەشێكیان نادیارە.

پەرلەمانی كوردستان وەكو دامەزراوەیەكی شەرعی و یاسایی زوو هاتەدەنگ بۆ بە جینۆسایدناساندنی ئەو تاوانە گەورەیە، دە ئەندام پەرلەمانی كوردستان لە فراكسیۆنی سەوز بە ناوەكانی (سالار مەحمود، ساڵح فەقێ، خەڵەف ئەحمەد، قادر وەتمان، مریەم سەمەد، تەلار لەتیف، د.عزەت سابر،

دلێرمــاوەتی، گەشــە دارا، د. ڕێــواس فــائق) لــە خــولی پێشــووی پەرلــەمانی کوردستان لە ڕۆژی ٢٠١٤/٨/١٧ پرۆژە بڕیاری بە فـەرمی ناسینی جینۆسایدی شەنگالیان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کـرد، لـە سـاڵی ٢٠١٩ پەرلەمانی کوردستان ئیقراری کرد ئەمەی خوارەوە دەقی پرۆژە بڕیارەکەیە:

پرۆژە بڕیاری بە فەرمی ناسینی جینۆسایدی (شەنگال).

مـــادەی یەکـــەم: ئـــەو تاوانانـــەی دەرهـــەق بـــە کـــوردانی ئێزیـــدی ئەنجامـدراون لە شـەنگال مەبەسـت لێـی لەناوبـردنی جەسـتەیی و بیۆلۆژیـی و کەلتووریـی و ئابووریی بووە.

مــادەی دووەم: ئــەو تاوانانــەی تیرۆریســتانی (داعــش) دەوڵــەتی بــەناو ئیسـلامی لـە عیـراق و شـام، دەرهــەق بـە کـوردانی ئێزیـدی ئەنجامـدراون بەپێـی مـادەی یەکەم بەجینۆساید هەژمار دەکرێت.

مـــادەی ســـێیەم: قوربانیـــەکانی جینۆســـایدی شـــەنگال بەشـــەهید دادەنرێـن بەپێی بڕگـە (ب، ج) لـە خاڵـی پێنجەمـی مـادەی یەکەمـی یاسـای ژمـــارە (٩)ی ســـاڵی ٢٠٠٧ یاســـای مـــاف و ئیمتیـــازاتی شـــەهیدان و قوربانیانی جینۆسـایدو مامەڵەیان بۆ دەکرێت.

مـادەی چـوارەم: کەسـوکاری شـەهیدو قوربانیـانی جینۆسـایدی شـەنگال مـاف دارایـی و موسـتەحەقاتیان دەدرێـتێ بـەپێی یاسـای مـاف و ئیمتیـازاتی شـەهیدان و قوربانیانی جینۆساید.

مــادەی پێنجــەم: پێویســتە حکومــەتی هــەرێمی کوردســتان ڕێوشــوێنی پێویسـت بگرێتەبـەرو کار بـکات بـۆ دۆزینـەوەو هێنانـەوەی ئـەو ژن و مێـرد منالانـەی دوای جیاکردنەوە براون یان ون کراون.

مـــادەی شەشـــەم: پێویســـتە وەزارەتـــی کاروبـــاری شـــەهیدان و ئەنفالکراوان ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسـانکاریی جێبـەجێکردنی حوکمـەکانی

ئەم بڕیارە دەربچوێنێ.

مادەی حەوتەم: دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

مادەی هەشتەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچونیەوە کاری پێدەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

هۆکارە پێویستەکان لەبەر ئەوەی ئەو تاوانانەی لە ئەنجامی داگیرکردنی شەنگال لە کوشتن و ئاوارەکردن و جیاکردنەوەی کوردانی سیڤیلی یەزیدی ئەنجامدراون، مەبەست لێیان لەناوبردن و کۆمەڵ کوشتن بووەو بەهەزاران کەس ئاوارە بوون و سەدان کەس شەهیدکراون. لەپێناو کار ئاسانی بۆ ئەوەی جیهان ئەم کۆمەڵکوژیە بەفەرمی بناسێنێت. هەروەها بەپشت بەستن بە پێناسەو پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی جینۆسایدو ڕێکەوتننامەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ جینۆساید، بەم بڕیارە تاوانی شەنگال بەجینۆساید ناسێنرا.



زۆر کەس و ڕێکخراو و لایەن بابەتیان لە سەر تاوانی جینۆسایدی کوردانی یەزیدی نوسیووە، سالار مەحمود ئەندامی پێشوی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی یەکێتی نوسەرانی جینۆسایدی کوردستان هەمیشە لەسەر تاوانی ئەنفال و جینۆسایدی کورد قسەو نوسینی هەبووە و یەکێکە لە بزوێنەرانی ئەو بوارە، ئەمسالێش لە هەشتەمین سالیادی ئەو تاوانە گەورەی بەرامبەر کوردانی یەزیدی کرا نوسینێکی کورت و بە واتای بلاو کردەوە منیش بە باشم زانی بێ دەستکاری کردن وەك خۆی لەم پەرتوکەدا بینوسمەوە.

## مرۆڤ تووشی شۆك دەبێ کاتێ ئەو هەموو خەمساردیە دەبینێ بەرامبەر کەیسی جینۆساید بەگشتی و جینۆسایدی ئیزیدیەکان بەتایبەتی!

ئاخر هێشتا بە هەزاران کچ و ژنی ئەم گەلە بە زۆر براون و لەلای بەناو مرۆڤە هەوەسبازە مێژوو ڕەشەکانی داعش و داعش فکریەکان و نەهێنراونەتەوەو ئازاد نەکراون!

پێویست بوو لە دۆسیەی گفتوگۆی دوێنێ و ئەمڕۆو سبەی نێوان هەرێم و بەغدا بابەتی قەرەبووی قوربانیانی جینۆسایدی کوردستان بکرێتە داخوازی سەرەکی.

دەبوو ناوەندە نێودەوڵەتیەکان عیراق کار بکات بۆ ئاوەدانکرنەوەی شەنگال و دەوروبەری.

دادگایی کردنی تاوانباران دەست پێ بکات، داعشە گیراوەکان لەبەردەم دادگادا ئامادە بکرێن.

با دۆخی هەستیاری دەڤەری شەنگال ببیتە مایەی تەبایی هێزە کوردستانیەکانی ئەو دەڤەرەو چیتر برینیان نەکولێنرێتەوە.

تورکیا تەماحی لە داگیرکاری چیای شەنگال و ئەو ناوچەیە هەیە.

ئەو دەڤەرە هێشتا بەهۆی ناکۆکی کوردەوە خوێنی لێ دەچۆڕێ و نا ئارام و نا ئاوەدانە.

بەردەوامی ناکۆکی ناوخۆیی دەرفەت دەڕەخسێنێ تورکیا ئەو مەرامەی بەدی بهێنێت. مەرامی پاوانخوازیی و پشێوی.

ئێزیدیەکان پێکهاتەیەکی گرنگی کوردستانن خاوەندارێتی کردن لە دۆسیەو ناسنامەیان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئەرکێکی نیشتمانی و ئینسانی و نەتەوەییە.

پێویستە سود لە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ٢٣٧٩ لە ساڵی ٢٠١٧ وەربگیرێت سەبارەت بە جینۆساید ناساندنی تاوانی شەنگال و دەوروبەری.

با وەك زەنگێکی مەترسیدار ئەو ڕاستیەش بەرچاو بخەمەوە، کەهێشتا مەترسی جینۆساید لەسەر یەزیدی و کاکەیی و پێکهاتەکانی تر لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بەردەوامە.

## بەیاننامەی یەکێتی نوسەرانی جینۆسایدی کوردستان لە ساڵیادی جینۆسایدی شەنگالدا

لە هەشتەمین ساڵیادی ئەو تاوانە گەورەیەدا ڕێکخراوی یەکێتی نوسەرانی جینۆسایدی کوردستان کە تایبەتە بە جینۆسایدی خەڵکی کوردستان ماوەی ساڵێکە لەلایەن هەندێك نوسەری بواری جینۆسایدەوە دامەزراوە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

پەیامێك لە ساڵڕۆژی کۆمەڵکوژی ئێزیدی و تاوانی شەنگال و دەوروبەری

ڕۆژ ژمێری گەلی کوردو هاونیشتمانیانی کوردستان پڕە لە بۆنەی خەمناك و قوربانی تاوانە مەترسیدارەکان. لەم سۆنگەیەوە یەکێتی نوسەرانی جینۆسایدی کوردستان وەك ناوەندێکی نوسین و توێژینەوە، سەربەخۆو

خۆبەخشانە کار دەکات بۆ ناساندن و دیکۆمێنتکردن و بەرز ڕاگرتنی یادی قوربانیەکان و لەبیر نەرکردنی تاوانە نێودەوڵەتیەکانی دژ بەگەلی کوردستان. هەموان ئاگادارن بەر لە هەشت ساڵ و لە ڕۆژی ٣/٨/٢٠١٤ تیرۆریستانی داعش پەلاماری قەزای شەنگالیان دا، ئامانجی ئەو هێرشە پلان بۆ داڕێژراوە کۆمەڵکوژیی دانیشتوان و خەڵکی سڤیلی دەڤەرەکە بوو، کە زۆرینەیان لە پێکهاتەی ڕەسەنی ئیزیدی بوون.

لەئەنجامی ئەو هێرشانەدا شەنگال و دەوروبەری داگیرکران، پێکهاتەی ئاینی ئێزیدی، هەروەها کریستیانی، کاکەیی و تورکمانەکان زۆرترین پێشێلکارییان بەرامبەر کرا، لەلایەن داعشەوەو ڕووبەڕووی کوشتنی بەکۆمەڵ و فراندن بونەوە. ناوچەکە ١٢٠ کیلۆمەتر دەکەوێتە ڕۆژئاوای پارێزگای موسڵەوە. دوای ساڵێك لەداگیرکردنی شەنگال و دەوروبەری، لە ١٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ ناوچەکە ئازادکرایەوە. بەڵام هێشتا دەڤەرەکە بەهۆی ململانێی ناجۆری سیاسیەوە نا ئارامەو خەڵکەکەی نەگەڕاونەتەوە زێدی خۆیان و ئاسایش و ئارامی بەرقەرار نەکراوە. هێشتا بەشێکی زۆر لە خەڵکی شەنگال لەناو کامپ و چادرگەکاندا ژیان بەسەر دەبەن و، بەشێکی زۆریشیان وڵاتیان بەجێ هێشت و ڕوویان کردە ئاوارەیی هەندەران، سەرەڕای نەبوونی ئامارێکی دروست بەڵام بەدروستی لەو تاوانە نێودەوڵەتیەدا ٦٤١٧ کەس ڕفێنران، بەشێکیان زیندەبەچاڵکران. دوای هەشت ساڵ بەسەر ئەو تاوانەدا تێدەپەڕێت، هێشتا چارەنوسی ٣٧٠٠ کەس لە ڕفێنراوەکان نادیارن و ڕزگار نەکراون و چارەنوسیان نادیارە، زۆرینەی ڕفێنراوەکان لە ڕەگەزی مێینەن. لەو تاوانەدا ٦٨ مەزاری ئاینی ئیزیدیەکان تەقێنرانەوەو خاپور کران، ئەم کردەیە دەچێتە خانەی تاوانی جینۆسایدی کەلتوریەوە، ئاماری حکومەتی هەرێم ڕایدەگەیەنێ لەو تاوانەدا ٦٤٠٤ ونبوو هەیە، ٣٥٣٨

کەسیان لە ڕەگەزی مێینەن و ٢٨٦٦ یان لە ڕەگەزی نێرن، تائێستا ٢٦٤٠ کەس لەوانە ڕزگار کراون، لە ڕزگارکراوەکان ٩٥٣ کەسیان ژن و کچن و ٣٢٨ کەسیان پیاون، ٦٧٥ کەسیان لە منالّی کچن و ٦٨٤ لەمنالّی کوڕن، تا ئێستاش ٣٧٧٠ کەس لەبن دەستی دەعشدان و ئازاد نەکراون.

لەبەرامبەر ئەو تاوانە نێودەولّەتیەدا ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولّەتی بڕیاری ژمارە ٢٣٧٩ لە سالّی ٢٠١٧ سەبارەت بە جینۆساید ناساندنی تاوانی شەنگال و دەوروبەری دەرکرد، ئەم بڕیارە گرنگیەکی نێودەولّەتی هەیە، بەلاّم هێشتا کاری پێ نەکراوە، بەبەلّگەی ئەوەی هێشتا ئەم پێکهاتەیە نە قەرەبووکراونەتەوە نە ناوچەکەیان ئارامی بۆ گەڕاوەتەوە. پەرلەمانی کوردستان، پرۆژە بڕیارێکی پەسەند کرد بۆ دیاریکردنی ٣ی ئابی ٢٠١٤ وەك ڕۆژی جینۆسایدی ئێزیدییەکان، دوای پێنج سالّ لە هێرشی داعش و کۆمەلّکوژی ئەو پێکهاتەیە، لەو بڕیارەدا جگە لە دیاریکردنی ٣ی ئابی ٢٠١٤ وەك ڕۆژی جینۆسایدی ئەو پێکهاتەیە، داوای قەرەبوی زیانلێکەوتوانی ئێزیدی جێگیرکراوە، لەگەلّ هەولّ و هەماهەنگی هەردوو حکومەتی هەرێم و ناوەندی بەغدا لە پرسی دۆکۆمێنتکردنی کۆمەلّکوژییەکەو هەولّەکانی ئاوەدانکردنەوەی زێدی ئێزیدییەکان. بەلاّم هێشتا هەنگاوی کرداری بۆ قەرەبووکردنەوە، هەروەها ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە نەنراوە. پەرلەمانی عیراق یاسای ژنانی ڕزگاربووی ئیزیدی لەبن دەستی داعش دەرکرد. دوای ئەوەی لەلایەن سەرۆك کۆماری عیراقەوە لە مانگی ئازاری سالّی ٢٠١٩ پێشکەشی پەرلەمان کرا، لەو یاسایەدا کۆمەلّێك ڕێوشوێنی خزمەتکردن بە قوربانیان و ناوچەکە چەسپێنراوە پێویستی بەدواداچوونی ئەندامانی پەرلەمان هەیە بۆ فشار دروست کرد بەمەبەستی جێبەجێبوون.

هەروەها مافی چارەسەری تەندروستی و دەروونی بۆ ژنانی ڕزگار بوو

چەسپێنراوە لەیاساکەدا چونکە تووشی دەستدرێژی سێکسی تاك و بەکۆمەڵ بونەتەوە، بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی تاوان، ئەوەی لە شەنگال دەرهەق بە ئیزیدیەکان کراوە دەچێتە خانەی تاوانی (کۆمەڵکوژی- جینۆسایـد) و (تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی) و (تاوانی دژ بەمافەکانی مرۆڤ). داعش نەك تەنیا لە شەنگال لە ناوچەکانی کەرکوك و گەرمەسێرو ناوچەکوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم و لە ڕۆژئاوای کوردستانیش تاوانی کوشتارو تاوانی زۆری دژی گەلی کوردستان ئەنجامدا. بەڵام سەر ئەنجام ئیرادەی مرۆڤایەتی سەرکەوت بەسەر تیرۆردا.

یەکێتی نوسەرانی جینۆسایدی کوردستان بانگەواز لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات لەبەرامبەر ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیاندا چیتر خەمسارد نەبن. بەتایبەتی هەردوو حکومەتی کوردستان و عیراق و کۆمەڵی نێودەوڵەتیش. سوپاس و پێزانین دەردەبڕین بۆ ئەو نوسەرو لێکۆڵەرانەی کتێب و توێژینەوەیان لەبارەی جینۆسایدی شەنگال و کۆمەڵکوژیەکانی ترەوە نوسیوەو کردوە. سوپاس بۆ بەردەوامیان، هانی ناوەندەکانی زانکۆو ئەکادیمیاکانی عیراق و کوردستان دەدەین بۆ توێژینەوە لەسەر مەترسیەکانی کۆمەڵکوژی بەگشتی و لێکەوتەکانی تاوانی کۆمەڵکوژی ئیزیدیەکان. جەخت لە پشتیوانی مەعنەوی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی کوردستان بۆ ئەو ناوەندانەی لەم بوارەدا کۆشش دەکەن دوپات دەکەینەوە. هەوڵی مرۆڤایەتی بەردەوامە لەپێناو کەمکردنەوەو نەهێشتنی تاوان، بەشێواز و میکانیزمی مەدەنی جیاواز. هەوڵ و کۆششی یەکێتی نوسەرانی جینۆسایدی کوردستانیش لەو پێناوەدایە. یادی شەهیدان و قوربانیانی تاوانی شەنگال بەرز ڕادەگرین.

یەکێتی نوسەرانی جینۆسایدی کوردستان ۲۰۲۲/۸/۳.



لەتیف فاتیح فەرەج، ئارام هەڵەدنی، سالار مەحمود
کتێبخانەی مۆنۆمێنتی ئەنفال لە چەمچەماڵ، ساڵی ٢٠٢٢

**مامۆستا محەمەد ئەمین پێنجوێنی بۆ یادی هەشت ساڵەی جینۆسایدی کوردانی یەزیدی بە دەستی داعش لە تێکستێکدا بەم شێوەیە باس لەو تاوانە گەورەیە دەکات:**

**شەنگال گڕوگاڵی مێژوو**

**لەم ڕۆژەدا هەرچی یاسای**

مرۆڤایەتییە تێك و پێك چوو. !
هەرچی بەهای سەر زەوییە
بە ناخی ئەرزی شەنگالا ڕۆچوو
ژن ئەفرۆشرا پیاو ملی لە جەستەی ئەپەڕی
منالْ لە تینوا ئەخنکا
گەرما هەناسەی لێئەبڕی
لە ژێر ئالّای خەلیفەدا
گوللە لە بەینی (یەزیدی)دا
هەروەکو بزمار ئەچەقی
کتێبی پیرۆزی زەردەشت و تەورات و ئینجیل ئەسوتا
بە بڕیاری مل هوڕێکی ڕیش پەمەیی
چ قانونێ ڕێگەی داوە؟
کەرامەتی ژن بفرۆشرێ
لە بازاڕی شەرمەزاری
چ یاسایەك خوێنی کوردی حەلّالْ کردووە
جگە لە یاسای وەحشی گەری؟
خوا لە قورئاندا دەفەرموێ
خلقنا الانسان من احسن التقویم
مارکس ئەلّێت مرۆڤ بە نرخترین بەهایە
بۆ ئەوە ئەژی
کوا فەرمودەی یەزدان و
کوا یاساکانی سەر زەوی

# سەرچاوەکان

١/ جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسـای تـازەی نێودەوڵەتانـدا، د. مارف عمر گوڵ.

٢/ ئەوانەی بیابان دڵی لە لێدان خستن، لەتیف فاتح فەرەج.

٣/ پرۆسـەی ئـەنفال و کیمیابـارانی دۆڵـی جافایـەتی سـاڵ ٢٠١٣، ڕێبـوار ئیبراهیم سلێمان.

٤/ پەلامارە سەربازیەکان لە هەشت قۆناغدا ٢٠١٣، عمر محەمەد.

٥/ چێژی مەرگدۆستی، بەختیار عەلی.

٦/ مرۆڤ و کەرامەت، مەریوان وریا قانع.

٧/ ئەنفال تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی، ستارە عارف.

٨/ ئەو ڕۆژانەی نیشتیمان هی هەموان بوو ٢٠١٨، هەڤاڵ کوێستانی.

٩/ لەودیو سنورەکانی مەرگەوە (یادەوەریـەکانی زینـدان)، مامۆسـتا مـەحمود قەرەداغی.

١٠/ صدام و ژیانی نهێنی ٢٠١٢، کۆن کۆگلن (و.لوقمان باپیر).

١١/ چـەردەیەکی کۆمەڵایەتیانـە لـە مێـژوی نـوێی عێـرق، د. عـەلی وەردی (وەرگێڕانی حەسەن جاف).

١٢/ توێژینەوەیەك لە سروشتی کۆمەڵگای عێراق، د. عەلی وەردی.

١٣/ ئەنفال و تێگەیشتنە جیاوازەکان، سمکۆ سابیر.

١٤/ ئەنفال لە یادەوەری پێشمەرگەیەکدا چاپی یەکەم ٢٠٠٩، خەلیل سەرکانی.

١٥/ مام جەلال دیداری تەمەن، سەلاح ڕەشید.

١٦/ خولانەوە لە بازنەدا، نەوشیروان مستفا ئەمین.

١٧/ پاكیزەكانی شەنگال لێكۆڵینەوەیەكی بەراوردكاریە لە نیوان شـەنگال و ئەنفالدا، محەمەد ڕەئوف.
١٨/ ئاینـدەی عێـراق، دیكتـاتۆری دیموكوراسـی یـان دابـەش بـوون، لیـام ئەندەرسن، گاریس ستانفێڵد وەرگێڕانی كامیار سابیر و دڵشاد حمە.
١٩/ كۆمەڵگا و غەریبەكانی، د. مەریوان قانع.
٢٠/ دیوانی هێمن، مامۆستا هێمن موكریانی.
٢١/ بۆ كوردستان، مامۆستا هەژار موكریانی.
٢٢/ بیرەوەریەكانی عوسمان سێدەری / بەرگی یەكەم، ئازاد سەراوی.
٢٣/ سایتی پیوكەی میدیا و مەودا میدیا و هەندێك سایتی تر.
٢٤/ تیرۆری نێودەوڵـەتی سـەرەتا و پـەرە سـەندن چاپی سـێیەم ٢٠٢١، ساڵح عوسمان.
٢٥/ كوردستانی عێراق لە ناو ئاگردا ساڵی ١٩٦٣، پ.دێمچینكۆ وەرگێڕانی سورە شاكەلی.
٢٦/ گۆڤـاری ڕەهەنـد، ژمـارە ٧ سـاڵی ١٩٩٩، چـاوپێكەوتنی عەبدولكـەریم هەڵەدنی.
٢٧/ (جینۆساید لە عێراقدا، پەلاماری ئەنفال بۆ سەر كورد)، لەلایەن ڕێكخراوی میدل ئیست وۆچ نوسراوە، نوسەر و وەرگێڕی دیاری كـورد (مامۆسـتا محەمـەد حمەساڵح تۆفیق)، ساڵی ٢٠٠٤، وەریگێڕاوەتە سەر زمانی كوردی.
٢٨/ یەكـەمین هۆلۆكۆسـت دەربـارەی كۆمـەڵكوژی ئەرمەنـەكان، ڕۆبـەرت فیسك، وەرگێڕانی لە هۆڵەندیەوە (نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا).
٢٩/ دیوانی (شەهید)، محەمەد پاكژ، ساڵی ٢٠١١.
٣٠/ چـاوپێكەوتنی مەیـدانی لەگـەڵ كەسـوكاری ئـەنفالكراوان و پێشـمەرگە دێرینەكان.

## C.V

# ئارام حەمەڕەشید سوارە ناسراو بە ئارام هەڵەدنی

٢٣ی ئازاری ساڵی ١٩٧٧ لە گوندی هەڵەدن لە دایك بووە. خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

ساڵی ١٩٨٥ و ١٩٨٦ پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە گوندەکانی هەڵەدن و چالاوا خوێندووە.

لە تاوانی ئەنفالی ١٩٨٨ لەگەڵ خێزانەکەی ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون.

پۆلی دووەم و سێیەمی سەرەتایی لە ئۆردوگای سەرای سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندووە.

سەرەتایی و ناوەندی لە گوندی هەڵەدن خوێندووە.

ئامادەیی لە خوێندنگای ئامادەیی هەڵکەوتی کوڕان لە سلێمانی خوێندووە.

ساڵی ٢٠١٠ کۆلێژی کارگێڕی و ئابووریی لە زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە.

لە ڕۆژنامە و سایتەکان نوسینی هەیە.

ئەندامی ئەنجومەنی باڵای بەڕێوەبردنی تۆڕی ڕێکخراوەکانی سلێمانییە.

ئەندامی دەستەی باڵای ڕێکخراوی ناوەندی ڕێگا بۆ پرسی ئەنفال و کیمیابارانە.

ئەندامی یەکێتی نووسەرانی جینۆسایدی کوردستانە.

چالاکوانی سیاسی و کۆمەڵایەتییە.

ڕاوێژکاری مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە.

ئەندامی یەکێتی ئابووریناسانی کوردستانە.

یەکەم کتێبی بە ناوی (ئەنفالی دۆڵی جافایەتی لە پلانی جینۆسایدی کورددا) ساڵی ٢٠٢٢ بڵاو کراوەتەوە.